KURDISTAN



# له ”ڕۆژنامەی کوردستان“

# و”کوردستان میدیا“وە

## گەلاوێژی ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- عومەر باڵەکی: پەروەندەی د. قاسملوو بەڕوویەکدا دۆخی بەشەینەتیی کوردە........................................
........................................................................... وتوویژ: شەهرام سوبحانی ..... ٤

٢- چەپی سەربەخۆ، دەنگی خەڵک؛ نەک سێبەرنشینی دەسەڵات!...................................... ئیبراهیم لاجانی ..... ١٠

٣- بەیاننامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی ڕۆژەڤی سیاسیی کوردستان، ئێران و ناوچە... ١٥

٤- ٣٧ ساڵ دوای ڤییەن؛ ستراتیژیی خەبات و داهاتووی پرسی کورد؟........................ د. کوێستان گادانی ..... ١٨

٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم دەرفەتێکی مێژوویی و ئاڵنگارییەکی ستراتیژیدا........... حەسەن قارەمانی ..... ٢٦

٦- پێشمەرگە و کۆمەڵگەی مەدەنی؛ دوو ڕۆڵ، یەک کۆمەڵگە.......................................... بەهار حوسێنی ..... ٣٤

٧- بایەخی منداڵان لای شەهید دوکتور قاسملوو............................................... حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ٣٨

٨- بست بە بستی ئەم کوردستانە چەقڵی چاوتانە!............................................. عەلی لەیلاخ ..... ٤١

٩- مردن لە زستان، ناشتن لە هاوین، ئەویش لەسەر ئیزنی بکوژ!...................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٤٥

١٠- پێشمەرگە؛ دیرۆکی خۆنەویستی و خۆڕاگری............................................. ئەحمەد پاڵانی ..... ٥٠

١١- د. قاسملوو، کوردبوون و ئێرانیبوون............................................................ د. مەجید حەقی ..... ٥٥

١٢- مادەی هۆشبەر وەک حیجاب و سەرپۆشی ژنانی سرنجڕاکێشە...................................... دارسمە ..... ٥٩

١٣- مێژوویەکی زیندوو لە دیپلۆماسیی مۆدێرن؛ د. قاسملوو چۆن دۆزی کوردی لە شاخەوە گواستەوە بۆ ناوەندە
بڕیاردەرەکانی جیهان؟ ........................................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٦٢

١٤- هەڵکشانی نرخەکان و دیالێکتیکی دەسەڵات................................................ ئەمیر سوڵتانی ..... ٦٩

١٥- خوێندنەوەیەک بۆ بەشێک لە کتێبی "ڕەشەشەو و سەربازانی ون"................................. هێمن مەردانی ..... ٧٥

١٦- شەڕعی ماری هەر بە داری!.......................................................................... عەلی بداغی ..... ٨٠

١٧- ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزرانی................................. ٨٤

١٨- حیزبی دێموکرات؛ ئامانج و ئەرکەکانی لەهەلومەرجی ئێستادا...................................... برایم لاجانی ..... ٨٩

١٩- مستەفا مەولوودی: لەگەڵ هەموو ئامادەکارییەک هاوکات لە دەرفەتی گونجاو و لەبار دەگەڕێین.........................
........................................................................................... ڕۆژنامەی 'THE AMARGI'..... ٩٥

٢٠- حیزبی دێموکراتی کوردستان و گوتاری نەتەوەیی............................................. عومەر باڵەکی ..... ١٠٠

٢١- کۆماری ئیسلامی، شەڕ و پرسی فەلەستین................................................. ڕەحمان سەلیمی ..... ١٠٤
٢٢- ئەندێشەی پێشڕەو و شۆڕشی بڕوا.......................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٠٧
٢٣- قاسملوو، وەک مەکتەب، وەک پێشەوا..................................................... ئەحمەد پالانی ..... ١١٣
٢٤- نیشتمان، داگیرکەری سۆز................................................................... عەلی فەتحی ..... ١١٩
٢٥- سێبەری «پیاوێکی شێت» بە سەر تارانەوە.............................................. زانیار حوسێنی ..... ١٢٦
٢٦- دوای هەشتا و چەند ساڵ..................................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ١٣٢
٢٧- سوژەڤانی و دابڕان: دیاردەناسیی حیزبی دێموکرات.................................... شاهۆ حوسێنی ..... ١٣٨
٢٨- کورد و هەلی مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست........................................ عەزیز سەیدنژادیان ..... ١٤٧
٢٩- گەمژەیی بەکۆمەڵ؛ کارەساتی بەکۆمەڵ!................................................... عەلی لەیلاخ ..... ١٥٧
٣٠- ئەو سەرۆککۆمارەی سەرووی خۆی نامەباران دەکات.................................. دارسمە ..... ١٦٣
٣١- هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، هێرشەکانی ئێران دژ بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، مەحکووم دەکا...................................................................................................... ١٦٦
٣٢- عەلی بداغی: فتوای جیهادی خومەینی دژی کورد بەرهەمی ناتەبایی و بەریەککەوتن جیهانبینیی کورد لەگەڵ شیعیزمی کۆماری ئیسلامی بوو......................................................................... دیمانە: هەمزە ئاگوشی ..... ١٦٨
٣٣- "حەیدەربابا"؛ لە میراتی شێعری شەهریارەوە هەتا پردی دۆستایەتیی نەتەوەکان..... د. کامران ئەمینئاوە ..... ١٧٦
٣٤- پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزراندنی حیزب(واشنتۆن)... ١٨٢
٣٥- بۆچی ملیۆنان کەس گوێ لە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگرن؟............ برایم لاجانی ..... ١٨٧
٣٦- فەلسەفەی «دوژمنسازی» و قەیرانی ڕەوایی لە سیستمە ئایدیۆلۆژییەکاندا.................. شیوا موورادیان ..... ١٩٥



# عومەر باڵەکی: پەروەندەی د. قاسملوو بەڕوویەکدا دۆخی بەشمەینەتیی کوردە



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە:**

تێرۆری ڤییەن لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا، تەنیا لێدان لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات نەبوو، بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. د. قاسملوو، وەک ڕێبەری کاریزماتیکی ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە لە کاتێکدا تێرۆر کرا کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد چووبووە سەر مێزی دانوستان. دوای تێپەڕبوونی ٣٧ ساڵ لەو کارەساتە و لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کاک عومەر باڵەکی، تێکۆشەری دێرین و ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاوڕێک لە چرکەساتی بیستنی هەواڵەکە، بارودۆخی ناوچەیی، هۆکارەکانی پشت بڕیارە نادادپەروەرانەکەی دەوڵەتی ئۆتریش و وانەکانی ئەو مێژووە خوێناوییە بۆ داهاتووی خەبات دەدەینەوە.

**شەهرام سوبحانی:** کاک عومەر ئەو چرکەساتەی هەواڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵای قادری ئازەر گەیشتە ئێوە، لەکوێ بوون و کاردانەوەی ئێوە بەو هەواڵە چی بوو؟

ئەوکات لە ناوچەی مەهاباد لە هێزی پێشەوا بووم؛ لە جەریانی حەرەکەت و جووڵەی پێشمەرگانەدا، شەوی ٢١ی پووشپەڕ ڕوومان لە گوندی "بەیرەم" لە ناوچەی سارم و میرقاز کردبوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو گوندە مۆڵگەی دوژمنی لێ بوو و بەتەواوی بەسەر ئاوەدانیدا زاڵ بوو، بەڵام خەڵک بە چوونی پێشمەرگە بۆ نێو ئاوایی زۆر خۆشحاڵ بوون و بە باشی پێشوازییان لێ کردین. ئەو شەوەش وەک شەوانی دیکە، دوای ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکان ئاوایی "بەیرەم"مان بەرەو شوێنی مەبەستمان بەجێهێشت. لەگەڵ کۆمیتەی شارستان وا ساغ ببووینەوە بۆ سبەی کە دەبوو بە جەژنی قوربان، خۆمان بگەیەنینە موچە و مەزراکانی گوندی "سەهۆڵان"، کە لە گۆڕستانی ناسراوی ئەو ناوچەیە -سەیدی کاکەجان- چەند شەهیدێکی پێشمەرگە بە خاک سپێردراون و خودی گوندی سەهۆڵانیش خاوەنی چەند بنەماڵەی شەهیدە. وامان دانابوو سبەی ئێوارەی جەژنی قوربان بچینە سەر گۆڕی شەهیدەکان و لەدواییدا بۆ نانی جەژن بچینە نێو گوندی سەهۆڵان. شەو خۆمان گەیاندە ئەو شوێنە و سبەی، واتە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، چاوەڕوانی ئەوە بووین ڕۆژ درەنگ ببێ و دوای سەردانی گۆڕی شەهیدان ڕوو لە ئاوایی بکەین.

بەڵام دەوروبەری نیوەڕۆ بوو کە ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەستی دەکرد بە پەخشی بەرنامەکانی؛ لە ڕێگای ڕادیۆ دەنگی کوردستانەوە گوێمان لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب بوو کە ڕوو بە خەڵکی کوردستان و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب، باسی لە برینداربوونی د. قاسملوو لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا لە وڵاتی ئۆتریش دەکرد. بە بیستنی ئەو هەواڵە، دەستبەجێ بە بێسیم چووینە سەر خەت و دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێگای پەیامی ڕەمزییەوە ئاگاداری کردین کە بەداخەوە کاک دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵای قادری ئازەر لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا شەهید بوون. دیارە دەفتەری سیاسی لە چەند خاڵێکدا ڕێنوێنیی دابوو بە هەموو هێز و کۆمیتە شارستانەکان کە لەو بارودۆخە ناخۆشەدا دەبێت چ بکەن. ئەو هەواڵە بۆ ئێمە چاوەڕواننەکراو بوو، بۆیەش باوەڕکردنی زۆر سەخت بوو. هەواڵەکە بەخێرایی لەنێو پێشمەرگەکاندا بڵاو بۆوە؛ دۆخەکە شێوا و هەر پێشمەرگەیەک لە بن پچکەدارێک هەڵکوڕمابوو و لەبەر خۆیەوە دەگریا. بۆ ماوەیەک کەس نەبوو بتوانێ دڵی کەسی بداتەوە. هەرچۆنێک بوو وەخۆ هاتینەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی خۆپارێزی، کادر و پێشمەرگەکانم کۆکردەوە و شەهید کاک عەبدوڵڵا شەریفی، کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بوو، لەسەر کردەوە تێرۆریستییەکە و بەپێی ئەو زانیارییانەی لە پەیامەکەی دەفتەری سیاسییدا هەبوون قسەی بۆ کردن. لەو بارودۆخەدا هەموو هەوڵەکان ئەوە بوو هیچ کام لە کادر و پێشمەرگەکان لە بواری وەرە و ئیرادەوە تێک نەڕووخێن. چونکە ئەو کات سەرەڕای دڵتەنگی و بەناسۆربوونی برینەکە، و چ لە ڕۆژەکانی دواییدا، بەپێچەوانەی نیگەرانییەکانی ئێمە و ویستی دوژمن، نەک وەرە و ئیرادەی کادر و پێشمەرگەکان نەڕووخا، بەڵکوو بە وەرە و ئیمانێکی بەرزترەوە ئەو ساڵە و ساڵانی دواییش درێژەیان بە ڕێبازی شەهید د. قاسملوو و هەموو شەهیدانی حیزب و گەل دا.

**شەهرام سوبحانی**: شک لەوەدا نییە تێرۆری د. قاسملوو زەبرێکی قورس لە پەیکەری حیزبی دێموکرات بوو. ڕێبەریی حیزب و هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن توانی لە بەرانبەر ئەو زەبرە قورسەدا بەرگە بگرێ و درێژە بە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕیی خۆی بدا؟

**عومەر باڵەکی**: سەرەکیترین ئەسلی مانەوە و بەرگەکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە؛ بۆیە هەر حیزبێک دەریای بێپایانی خەڵکی لەگەڵدا بێ، دەتوانێ بەرگەی کارەساتی لەو چەشنە بگرێ. حیزبی دێموکرات لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد، توانیبووی بە هەوڵ و هیمەتی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب بەسەر ئەو کۆسپە گەورەیەدا زاڵ بێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە پێ بگرێتەوە. کادر و پێشمەرگە و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو فەرهەنگ و کولتوورە شۆڕشگێڕییە بار هاتبوون؛ بۆیە دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو، لەگەڵ ئەوەدا کە زەبرەکە قورس و برینەکە زۆر بەژان بوو، ڕێبەریی حیزب و هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر لێبڕاوانەتر لە پێشوو بەردەوام بوون لە درێژەدانی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕێبەریی حیزب لە بەڕێوەبردنی حیزبدا چالاکتر بوو بۆ ئەوەی لە نەبوونی شەهیدی ڕێبەرمان د. قاسملوودا هەست بە بۆشایی نەکرێ. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زەبرێکی زۆر قورسیان لە هێزەکانی دوژمن دا، کە بە هیچ جۆرێک دوژمن چاوەڕوانی ئەو دژکردەوەیەی لەو ڕادە بەربڵاوەدا لە هێزی پێشمەرگە نەبوو. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە شەهیدبوونی د. قاسملوو ماتەمبار بوو، بەڵام "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" بوو بە دروشمی سەرەکیی نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و لەو ڕێگایەوە پەیامیان دا بە دەسەڵاتدارانی تاران کە ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو، ویستی سەرەکیی زۆربەی خەڵکی کوردستانە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە لەو ڕووداوە بڕوانین، لەجێدا ئەو کاتە کاتێکی گونجاو بۆ دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو؟ چ شتێک د. قاسملووی ڕاکێشی ئەو داوە کرد؛ باوەڕەکانی؟ دۆخی نێوخۆیی حیزب و جووڵانەوەی کورد لە ئێران؟

**عومەر باڵەکی**: هەر دیاردەیەکی مێژوویی کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ، حەق وایە هەڵسەنگاندنەکە بەپێی ئەو بارودۆخە بێ کە ڕووداوەکەی تێدا ڕووی داوە. کاتێک د. قاسملوو و عەبدوڵڵای قادری ئازەر لەو کردەوە تێرۆریستییەدا شەهید بوون، نزیک بە دە ساڵ بوو شەڕ بەسەر کوردستاندا سەپابوو و زۆر هاوکێشەی ناوچەیی و جیهانی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتبوو. شەڕی ئێران و عێراق کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەدەستدانی پشتی جەبهەی بۆ جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بوو، تەواو ببوو. ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر زیندوو ببۆوە کە بەپێی نێوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیە، دەبوایە هەرکام لەو

دوو دەوڵەتە بە قووڵایی بیست کیلۆمەتر لەنێو خاکی خۆیاندا ناوچەیەک لە دانیشتووان چۆڵ بکەن و ناوچەی "قەدەغەکراو" دروست بکەن. دوایەش باوەڕی ڕێبەریی حیزب و د. قاسملوو ئەوە بوو کە وا باشە پێش ڕێککەوتنی ئێران و عێراق، لەگەڵ نوێنەرانی ئێران دانیشتن و لێکتێگەیشتنیان هەبێ. ئەو بۆچوونەش هەبوو کە کۆماری ئیسلامی لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا لاواز و ماندوو بووە و ئەوە دەتوانێ یارمەتیدەری گۆڕینی ڕوانگە و سیاسەتەکانی بێ؛ دیارە نەخۆشیی خومەینی و مێژووی ململانێی باڵەکانی نێو دەسەڵاتیش ئەو زێهنییەتەی دروست کردبوو کە دەکرێ لە نێوخۆی حاکمییەتەوە لایەنێک بیهەوێ سیاسەتە کەلانەکانی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ. لە تەنیشت ئەوانە بەهۆی مەحکوومکردنی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە و هەڵوێستی ڕوونی حیزبی دێموکرات و شەخسی د. قاسملوو؛ پێوەندییەکانی حیزب و حکوومەتی عێراق لەکزیی دابوو و هەموو ئەوانە پێکەوە هۆکار بوون کە د. قاسملوو ڕاکێشی نێو ئەو بۆسەیە بکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: هۆکارەکانی ئەوەی دەوڵەتی ئۆتریش تیمی تێرۆری ڤییەنی بەڕێی تاران کردەوە و ئەو پەروەندەیەی داخست، لە دەرەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی نێوان دوو وڵات و جیا لەو هۆکارە؛ هۆکاری دیکەشی نەبوو، وەک لاوازیی پێگە و دیپلۆماسیی کورد لە دەرەوە؟

**عومەر باڵەکی**: لێرەدا بەهێزی یا لاوازیی پێگەی دیپلۆماسیی کورد زۆر ڕۆڵ نابینێ، چونکە بەداخەوە کورد خاوەنی دەوڵەت یا کیانێکی سیاسی نییە هەتا بتوانێ کاریگەریی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی هەبێ. ئەوەی دەوڵەتی ئۆتریش لەگەڵ پەروەندەی تێرۆری ڤییەندا کردی، هیچ پەیوەندییەکی بە پێگە و توانای دیپلۆماسیی کوردەوە نییە، بەڵکوو چەندین هۆکاری دەرەکی و نێوخۆیی دەوڵەتی ئۆتریش کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر بەلاڕێدابردنی پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیەکانی، وەک: هەڕەشەی ڕاستەوخۆی تاران لە ڤییەن کە ئەگەر ئەوان تێرۆریستەکان بەڕێی ئێران نەکەنەوە، تارانیش ناتوانێ گیانی هاووڵاتیانی ئۆتریشی لە ئێران بپارێزێ. تاران هەڕەشەی ئەوەشی کردبوو کە ئەگەر بابەتی ئەو تێرۆرە بچێتە دادگا و ناوی کۆماری ئیسلامی بێتە نێو بابەتەکە، ئەوان پابەند نابن بە شاردنەوەی مامەڵەی کۆمپانیای "نۆریکۆم" کە بە بڕیاری حکوومەتی ئۆتریش لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا بە نایاسایی و بە دزییەوە چەکیان بە ئێران فرۆشتووە کە ئەگەر ئەوە ئاشکرا بووایە، دەبوو بە ڕیسوایییەکی سیاسی بۆ دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش. جگە لەوەش پەیوەندییە تایبەتەکانی ڤییەن و تاران لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە لە باشترین ئاستی خۆیدا بووە و هەموو ئەوانە لەو سەردەمەدا دەستیان دایە دەستی یەک و بوونە هۆی ئەو بڕیارە نامرۆڤانە و نادادپەروەرانەیەی دەوڵەتی ئۆتریش بۆ داخستنی پەروەندەی تێرۆری ڤییەن.

**شەهرام سوبحانی**: چ ئەو کات و چ دوای ٣٧ ساڵ تێپەڕین لە تێرۆری ڤییەن، تێرۆری د. قاسملوو و غیابی ئەو ڕێبەرە کاریزماتیکە چ کارتێکەرسییەکی لەسەر خەباتی حیزبی دێموکرات، بزووتنەوەی سیاسیی کورد و ڕەوتی دێموکراتیخوازیی سەرانسەری ئێران داناوە؟

**عومەر باڵەکی**: قسەکردن لەسەر کەسایەتیی د. قاسملوو لانی کەم بۆ من زەحمەتە؛ بۆیە هەر دەتوانم ئەوە باس بکەم کە شەهید د. قاسملوو بەو پێگە بەرزە ئەکادیمی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە هەیبوو، هەم لە دەرەوە و هەم لە نێوخۆی کوردستاندا خۆشەویست بوو و تەنانەت دوژمن و نەیارەکانیشی دانیان بە توانا و کاریگەریی کەسایەتیی د. قاسملوودا دەنا. بۆیە زۆر سروشتییە لەدەستدانی د. قاسملوو، ئەویش ٣٧ ساڵ لەمەوبەر، زیانێکی گەورە بوو لە ڕەوتی دێموکراتیخوازیی سەرانسەری ئێران و برینێکی قووڵ بوو لە جەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. بەو مانایە، ئەگەر د. قاسملوو لە ڕەوتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکە و جیهاندا لەم ماوەیەدا هاتوونەتە ئاراوە بە جەستە زیندوو بووایە، کاریگەریی گەورەی خۆی دەبوو، بەتایبەتی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بەڵام دەبێ لەبیرمان بێ کە ڕوحی فیداکاری و لەخۆبردوویی پێشەوا قازی محەممەد و د. قاسملوو، ڕێگای خەباتیان وا دەستنیشان کردووە کە بە شەهیدبوونی ڕێبەرانمان، حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە پێ ناکەوێ.

**شەهرام سوبحانی**: دەوڵەتی ئۆتریش دەڵێ ئەو پەروەندەیە داخراوە، حیزبی دێموکراتیش زۆرجار گوتوویەتی ئەو پەروەندەیە هەتا بەدیهاتنی دادپەروەری و دەرکەوتنی ڕاستییەکان کراوەیە. ئەمە چ شتێک لەو واقیعە دەگۆڕێ کە کورد ئیدی ڕێبەری کاریزماتیکی وەک د. قاسملووی نەماوە؟

**عومەر باڵەکی**: سەبارەت بەو بەشەی پرسیارەکە کە ئۆتریش باس لەوە دەکات پەروەندەی د. قاسملوو داخراوە، دەبێ بڵێم کە بەپێی یاسا هیچ پەروەندەیەک داناخرێ هەتا حوکمی کۆتایی دادگا وەرنەگرێ. سەبارەت بە پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی، دادگایەکی ئەوتۆ پێکنەهاتووە کە بکوژەکان و هۆکاری کوشتن و تێرۆرکردنەکە دەستنیشان بکات؛ بۆیە ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو پەروەندەیە باسی دەکات، تەواو دروستە.

سەبارەت بەوەش کە ئایا کراوەبوونی پەروەندەکە چی لە واقیع دەگۆڕێت، دەبێ بڵێین ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی کورد و ڕەوتی دێموکراتیخوازی لە ئێراندا بە جەستە دوکتور قاسملوویان لەدەست داوە، بەڵام دەبێ ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە دوکتور قاسملوو ڕێبەریی حیزبێکی دێموکراتی دەکرد کە سەرکردایەتیی

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی دێموکراتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ئەستۆ بوو؛ بۆیە وەک هەموو خەباتکارانی حیزبی دێموکرات، مەرگی لەپێناو ئامانجەکانی گەلی کورددا هەڵبژاردبوو. زیندووکردنەوەی پەروەندەی د. قاسملوو، زیندووکردنەوەی مەزلوومییەتی گەلی کوردە؛ زیندووکردنەوەی پەیامی ئاشتیخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە بۆ چارەسەری پرسی کورد؛ ڕسواکردنی زیاتر و زیاتری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و بەرزکردنەوەی پێگەی سیاسیی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردە.

**شەهرام سوبحانی**: وەک ئەزموونێکی تاکەکەسی و وەک تێکۆشەرێکی دێرینی حیزب کە لە نیزیکەوە د. قاسملووی نەمرتان بینیوە، چۆن باس لە کاریگەریی د. قاسملوو لەسەر ژیانی خەباتگێڕانەی خۆتان دەکەن؟

**عومەر باڵەکی**: هەر وەک پێشتر باسم کرد، شەهید د. قاسملوو بەهۆی پێگە بەرزە ئەکادیمی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە، خۆشەویستی هەموو کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بوو. لە ڕاستیدا بۆ ئێمە، هەموو کردار، گفتوگۆ، نووسین و لێدوانەکانی د. قاسملوو وەک قوتابخانەیەک وابوو کە دەبوو لێی فێر بین. شەهید د. قاسملوو لە هەڵسوکەوتی تاکەکەسییدا زۆر لەسەرەخۆ و ئارام بوو، لە هەمان کاتدا لە بەڕێوەبردنی حیزبیدا زۆر بەبڕشت و قاطع بوو. هیوادارم لە دوای ٣٧ ساڵ لە شەهیدبوونی د. قاسملوو، توانیبێتم وەک قوتابییەکی باشی ڕێبازی قاسملوو، کە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەرکی خۆم بەجێ گەیاندبێ.

**١ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

---

# چەپی سەربەخۆ، دەنگی خەڵک؛ نەک سێبەرنشینی دەسەڵات!





**ئیبراهیم لاجانی**

**تێبینی: ئەو سەرنج و بۆچوونانەی لەم وتارەدا خراونەتە ڕوو، دەربڕی بیروڕای نووسەرن و مەرج نییە دەربڕی هەڵوێست و بۆچوونەکانی کوردستان میدیا بن.**

لە مێژووی بزووتنەوە ئازادیخواز و عەدالەتخوازەکاندا، چەپ ئەو کاتە متمانە و پێگەی تایبەت بە خۆی بەدەستهێناوە کە

لە پاڵ خەڵکدا وەستاوە؛ لە پاڵ کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان، گەلانی بندەست، کەمایەتییەکان و هەموو ئەوانەی کە لەژێر باری هەڵاواردن و چەوسانەوە و ناداد پەروەریدا بوون. ناسنامەی ڕاستەقینەی چەپ، نەک لە نزیکبوونەوە لە دەسەڵات، بەڵکوو لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و بەرگریکردن لە مافە پێشێلکراوەکانی چین و توێژە زەحمەتکێشەکاندا شکڵی گرتووە. هەر کاتێک ئەم ئەسڵە لەبیر کرابێت، چەپیش لە ئەرکە مێژوویییەکەی خۆی دوور کەوتووەتەوە و بووەتە هێزێکی بێکاریگەر یان تەنانەت پاساوهێنەرەوەی دۆخی باو و وەزعی مەوجود.

**ئەمڕۆش یەکێک لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم هێزە چەپەکان لە ئێراندا، پرسی سەربەخۆیی سیاسییە.** ئەو چەپەی سەربەخۆیی خۆی لە دەست بدات و بە بیانووی جۆراوجۆر، چاو لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات بپۆشێت، ئیتر ناتوانێت بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی خەڵک و چینە بێبەشەکان و گەلان و توێژە زەحمەتکێشەکان بکات. ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو نیشانی داوە کە بەشێک لە ڕەوتە چەپەکان، بەتایبەتی دوای سەرکوتی بەرفراوانی ئەوان و هەرەسهێنانی بەشێکی گەورەی ڕێکخستنە سیاسییەکانیان، وردە وردە لە جیاتی ئەوەی سەرنج بخەنە سەر داواکارییەکانی خەڵک و مافەکانی هاووڵاتییان، لە چوارچێوەی هاوکێشە ژێئۆپۆلیتیکییە هەرێمی و جیهانییەکاندا گیریان خواردووە. لەم نێوەندەدا، دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا بۆ هەندێک لەم هێزانە، بووە بە تەوەرێکی ئەوەندە یەکلاکەرەوە، کە خەبات دژی ستەمکاری و سەرەڕۆیی نێوخۆیی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، سەرکوتی ئازادییەکان و قەیرانی گوزەرانی خەڵک، لای ئەوان بووە بە پرسێکی لاوەکی. ئەم ڕوانگەیە وای کردووە بەشێک لە چەپ، بە ئاگاییەوە یان لە نائاگاییەوە، لە جیاتی وەستان لە پاڵ کۆمەڵانی خەڵکدا، لە پاڵ دەسەڵاتدا ڕاوەستاون.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خەڵکی ئێران قوربانیی سەرەکیی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمن لە ئاستی نێوخۆدا. هەروەها ئاکامەکانی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامیش لە دەرەوە، ئاکامی زۆر نالەباریان بۆ سەر ئاسایشی ئێران و ژیان و گوزەرانی خەڵک بە دواوە بووە. کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران، خوێندکاران، ژنان و لاوان، گەلان و کەمایەتییە مەزهەبی و ئێتنیکی و چین و توێژە مەینەتبەشەکان، نە لە پرۆسەی سیاسەتگوزاری و بڕیاردانی وڵاتدا بەشدارن و نە سوودێک لە دەرەنجامەکانیان وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، تێچووی هەر قەیرانێک، هەر گەمارۆیەک، هەر ئاڵۆزییەک و هەر پێکدادانێک لە کۆتاییدا دەخرێتە سەر شانی هەر ئەم خەڵکە. لەبەر ئەوە، بەرگریکردن لە خەڵک، ئەوە دەخوازێت کە هاوکات لەگەڵ دژایەتیکردنی دەستێوەردانی دەرەکی، سیاسەتە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامیش بکەونە بەر ڕەخنە و ناڕەزایەتی و مەحکووم بکرێن.

لە ڕوانگەیەکی دێموکراتیک و گەلیییەوە، دژایەتیکردنی شەڕ هەرگیز نابێت بە بەرگریکردن لە حکوومەت تەواو بێت. ئەم

دوو بابەتە نەک هەر یەک نین، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا دژ بە یەکتر ڕادەوەستن. شەڕ وێرانی و مردن بۆ خەڵک دەهێنێت و لەبەر ئەوە دەبێت دژایەتی بکرێت. بەڵام دژایەتیکردنی جەنگ نابێت ببێتە بیانوویەک بۆ بێدەنگی لە بەرامبەر سەرکوت، گەندەڵی، هەڵاواردن و پێشێلکردنی بەرفراوانی مافەکانی هاووڵاتییان لەلایەن ڕێژیمی ئاخوندییەوە. هەروەک چۆن بەرگری لە ئاشتیش نابێت بە واتای پشتیوانیکردن لەو سیستەمە سیاسییە بێت کە خۆی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانە نێوخۆیی و ژئۆپۆلیتیکییەکان.

**چەپی سەربەخۆ دەبێت بتوانێت هاوکات دوو هەڵوێستی ڕوونی هەبێت:** نە بە شەڕ بڵێ و لە بەرامبەر سەرکوت و ستەم و زەبروزەنگی ڕێژیمیش، لە پەنای خەڵک ڕاوەستێ. هەر هەوڵێک بۆ قوربانیکردنی یەکێکیان لە پێناوی ئەوی تردا، لە کۆتاییدا بە زیانی خەڵک تەواو دەبێت. کۆمەڵگای ئێران پێویستی بە دەنگێکە کە بەبێ ئەوەی ببێتە پاشکۆی هێزە دەرەکییەکان، نەبێتە کلکەی دەسەڵات. بەڵکووو دەبێت داواکارییە ڕاستەقینەکانی خەڵک نوێنەرایەتی بکات.

یەکێک لە هەڵە جددییەکانی بەشێک لە ڕەوتە چەپەکان لە ساڵانی ڕابردوودا، کورتکردنەوەی پرسی عەداڵەتە بۆ ململانێ نێودەوڵەتییەکان. وەک ئەوەی تاکە دەسەڵاتێک کە دەبێت خەباتی دژی بکرێت، دەبێ دەسەڵاتی دەرەکی بێت؛ لە کاتێکدا خەڵک هەموو ڕۆژێک ڕووبەڕووی شێوە جۆراوجۆرەکانی ستەم و سەرکوتی نێوخۆیی دەبنەوە. ئەو کرێکارەی لە مافی ڕێکخراوبوون بێبەش کراوە، ئەو مامۆستایەی بەهۆی داواکردنی مافە پیشەییەکانییەوە زیندانی دەکرێت، ئەو ژنەی ڕووبەڕووی هەڵاواردنی یاسایی دەبێتەوە و ئەو لاوەی لە سەرەتاییترین ئازادییە سیاسییەکان بێبەش ماوەتەوە، ئەو گەلانەی حاشا لە بوون و هەیەتیان دەکرێ، هەموویان لەگەڵ ستەم و سەرکوت و نادادپەروەریی نێوخۆیی دەستەویەخەن.
ناکرێت باس لە دادپەروەری بکرێت و لە بەرامبەر ئەم ڕاستییانەدا بێدەنگ بمێنینەوە. ناکرێت بانگەشەی بەرگریکردن لە زەحمەتکێشان بکرێت، بەڵام داواکارییەکانیان لە پێناوی حیساباتە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکاندا بکرێنە قوربانی.

سەربەخۆیی سیاسی بە تەواوی بەو واتایەیە کە هیچ دەسەڵاتێک، چ دەرەکی و چ نێوخۆیی، نەتوانێت دەنگی خەڵک بۆ خۆی زەوت بکات، سەرکوت بکات، ستەم و زەبروزەنگ بەڕێوە ببات و ماف و ئازادییەکانی خەڵک پێشێل بکات.

ئەدەبیاتی سیاسی بزووتنەوە دێموکراتیکەکان هەمیشە جەختی لەسەر ئەم بنەمایە کردووەتەوە کە مەشروعیەتی هەر هێزێکی سیاسی لە ڕادەی نزیکبوونەوەی لە خەڵک و داواکارییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر ڕەوتێکی سیاسی کە خۆی بە جێگرەوەی خەڵک بزانێت یان بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات بخاتە پێش مافەکانی خەڵک، درەنگ یان زوو لە پشتیوانی کۆمەڵایەتی بێبەش دەبێت. ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نیشانی داوە کە کۆمەڵگای ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی تر بەرامبەر

بە هەر جۆرە پاساوهێنانەوەیەک بۆ سیاسەتەکانی ڕێژیم هەستیارە. خەڵک لە هێزە سیاسییەکان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە ڕاشکاو، شەفاف و سەربەخۆ بن و هەمیشە لە ڕیزی میللەت و چین و توێژە زەحمەتکێشەکاندا بمێننەوە.

ئەمڕۆ چەپی ئێران، ئەگەر بیەوێت جارێکی تر ببێتەوە هێزێکی کاریگەر، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ڕەگە ڕەسەنەکانی خۆی؛ بۆ بەرگریکردن لە ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی و کەرامەتی مرۆیی. ئەم گەڕانەوەیە تەنیا لە ڕێگەی پاراستنی مەودای ڕەخنەگرانە لەگەڵ هەموو ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە دەکرێت. ئەو چەپەی لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا بێدەنگ بێت، ئەو چەپەی سەرکوت پشتگوێ بخات و ئەو چەپەی لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا لە جیاتی خەڵک لە پاڵ دەسەڵاتدا ڕابوەستێت، ناتوانێت ڕۆڵی ڕزگاریخوازانە بگێڕێت. ناتوانێت ڕیسالەتی مێژوویی خۆی بەجێ بگەیەنێت.

لە بارودۆخی ئێستادا، زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستە هێزە پێشکەوتنخواز و دێموکراتەکان لەسەر بنەمای دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی خەڵک و مافەکانی هاووڵاتییان یەک بگرن. دەبێ بەرگری لە ئاشتی، بەرگری لە ئازادییە سیاسییەکان و مافی ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ، حەقی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان و گەلان بکەن. دەبێت نەهێشتنی هەڵاواردن، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵک، ببێتە بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی لێکجیانەکراوەی هەر پرۆژەیەکی سیاسی پێشکەوتنخواز.

چەپی سەربەخۆ دەبێت بە دەنگی بەرز ڕابگەیەنێت کە نە جەنگ چارەسەری کێشەکانی ئێرانە و نە بەردەوامبوونی دۆخی ئێستا. خەڵکی ئێران شایستەی داهاتوویەکن کە تێیدا ئازادی و دادپەروەری دەستەبەر کرابێت. هیچ هێزێک ناتوانێت بە ناوی خەبات دژی دوژمنی دەرەکی، پاساو بۆ ستەمکاری نێوخۆیی بهێنێتەوە و هیچ پرۆژەیەکیش ناتوانێت بە پشتگوێخستنی ئازار و ژانی خەڵک، خۆی بە خەڵکی ناو ببات.

ئەمڕۆ ئەرکی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان ئەوەیە لە پاڵ کۆمەڵگادا ڕابوەستن؛ نەک بچنە سەنگەری دەسەڵاتەوە. متمانەی هەر ڕەوتێکی سیاسی بە ڕادەی وەفاداری بۆ خەڵک هەڵدەسەنگێنرێت. چەپیش تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت ڕۆڵە مێژووییەکەی خۆی وەدەست بێنێتەوە کە سەربەخۆ، ڕەخنەگر و پابەندی داخوازییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا بمێنێتەوە. واتە ئەو چەپەی دژایەتی شەڕ دەکات بەڵام هەرگیز نابێتە بەرگریکاری کۆماری ئیسلامی؛ ئەو چەپەی ئازادی ناکاتە قوربانی مەسڵەحەت و دادپەروەریش ناکاتە قوربانی بەرژەوەندییە سیاسییەکان؛ ئەو چەپەی هەمیشە لە پاڵ خەڵکدا ڕادەوەستێت، نەک لە پاڵ دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا.


**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

له بەستێنی سیاسی ئێراندا، بەتایبەتی له کوردستان کە هەمیشە یەکێک بووە لە سەنگەرە سەرەکییەکانی خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسی و مافەکانی نەتەوە ژێردەستەکان، ناکرێت باس له چەپی ڕزگاریخواز بکرێت، بەڵام بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بێ هەڵوێست بمێنینەوە. ئەزموونی مێژوویی کوردستان نیشانی داوە کە خەبات بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە خەبات بۆ ئازادی سیاسی و نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی جیا ناکرێتەوە. هەر ڕەوتێکی چەپی ڕەسەن و خەڵکی، بە ناچاری دەبێت لە پاڵ داواکارییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێراندا ڕابوەستێت و بەرگری لە مافیان بکات بۆ دیاریکردنی ئازادانەی چارەنووسی خۆیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا. ئەو چەپەی لە بەرامبەر ئینکارکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، هەڵاواردنی پێکهاتەیی و سەرکوتی داواکارییە نەتەوەییەکاندا بێدەنگ بێت، لە کردەوەدا لە نێوەڕۆکە ئازادیخوازانەکەی خۆی دوور کەوتووەتەوە. هەروەک چۆن بەرگریکردن لە مافەکانی کرێکاران و ژنان و زەحمەتکێشان ئەرکی سروشتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانە، بەرگریکردن لە مافەکانی نەتەوەکانی ئێران و بە فەرمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان، بەشێکی لێکجیانەکراوەی هەر پرۆژەیەکی دێموکراتیک و ڕزگاریخوازە.

**لەم ڕوانگەیەوە،** کوردستان تەنیا جوگرافیایەک نییە؛ هێمای خۆڕاگرییە لە بەرامبەر ستەمکاری، بەرەنگارییە لە بەرامبەر ئینکارکردنی مافە نەتەوەییەکان و سەنگەرێکە بۆ بەرگریکردن لە ئازادی و دێموکراسی لە سەرتاسەری ئێراندا. هەر هێزێک خۆی بە بەرگریکاری ئازادی و دادپەروەری بزانێت، دەبێت هەڵوێستی خۆی لە پەیوەند دەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستاندا ڕوون بکاتەوە و بە هەموو تواناوە بەرگری و پشتیوانی لێ بکات. ئەوە پێوانەیە بۆ ڕاستی و دروستیی هەڵوێستەکانی هەر ڕەوتێکی چەپ و پێشکەوتنخواز.

**١ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

## بەیاننامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی ڕۆژەڤی سیاسیی کوردستان، ئێران و ناوچە




**(هەڵسەنگاندنی دۆخی مەیدانی و ئەرکەکانی هاوپەیمانی)**

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**ڕای گشتی و ئازادیخوازان!**

لە کاتێکدا دۆخی سیاسی و ژێئۆپۆلەتیکی ناوچەکە و ئێران لە گۆڕان و قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە گرژیدایە، کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕۆژی پێنجشەممە، ١ی گەلاوێژی ١٤٠٥ (٢٣ی ژووئیەی ٢٠٢٦) لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی دۆخەکەدا بەڕێوە چوو.

ئەم کۆبوونەوەیە لە کاتێکدا پێکهات کە هاوکێشە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکانی ئێران تووشی گۆڕانکاریی قووڵ بوونەتەوە و کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دواپەنا بۆ پەردەپۆشکردنی شکستە نێوخۆییەکانی، زیاتر لە جاران پەرەی بە تێرۆر و هێرشی ئاسمانی و زەوینی داوە.

شکست و ناکامبوونی زنجیرە دانوستانەکانی نێوان ڕێژیمی ئێران و ئامریکا، نیشانەی ڕوونی بنبەستێکی سیاسییە کە ئەم ڕێژیمەی لە پێ خستووە. سیستەمێک کە لە نێوخۆدا تووشی دارمانی متمانەی گشتی و قەیرانی ئابووریی بێوێنە بووە، و لە دەرەوەش ناتوانێت بە دیپلۆماسی قەیرانەکانی مودیرییەت بکات. کۆی قەیرانە ئاڵۆز و بەربڵاوەکانی ڕێژیم وای لێ کردووە لە هێرشە یەکبەدوای یەکەکانی سەر حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بێت، تەنانەت بە پێی دۆخی برینداەرکانیشمان لە هێرشەکاندا، ئەگەری بەکارهێنانی «مادەی سووتێنەر یان فۆسفۆڕی سپی» زۆرە کە بێگومان ئەمە جگە لە نیشاندانی زەبوونی و داماویی زۆری ڕێژیم لەهەمبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و هێز و وزەی شاراوەی خەڵک و حیزبەکانیان، تاوانی دژی مرۆڤایەتیشە.

مەحکومکردنی توندی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو، هێرشە مووشەکی، درۆنی و زەمینییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بنکەکانی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنها ئاگادارکردنەوەیەکی ئینسانیی نییە، بەڵکوو خوێندنەوەیەکی سیاسییشە بۆ خەسارە گەورەکانی ئەم بزووتنەوەیە و شەرمەزارکردنی تاوانێکی گەورەی جەنگە. لەم هێرشە دڕندانەیەدا بزووتنەوەکەمان تێچووی قورسی بووە. ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی پارتی ئازادیی کوردستان، پۆلێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ژمارەیەک لە گریلاکانی یەکینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید بوون و هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی پێشمەرگە بریندار بوون. بەڵام هەروەک گوترا ئەمە دوا پەلەقاژەکانی ڕێژیمێکە لە سەرەمەرگدایە و نیشانەی بێهیوایی و زەبوونیی ڕێژیم لە ئیرادەی پۆڵایینی نەتەوەیەکە کە لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانیدا کۆڵ نادات.

هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران وێڕای ڕێزگرتن لە یادی ئەم گیانبەختکردووانە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان، ئەم زیانانە بە خەسار بۆ تەواوی بزووتنەوەی کوردستان دەزانێت. هاوکات هاوپەیمانیی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە بڕیار یەکڕیزی و پێکەوەیی لەنێو بزووتنەوەی کوردستانی ئێراندا بژاردە نییە، بەڵکوو زەروورەتێکی ستراتیژییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هێرشانە. لەلایەکی دیکەشەوە پاراستنی خاوەندارێتی لە هێزەکان و بەهێزکردنی سەقامگیریی نێوخۆیی هاوپەیمانیی بوار بۆ ئەوە دەڕەخسێنێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەوڵەکان بۆ ناساندنی دۆخی مرۆیی لە کوردستان و تاوانەکانی ڕێژیم فراوانتر بکرێن. بۆیە پێداگری لەسەر چارەسەری پرسی ڕەوای کورد لەم قۆناغەدا، بەهێزترکردنی پردی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی لە ئاست ئەم دەستدرێژییانەدا بێدەنگ نەبێت و پشتڕاستی بکاتەوە کە خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە بنەڕەتییەکانی خۆی بەم شێوازە دڕندانەیە دانامرکێتەوە.

گەلاوێژی ٢٧٢٦

لە کۆتاییشـدا، لە کۆبـوونەوەکەدا بڕیـار بـۆ بەردەوامیـی هەرچـی زیـاتری کـارە مەیـدانییەکانی هاوپەیمـانی درا و، ڕاگەیەندرا کە خەبات و تێکۆشانی پێکەوەیی و هاوپێوەندیی سیاسی و مەیدانی حیزبە سیاسییەکانی هاوپەیمانیی هێـزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هەتا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات درێژەی دەبێت.

هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١ی گەلاوێژی ١٤٠٥ (٢٣ی ژووئیەی ٢٠٢٦)

٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# ٣٧ ساڵ دوای ڤییەن، ستراتیژیی خەبات و داهاتووی پرسی کورد؟







د. کوێستان گادانی

لە مێژووی نەتەوەکاندا، هەندێک ڕووداو تەنیا وەک بیرەوەرییەکی مێژوویی نامێننەوە، بەڵکوو دەبنە خاڵی وەرچەرخان لە بیرکردنەوەی سیاسی و ئاراستەکردنی داهاتووی نەتەوەکان. کارەساتی ڤییەن و تیرۆری د. قاسملوو لەم جۆرە ڕووداوانەن. ڕووداوێک کە کاریگەرییەکەی هەر لە چوارچێوەی ئەو ساتە مێژووییەدا نەمایەوە و بووەتە بەشێک لە مێژووی هاوچەرخی

خەباتی نەتەوەیی کورد و سەرچاوەی پرسیارکردن لەسەر سنوور و توانای دیپلۆماسی، شێوازی خەبات و چارەسەری پرسی کورد لە ئێران.

بە تێپەڕبوونی نزیکەی چوار دەیە، ئەو ژینگە سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکییەی تێرۆری ڤییەن تێیدا ڕووی دا، بە تەواوی گۆڕاوە. قەیرانەکانی بەردەوامی ڕێژیمی ئێران، گۆڕانی هاوکێشەی هێز لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست، دەرکەوتنی ئەکتەرە نوێیەکان و گواستنەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی بۆ جیهانێکی چەندجەمسەری، بارودۆخێکی نوێیان دروست کردووە کە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ هەیە. لەبەر ئەوە، ئەو کارەساتە نابێت تەنیا وەک بەشێک لە مێژوو بخوێندرێتەوە، بەڵکوو دەبێت وەک سەرچاوەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی ستراتیژیی ئێستا و داهاتووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلات لێی بڕوانرێت.

بنەمای ئەم وتارە ئەو تێڕوانینەیە کە چارەنووسی بزووتنەوە نەتەوەییەکان تەنیا بە قوربانیدان، هەڵچوون یان بیرەوەریی مێژوویی دیاری ناکرێت، بەڵکوو بە توانایان بۆ گواستنەوەی ئەزموونی مێژوویی بۆ ستراتیژی، دامەزراوەسازی و بڕیاری سیاسی دیاری دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە، ئەم وتارە هەوڵ دەدات ڤییەن لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران و ناوچەکە بخوێنێتەوە و بپرسێت: وانەی ستراتیژیی ئەو ڕووداوە بۆ داهاتووی بزووتنەوەی کورد چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، وتارەکە سەرەتا وانە سیاسی و ستراتیژییەکانی ڤییەن شی دەکاتەوە، دواتر هەلومەرجی ئێستای ئێران و گۆڕانکارییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکە هەڵدەسەنگێنێت، و لە کۆتاییدا هەوڵ دەدات چوارچێوەیەکی فیکری بۆ ستراتیژیی داهاتووی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پێشکەش بکات.

## ئێرانی ئێستا و قەیرانی دەسەڵات

ئەگەر ڕێژیمی ئێران بۆ ساڵانێک توانیبووی ڕووخساری دەوڵەتێکی پێشکەوتوو لە بەکارهێنانی هێزی ئەمنییەتی و سیاسەتی توند بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی لەخۆی بە جیهان بنوێنێت، ئێستا دوای نزیکەی چوار دەیە، دەسەڵاتی خوداسەپێن لە بارودۆخێکدایە کە زیاتر لە هەر کاتێکی تر بە قەیرانە نێوخۆییەکانی خۆیەوە سەرقاڵە. ئەم گۆڕانە تەنیا بە تێپەڕبوونی کات پێناسە ناکرێت، بەڵکوو بە گۆڕانی سروشتی قەیرانەکان و لاوازبوونی توانای سیستەم بۆ بەڕێوەبردنیان پێناسە دەکرێت. ئەگەر لە هەشتاکاندا ئێران زیاتر هێزی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکان پێشان دەدا، ئەمڕۆ سەرەکیترین تاقیکردنەوەی لە نێوخۆی وڵاتدا خۆی دەنوێنێت.

ئێران هەنووکە هاوکات لەگەڵ چوار قەیرانی بنەڕەتی بەرەوڕووییە: قەیرانی ئابووری، قەیرانی دامەزراوەیی، قەیرانی

متمانەی کۆمەڵایەتی و قەیرانی ناسنامەی سیاسی. کۆبوونەوەی ئەم قەیرانانە نیشانەی ئەوەیە کێشەکە هەر قەیرانی بەڕێوەبردن نییە و قەیرانی مۆدێلی حوکمڕانیشە. مۆدێلێک کە لە وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی کۆمەڵگەدا سنووری خۆی نیشان داوە.

لە بواری ئابووریدا هەڵکشانی نرخەکان، لاوازبوونی تمەن، بێکاری و کەمبوونی وەبەرهێنان، ئاستی ژیانی بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی دابەزاندووە. بەڵام گرنگتر لە خودی ئەم کێشانە ئەوەیە ناڕەزایەتیی ئابووری بە ناڕەزایەتیی سیاسی گۆڕاوە. ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە هەر شەپۆلێکی ناڕەزایەتی، لە پشت کێشە ئابوورییەکانەوە، پرسی متمانەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە دەورووژێنێت.

لە بواری سیاسیشدا، سیستەم لەگەڵ قەیرانێکی تر بەرەوڕووە واتە قەیرانی نوێکردنەوەی خۆی. پرسی جێنشینیی ڕێبەر، ناکۆکیی نێو دامەزراوە دەسەڵاتدارەکان، ململانێی نێوخۆیی ئیلیتی حوکمڕان و کەمبوونی توانا بۆ بەرهەمهێنانی ڕەزامەندی، هەموویان نیشانەی ئەوەن کە سیستەم زیاتر خەریکی پاراستنی خۆیەتی هەتا پێشکەشکردنی وێنایەکی نوێ بۆ داهاتوو.
لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا، بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو. ئەو بزووتنەوەیە هەر ناڕەزایەتییەکی کاتی نەبوو و سەلماندی نەوەی نوێ لە ئێران تێگەیشتنێکی جیاوازی لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت، ئازادی و هاونیشتمانی هەیە. هەروەها، ئەم بزووتنەوەیە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دووبارە خستە ناوەندی گفتوگۆی سیاسی، چونکە درووشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە کوردستانەوە بووە زمانێکی جیهانی بۆ بانگەوازی ئازادی. ئەم ئەزموونە هەروەها نیشانی دا کە پرسی کورد لە ئێران ناتوانێت بە جیا لە پرسی دێموکراسی و مافی هاونیشتمانی چارەسەر بکرێت. بۆ بزووتنەوەی کورد، ئەم بارودۆخە دەرفەتە و تاقیکردنەوەیشە.

دەرفەتە، چونکە لاوازبوونی دەسەڵات دەتوانێت بوار بۆ گۆڕان و گفتوگۆی نوێ بکاتەوە. تاقیکردنەوەشە چونکە مێژوو پێمان دەڵێ قەیرانی دەوڵەت بەخۆی نابێتە سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن. سەرکەوتن دەبێتە بەشی ئەو هێزانەی پێش قۆناغی گۆڕان، خۆیان لە ڕووی فکری، دامەزراوەیی و ستراتیژییەوە ئامادە کردبێت.

لەبەر ئەوە، ستراتیژیی حیزبی دێموکرات نابێت تەنیا لەسەر چاوەڕوانیی لاوازبوونی دەسەڵاتی ئێران بنیات بنرێت و پێویستە لەسەر ئامادەکاریی سیاسی، یەکڕیزیی نەتەوەیی، دامەزراوەسازی و دیپلۆماسیی کاریگەر دابمەزرێت. مێژووی گۆڕانکارییە سیاسییە گەورەکان سەلماندوویەتی ئەو هێزانە سەرکەوتوون کە لە کاتی قەیراندا، زیاتر لە هەر کاتێکی تر خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە کردووە.

## گۆڕانکارییەکانی ناوچە و ژێئۆپۆلیتیکی نوێ

ئەگەر قەیرانی نێوخۆیی ئێران یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی بێت، ئەوە گۆڕانکارییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هۆکاری دووەمن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر داهاتووی پرسی کورد داناوە. لە جیهانی ئێستادا، بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی ناتوانێت ستراتیژیی خۆی تەنیا لەسەر هەلومەرجی نێوخۆ بنیات بنێت چونکە زۆرجار گۆڕانە گەورە سیاسییەکان لە هاوکێشەی هێزی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ئامادە دەکرێن.

کاتێک د. قاسملوو لە ڤییەن تێرۆر کرا، ناوچەکە هێشتا لەژێر کاریگەریی جەنگی سارد و سیستەمی دوو جەمسەریدا بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەو هاوکێشەیە بەتەواوی گۆڕاوە. ڕووخانی ڕێژیم لە عێراق، دامەزراندنی هەرێمی کوردستان، شەڕی سووریە، دەرکەوتنی هێزە کوردییەکان و پاشان شەڕی دژی داعش، هەموویان شوێنی کوردیان لە هاوکێشەی ئەمنییەتی ناوچەدا گۆڕیوە. کورد پێشتر زۆرجار وەک کێشەیەکی نێوخۆیی دەبینرا، بەڵام دوای ئەم گۆڕانکارییانە، بووە ئەکتەرێک کە زۆرێک لە هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ناچار بوون لە هاوکێشەکانی خۆیاندا لەبەرچاوی بگرن.

هەروەها ئەزموونی شەڕی دژی داعش سەلماندی کە گرنگبوونی ستراتیژیک هەمیشە بە مانای پشتگیریی سیاسیی بەردەوام نییە. زلهێزەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بڕیار دەدەن، نەک بە پێی هاوسۆزی یان هاودەردی. بۆیە هەرجۆرە ستراتیژییەکی کورد کە هیوای سەرەکیی خۆی بە هاوپەیمانی دەرەکی ببەستێت، لە بنەڕەتدا لەگەڵ مەترسیی وابەستەبوون بەرەوڕوو دەبێتەوە.

**بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم ڕاستییە گرنگترە چونکە پرسی کورد لە ئێران لە خاڵی یەکگرتنی سێ بازنەی هێزدا ڕاوەستاوە:** سیاسەتی نێوخۆی ئێران، کێبڕکێی هەرێمی و بەرژەوەندیی زلهێزەکان. هەر گۆڕانێک لە تاران، ئەنکارا، بەغدا، واشینگتۆن یان برۆکسێل دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتدا هەبێت. ئەمە لە هەمان کاتدا هەم دەرفەت دروست دەکات و هەم مەترسی. دەرفەت چونکە پرسی کورد دەتوانرێت زیاتر بناسرێت. دیارە مەترسیش هەیە بەرژەوەندیی دەرەکی شوێنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بگرێتەوە.

بێگومان پرسیاری ستراتیژیی سەرەکی بۆ حیزبی دێموکرات ئەوە نییە کە کام هێزی دەرەکی دەتوانێت پشتیوانی بکات، بەڵکوو ئەوەیە چۆن دەتوانێت لە ژینگەیەکی ئاڵۆزی ژێئۆپۆلیتیکدا سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی

بپارێزێت. ئەو هێزەی بتوانێت لەنێوان هاوکاریی نێودەوڵەتی و پاراستنی بڕیاری سەربەخۆ هاوسەنگی دروست بکات، لە جیهانی چەندجەمسەریدا دەرفەتی زیاتر بۆ کاریگەری و مانەوە دەبێت.

لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە، گەورەترین گۆڕانی ئەم سەردەمە ئەوەیە کە کورد ئێستا تەنیا بابەتی گفتوگۆ نییە و ئەکتەرێکی سیاسیی کاریگەرە. بەڵام ئەکتەربوون بەخۆی سەرکەوتن نییە؛ کاریگەریی هەر ئەکتەرێک بە توانایی ئەو لە دروستکردنی ستراتیژی، دامەزراوە و دیدێکی درێژخایەن پەیوەستە. لەبەر ئەوە، خوێندنەوەی ژێئۆپۆلیتیک بۆ پرسی کورد تەنها کارێکی تیۆری نییە و پێداویستییەکی ستراتیژییە.

## لە خەباتی نەتەوەیی بۆ ستراتیژیی نێودەوڵەتی

گۆڕانکارییەکانی سێ دەیەی ڕابردوو تەنها نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان نەگۆڕیوە، سروشتی خەباتی سیاسیشی گۆڕیوە. ئەگەر لە سەدەی بیستەمدا هێزی سەربازی و خەباتی چەکداری زۆرجار یەکەمین ئامرازی بزووتنەوە نەتەوەییەکان بوون، ئەمڕۆ هێزی سیاسی زیاتر بە توانای دامەزراوەسازی، دیپلۆماسی، کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و بەشداری لە بڕیارسازیی نێودەوڵەتی پێوانە دەکرێت. لەبەر ئەوە، جیهانی نوێ نەک هەر ئامرازەکانی خەبات، بەڵکوو پێوەرەکانی سەرکەوتنیشی گۆڕیوە.

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەم گۆڕانە تەنیا هەر هەلێکی سیاسی نییە، پێویستییەکی ستراتیژییە. میراتی کۆماری کوردستان، خەباتی دوای شۆڕشی ١٣٥٨ و بیرکردنەوەی د. قاسملوو، سەرمایەیەکی مێژوویی و سیاسیی گەورەن و ئەم سەرمایەیە ئەگەر بە زمانی سیاسەتی ئەمڕۆ وەرنەگێڕدرێت، کاریگەرییەکەی سنووردار دەبێت. پاراستنی میراتی مێژوویی بە مانای دووبارەکردنەوەی ڕابردوو نییە، بە مانای نوێکردنەوەی ئەو بیرۆکانەیە لە گونجاندندا لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەمڕۆ.

لە سەدەی بیست و یەکدا، دیپلۆماسی تەنها پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان نییە. پەرلەمانەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ناوەندە توێژینەوەییەکان، زانکۆکان، میدیای نێودەوڵەتی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی ڕای گشتی و کاریگەری لەسەر بڕیارسازی. لەبەر ئەوە، دیپلۆماسیی گشتی و دیپلۆماسیی مەدەنی نابێت بە کارێکی لاوەکی سەیر بکرێت؛ دەبێت ببێتە یەکێک لە بنەماکانی ستراتیژیی درێژخایەن.

لە هەمان کاتدا، گواستنەوەی جیهان بۆ سیستەمێکی چەندجەمسەری واتای ئەوەیە کە هیچ زلهێزێک هاوپەیمانی هەمیشەیی نییە. دەوڵەتان بەپێی بەرژەوەندییەکانیان هەڵسوکەوت دەکەن و ئەم بەرژەوەندییانە بە گۆڕانی بارودۆخ دەگۆڕێن. بناغەی ستراتیژیی حیزبی دێموکرات وەکو هەمیشە پاراستنی سەربەخۆیی لە بڕیاردانی سیاسی و پەرەپێدانی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەیە کە لەسەر بنەمای دێموکراسی، مافی مرۆڤ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان هاوبەشن.

جیهانی نوێ گوتارێکی نوێش داوا دەکات و گوتاری سیاسیی کورد نابێت تەنها لەسەر ستەملێکراویی مێژوویی بنیات بنرێت، هەرچەندە ئەو مێژووە بەشێکی گرنگی ناسنامەی خەباتە. ئەزموونی بزووتنەوە نەتەوەییە سەرکەوتووەکان نیشان دەدات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر گوێ لەو هێزانە دەگرێت کە جگە لە ڕەخنە، پرۆژەیەکی ڕوون بۆ داهاتووش پێشکەش دەکەن. لەبەر ئەوە، داواکاریی مافی نەتەوەیی دەبێت لەنێو دیدێکی فراوانتر بۆ دێموکراسی، دەوڵەتی یاسا، دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و پاراستنی فرەیی نەتەوەیی و زمانی و هەروەها پاراستنی فەڵەمڕەوی کوردستان لە ڕووداوی هەر ئەگەرێکدا پێشکەش بکرێت.

لەم بارەیەوە، میراتی فکریی د. قاسملوو هێشتا تازەیە. قاسملوو باوەڕی وابوو کە مافی نەتەوەیی و دێموکراسی دوو پرۆژەی جیاواز نین، بەڵکوو دوو ڕووی یەک پرۆژەن. ئەم تێڕوانینە هێشتا گرنگە، ئەو بزووتنەوانەی دەتوانن داواکاریی نەتەوەیی لەگەڵ بنەماکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ یەکبخەن، تواناتر دەبن لە بەدەستهێنانی هاوپشتیی نێودەوڵەتی و دروستکردنی هاوپەیمانیی درێژخایەن.

لە ئاستی نێوخۆشدا، هیچ دیپلۆماسییەکی سەرکەوتوو بەبێ بناغەیەکی بەهێزی نێوخۆ دروست نابێت. پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی کوردستان، هەروەها هێزە دێموکراتەکانی ئێران، تەنها تاکتیکێکی سیاسی نییە، بەڵکوو بەشێکی سەرەکیی ستراتیژیی درێژخایەنە. هێزێک کە نەتوانێت لە نێوخۆدا متمانە و هاوکاری دروست بکات، لە ئاستی نێودەوڵەتیش بە زەحمەت دەتوانێت هاوپەیمانییەکی جیددی بەدەست بهێنێت.

**لە کۆتاییدا،**

جیهانی نوێ دوو ڕێگا لە بەردەم حیزبی دێموکرات دادەنێت: یان لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی ڕابردوودا بمێنێتەوە و چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکان بێت، یان ببێتە بەشێکی کاریگەر لە دروستکردنی ئەو گۆڕانکارییانە. هەڵبژاردنی یەکەم مانەوە دابین دەکات، بەڵام هەڵبژاردنی دووەم دەتوانێت پێگەیەکی مێژوویی نوێ بۆ بزووتنەوەی کورد دروست بکات.

## لە بیرەوەریی ڤییەنەوە بۆ پرۆژەی داهاتوو

دوای نزیکەی چوار دەیە، ڤییەن تەنیا بیرئانینەوەی ڕووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکوو پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاراستەی خەباتی کورد. ئەگەر قەیرانی ئێران، گۆڕانکارییە ژێئۆپۆلیتیکییەکان و گواستنەوەی جیهان بۆ سیستەمێکی چەندجەمسەری ژینگەیەکی نوێیان دروست کردبێت، ئەوا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات چۆن دەتوانێت لەم ژینگە نوێیەدا ستراتیژییەکی گونجاو و کاریگەر بنیات بنێت.

**یەکەم شت؛** نوێکردنەوەی شێوازی بیرکردنەوەیە، نەک گۆڕینی بنەماکان. ئەزموونی بزووتنەوە نەتەوەییە سەرکەوتووەکان نیشان دەدات ئەو هێزانەی مێژوویان پاراستووە و لە هەمان کاتدا ئامراز و شێوازی کارکردنیان لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم گونجاندووە، توانیویانە بەردەوامی و کاریگەری خۆیان بپارێزن. بۆ حیزبی دێموکرات، ئەمە واتای ئەوەیە کە پاراستنی مافی نەتەوەیی و ناسنامەی کوردی دەبێت هاوشانی دامەزراوەسازی، دیپلۆماسی، میدیا، توێژینەوە و پەیوەندیی نێودەوڵەتی بڕوات. ئەمانە جێگرەوەی یەکتر نین، تەواوکەری یەکترن.

**دووەم؛** حیزبی دێموکرات پێویستی بە پرۆژەیەکی ڕوون بۆ داهاتووی ئێران هەیە. مێژووی هاوچەرخی ئێران نیشانی داوە کە قەیرانی دەسەڵات بەخۆی گۆڕان بەرهەم ناهێنێت، مەگەر ئەوەی هێزە جێگرەوەکان بتوانن وێنایەکی باوەڕپێکراو بۆ داهاتوو پێشکەش بکەن. بۆیە، داواکاریی مافی نەتەوەیی دەبێت لەنێو پرۆژەیەکی فراوانتر بۆ دێموکراسی، دەوڵەتی یاسا، دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و پاراستنی فرەیی نەتەوەیی و زمانی پێشکەش بکرێت. ئەو کاتە پرسی کورد لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتیش مانا دەدۆزێتەوە.

**سێیەم؛** یەکڕیزیی نیشتمانی دەبێت ببێتە بناغەی هەر ستراتیژییەکی داهاتوو. مێژووی بزووتنەوەی کورد بەردەوام نیشانی داوە کە زۆرێک لە هەلە مێژووییەکان بەهۆی ناکۆکیی نێوخۆییەوە لەدەست چوون. یەکڕیزی بەمانای یەکدەنگیی سیاسی نییە، بە مانای دروستکردنی هاوڕێیی لەسەر ئامانجە نیشتمانییە هاوبەشەکانە. هێزێک کە لە نێوخۆدا نەتوانێت هاوکاریتی و متمانە دروست بکات، لە دەرەوەش بە زەحمەت دەتوانێت هاوپشتیی درێژخایەن بەدەست بهێنێت.

**چوارەم؛** سەرمایەی مرۆیی و نەوەی نوێ دەبێت لە ناوەندی ستراتیژیی داهاتوودا بن. ئەمڕۆ نەوەیەکی نوێ لە نێوخۆی کوردستان و دیاسپۆڕادا هەیە کە لە بواری زانکۆ، توێژینەوە، تەکنەلۆژیا، میدیا و پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا ئەزموونی

جیاوازی هەیە. ئەگەر ئەم توانایە بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە خزمەتی پڕۆژەی نەتەوەییدا بەکار بهێنرێت، دەتوانێت هەم سەرمایەی فکری و هەم پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد زیاد بکات.

**پێنجەم؛** دیپلۆماسی دەبێت لە تاکتیکێکی وەرزی بگۆڕدرێت بۆ بەشێکی هەمیشەیی ستراتیژی. جیهانی ئەمڕۆ تەنها لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان کورت نابێتەوە؛ پەرلەمانەکان، دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، زانکۆکان، ناوەندە توێژینەوەییەکان، میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی بڕیار و ڕای گشتی. لە هەمان کاتدا، دەبێت سنوورێکی ڕوون لەنێوان هاوکاری و وابەستەییدا بپارێزرێت، چونکە مێژووی کورد نیشانی داوە بەرژەوەندیی دەوڵەتان دەگۆڕێت، بەڵام بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەبێت جێگیر بمێنێت.

٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم دەرفەتێکی مێژوویی و ئاڵنگارییەکی ستراتیژیدا






**حەسەن قارەمانی**

مێژوو بە دەگمەن لە ڕێگەی پرۆسەی وردە وردە و پێشبینیکراوەوە دەکرێتەوە. بەپێچەوانەوە، زۆرجار بەرچاوترین گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەو قۆناغانەدا ڕوویان داوە کە هاوسەنگیی هێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی تێک چووە و ڕژێمە چەسپاوە دیکتاتۆرەکان تووشی لاوازی هاتوون. بۆ گەلانی بێدەوڵەت، ئەم ساتە مێژووییانە زۆرجار یەکلاکەرەوە بوون بۆ

توانای سەپاندنی مافەکانیان و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

نەتەوەی کورد زیاتر لە سەدەیەکە لە خەباتدایە بۆ بەدەستهێنانی دیموکراسی، دانپێدانانی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنووسین. لەم چوارچێوەیەدا، پێشهاتەکانی ئێستای ئێران پرسیارێکی ستراتیژی دەورووژێنن کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد ناتوانێت چاوپۆشی لێ بکات.

کاتێک ڕژێمی ئێران ڕووبەڕووی پەرەسەندنی گوشاری ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەبێتەوە، بارودۆخی سیاسی دەگۆڕێت. ئەمە بەو مانایە نییە کە دەرەنجامەکە پێشوەختە دیاریکراوە، بەڵکوو دەرفەتێکی ستراتیژیی نوێ بۆ کردار دەرەخسێنێت کە پێویستی بە شیکاریی ورد و پلاندانانی درێژخایەن هەیە. مێژوو نیشانی دەدات کە قۆناغەکانی گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکی، زۆرجار دەرگای دەرفەتگەلێک دەکەنەوە کە لە دۆخی ئاساییدا بوونیان نییە.

کەواتە، پرسیاری چارەنووسساز ئەوە نییە کە ئایا ئێران دەگۆڕێت یاخود نا، بەڵکوو ئەوەیە کە ئایا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە ڕادەی پێویست یەکگرتوو، خاوەن ئامادەسازیی ستراتیژی و لێهاتوویی دیپلۆماسین تا بتوانن ئەو دەرفەتانە بقۆزنەوە؟ لە سەردەمی ئاڵوگۆڕی مێژووییدا، تەنیا ڕاگەیاندنی پرەنسیپ و دیدگاکان بەس نین؛ بەڵکوو هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران یەکگرتوویی نەتەوەیی و ستراتیژییەکی سیاسیی ڕوونی پێویستە، تا بتوانێت دەرفەتێکی مێژوویی بۆ پێشکەوتنی دیموکراسی و نەتەوەیی بەکار بهێنێت.

### مێژوو پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە ئامادەن:

سیاسەتی نێودەوڵەتی بە گۆڕانی بەردەوامی پەیوەندییەکانی هێز دەناسرێتەوە. کردەی دەوڵەتان لە بنەڕەتدا بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندییە ئەمنییەکان، ڕەچاوکردنی جیۆپۆلەتیکی، ئابووری و سەقامگیریی ناوچەیی. کاتێک پێکهاتە دەسەڵاتدارییەکان ڕووبەڕووی تەنگژە دەبنەوە و ڕژێمە دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان لاواز دەبن، بۆشاییەکی سیاسیی نوێ دەردەکەوێت کە تێیدا دەکرێت چارەسەری نوێ بۆ ململانێ پێشتر قفڵکراوەکان بدۆزرێتەوە.

مێژوو دەریدەخات ئەو بزووتنەوە نەتەوەییانەی سەرکەوتنی سیاسیی بەردەوامیان بەدەست هێناوە، تەنیا پشتیان بە ئایدیاڵە بەرزەکان نەبەستووە، بەڵکوو توانای تێکەڵکردنی دیدگای ڕوون لەگەڵ سەرکردایەتیی ستراتیژی، هێزی ڕێکخراوەیی و لێهاتوویی دیپلۆماسیدا هەبووە. ساتەوەختە مێژووییە یەکلاکەرەوەکان بە دەگمەن سوودیان بەو کەسانە

گەیاندووە کە تەنیا کاردانەوەیان بەرامبەر بە ڕووداوەکان هەبووە، بەڵکوو پاداشتی ئەوانەیان داوەتەوە کە کاتێک دەرفەتەکان هاتنە ئاراوە، بە باشی ئامادە بوون.

بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، پێویستە پێشهاتەکانی ئێستای ناوچەکە نەک تەنیا وەک قەیران، بەڵکوو وەک گۆڕەپانێکی ستراتیژیش سەیر بکرێن. گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزی ناوچەییدا، پێویستی بە شیکاریی سیاسیی ورد، هەماهەنگیی نیشتمانی و بیرکردنەوەی ستراتیژیی درێژخایەن هەیە. بزووتنەوەی کوردی تەنیا بە دیدگایەکی سیاسیی یەکگرتوو و کارێکی دیپلۆماسیی چالاک دەتوانێت ئەو هەلومەرجە بڕەخسێنێت کە بۆ قۆستنەوەی دەرفەتە مێژووییەکان پێویستە.

### ستراتیژییەکی هاوبەشی کوردی؛ پێشمەرجێک بۆ سەرکەوتنی سیاسی:

یەکێک لە ئاستەنگە هەرە دیارەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە مێژووودا، پەرتەوازەیی و پارچەپارچەبوونی سیاسی و ڕێکخراوەیی بووە. جیاوازیی ئایدیۆلۆژی، بەرژەوەندیی ناوچەیی، ڕکابەریی حزبی و دابەشبوونی جوگرافی، زۆرجار توانای بەکۆمەڵیان بۆ داڕشتنی ستراتیژییەکی نەتەوەیی یەکگرتوو و قسەکردن بە دەنگێکی یەکگرتوو لە ئاستی جیهاندا لاواز کردووە. ئەم پەرتەوازەییە کاریگەرییە سیاسییەکانی بزووتنەوەکەی سنووردار کردووە و وەرگێڕانی دەرفەتە مێژووییەکان بۆ دەستکەوتی سیاسیی بەرجەستە، قورستر کردووە.

لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە خێراکانی بارودۆخی جیۆپۆلەتیکیی ناوچەکەدا، پێویستییەکی زۆر بە ستراتیژییەکی تۆکمەی نەتەوەیی هەیە کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری ئامانجە هاوبەشەکان کۆ بکاتەوە. ستراتیژییەکی لەم چەشنە دەبێت تەنیا پارتە سیاسییەکان نەگرێتەوە، بەڵکوو کۆمەڵگەی مەدەنی، بزووتنەوەی گەنجان و ژنان، ئەکادیمیسیەن، بازرگانان و ڕەوەندی کوردییش لە خۆ بگرێت. تەنیا لە ڕێگەی هاوکاریی نەتەوەیی فراوانەوە، پرسی کورد دەتوانێت ئەو سەنگ و پێگە سیاسییە بەدەست بهێنێت کە لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا پێویستە.

ستراتیژیی هاوبەش پێویستە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای بنەڕەتی بێت، بەرگریی بەردەوام لە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی گەلی کورد، ڕێزگرتنی تەواو لە مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی سەروەریی یاسا، داواکارییەکی ڕوون بۆ مافی چارەی خۆنووسین بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەروەها بەرنامەیەکی سیاسیی درێژخایەن کە ڕیالیزم لەگەڵ

دیدێکی ڕوونی نەتەوەیی تێکەڵ بکات. هاوکات بزووتنەوەی کوردی دەبێت بە شێوەیەکی چالاکانە کار بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتی نێودەوڵەتیی خۆی لە ڕێگەی دیپلۆماسیی بەرپرسیارانە، وتووێژی بنیاتنەر و هاوکاری لەگەڵ لایەنە دێموکراسیخوازەکانی جیهاندا بکات.

مێژوو دەریدەخات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر مەیلی ئەوەی هەیە گوێ لەو بزووتنەوە نەتەوەییانە بگرێت کە بە یەکگرتوویی، ئەجێندایەکی سیاسیی ڕوون و سەرکردایەتییەکی باوەڕپێکراوەوە مامەڵە دەکەن. لە بەرامبەردا بزووتنەوەیەکی پەرتەوازە، مەترسیی لاوازبوونی کاریگەری و دروستکردنی نادڵنیایی لە نێوان هاوبەشە نێودەوڵەتییەکاندا بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆیە یەکێتیی نەتەوەیی تەنیا ئایدیاڵێکی سیاسی نییە، بەڵکوو پێویستییەکی ستراتیژییە بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد و دڵنیابوون لەوەی کە مافەکانی دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە چارەسەرە سیاسییەکانی داهاتوو.

## گرنگیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیی ستراتیژی:

هیچ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە بۆشایی سیاسیدا کار ناکات. ئەزموونی مێژوویی ئەوە دەردەخات کە گۆڕانکاریی سیاسیی سەرکەوتوو زۆرجار پەیوەستە بە توانای بنیاتنانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی، دروستکردنی متمانەی دیپلۆماسی و چەسپاندنی شەرعییەت لە گۆڕەپانی جیهانیدا. بۆیە دیپلۆماسیی چالاک و بیرکردنەوەی ستراتیژی، بەشێکی چارەنووسسازە بۆ هەر بزووتنەوەیەک.

بۆیە بزووتنەوەی کورد پێویستی بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە دێموکراتەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەو لایەنانە هەیە کە لە پرەنسیپەکانی دێموکراسی، سەروەریی یاسا و مافی گەلان بۆ دیاریکردنی داهاتووی سیاسیی خۆیان هاوبەشن. ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییە نابێت لەسەر ئەوە بێت کە خۆی بە هێزە دەرەکییەکان بسپێرێت، بەڵکوو دەبێت لەسەر بنەمای متمانەی یەکتر و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی بێت، بۆ ئەوەی پرسی کورد وەک بەشێکی ڕەوای وتووێژی سیاسیی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

پشتیوانیی نێودەوڵەتی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ کردنەوەی دەرگا بۆ دەستپێشخەریی دیپلۆماسی، چاکسازیی سیاسی و چارەسەریی ئاشتیانە کاتێک هەلومەرجی نوێی ناوچەیی سەرهەڵدەدات. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو جۆرە پشتیوانییە درێژخایەن بێت، پێویستە بزووتنەوەی کورد خۆی دیدێکی ڕوون، ئیعتباری دێموکراسی و توانای نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکان بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە نیشان بدات.

بە گشتی، لە سەردەمی گۆڕانی هاوسەنگیی هێزدا، دیپلۆماسی پرسێکی لاوەکی نییە، بەڵکوو ئامرازێکی ستراتیژییە بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ڕەخساندنی هەلومەرجی باشتر بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی دێموکراتیک لە داهاتوودا.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران؛ پێویستییەکی ستراتیژی بۆ ئاینده:**

دەرفەتە سیاسییەکان بە دەگمەن سەرهەڵدەدەن و بەتەنیا نابنە دەستپێک بۆ پێشکەوتنی مێژوویی. بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی دەست بەسەر گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکاندا بگرێت، پێویستی بە ستراتیژییەکی ڕوون، سەرکردایەتییەکی بەرپرسیار و ڕێکخراوێک هەیە کە توانای گۆڕینی دەرفەتەکان بۆ ئەنجامی سیاسیی بەرجەستەی هەبێت. مێژوو نیشان دەدات کە ئەو بزووتنەوەیانە لە کاریگەریدانان لەسەر داهاتوویان سەرکەوتوودەبن کە ئامادەن، یەکگرتوون و توانای مامەڵەکردنیان هەیە کاتێک هەلومەرجی نوێ دێتە ئاراوە.

لەبەرامبەر ئەم پاشخانەدا، هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێویستیان بە کارکردن بۆ دروستکردنی هاوپەیمانییەکی فراوان و متمانەپێکراو لەسەر بنەمای ئامانجی هاوبەشی نەتەوەیی و دێموکراسی هەیە. هاوپەیمانییەکی لەم چەشنە پێویستە ڕێکخراوە سیاسییە جیاوازەکان، توانای ڕۆشنبیری، کۆمەڵگەی مەدەنی و نەوەی گەنج لە دەوری دیدێکی هاوبەش بۆ داهاتوو کۆ بکاتەوە. ئامانج دەبێت دروستکردنی نوێنەرایەتییەکی سیاسیی بەهێزتر بێت کە بتوانێت بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان بکات و هاوکات ڕێچکەیەکی سیاسیی واقیعی و بنیاتنەر بۆ پێشەوە بخاتەڕوو.

هاوپەیمانییەکی سیاسیی سەرکەوتوو تەنیا کاردانەوە نییە بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ئێستا، بەڵکوو توانای پێشبینیکردنی پێشهاتەکانی داهاتوو، شیکردنەوەی گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و خۆئامادەکردنە بۆ بارودۆخی سیاسیی نوێ. دەبێت بتوانێت خەڵک لە دەوری بنەما هاوبەشەکان یەکبخات، متمانە لەنێو کۆمەڵگەی خۆیدا دروست بکات و چارەسەرێک دابڕێژێت کە هەم لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قبوڵکراو بێت.

بۆ بەدیهێنانی ئەمەش، پێویستە دامەزراوەی بەهێزتر، نوێنەری لێهاتوو و کولتوورێکی سیاسیی سەردەمیانە هەبێت کە لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی، دێموکراسی و وتووێژی کراوە بێت. بزووتنەوەی کوردی پێویستی بە نوێنەر هەیە کە نەک هەر بتوانێت خواستی مێژوویی دەرببڕێت، بەڵکوو بەشێوەیەکی پیشەیی ئامانجە سیاسییەکانیشی ڕوون بکاتەوە و متمانەی نێودەوڵەتی دروست بکات.

بۆیە هاوپەیمانییەکی سیاسیی یەکگرتوو و بەباشی ڕێکخراو دەتوانێت ببێتە هۆکارێکی چارەنووسساز بۆ بەهێزکردنی پێگەی بزووتنەوەی کورد و دڵنیابوون لەوەی کە مافە دێموکراتیکەکان و پێگەی سیاسیی داهاتووی کورد لە مشتومڕی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، جێگەیەکی ڕوونتریان بۆ دەستەبەر بکرێت.

### چارەی خۆنووسین و یاسای نێودەوڵەتی؛ بنەمای داهاتوویەکی سیاسیی ڕەوا:

داواکارییەکانی بزووتنەوەی کورد بۆ ماف و نفوزی سیاسی، هەمیشە دەبێت لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی، پرەنسیپی دێموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤدا دابڕێژرێت. چارەی خۆنووسین لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە توانای خەڵکەوە هەیە بۆ داڕشتنی داهاتووی سیاسیی خۆیان، پاراستنی زمان و ناسنامەی کولتووری و پەرەپێدانی دامەزراوە دێموکراتیکەکانیان. چارەسەرێکی سیاسیی بەردەوام بۆ کورد دەبێت لەسەر بنەمای سەروەریی یاسا، بەشداریی دێموکراسی، یەکسانیی نێوان هاووڵاتیان و پاراستنی بەهێزی مافە نەتەوەیی و تاکەکەسییەکان بێت. بناغەیەکی لەم چەشنە نەک هەر پێگەی بزووتنەوەی کورد بەرزتر دەکات، بەڵکوو ئەگەری بەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی نێودەوڵەتییش بەهێزتر دەکات. بزووتنەوەیەکی سیاسی کە بە ڕوونی تەماحە نەتەوەییەکان لەگەڵ بەها دێموکراتیکەکان یەکدەخات، چانسی زیاتری هەیە ببێتە لایەنێکی ڕەوا و ڕێزدار لە پرۆسە سیاسییەکانی داهاتوودا.

### دەرفەتە مێژووییەکان پێویستیان بە ئامادەکاریی ستراتیژی هەیە:

مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دەرفەتە سیاسییەکان هەمیشە ناگەڕێنەوە و ئەگەر بە ستراتیژێکی ڕوون، پلاندانانی درێژخایەن و توانای سیاسی بۆ کردار بەرەوڕوویان نەبینەوە، لەدەست دەچن. بۆیە پێویستە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی پێش ڕوودانی گۆڕانکارییە یەکلاکەرەوەکان، ئامادە بێت.

### ئامادەکاری بریتییە لە:

پەرەپێدانی شیکاریی سیاسیی قووڵ، بنیاتنانی پەیوەندیی دیپلۆماسیی سەقامگیر، داڕشتنی بەرنامەی سیاسیی متمانەپێکراو و دروستکردنی دامەزراوەی بەهێز کە بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی خەڵک بکات. هەروەها پەیوەستە بە ئامادەیی بۆ مامەڵەکردنی بەرپرسیارانە کاتێک دەرفەتی نوێ سەرهەڵدەدات و توانای بەشداریکردنی بنیاتنەرانە لە وتووێژە سیاسییەکانی داهاتوودا.

هەرگیز هیچ گەرەنتییەک نییە کە گۆڕانکارییە مێژووییەکان بەشێوەیەکی خۆکارانە سەرکەوتنی سیاسی لێ بکەوێتەوە، بەڵام لە ڕێگەی دیدێکی ڕوون، شەرعییەتی دێموکراسی و هێزی ڕێکخراوەیی، ئەگەری سەنتەربوونی پرسی کورد لە کاتی دارشتنی چارەسەرە سیاسییەکانی داهاتوودا زیاتر دەبێت.

کەواتە فاکتەری چارەنووسساز تەنیا ئەوە نییە کە مێژوو چ دەرفەتێک دەڕەخسێنێت، بەڵکوو ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد ئەو یەکگرتوویی، پێگەیشتن و توانایە ستراتیژییەی هەیە یان نا، کە بۆ ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی داهاتووی خۆی پێویستە.

## بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی بەرامبەر بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد:

پێشهاتەکانی ئێستای ناوچەکە ئەوە دەردەخەن کە گۆڕانکارییەکانی جوگرافیای سیاسی، زۆرجار بەهۆی ئاڵنگارییەکانی بەردەم پێکهاتەی دەسەڵاتە دامەزراوەکان و سەرهەڵدانی بارودۆخی سیاسیی نوێوە، خێرا و یەکلاکەرەوەن. بۆ بزووتنەوەی کورد، ئەم دۆخە تەنیا دەرفەتێک نییە، بەڵکوو بەرپرسیارێتییەکی مێژووییە بۆ بیرکردنەوەی درێژخایەن، پتەوکردنی یەکگرتوویی ناوخۆیی، پەرەپێدانی پەیوەندییە ستراتیژییە نێودەوڵەتییەکان و خستنەڕووی دیدگایەکی ڕوونی دێموکراسی بۆ داهاتوو.

گرنگترین وانە لە مێژووەوە ئەوەیە کە دەرفەتە سیاسییەکان بە دەگمەن بۆ هەمیشە دەمێننەوە. کاتێک ساتەوەختی گۆڕانکاری دێتە پێش، ئامادەکاری، ورەی سیاسی، سەرکردایەتیی ستراتیژی و توانای کۆکردنەوەی هێزە جۆراوجۆرەکان لە دەوری ئامانجی هاوبەش پێویستە. سەرکەوتن تەنیا بەهۆی بارودۆخی دەرەکییەوە دیاری ناکرێت، بەڵکوو بەستراوەتەوە بە توانای بزووتنەوەکە بۆ ڕێکخستنی خۆی، دروستکردنی متمانە و پێشکەشکردنی ڕێگەیەکی باوەڕپێکراو بۆ پێشەوە. بۆ هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، ئەمە بە مانای پێویستیی بنیاتنانی هاوپەیمانییەکی فراوان و گشتگیرە کە بتوانێت گرووپە جیاوازەکان لە دەوری بنەماکانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، کەرامەتی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنووسین یەک بخات. هاوپەیمانییەکی لەم چەشنە دەبێت لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان دروست بکات و بە ڕوونی نیشان بدات کە دیدگای سیاسیی کورد لەسەر بنەمای بەهاکانی دێموکراسی و یاسای نێودەوڵەتی دارێژراوە.

دەستبەرکردنی دەرفەتە مێژووییەکان بە مانای وازهێنان لە بنەما دێموکراتیکەکان یان پێوەرە یاساییەکان نییە؛

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

**بەپێچەوانەوە، پێویستی بە توانایەکی بەهێزتر هەیە بۆ مامەڵەکردن بە بەرپرسیارانە و ستراتیژیانە لە قۆناغەکانی گۆڕانکاریدا. بزووتنەوەیەک کە بیەوێت کاریگەری لەسەر ئاینده هەبێت، دەبێت ئامادە بێت بۆ بڕیاردانی قورس، ستراتیژییەکەی بگونجێنێت و لە هەمان کاتدا دەست بە بەها بنەڕەتییەکانیەوە بگرێت.**

**کەواتە،**

**پرسیاری سەرەکی تەنیا ئەوە نییە کە چۆن هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێران دەگونجێنن، بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن دەتوانن دڵنیایی بدەن کە مافە نەتەوەییەکان، ئازادییە دێموکراتیکەکان و داخوازییە ڕەواکانی چارەنووسی گەلی کورد، دەبنە بەشێکی سروشتی و دانپێدانراوی چارەسەرە سیاسییەکانی داهاتوو.**

**٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

# پێشمەرگە و کۆمەڵگەی مەدەنی؛ دوو ڕۆڵ، یەک کۆمەڵگە





**بەهار حوسێنی**

لە مشتومڕ و باسەکانی گرێدراو بە داهاتووی کوردستاندا، جاروبار ئەم تێڕوانینە دێتە ئاراوە کە گوایە دەبێت لە نێوان پێشمەرگە و کۆمەڵگەی مەدەنیدا یەکێکیان هەڵبژێردرێت؛ وەک بڵێیت هەرچەندە دامەزراوە مەدەنییەکان بەهێزتر بن، پێویستیی بوونی پێشمەرگە کەمتر دەبێتەوە، یاخود لە هەر شوێنێک پێشمەرگە دەور بگێڕێت، چیتر بوارێک بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی نامێنێتەوە. ئەم دووانەییە (دوالیزمە) نە لەگەڵ ئەزموونی مێژوویی کوردستاندا دێتەوە، نە لەگەڵ

لۆژیکی کۆمەڵناسیی خەباتی کوردستاندا دەگونجێت. لەم لۆژیکەدا، پێشمەرگە و کۆمەڵگەی مەدەنی دوو هێزی دژبەیەک نین، بەڵکوو دوو کارکردی جیاوازی یەک کۆمەڵگەن کە لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا، بەرپرسیارێتیی جیاواز لە پێناو ئامانجێکی هاوبەشدا دەگرنە ئەستۆ. چاوخشاندنێک بە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا ئەم هاوپەیوەندییە بە ڕوونی دەردەخات.

پێش ئەوەی خەباتی چەکداریی ڕێکخراو سەر هەڵبدات، بەشێکی گرنگ لە داخوازییەکانی خەڵک لە ڕێگەی چالاکییە کولتووری، پەروەردەیی و مەدەنییەکانەوە پێوشوێنیان دەگیرا؛ وەک ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ک) سەریان هەڵدا، بە بڵاوکردنەوەی گۆڤار و بڵاوکراوەکان، چالاکیی مامۆستایان، شاعیران و ڕۆشنبیران، هەوڵدان بۆ پاراستنی زمان و ناسنامەی کوردی، و دروستکردنی ڕایەڵە کولتوورییەکان لە دەیەی ٤٠ی هەتاویدا (شەستەکانی زایینی). ئەمانە هەموو نیشاندەری ئەو ڕاستییە بوون کە کۆمەڵگەی کوردی پێش هەر شتێک خەریکی بونیادنانی سامان و ژێرخانی کۆمەڵایەتیی خۆی بووە.

دواتر، بە زۆربوون و توندبوونی سەرکوتکارییەکان و داخرانی ڕێگاکانی چالاکیی مەدەنییانە، بەشێک لەم هێزە کۆمەڵایەتییانە بەرەو شێوازە ڕێکخراوەیی‌ترەکانی بەرگری هەنگاویان نا و «پێشمەرگایەتی» بوو بە یەکێک لەو ڕۆڵانەی کە هەمان کۆمەڵگە بۆ خەبات لە پێناو ماف و بەرگریکردن لە خۆی هەڵیبژارد.

بەم هۆیەشەوە، پێشمەرگە لە ئەزموونی کوردستاندا قەت هەر هێزێکی سەربازی نەبووە؛ بەڵکوو دەرئەنجام و درێژکراوەی خەباتی مەدەنیی کۆمەڵەی ژ.ک - کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و لە قۆناغە مێژووییەکاندا، تەواوکەر و هەڵقوڵاوی خەباتە مەدەنییەکانی کوردستان بووە، وەک تێپەڕین بەرەو ڕاپەڕینی چەکداریی ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ (١٩٦٧ - ١٩٦٨) و زیندووبوونەوەی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی دیکە. زۆرێک لە پێشمەرگەکان پێشتر مامۆستا، خوێندکار، نووسەر، پزیشک، جووتیار یان کرێکار بوون و دوای گۆڕانی دۆخی خەباتیش، دیسانەوە گەڕانەوە سەر هەمان ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان. بێگومان لە هەمان سەردەمدا، کۆمەڵگەی مەدەنی لە قاڵبی ئەدەبیات و داهێنانی ئەدەبیشدا ڕەنگی دایەوە و بەشێک بوو لە هەمان خەباتی چەکداری. تەنانەت لە سەختترین ساڵەکانی خەباتدا، لە پاڵ چالاکیی نیزامیدا، قوتابخانە، پەروەردە، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاوکراوە، چالاکیی کولتووری، خزمەتگوزاریی پزیشکی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییش بەردەوام بوو. ئەم هاوکاری و هاوکاتییە نیشانی دەدات کە لە کوردستاندا، بەرگریکردن لە کۆمەڵگە و بونیادنانی کۆمەڵگە دوو پرۆژەی لێکجیاواز نەبوون.

کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە کۆمەڵێک دامەزراوە، میدیا، سەندیکا، کۆمەڵە، نووسەر، هونەرمەند، ئەکادیمیست، چالاکانی مافی مرۆڤ و ئەو هاووڵاتییانەی بێ پەنابردنە بەر هێز و توندوتیژی، لە پێناو وشیاری، بەشداریی سیاسی و دادپەروەریدا تێدەکۆشن. ئەم هێزانە سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنن، کولتووری گفتوگۆ گەشە پێ دەدەن و دەسەڵات ناچار بە لێپرسینەوە و وەڵامدانەوە دەکەن. هیچ کۆمەڵگەیەکی ئازادیش بێ بوونی هێزی لەم شێوەیە بەردەوام و پایەدار نابێت.

بەڵام هەر ئەم کۆمەڵگە مەدەنییەش، تەنیا کاتێک دەرفەتی گەشەکردنی بۆ دەڕەخسێت کە لانی کەمی ئەمنییەتێکی بنەڕەتیی هەبێت. قوتابخانە، ڕۆژنامە، ڕێکخراوە و ئەنجومەن و زانکۆ، لە فەزایەکدا کە چرکە بە چرکە هەڕەشەی توندوتیژی و سەرکوتکارییان لەسەر بێت، ناتوانن خۆیان ڕاگرن و بەردەوام بن. هەر ئەمنییەت بە تەنیا ئازادی بەدیاری ناهێنێت، بەڵام ئازادییش بەبێ ئەمنییەت ئەگەری بەردەوامبوونی نییە. لەبەر ئەوە، بەرگریکردن لە کۆمەڵگە و بونیادنانی کۆمەڵگە، دوو ئەرکی تەواوکەری یەکترین، نەک دوو ڕێڕەوی دژبەیەک.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، دەکرێت ئەمە وەک جۆرێک لە دابەشکردنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت. وەک چۆن کۆمەڵگە پێویستی بە پزیشک، مامۆستا، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و دادوەر هەیە، لەو بارودۆخانەشدا کە ئەمنییەتی خەڵک دەکەوێتە مەترسییەوە، پێویستی بە هێزێکیش هەیە بۆ بەرگریکردن. جیاوازییەکە لە دەور و نەخشەکاندایە، نەک لە ناسنامەی مرۆڤەکاندا. هەمان ئەو مرۆڤەی لە سەردەمی ئارامیدا بە پەروەردەکردنەوە سەرقاڵە، چارەسەری پزیشکی پێشکەش دەکات، دەنووسێت یان چالاکیی مەدەنی دەکات، ئەگەری هەیە لە سەردەمی هەڕەشە و مەترسیدا بۆ بەرگریکردن لە کۆمەڵگەکەی، چەک بگرێتە دەست. بێگومان، وەک چۆن نابێت کۆمەڵگەی مەدەنی زەروورەتی بەرگریکردن ڕەت بکاتەوە، هێزی بەرگرییش نابێت جێگەی کۆمەڵگەی مەدەنی بگرێتەوە.

هەر کاتێک بەرگری، جێگەی سیاسەت، یاسا و ئیرادەی گەلی داگیر کرد، مەترسیی دەسەڵاتخوازی سەر هەڵدەدات؛ و هەر کاتێکیش کۆمەڵگە زەروورەتی بەرگریی ڕەوا پشتگوێ بخات، ڕەنگە تەنانەت دەرفەتی بەردەوامبوونی چالاکییە مەدەنییەکانی خۆیشی لە دەست بدات. سەقامگیری و پایەداریی کۆمەڵگە، لە پاراستنی هاوسەنگیی نێوان ئەم دووانەدا کورت دەبێتەوە.

ئەمنییەت و ئازادی دوو ڕکابەری یەکتر نین؛ وەک چۆن پێشمەرگە و کۆمەڵگەی مەدەنییش دوو ناسنامەی لێکجیاواز نین. لە ئەزموونی کوردستاندا، ئەم دووانە جاروبار لە وجودی یەک مرۆڤدا بە یەک گەیشتوونەتەوە؛ مرۆڤێک کە لە سەردەمی

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

ئاشتیدا کۆمەڵگە بونیاد دەنێت و لە سەردەمی مەترسیدا، بەرگری لە هەمان کۆمەڵگە دەکات. لە سەر بنەمای ئەم گێڕانەوەیەیە کە:

**دوکتور قاسملوو دەڵێت: «پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە». باشتر وایە لەم ڕاستییە تێبگەین کە داهاتووی کوردستان نە هەر بە تەنیا بە چەک دەپارێزرێت و نە تەنیا بە پێنووس بونیاد دەنرێت.**

**٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

# بایەخی منداڵان لای شەهید دوکتور قاسملوو





**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

لەسەر شەهید دوکتور قاسملوو، وتار و بابەتگەلی جۆراوجۆر نووسراون، و لە زۆر ڕەهەندەوە لە لایەن شارەزایانی سیاسی و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و کەسایەتییە دیارەکانی کورد و فارس و نەتەوەکانی دیکە و تەنانەت بیانییەکانەوە ئاوڕ لە ڕوانگە و بایەخە فکرییەکانی ئەو ڕێبەرە کاریزماتیکەی کورد کراوە.

لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئەندیشەکانی ڕێبەری شەهید، لە سەر زمانزانی، کاری سیاسی، دیپلۆماسی، ڕوانگە

ئابوورییەکانی، کەسایەتیی شەخسی و هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانە، بوێری، کەسایەتیی کاریزماتیک، پرسی ژنان و لاوان و ڕوانینی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و زۆر بواری دیکە بە سەدان وتاری گرینگ نووسراون و بە سەدان کۆبوونەوە و سیمیناری سیاسی لە سەر کەسایەتی و بیروباوەڕی شەهید دوکتور قاسملوو بەڕێوە چوون و تیزی دوکتورا لە سەر ئەو زاتە وەرگیراوە و بە چەندین کتێبی گرینگ بە چەند زمانی جیهانی لە سەر نووسراون. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمهەوێ لە سەری بنووسم، خۆشەویستی و بایەخی منداڵان لە لای شەهید دوکتور قاسملوویە. شەهید قاسملوو بە کردەوە نیشانی دابوو کە دەتوانێ لەگەڵ منداڵان بە زمانی منداڵان بدوێ، لەگەڵ لاوان و گەورەساڵان و کچ و ژنان و سیاسەتمەدار و ئەدیب و نووسەر و هونەرمەند و شاعیران بە زمانی خۆیان بدوێ، لە شایی و خۆشی و ناخۆشییەکاندا گرینگی بە هەموو ئەو توێژانە بدا کە لە کۆڕیاد، یا لە دەوروبەری کۆ دەبوونەوە.

کۆمەڵگەی منداڵان لە گوند و لەنێو بنکە و بارەگاکاندا بۆ شەهید قاسملوو گرینگییەکی تایبەتیی هەبوو. ئەو هەوڵی دەدا لەگەڵ ئەوەدا ڕێبەری حیزبێکی لە حاڵی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و چەکدارییە، لە هەمان کاتدا لە هیچ یەک لە توێژەکانی کۆمەڵگەش خافڵ نەبێ، هەر بۆیەش لەگەڵ دروستکردنی هەر بنکە و بارەگایەک و شوێنی حەوانەوەی بنەماڵەکانی نێو شۆڕش، بۆ پاراستنی گیانی هەموو لایەک و بە تایبەت ژن و منداڵەکان، هەوڵی دەدا کونەتەیارە بۆ پاراستنیان لە هێرشە بەردەوامەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکرات دروست بکات؛ هەوڵی دەدا بەپێی ئیمکان قوتابخانە و کتێبخانە، نەخۆشخانە و شوێنی یاری بۆ منداڵان و بۆ گشت لایەک دابین بکات.

شەهید دوکتور قاسملوو لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک ئامادە بوایە، هەوڵی دەدا هەموو لایەک ببینێ و بە تایبەتتر منداڵانی بەشدار لە ڕێوڕەسم و بۆنەکاندا. شەهید قاسملوو لە هەموو حاڵەتەکاندا لەگەڵ منداڵەکە بە زمانی خۆیان دەدوا، پرسیاری خوێندن و چۆنیەتیی ژیان و شێوەی ڕوانینی منداڵەکانی لە ئاست پۆلی خوێندن، یارییەکان لێ دەکردن و بە پرسیاری ناوی دایک و باوک و خوشک و براکانیشیان دەیدواندن. دواندنی منداڵان و لە ئامێز گرتنیان، دەست بە سەرداهێنان و پێکەنین و بزەی شەهید دوکتور قاسملوو، باری ڕوحی و دەروونیی منداڵەکانی بەرز دەکردەوە و سەردانی قوتابخانەی شۆڕش و پێڕاگەیشتن بە پرسی خوێندن و بەڕێچوونیانی بە بایەخێکی گرینگ لە ژیانی ڕۆژانەی دادەنا. کەم نین ئەو منداڵانەی ئێستا گەورە بوون و خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و دەیان بیرەوەریی خۆشی لەو چەشنەیان لە شەهیدی مەزن هەیە. وێنەکانی ڕێبەری شەهید سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە، چەندە گرینگی بە منداڵانی نێو شۆڕش داوە و هەوڵی داوە نەهێڵێ منداڵان ببنە سووتەمەنی شۆڕش. لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەوڵی دا شوێنی ژیانی بنەماڵەکان و منداڵەکان دوورتر لە بنکە و بارەگای دەفتەری سیاسی بن، هەوڵی دا ئەگەر ئیمکانتیش بۆ حیزبی دێموکرات کەم بێ،

گەلاوێژی ٢٧٢٦

نەهێڵێ کە منداڵانی شۆڕش لەوە بێنازتر ببن کە نەتوانن وەک منداڵ چێژ لە منداڵیی خۆیان و قوتابخانە وەر بگرن.

ئەو خەسڵەتە کردارییەی ڕێبەری شەهید،

تەنیا نێو بنکە و بارەگاکانی نەدەگرتەوە، بەڵکوو لە دەرەوەی وڵاتیش لە هەر بۆنە و کۆبوونەوە بوایە و ئەگەر منداڵی لێ بایە، هەوڵی داوە لە تەنیشت خۆی دایبنێ، بە ڕاوێژی شیرینی خۆی منداڵەکە بدوێنێ و بەوەش فێری دەکردین کە منداڵان وەک سەرمایەی بەنرخی کۆمەڵگەی کوردەواری دەبێ گرینگیی تایبەتییان پێ بدرێ.

٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

---

## بست بە بستی ئەم کوردستانە چەقڵی چاوتانە!





**عەلی لەیلاخ**

چاو تارانەوە ئەوەی ناوی کوردستانی لەسەر بێ، بە ژینگە و پێکهاتەوە هەر بە چاوی غەنیمە و ئەنفال سەیری دەکرێ و ئەگەریش نەتوانن بە تەواوی لەنێوی بەرن؛ هەرکات و بە هەر بیانوویەک بۆیان بلوێ ڕەقی خۆیانی پێهەڵدەڕێژن.

ئەو پەڕی کاڵفامیی سیاسییە ئەگەر پێمان وابێ کێشەی کۆماری ئیسلامی تەنیا لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و

پێشەنگە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە کوردستانە. بەڵام ئەگەر بە دیدێکی بەرفراوانەوە ئاوڕ لە سیاسەتی دژبەرانەی ئەو ڕێژیمە دەرحەق بە کوردستان بدەینەوە، بە وردی دەتوانین پەی بە ڕقێنەنگێزی و چاوهەڵنەهاتنی ئەو ڕێژیمە ببەین لە هەمبەر هەر چوار پارچەی کوردستان، بەتایبەتی دوو دیوی زۆر تێکەڵاوی یەکتری واتە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەرچی پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکانی دیوی باشوور و نەمانی دەسەڵاتی بەعس، کۆماری ئیسلامی بە تەرخانکردنی تێچووی زۆر هەوڵی دا عێراق و بەتایبەتی باشووری کوردستانیش وەک حەسارخەڵوەتی خۆی بەکار بێنێ و لەو ڕێگەیەوە سیاسەت و مەبەستە نگریسەکانی خۆی جێبەجێ بکات. هەروەها بەهۆی نەفسنزمیی کەس یان کەسانێکەوە دەستی ڕەشی تیرۆریش دزەی کردە نێو خاکی باشوور و گیانی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات و کۆمەڵە و لایەنەکانی دیکەی ئەستاند.

هەوڵی سەرەکیی ئەم کردەوە دزێوەش بۆشایی سازکردن و ڕووشاندنی هەستی نەتەوەیی ئەم دوو دیوەی کوردستان لە هەمبەر یەکتر بوو. بەڵام هەر لە کۆماری کوردستانەوە هەتا ڕووداوەکانی دیکە وەکوو بۆمبدانان لە بەردەم قەڵای دێموکرات لە یەڵدای خوێناویی دێموکرات، دیسانەکە خوێنی تێکۆشەرانی هەر دوو دیو تێکەڵ بە یەکتری کران و دەرکەوت کە لەسەر هیچ بۆمب و مووشەکێک نەنووسراوە تایبەت بە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەروا دیتمان لە ماوەی شەڕی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا چەند پێشمەرگە و چەند کەسی بێتاوانی کوردی باشووریش بوونە قوربانیی ئەو ملهوڕییە نیزامییە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە لە کاتی ڕاگەیاندنی حوکمەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستان، بەرپرسێکی ئەمنییەتی - فەرهەنگی لە ناوەندی ئیرشادی ئیسلامیی سنە بە ناوی غوڵامی گوتبووی: گەورەترین نیگەرانیی نیزام ئەمە بوو کە چۆناوچۆن ئەم ڕووداوە قبووڵ بکات و لەگەڵی مامەڵە بکات، دوایە بەو ئاکامە گەیشتین بەئاشکرا دژایەتیی نەکەین! لێکدانەوەی ئەم قسەیە ئەمەیە کە بە نهێنی لە بەرنامە و پلانیاندا بووە لە ڕێگای جۆراجۆرەوە دژایەتیی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بکەن.

نموونەی بەرچاوی بڕیاری ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٣٩٦ بوو کە نەتەوەی کورد لە باشوور ویستیان مافی سەربەخۆیی خۆیان وەکوو نەتەوەکانی دیکە تاقی بکەنەوە، بەڵام دیتمان لە ورد و درشتی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە، واتە لە خامنەییەوە هەتا بلاگرێکی مەجازی بەتوندی دژی ئەو مافە وەستانەوە و لە تێکدان و سەر نەگرتنیشی لە هیچ هەوڵێکی سیاسی و نیزامی دەریغییان نەکرد.

نموونەی دیکە زۆرن، بەڵام دەبینین لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی کە زەبروزەنگێکی قورسی لە شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا لێ کەوتووە، ئەوەی ڕقە بەسەر باشوورێک هەڵیدەڕێژێ کە نەبووتە بەشێک لەو شەڕە و بگرە

بە باشترین شێوەش سیاسەت و هەڵسوکەوتی کردووە.

فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراق دەڵێ مانگێک پێش دەسپێکی شەڕی ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل چاوم بە لاریجانی کەوت کە هەم ڕاوێژکاری باڵای ڕێبەری و هەم سەرۆکی شۆڕای باڵای ئەمنییەتی ئێران بوو. لێم پرسی ئەگەر شەڕ بکرێت خۆ هێرش ناکەنە سەر هەرێمی کوردستان؟ لە وڵامدا تەنیا بە زەردەخەنەیەک وڵامی دامەوە! شرۆڤەی ئەو زەردەخەنە ئەوەیە کە ئێمە لە خودامانە بە هەر بیانوویەک بێ زەبر و زەربەیەک لە باشوور بدەین؛ هەرچەند لە ڕێگای سیاسی و فەرهەنگییەوە لەمێژە ئەنفالی خۆیان دەست پێ کردووە.

ئێستاش پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی کاتی و خاوبوونەوەی شەڕی ئێران و ئەمریکا ئەوەی هێشتا لەو ئاگرەدا دەسووتێ هەرێمی کوردستانە. ڕاستە بیانوویان بۆ ئاگردانی کوردستان و ئەو هێرشانە بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام سیاسەتی ئەو حیزبانەش لە هەمبەر ئەو شەڕە بەڕوونی ڕاگەیەندراوە؛ کەچی دوو حەوتوویە شاخ و ڕەوەزی باشووری کوردستان لە ئاگری ڕق و کینی کۆماری ئیسلامیدا دەسووتێ، ئەویش لەو شوێنانەی یەک پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش لێ نین.

ئاگربەردان لە دارستان و لێڕەوارەکانی باشووری کوردستان بەتایبەتی لە شاخی گوێژە کە بە سییەکانی شاری سلێمانی ناسراوە هەتا بناری هەیبەتسوڵتان لە کۆیە لە حاڵێکدایە ئەو شوێنانە نەک هەر شوێنی مانەوە و جێگیربوونی پێشمەرگەکانی دێموکرات نین، بەڵکوو سەیرانگەیەکی گشتیین و لە واقعدا ئەو هێرشە کوێرە دەمەلاسکییەکی ملهوڕانەیە بە "کیان و سەروەریی" سیاسیی هەرێمی کوردستان.

سپای پاسداران ساڵگارێکە بە بیانووی پڕوپووچ شاخ و داخی نیشتمانی کوردان بە بیانووی کۆڵبەر یان جووڵەی پێشمەرگە وەبەر هێرشی کوێر دەدا و دەستنەپارێز ڕەز و بێستان و دار و دەوەنی نیشتمان لە هەر دوو دیوی کوردستان دەسووتێنێ. کاتی خۆی ژینگەپارێزانی شاری کۆیە کە سەردانی ڕۆژهەڵاتیان کردبوو و ئەوە بووە هۆی ئاشناییان لەگەڵ شەریف باجوەر و هاوخەمەکانی، بە هەستێکی گەش و ڕووناکیی ژینگەدۆستییەوە گەڕابوونەوە شارە جوانەکەی "دڵدار"ی ئەی ڕەقیب! ئێستاش دەخوازێ لە هەمبەر ئەو کاولکارییە پڕ لە غەزەب و قینەی کۆماری ئیسلامی هەموویان دەنگ هەڵبڕن و لایەنەکانی پێوەندیدار ئاگادار بکەنەوە کە ژینگەی کوردستان و دار و چلووک و دەوەنی کوردستان ماندوو بووە لە ئەنفال و سووتاندن و دەبێ لە هەموو ڕێگایەکەوە پێشی لێبگیردرێ.

**کۆتا قسە:**

**دەسەڵاتەکان دەڕۆن، بەتایبەتی کۆماری داڕزاوی ئیسلامی. ئەوەی لە ئێستاوە زەرووورە و دەبێ ئێمە کورد بە هەر دوو دیوی ستەملێکراوی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەکوو مانیفیستی سیاسیی دووپاتی بکەینەوە، هەر ئەو دێرە شێعرەی مامۆستا دڵدارە کە دەفەرمووێ:**

**"کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان**
**ژیان هەر بۆ تۆ، بۆ دوژمن نەمان".**

**٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

## مردن لە زستان، ناشتن لە هاوین، ئەویش لەسەر ئیزنی بکوژ!






**ڕەزا دانشجوو**

دواجار و دوای چەند مانگ چاوەڕوانی و هەڵبەت چەند جار هەڵوەشاندنەوە و گۆڕینی کات و شوێنی ڕێوڕەسمەکە، عەلی خامنەیی دیکتاتۆری لەنێوچووی تاران بەخاک سپێردرا!

بەبێ گوێدان بە شێوەی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکە و بەشدارینەکردنی موجتەبا خامنەیی، کوڕ و جێنشینی عەلی خامنەیی بە

هۆکاری ناڕوون و ڕەنگە ئەمنییەتی و دەیان بابەتی دیکەی وەک ناکۆکیی نێوان ڕکابەرە سیاسییەکانی نێو ڕێژیم بۆ ئەوەی لە پێشەوەی ڕێوڕەسمەکەدا بن؛ یان دەنا ڕێژەی کەمی بەشداریی خەڵک تەنانەت بە زۆرەملێ؛ ناشتنی ڕێبەری لەنێوچووی ڕێژیم دوای زیاتر لە چەند مانگ نیشانەیەکی ڕوونە لە داماویی و بێهیوایی و بێدەسەڵاتیی کۆماری ئیسلامیی. ئەم زەبوونی و داماوییەش لە کاتێکدایە کە دەزگای پڕوپاگەندە و تەبلیغاتی ڕێژیم بێوچان لە هەوڵی ئەوەدایە و تێدەکۆشێت وێنەیەکی ناڕاست و درۆیین لە واقیعی ڕووداوەکان نیشان بدات و ڕێژیمی لەسەر لێواری هەڵدێری کۆماری ئیسلامی وەک براوە و سەرکەوتووی شەڕ دژی ئیسرائیل و ئامریکا پێشان بدات.

ئەمە لە کاتێکدایە کە چاوخشاندنێکی کورت بە ڕەوتی ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوودا بەڕوونی دەریدەخات کە کۆماری ئیسلامی تا چەندە لاواز و بێدەسەڵات بووە. تەنانەت ئەو چەند سیاسەتمەدارە دیارانەی ڕێژیم کە لە تیرۆر و مردن بە شێوەیەکی کاتی ڕزگاریان بووە، باش دەزانن دۆخەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا ناڕوون و مەترسیدارە. لە درێژەدا بە کورتی باس لەوە دەکرێت هۆکاری ئەم ناڕوونییە چییە و بۆچی دۆخەکە بۆ ڕێژیم مەترسیدارە.

## قەیرانی ئابووری

بارودۆخی نالەباری ئابووری، هەڵاوسان و گەندەڵیی سیستماتیک ساڵانێکە بە ژیانی شەرمەزارکەری کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دراون. سزا نێودەوڵەتییەکانیش ئەم بارودۆخیان ئاڵۆزتر کردووە، بەڵام ڕەنگە کۆتا بزمار لە جەستەی ئەم ئابوورییە نزار و لاوازە تێچووی سەدان میلیارد دۆلاریی شەڕ و هەڵبەت بە شێوەیەکی بەرچاوتر خەسارە بێژمار و لە ڕادەبەدەرەکانی بەجێماو لەم شەڕە بێت کە تا ئێستاش کۆتاییەکەی ناڕوونە! ڕەنگە ئێستا و لە سێبەری کەش و هەوای شەڕدا، ئەم تێچوو و خەسارانە زۆر دیار نەبن، بەڵام تێپەڕبوونی کات دیوی شاراوە و کەمتر بیندراوی ڕووداوەکان ئاشکرا دەکات و ڕەنگە ئەمە ببێتە کۆتایی ژیانی ئەم ئابوورییە نەخۆش و بێعیلاجە.

ئابوورییەک کە تەنانەت پێش شەڕ و ڕووداوەکانی پەیوەست بە شەڕ بەشێکی زۆری جەستەی لەکار کەوتبوو، ئێستا پێناچێت تەنانەت بە یارمەتیی ئامێری هەناسەدان توانای هەناسەکێشانی هەبێت. کۆماری ئیسلامی دەزانێت کە وەرگرتنی قەرەبوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا تەنانەت لەسەر کاغەزیش جێی باوەڕ و متمانە نییە و سەبارەت بە پارە بلۆککراوەکانی ڕێژیمیش، وەک ترامپ و ئامریکاییەکان دەڵێن، پێناچێت هیچ شتێکی تایبەت دەستی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی بگرێت. ڕەنگە لەم بارودۆخەدا تەنیا ئەڵتەرناتیڤ و کۆتا کارتی کۆماری ئیسلامی درێژەدان بە چەتەیی و ڕەشبگیری لە گەرووی هورمز بێت. ئەوەش کە هەتا کەی ڕێژیم دەتوانێت درێژە بەم دۆخە بدات و هەتا کەنگێ وڵاتانی

ناوچە و جیهان بە تایبەت ناتۆ و وڵاتانی ئورووپایی سەبارەت بەم ڕەفتارەی ڕێژیم بێدەنگ دەبن؛ دەبێت ماوەیەک پشوودرێژ و چاوەڕوان بین.

## ململانێی دەسەڵات

فەرمانده و سەرکردەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی سپای پاسداران لە غیابی ڕێبەری ڕێژیمدا بە شێوەیەکی کاریگەر دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە و وا دیارە موجتەبا خامنەیی هیچ ڕۆڵێکی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا نییە. ڕاستیی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە ئەگەر موجتەبا خامنەیی لە ڕووی جەستەیی و دەروونیشەوە هەناسەیەکی بەبەردا مابێت، بە دوور نازانرێت فەرمانده باڵاکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی سپای پاسداران بە ئاسانی حازر نەبن دەسەڵات بەتەواوی ڕادەستی ئەو بکەن.

نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە موجتەبا خامنەیی بە پێچەوانەی باوکە تاوانبارەکەی لە هیچ بوارێکدا لە کۆماری ئیسلامیدا نە کاری کردووە و نە کارنامەیەکی ڕوونی هەیە. نە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر سیاسەتمەدار و گرووپەکانی دەسەڵاتدار هەیە و نە پەرستراوانی ڕاستەقینەی خاوەن پێگەی لە سوپای پاسداراندا هەیە. دەبێت بگوترێت کە دیکتاتۆری تازەی تاران لانیکەم پێویستی بە چەند ساڵێک کات هەیە هەتا بتوانێت هەژموونی خۆی لە سەر دەسەڵات بچەسپێنێت. ئەم بۆشاییە لە ناوەندی سەرەوەی بڕیاردان بە ڕوونی ململانێی دەسەڵات لەنێو فەرمانده و مافیاکانی تیرۆریستیی سوپای پاسداران زیاد کردووە. ئێستا تێکۆشان بۆ کۆکردنەوەی هاوڕێ و وەفادار و پۆلێنکردنی سیاسی لە نێوان ئەم تیرۆریستانەدا لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە.

لە ئێستادا لانیکەم دوو بۆ سێ تیمی چالاک لەنێو ڕێکخراوی تیرۆریستیی سوپای پاسداراندا دەبینرێن: تیمی قالیباف، تیمی فەرماندەی سپای پاسداران وەحیدی و زۆلقەدر سکرتێری شورای بەرزی ئەمنییەتی ڕێژیم و تیمی فەرمانده کۆنەکان و خانەنشینکراوەکانی سوپای پاسداران، وەک موحسین ڕەزایی و جەعفەری کە بێگومان لە دوو تیمەکەی تر زۆر لاوازترن . ئاسەواری ئەم ململانێ سیاسییە لە دەسەڵات لە بڕیارە سەیر و سەمەرە و بە واتای سیاسی نایەکگرتوو و دوورگەیی و هەندێکجاریش دژ بەیەک بە ڕوونی دەبینرێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئێستا لە چوارچێوەی قەوارەی ڕێژیمدا چەندین ناوەندی بڕیاردان کە هەندێک جار ناکۆکن، پێک هاتوون و هەریەکەیان بە پێی هەلومەرجی خۆی دۆخەکە لێکدەداتەوە و حوکم و فەرمان دەردەکات!

## وەهم و دژایەتی

ئامێری پڕوپاگەندەی ڕێژیم کە ماوەیەکی زۆرە تەپڵی شەڕی لێ دەدات، ئێستا ڕووبەڕووی دژایەتییەکی گەورە بووەتەوە. ئەو دەزگایەی بە درێژایی ڕۆژانی شەڕ و تەنانەت دوای ئاگربەست بەردەوام بەڵێنی تۆڵەسەندنەوەی ڕێبەری لەنێوچوو و کوشتنی ترامپیان دەدا ئێستا داماو و دەستەوەستان نازانێت چۆن بۆ ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ باسی لە تۆڵە و بەرخۆدان دەکرد ئەمڕۆ باس لە دانیشتن و دیالۆگ و ڕێککەوتن لەگەڵ شەیتانی گەورە و بکوژی ڕێبەر بکات.

ئێستا ئەم کەمینە وەفادار و لایەنگرەی ڕێژیم کە بە درێژایی شەڕ لەسەر شەقامەکان بوون، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆیان دەرکەوتووە کە لە لایەن سیاسەتمەدارانی ڕێژیمەوە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵکیان لێ وەرگیراوە و زیاتر لەوەش ئارمان و داخوازییەکانی ڕێبەری لەنێوچوو بە تەواوەتی پشتگوێ خراون و خیانەتیان پێ کراوە.

دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم دەستەوەستان لە دابینکردنی خۆراکی فکری و قەناعەتهێنان بە لایەنگرانی ڕێژیم خەریکی سڕینەوەی ڕاستییەکان و شەرعییەتدان بە دانوستان و ڕێککەوتنە.

کۆماری ئیسلامی کە بە دروشمی نە ڕۆژهەڵات و نە ڕۆژئاوا هاتە سەر دەسەڵات، زۆر زوو مەجبوور بوو لە بەشێک لەم دروشمە پاشگەز بێتەوە و بە بادانەوەیەکی گەورە بێتە هاوڕێی گەرموگوڕی سۆڤییەت و ڕۆژهەڵات! بەم جۆرە لەم دروشمە تەنیا نە ڕۆژئاوا مایەوە. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان وانیشان دەدات کۆماری ئیسلامی بۆ دەربازبوون لە دۆخی ئێستا و قەیرانە کەڵەکەبووەکانی دەیەوێت بە تەواوی چاوی لە سەر ڕابردووی بقووچێنێت و لەم دروشمە سەرەکییەی بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر دامەزراوەماڵئاوایی بکات. ئەمە دژایەتییە بنەڕەتییە کە لە کردار و لە ڕەفتاردا ڕژیم گرتوویەتیە بەر، بۆتە هۆی سەرلێشێواوی و دڵئێشاوی و دابڕانی کەمینە وەفادارەکەی ڕێژیم.

بەڵام مردن لە زستان و ناشتن لە هاوین بە ئیزن و مۆڵەتی بکوژ، جەنابی شەیتانی گەورە! ئەمە سەیرترین سێکانسی ئەم کۆمیدیا ڤێزەونەیە! کۆمیدیایەکی ڤێزەون کە تیایدا کارەکتەری سەرەکی بانگەشەی سەرکەوتن لە شەڕدا دەکات، بەڵام بۆ ناشتنی تەرمی ڕێبەرەکەی دوای زیاتر لە سەد و سی ڕۆژ، مەجبوورە داوای مۆڵەت لە بکوژەکەی بکات! کۆمیدیایەکی ڤێزەون کە تیایدا بڕاوەی وەهمی شەڕ مەجبوور دەکرێت لەبری خوێنبایی ڕێبەرە کوژراوەکەی و بە پارە بلۆککراوەکەی خۆی گەنمەشامی و جۆ لە بکوژەکەی بکڕێت، ڕەنگە تەنیا ئاوا ڕۆحی دۆزەخیی دیکتاتۆرە خوێنڕێژەکەی تاران لە جەهەننەمدا

گەلاوێژی ٢٧٢٦

ئارام بگرێت!

دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم چۆن دەتوانێت هۆکاری ئەم هەموو دژایەتی و ململانێیە بۆ کەمینە وەفادار بەڵام ئێستا تووڕە و ناڕازییەکەی ڕێژیم شی بکاتەوە؟ بە کام بیانوو و پاساو؟ چۆن دەتوانرێت بە جۆ و گەنمەشامی هەزاران ژێرخان و باڵەخانە کە بەهۆی شەڕەوە کاول بوون، ئاوەدان بکرێتەوە؟ چ گەرەنتییەک هەیە ئەمریکا و ئیسرائیل جارێکی تر هێرش نەکەنەوە سەر کۆماری ئیسلامی؟ ئەمانە پرسیارگەلێکی گرنگن کە دەبێت پاشماوە سیاسییەکانی ڕێژیم یا بە واتایەکی باشتر دیپلۆمات تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی بۆ لایەنگرانی ڕێژیمەکەیانی ڕوون بکەنەوە!


ڕەنگە ئێستا کە دوای چوار مانگ دەرفەت و مۆڵەتیان پێدرا و توانیان سەرکردەکەیان بە خاک بسپێرن، کاتیان هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە! دیارە ئەگەر شەڕی دەسەڵات لە نێوان خۆیاندا لێیان بگەڕێ و هەڵبەت ناویان لانیکەم بۆ ماوەیەکی زیاتر لە لیستی تیرۆری ئیسرائیل و ئەمریکادا نەبێت! دوایەش ئەوە هات و لە شەڕی دەسەڵات و تیر و شمشیری ئیسرائیل و ئامریکا ڕزگاریان بوو، تازە ئەوە دەبێتە دەسپێکی چیرۆکەکە.

**ئەوەی دەبێ چاوەڕوانی بن خەڵکی وەزاڵەهاتوو و شەقامی خرۆشاو و ڕۆژی حیسابە. کۆتایی ئیمپراتۆریەتی وەهم و درۆ نزیکە.**

٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# پێشمەرگە، دیرۆکی خۆنەویستی و خۆڕاگری



**ئەحمەد پاڵانی**

لە لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا هەندێک وشە هەن بە خوێنی ئەوانە نووسراون کە لە پێناو ڕزگاریی مرۆڤ و سەربەخۆیی گەلەکانیان، ژیانی خۆیان کردووە بە پردی تێپەڕینی نەوەکان بۆ داهاتوویەکی ئازاد. ئەو وشانە تەنیا دەربڕینی زمان نین، بەڵکوو ڕۆحی مێژوون؛ تەنیا زاراوە نین، بەڵکوو پەیمانن؛ تەنیا دەنگ نین، بەڵکوو هەناسەی مانەوەی نەتەوەکانن. لە نێو هەموو ئەو وشانەدا، وشەکانی ئازادی، بەرخۆدان، خەبات، پێشمەرگە و شەهیدان وەک هەتاو

لە ئاسمانی بەرزی ویژداندا دەدرەوشێنەوە.

ئەم وشانە تەنیا هەر چەمکی سیاسی نین، بەڵکوو ناسنامەی ئەو نەتەوانەن ڕازی نەبوون کەرامەتی مرۆڤ لەژێر پێی ستەم و زۆرداری و داگیرکاریدا پێشێل بکرێت. هەر وشەیەکیان لە پشت خۆیدا کتێبخانەیەک لە قوربانی، هیوایەک لە ژیان و مێژوویەک لە بەرخۆدانی هەڵگرتووە.

کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی مێژووی خۆی بە خوێن و فرمێسک، بە ئازار و هیوا، بە شەهید و پێشمەرگە نووسیوەتەوە. سەدان ساڵە کوردستان لەنێوان شاخ و دۆڵ، لەنێوان ئاگر و ئاسن، لەنێوان سێدارە و زیندان، لەژێر هەڕەشەی ئینکار و لەژێر بارودۆخی دابەشبووندا، تەنیا یەک دەنگی بەرز کردووەتەوە، دەنگی مافی ژیانێکی ئازاد و سەربەرز. ئەم دەنگە هەرگیز بانگەوازی شەڕ نەبووە، بەڵکوو بانگەوازی ژیان بووە. بانگەوازی ئەو مافەی کە هەر مرۆڤێک مافی هەیە بە ئازادی بیر بکاتەوە، بە زمانی دایکی بێتە گۆ، ناسنامەی خۆی بپارێزێت و لەسەر خاکی باوانی خۆی بە سەربەرزی بژی. بەڵام وەڵامی ئەو بانگەوازە، هەموو جارێک ئەنفال و جیهاد و قەڵاچۆکردن بووە، هەڵخستنی پەتی سێدارە و گرتن و هەزاران کارەساتی دڵتەزێنی تر کە مێژووی کوردستانیان بە خوێن سوور کردووە. تازەترین کارەسات، بەردەوامیی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامییە بە شەهیدکردنی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات کە لەپێناو ئازادی و کەرامەتی نەتەوەکەیان، گیانی خۆیان بەخشی.

مێژوو بەڕوونی فێرمان دەکات کە هیچ دیکتاتۆرێک بە خۆشیی دڵ و بە دەستپێشخەری مافی نەتەوە بندەستەکانی نەداوە. هیچ داگیرکەرێک بە ویژدانی خۆی خاکی داگیرکراوی جێ نەهێشتووە، و هیچ دەسەڵاتێکی ستەمکار بە ئارەزووی خۆی زنجیری کۆیلایەتیی نەبڕیوە. هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی رووخساری جیهانیان گۆڕیوە، لە هەناسەی مرۆڤە ئازاکان و لە ئیرادەی کەسانی وەک پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات سەرچاوەی گرتووە کە لە ساتی هەڵبژاردندا، کەرامەتی نەتەوەکەیان و ئازادیی مرۆڤایەتییان بە سەدان جار لە ئارامی و ئاسوودەیی کەسی خۆیان بەنرختر زانیوە. بەڵام خەبات خۆ تەنیا هەر چەک و فیشەک نییە. ئەگەر چەک ڕووخساری خەبات بێت، ویژدان ڕۆحی خەباتە. خەبات، پێش هەر شتێک، هەڵوێستێکی ئەخلاقی و مرۆییە؛ ڕاوەستانە دژی ستەم، نەک تەنیا بۆ پاراستنی خۆت، بەڵکو بۆ پاراستنی مافی ئەوانەی کە دەنگیان کپ کراوە، مافی ئەوانەی لە ترسی سێدارە ناتوانن قسە بکەن، و هیوا بۆ ئەوانەی لە تاریکیی دیکتاتۆریدا چاوەڕوانی تیشک و ڕووناکی دەکەن.

زۆر جار خەبات دەبێت بە قەڵەم و لە هزر و فەلسەفەدا دەردەکەوێت، هەندێک جار بە زمانی ڕاستگۆیی و ڕێکخستن و

وشیاری نەتەوەیی دێتە مەیدان، بەڵام کاتێک هەموو دەرگاکانی ئاشتی و گفتوگۆ دادەخرێن و گوللە شوێنی وشە دەگرێتەوە، لە وەها کاتێکدا پێشمەرگە و بەرگریی چەکداری دەبێتە ناچارییەکی مێژوویی، نە هەڵبژاردنێکی خوازراو. لە فەرهەنگی سیاسی و نەتەوەیی کورددا، پێشمەرگە تەنیا ناونیشانی هێزێکی چەکدار نییە، پێشمەرگە ناوی قوتابخانەی ویژدانە. قوتابخانەیەک کە وانەی فیداکاری، خۆبەخشین، ڕێزگرتن لە مرۆڤ و نیشتمانپەروەریمان فێر دەکات. پێشمەرگەی ڕاستەقینە، پێش ئەوەی فێری بەکارهێنانی چەک بێت، فێری پاراستنی مرۆڤبوون دەبێت. دەزانێت چەک دەتوانێت دەست بەهێز بکات، بەڵام ئەوە تەنیا ویژدانە پاکەکانن کە دەتوانن دادپەروەری بپارێزن و ڕێز بۆ ئازادیی هەمووان دابنێن. فەلسەفەی پێشمەرگە، فەلسەفەی مردن نییە، فەلسەفەی ژیانە. هیچ پێشمەرگەیەک بە ئارەزووی شەهیدبوون ناچێتە سەنگەر. ئارەزووی ئەو زاتە پیرۆزە ئەوەیە بە سەربەرزی بژی، بگەڕێتەوە بۆ باوەشی دایک، بۆ لای خێزان، بۆ گوند و شارەکەی؛ بۆ ئەوەی منداڵانی نەتەوەکەی لە سێبەری ئازادی، دادپەروەری و ئاشتیدا گەورە ببن. ئەگەر چی دەزانن بۆ شکانی ترس و بەردەوامی خەبات، شەهادەتیش ڕوو دەدات، ئەوە هەڵبژاردنی مردن نییە، ئەنجامی تاڵی ئەو ڕێگایەیە بۆ پاراستنی ژیان و کەرامەتی مرۆڤەکان هەڵیان بژاردووە. هەر بۆیە لای ئێمەی کورد، شەهید، فەلسەفەی کۆتایی نییە؛ سەرەتای ژیانێکی نوێی نەتەوەیە. خوێنی شەهید ئەو ڕەنگە سوورە پیرۆزەیە کە لاپەڕەکانی مێژووی پێ دەنووسرێن و تا مانەوە هەیە، ناوی ئەوانەی بۆ ئازادی ژیاون و بۆ کەرامەتی مرۆڤ شەهید بوون، وەک چرایەکی هەمیشەیی، ڕێگای نەوەکان ڕووناک دەکاتەوە.

## قوربانی نرخی ئازادییە

جێگای سەرسوڕمانە کە لە زۆر بارودۆخدا، کاتێک نەتەوەیەک لەژێر هێرشی داگیرکاری و چەوساندنەوە دەناڵێنێت، هەندێک دەنگ زیاتر لەوەی تیری ڕەخنەکانیان بەرەو ڕووی دەسەڵاتی ستەمکار بڕوات، ئاراستەی حیزبی دێموکرات و ئەوانە دەکەن کە لە پێشەوەی بەرخۆدان وەستاون و لە سەنگەری کەرامەت و ئازادیدا پارێزەری شەرەفی نەتەوەکەیانن. ئەگەر پێشمەرگە لە مەیدانی بەرخۆدان ئامادە نەبێت، دەنگی گلەیی بەرز دەبێتەوە کە بۆچی دەنگی خەبات بێدەنگ بووە؟ بۆچی هیچ کەس بەرگری ناکات؟ بەڵام هەر کاتێک هەمان پێشمەرگە بە خوێنی خۆی سنووری کەرامەت و ئازادی دەنووسێتەوە، هەر ئەو دەنگانە دەڵێن، بۆچی شەهید دەبن؟ بۆچی خوێن دەڕژێت؟

ئەم دوودڵییە، زیاتر لەوەی ڕەخنەیەکی زانستی و ئەخلاقی بێت، نیشانەی تێنەگەیشتنە لە بنەماکانی خەباتی ڕزگاریخوازی. چونکە خەبات دژی دیکتاتۆری و داگیرکاری، بەداخەوە، هەرگیز بەبێ نرخ و قوربانی سەر ناکەوێت. مێژووی مرۆڤایەتی وەک دادوەرێکی بێلایەن شایەتی دەدات کە هیچ گەلێک بەبێ زامداری، بەبێ بەندکران، بەبێ خوێن و بەبێ

شەهید، نەگەیوەتە ئازادی و سەربەخۆیی. ئازادی هەمیشە بەهای دەوێ و ئەو نرخە زۆرجار خوێنی باشترین کوڕ و کچانی نەتەوەکەمان بووە و دەبێ.

لە فەلسەفەی خەباتی ڕزگاریخوازیدا، یەکێک لە پیرۆزترین بنەماکانی دادپەروەری ئەوەیە شوێنی تاوانبار و قوربانی تێکەڵ نەکرێت. تاوانبار ئەو دەسەڵاتەیە زمانێک قەدەغە دەکات، ناسنامەی نەتەوەیەک دەسڕێتەوە، پەتی سێدارە هەڵدەخا، مرۆڤە ئازادەکان ڕاپێچی زیندان دەکات، و وەڵامی داواکاریی ئازادی گەلان بە گوللە، ئەشکەنجە و کوشتن دەداتەوە.

پێشمەرگە هۆکاری شەڕ نییە؛ وەڵامی شەڕە. هۆکاری خوێنڕشتن نییە؛ بەڵکوو بەرهەمی ئەو سیستەمەیە کە بونیادی خۆی لەسەر ستەم، زۆرداری، ئینکار و داگیرکاری دامەزراندووە. ئەگەر ستەم نەبێت، هۆکاری هەڵگرتنی چەکیش نامێنێت؛ ئەگەر داگیرکاری کۆتایی پێ بێت، بەرخۆدانیش دەبێتە مێژوو.

بۆیە ئەو ڕەخنەیەی سەرچاوەی ستەم لەبیر دەکات و تەنیا لەسەر بەرگری و بەرخۆدان دەوەستێت، بەئەنقەست یان بێئەنقەست، لە ئەنجامدا دەبێتە هاودەنگی گوتاری داگیرکەر. دادپەروەری ئەوە نییە هەمووان بە یەک چاو ببینرێن، دادپەروەری ئەوەیە هەر کەس بەپێی بەرپرسیارێتیی خۆی لێپرسینەوەی لێ بکرێت. ئەوەی دەستی بۆ چەک و گوللە بۆ کوشتنی ئازادی بردووە، هەرگیز لەگەڵ ئەوەی گیانی خۆی بۆ پاراستنی ئازادی داناوە یەکسان نییە.

ئەمنیش ڕۆژگارێک پێشمەرگە بووم. ساڵانێک لە سەنگەری بەرگریی نەتەوایەتی، دێموکراسی و کەرامەتی کوردستاندا ژیاوم، و دەزانم قورسایی ئەو بارەی لەسەر شانی پێشمەرگەیە چییە. دەزانم شەونەخونی یانی چی؛ چاوەڕوانیی هێرشی دوژمن چییە، و دڵەڕاوکێی ئەو ساتانەی هاوڕێیەکت لە تەنیشتتە و نازانیت سبەینێ لەگەڵت دەبێت یان نا، چەند قورسە! پێشمەرگە هەموو ڕۆژێک بە چاوانی لە مەرگ دەڕوانێت، بەڵام هەموو بەیانییەک بە هیوای ژیان هەڵدەستێتەوە، ئەو عاشقی ژیانە، نە عاشقی مردن. ئەو دڵی بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی دایکی لێ دەدا، بۆ ماچی منداڵەکانی، بۆ دەستی باوک، بۆ چاوەکانی هاوسەر، بۆ گوند و شار و کێڵگە و چیاکانی نیشتمان وەک پەروانە دەسووتێ. چەکی ئەو پەیمانی مردن نییە؛ بەڵکوو سوێندی پاراستنی ژیان و شەرەفی مرۆڤە.

ئەگەر پێشمەرگە لەم ڕێگایەدا شەهید دەبێت، ئەوە هەڵبژاردنی مردن نییە؛ ناچاریی بەرگرییە لە ژیان. شەهید، مرۆڤێکە بۆ ئەوەی خەڵکی تر بژین، خۆی ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە. بۆیە شەهید فەلسەفەی مردن نییە، فەلسەفەی ژیانە. ژیانێک

گەلاوێژی ٢٧٢٦


کە بە ئازادی جوان دەبێت.

لە کۆتاییدا،

ئەو نەتەوەیەی قوربانیی ڕۆڵەکانی خۆی لەبیر بکات، مێژووی خۆشی لەبیر کردووە، و ئەو گەلەی کە مێژووی خۆی لەبیر بکات، داهاتوویشی لەدەست دەدات. بۆیە ڕێزگرتن لە پێشمەرگە و شەهیدان، تەنها ڕێزگرتن لە تاکەکەسێک نییە، ڕێزگرتنە لە مانای ئازادی، لە کەرامەتی مرۆڤ، و لە مافی نەتەوە بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەرز.

٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# د. قاسملوو، کوردبوون و ئێرانیبوون





**د. مەجید حەقی**

پرسیارێک کە تا ئێستا زۆر کەس کردوویانە و لێرە و لەوێش دەگوترێ دەکەمە دەروازەی کردنەوەی باسێک: دکتۆر قاسملوو کە بڕوای بە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" هەبوو و خۆی لە هەموو ئێرانییەک بە ئێرانیتر دەزانی، داخۆ ئەگەر ئەمڕۆ زیندوو بوایە، ئەم دروشمانەی ئێستای کوردەکانی ڕۆژهەڵات وەک فیدرالیزم، داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس و تەنانەت سەربەخۆیی بۆی قبووڵ دەکرا؟

**وڵامەکەی ڕوونە:** بەڵێ! چونکی بۆ دکتۆر قاسملوو پرسی نەتەوەیی پرسێکی نەگۆڕ و ڕاوەستاو نەبوو، بگرە پرسێکی سیاسیی زیندوو و لە حاڵی گۆڕان و پەرەسەندنی بەردەوامدا بوو. قاسملوو ڕێبەرێکی ئاسۆبین بوو؛ مرۆڤێک نەبوو لە قاوغی دروشمێکی سەردەمی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵکوو بۆ دوارۆژ خاوەنی بەرنامە و پرۆژەی ستراتیژیی گەورەتر بوو.

**"کوردستان و کورد"**، تێزی دکتۆراکەی دکتۆر قاسملوو باشترین بەڵگە بۆ ئەوەیە. ئەم تێزە لە دەیەی ١٩٦٠دا نووسراوە؛ سەردەمێک کە جیهان لە گەرمەی شەڕی سارددا بوو و دکتۆر قاسملووش خۆی لە چێکۆسلۆڤاکیا دەژیا، وڵاتێکی سۆسیالیستیی سەر بە پەیمانی وەرشۆ و لەژێر هێژمۆنی و سێبەری توندی یەکیەتیی سۆڤیەتدا. لەو سەردەمەدا کە بلۆکبەندییەکان ڕێگەیان بە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەی دەوڵەتاندا نەدەدا، قاسملوو لەو کتێبەدا پێشنیاری **"کۆنفدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست"** دەکات، بە شێوەیەک کە فیدراسیۆنی کوردستان ببێتە بەشێک لەو یەکیەتییە گەورەیە؛ شتێک هاوشێوەی ئەم مۆدێلەی "یەکیەتیی ئورووپا"ی ئەمڕۆ. ئەمە پێمان دەڵێت کە لە ڕوانگەی تیۆریی پێکهاتەی دەسەڵاتەوە، قاسملوو هەر لەو سەردەمەوە لە سێبەری "خودموختاری" تێپەڕیبوو و لە ئاستی ستراتیژیدا بیری لە مۆدێلی باڵاتری وەک فیدراڵیزم و کۆنفدراسیۆن دەکردەوە.

لە زانستی سیاسیدا، خودموختاری مۆدێلێکی ناوەندتەوەرە کە تێیدا دەسەڵاتی سەرەکی لای ناوەندە و بەشێک لەو دەسەڵاتە بۆ گرووپێک - نەتەوەیی، ئایینی، ئیداری - جێ دەهێڵێت. بەڵام فیدراڵیزم و کۆنفدراسیۆن لەسەر بنەمای هاوبەشیی لە سەروەریدا بونیاد دەنرێن. قاسملوو چل ساڵ پێش گەشەکردنی ئەم چەمکانە لە ناوچەکەدا، لەو پێویستییەی گۆڕانی پێکهاتەی هێز گەیشتبوو و چارەسەریشی بۆی هەبوو.

دوای ئەوەی دکتۆر قاسملوو بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ماوەی ١٨ ساڵ سکرتێریی خۆیدا، ستراتیژیەتێکی پشتبەستوو بە **"کۆنگرە بە کۆنگرە نوێگەرایی"** لەنێو حیزبدا پەیڕەو کرد. لە ڕوانگەی تیۆریی پەرەسەندنی سیاسییەوە، حیزب و ڕێکخراوەکان ئەگەر توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی سەردەمدا نەبێت، تووشی چەقبەستوویی و مەرگی سیاسی دەبن و قاسملوو ئەمەی باش دەزانی.

گرنگترین هەنگاوی ئەو لەم قۆناغەدا ئەوە بوو حیزبی دێموکرات و پرسی کوردی لە حیزبی توودەی ئێران جیا کردەوە و سەربەخۆیی سیاسیی ئەو حیزبەی مسۆگەر کرد. ئەمە تەنیا گۆڕانکارییەکی تەشکیلاتی نەبوو، بگرە لە ڕووی تیۆرییەوە بە واتای جیاکردنەوەی پرسی کورد بوو لە پرسی گشتیی ئێران. ئەو سەلماندی کە پرسی نەتەوەیی کوردستان دۆسیەیەکی تایبەت و سەربەخۆیە و نابێت بکرێتە پاشکۆی کێشە نێوخۆییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی یان ناوەند.

هەر لەم ڕەوتی نوێگەراییەدا، ئەو لە پێوەندی لەگەڵ دوارۆژی کوردستاندا پێشنیاری مۆدێلی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک"ی کرد. کاتێک سەیری نامیلکەی "کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک" دەکەین، ئەو زۆر بە جوانی و وردی شی دەکاتەوە کە ئامانجی سەرەکیی ئەم کورتەباسە و ئەم مۆدێلە، لە بنەڕەتدا **"ڕۆژهەڵاتی کوردستان"**ە. ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو پڕۆژەیەکی تایبەت و سەربەخۆی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگای داهاتووی کوردستان لە مێشکدا بوو.

پرسی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بەسەردا هاتووە. ئەو کاتەی کە دکتۆر قاسملوو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی دەکرد، جارێ پرسی نەتەوەیی بەم شێوەیەی ئەمڕۆ نەببووە پرسێکی جەماوەریی سەرانسەری لە ناو هەموو ماڵ و کۆڵانێکی کوردستاندا. ئەوکات و بەر لە قاسملووش، پرسی سیاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، زیاتر پرسێکی پێوەندیدار بە ئێلیتی سیاسی، سەرکردە حیزبییەکان و کەمایەتییەکی بچووکی ڕۆشنبیری لە نێوخۆی بژاردەی کۆمەڵگەی کوردستان بوو. بەڵام دینامیزمی مێژوو نەوەستا.

ئێستا بارودۆخەکە بەتەواوی گۆڕاوە. پرسی کورد بە شێوەیەکی یەکسان و هاوتەریب لە هەموو بەشەکانی کوردستان گەشەی کردووە و بووەتە پرسێکی جەماوەریی قووڵ. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی وشیاریی نەتەوەییەوە گەیشتووەتە لووتکە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم ڕاستییە، لە نەورۆزی خاکیپۆشاندا (ساڵی ٢٧٢٥ی کوردیدا) خۆی نیشان دا؛ کاتێک کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوازێکی بێوێنە، یەکگرتووانە و مەدەنی هاتنە مەیدان و نیشانیان دا کە بە شێوەیەکی گشتی خوازیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانن. کاتێک خواستێک لە چوارچێوەی ئێلیت دەردەچێت و دەبێتە خواستێکی جەماوەریی سەرانسەری، سەقفی داواکارییە سیاسییەکانیش بە شێوەیەکی لۆژیکی بەرز دەبێتەوە.

دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەرێکی لێهاتوو، هەمیشە پەیڕەوی لە ستراتیژیەتی **"واقیعبینیی سیاسی"** دەکرد. ئەو باش دەیزانی کە دروشمە سیاسییەکان ئامرازی جووڵەی سیاسین نەک دەقی پیرۆز و نەگۆڕ. ڕاستییە سیاسییەکان، هاوسەنگیی هێز، جیۆپۆلیتیک و دۆخی ئابووری و ناوچەیی و ناونەتەوەییەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە دروشم و ئامانجی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی کورد بەپێی سەردەم بگۆڕدرێن.

لە سەردەمی دکتۆر قاسملوودا، جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە و جیهان ڕێگەی بە دروشمێکی گەورەتر لە خودموختاری نەدەدا. سیستەمی دووجەمسەری هۆشیار بوو لە پاراستنی سنوورەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش هیچ جۆرە خواستێکی نەتەوەیی قبووڵ نەدەکرد. بۆیە دروشمی **"دێموکراسی بۆ ئێران"** تاکە کلیل بوو بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و ناساندنی دۆسیەی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

گەلاوێژی ٢٧٢٦

بەڵام ئەمڕۆ واقیعە جیۆپۆلیتیکییەکان گۆڕاون. پێگەی نێودەوڵەتیی کورد بەهێزتر بووە، دەوڵەتی ناوەندی لە ئێراندا شەرعیەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیی لەدەست داوە، و لە سەرووی هەمووشیانەوە کۆمەڵگەی کوردستان لە قۆناغی نەتەوەبووندا پێ گەیشتووە. لە ژێر تیشکی ئەم گۆڕانکارییانەدا، گۆڕانی دروشمەکان بۆ فیدڕالیزم و سەربەخۆیی، نەک لادان نییە لە ڕێبازی قاسملوو، بگرە درێژکراوەی سروشتیی فیکری پوویای ئەوە.

بۆیە ئەمڕۆ دکتۆر قاسملوو زیندوو بوایە، نەک هەر نەیار یاخود دژبەری دروشمەکانی هاوچەرخی گەلەکەمان نەدەبوو، بەڵکوو بەهۆی پێگە ئەکادیمی، سیاسی و دیپلۆماسییە ناوازەکەی خۆیەوە، دەبووە یەکێک لە داڕێژەرانی سەرەکیی تیۆریی ڕزگاریخوازیی قۆناغی نەتەوەسازی و بەنەتەوەبوونی خەڵکی کوردستان.

ئەو دەبووە ئەندازیاری چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە یاسا و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا.

قاسملوو فێری کردین کە سیاسەت زانستی فێربوون و گۆڕانکارییە لەپێناو گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوایەتی، و ئەمڕۆش ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازێکی یەکگرتووانە لەسەر هەمان ڕێبازی پەرەسەندوو هەنگاو دەنێت.

١٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# مادەی هۆشبەر وەک حیجاب و سەرپۆشی ژنانی سەرنجڕاکێشە

**دارسمە**

وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، بەوپەڕی دڵسۆزیی باوکانەوە و وەک خەمخۆرییەکی بێوێنە، کورتەپەیامێکی مێژوویی و حەکیمانەی بۆ ئۆممەتی هەمیشە لەسەحنە بڵاو کردووەتەوە و ئەم پەیامەی بۆ مۆبایلی هەموو هاووڵاتییان ناردووە و دەڵێت: "ئەو ئێرانییانەی لە عێراقن، نەکەن تەنانەت نیو گرامیش مادەی هۆشبەر لەگەڵ خۆتان هەڵبگرن!" هەتا ئێستا ئێمەی کلۆڵ پێشتر وامان دەزانی بەشداریکردن لە چلەی ئیمام حوسێن و گرتنەبەری ڕێگای کەربەلا، تەنیا پاسپۆرتێک، کەمێک پارەی گیرفان، جووتێک پێڵاوی پەتەی قایمی دەوێت. کەچی ئێستا، وەزارەت بابەتەکەی وا لێک داوەتەوە پێش ئەوەی قاچ بخەینە دەرەوەی ماڵ، دەبێت وەک پشکنەری گومرگ بکەوینە وێزەی گیرفانمان، نەوەک بەبێ ئاگاداریی خۆمان، نیو گرام «شیشە» یان تۆزێک «تلیاک» بە قاچاخ خۆی خزاندبێتە نێو جانتاکەمانەوە! ئەم پەیامە لە گەرمەی ڕۆژانی «ئەربەعین»دا بڵاو دەبێتەوە؛ ئەو ڕۆژانەی میلیۆنان کەس بە قاچی پەتی و بەدەم سینگ کوتانەوە بەرەو کەربەلا دەچن. بەڵام لە ئاوازی پەیامەکەی ئیتلاعاتەوە وا دەخوێندرێتەوە، پێ دەچێت نیوەی ئەم زیارەتکارانە، لە پاڵ نان و پەنیر و خورماکەی نێو جانتایان، جۆرێک لە «مەعنەوییەتێکی دیکە»شیان پێچابێتەوە بۆ

**ئەوەی لە ڕێگاداماندوو نەبن!**

بێگومان وەزارەتی ئیتلاعات شتێک دەزانێت و ئێمە نایزانین. ئەگینا بۆچی دەبێت نامەیەکی گشتی بۆ حەفتا هەشتا میلیۆن کەس بنێردرێت و پێیان بڵێت: "تکایە مادە مەبەن."

لەوانەیە بەڕاستیش دەسەڵات زگی بۆ هاووڵاتییەکانی بسووتێت، چونکە دەزانێت یاسای عێراق سەبارەت بە مادەی هۆشبەر زۆر وشک و توندە. لەوێ ئەگەر برێکی هێندەی دەنکە نۆکێکت لێ بگیرێت، پۆلیسی عێراقی نایەت دەست بە سەرتدا بهێنێت و بپرسێت: "کاکە گیان، ئەمە بۆ کەیف و دەماغی خۆتە یان بۆ میوانت هێناوە؟" نەخێر! یەکسەر کەلەپچە و بەرەو زیندانەکانی ئەبوغرێب و دادگا!

ئەمە عێراقە عێراق، وامەزانن نێوخۆی وڵاتە و لە گەڕەک و کۆڵانی شاراندا، دۆزینەوەی مادەی هۆشبەر لە کڕینی دەرمانی فشار و شەکرە زۆر ئاسانترە! بۆ دۆزینەوەی دەرمانێکی ئاسایی، دەبێت پێڵاوەکانت بدڕێنیت و حەوت دەرمانخانە بگەڕێی و لە کۆتاییدا دەرمانفرۆشێکی فریشتەئاسا بدۆزیتەوە و بە لای لووتیدا بڵێت ئەسلی دەرمانەکە دەست ناکەوێت و تەنیا "موشابیهـ"مان هەیە. بەڵام بۆ مادەی هۆشبەر؟ تەنها بەسە بچیتە سەر سووچی کۆڵانێک و دوو جار لە سەر یەک بێژی ئحمم، ئحمم؛ یەکسەر سێ کەس لێت پەیدا دەبن و دەڵێن: "ژۆری وەدوا مەکەوە، زوو پێمان بڵێ حەزت لە کامیانە. شیشە، عەلەف، تریاک یان" ...

لێرە دەسەڵات جۆرێک لە پەیوەندیی "ڕۆمانتیک و یاسایی" لەگەڵ مادەی هۆشبەردا هەیە. بە ڕۆژ لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە فرمێسکی بە خوڕ بۆ گەنجان دەڕێژێت و شمشێر لە دژی قاچاخچییان هەڵدەکێشێت؛ بە شەویش مادە لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی شاردا، وەک نوقڵ و نەبات بەردەستە. بە ڕۆژ دادگا حوکمی لەسێدارەدان و زیندانی هەتاهەتایی دەردەکات، بەڵام بە شەو بازاڕی فرۆشتنی مادەکان گەرمترین بازاڕی بۆرسەی وڵاتە! بە ڕۆژ وتاری ئایینی لەسەر پاکی و تەقوا دەخوێندرێتەوە، بە شەویش گەنجی بێکار و بێهیوای ئەم وڵاتە لەنێو تاریکیدا بەدوای نیو گرامدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی ساتێک ژیانەوە بەرەو سڕبوون بفڕێت.

**ئەم وەزارەتی ئیتلاعاتەی خۆمان لە من و لە تۆ باشتر دەزانێت، هاووڵاتیی بێهۆش و سڕکراو، نیعمەتێکی گەورەیە و زۆر لەو هاووڵاتییە باشترە پرسیاری زۆر دەکات و وەک خۆرە مێشکی مرۆڤ دەخوات.**

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

**نانا، تۆخوا لە ئیدارەی ئیتلاعات زویر مەبن. خۆ پەیامەکەی ئەوان نالێت بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر خراپە. نەخێر! کێشەکە ئەوەیە تۆی هاووڵاتی ئەوەندە بێئەقڵ بیت و ئەو مادەیە لەگەڵ خۆت ببەیتە وڵاتێکی دیکە و لەوێ ئابڕووی "نیشتمان" ببەیت! بەڵام نێوخۆی وڵات وەک ماڵی خۆت وایە و لێرە هەموو شتێک وەک کێشەی خێزانییە. لە دەرەوەی سنوور، نیو گرامەکەی نێو گیرفانت دەبێتە قەیرانێکی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی!**

**بە کورتی و بە کوردی، نامەکەی وەزارەت پێمان دەڵێت: "هاووڵاتیی ئازیز! تکایە ئابڕوومان مەبە و کێشەکانت نەبەیتە دەرەوەی سنوور. لە نێوخۆدا هەرچییەک دەزانی ئێمە بێدەنگیی لێ دەکەین بیکە!"**

**پەیامەکەی وەزارەتی ئیتلاعات ڕاسپاردەیەکە بیری قووڵی دەوێت. ئەگەر بیرمان قووڵ بێت و بیرمەند بین، دەبێ ئەوە لەوە تێبگەین هیچ کەسێک لە ڕێگەی "ئەماکنی موقەدەسدا" دوای مادەی هۆشبەر ناکەوێت. لەوێ مادەی هۆشبەر لە خلووسی نییەتی پاکت کەم دەکاتەوە بەڵام لە نێوخۆ هەرچی زیاتر بخۆی نییەتی مەترسیدارت جوانتر دادەپۆشێت. مادەی هۆشبەر حیجاب و پۆششی نییەتی مەترسیدارە.**

**١٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

---

# مێژوویەکی زیندوو لە دیپلۆماسیی مۆدێرن؛ د. قاسملوو چۆن دۆزی کوردی لە شاخەوە گواستەوە بۆ ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهان؟





شەماڵ تەرغیبی

## پێشەکی:

گۆڕینی پارادایمی خەبات بۆ چەندین دەیە، ناسنامەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە پلان و پیلانی زلهێزە ناوچەییەکان و تا ڕادەیەکیش زلهێزە بانناوچەییەکان لە چوارچێوەی "یاخیبوونی نێوخۆیی" یان "قەیرانی ئەمنیی دەوڵەتە

سەروەرەکاندا" قەتیس خرابوو. گوتاری باڵادەست یان زاڵی خەبات، زیاتر زمانێکی چەکداری، ناوخۆیی و سنووردار بوو بەو جوگرافیایەی کە شەڕەکەی تێدا بەڕێوە دەچوو؛ بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، دەرکەوتنی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو وەک سەرکردە و ڕێبەرێکی ئەکادیمیست، پارادایمی خەباتی کوردی لە ڕەهەندێکی نەریتی و لاساییکەرانەوە گۆڕی بۆ پرۆسەیەکی دینامیکی نوێ کە ئەمڕۆ لە زانستی سیاسیدا پێی دەگوترێت "بەنێودەوڵەتیکردنی دۆز."

د. قاسملوو تێگەیشت کە لوولەی تفەنگەکان بەبێ زمانی دیپلۆماسی و گوتاری هاوچەرخ ناتوانن شەرعییەتی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن. ئەم نووسینە شیکارییەکی ڕۆژنامەوانییە لەسەر ستراتیژیی دیپلۆماسیی ئەو ڕێبەرە مەزنە و ڕەنگدانەوەی میراتەکەی لەسەر هاوکێشەکانی ئێستای کوردستان، بە سەرنجخستنە سەر هەرێمی کوردستانی باشوور.

### ١- قوتابخانەی قاسملوو؛

دۆزی کورد بە زمانی جیهانی کاتێک د. قاسملوو لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەکرد، جیهان لەنێو جەرگەی شەڕی سارد و ململانێی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بوو. لەو سەردەمەدا، زۆربەی بزووتنەوە چەپ و شۆڕشگێڕەکان زمانی دروشمە ڕادیکاڵەکانیان بەکاردەهێنا، بەڵام د. قاسملوو بەهۆی پاشخانە ئەکادیمی و زانستییەکەی لە بواری ئابووریدا لە پراگ، زمانێکی جیاوازی دۆزییەوە کە دەتوانین ناوی بنێین: "زمانی گشتگیر."

ئەو پرسی کوردی لە داواکارییەکی عەشیرەیی یان لۆکاڵییەوە گۆڕی بۆ چەمکگەلێک کە مێشکی مرۆڤی ڕۆژئاوایی و ناوەندە دێموکراتەکانی دەبزووت؛ چەمکگەلێکی وەک: دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووس. دروشمی مێژووییەکەی ئەو، واتە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"، تەنیا دروشمێکی نێوخۆیی نەبوو، بەڵکوو پەیامێک بوو بۆ جیهانی دەرەوە کە کورد پرۆژەیەکی سیاسیی مۆدێرنی پێیە بۆ پێکەوەژیان و دێموکراتیککردنی ناوچەکە، نەک پارچەپارچەکردنی وڵاتان لەسەر بنەمای نەتەوەیی توندڕەو.

### ٢- پێشەنگایەتیی مێژوویی: یەکەمین پردی دیپلۆماسی نێوان شاخ و ئورووپا؛

شیکارییە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە دوکتور قاسملوو یەکەمین سەرکردەی کورد بوو کە توانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کەسایەتییە سیاسییە بڕیاردەرەکان و ڕۆژنامەنووسە ناودارەکانی جیهان لەگەڵ دۆزی کورد ئاشنا بکات؛ هەم لە ڕۆژهەڵات و

هەم لە باشووری کوردستان. ئەو هەر لۆبیی تەنیا بۆ یەک پارچە نەدەکرد، بەڵکوو دۆسیەی کوردی وەک یەکەیەکی نەتەوەیی و مرۆیی دەگەیاندە ناوەندەکانی ئەورووپا.

**ستراتیژیی د. قاسملوو بۆ ئەم بەنێودەوڵەتیکردنە لەسەر سێ تەوەری سەرەکی کاری دەکرد:**

**– دیپلۆماسیی حیزبی و دەروازەی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست:** دوکتور قاسملوو وەک یەکەمین سەرکردەی کورد توانی حیزبی دێموکرات بکاتە ئەندام لە ڕێکخراوی جیهانیی "ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست". ئەمە وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو، چونکە لە ڕێگەی ئەم دەروازەیەوە، نەک هەر حیزبەکەی خۆی، بەڵکوو لە قۆناغەکانی دواتریشدا ڕێگەی خۆش کرد بۆ ناساندن و بەئەندامبوونی باقی هێزە سیاسییەکانی تری کوردستان (بەتایبەت لە باشووری کوردستان) لەم ناوەندە جیهانییە گەورەیەدا. ئەم هەنگاوە ناسنامەیەکی فەرمی بە پارتە کوردییەکان بەخشی لە جیهانی سۆسیال دێموکراتی نێودەوڵەتیدا.

**– بەکارهێنانی میدیای نێودەوڵەتی:** قاسملوو بەهۆی لێهاتوویی لە قسەکردن بە چەندین زمانی زیندوو (وەک فەڕەنسی، ئینگلیزی، چێکی، عەرەبی و فارسی)، دەبووە جێی سەرنجی ڕۆژنامەنووسانی بیانی و دیمانەکانی لەگەڵ میدیا گەورەکانی وەک "لومۆند" و "بی بی سی" هاوکاری سەرەکی بوون لە تێکشکاندنی گۆشەگیریی میدیایی کورد.

**– بونیادنانی "هێزی نەرم":** دوکتور قاسملوو وەک دیپلۆماتکارێکی بلیمەت و زانایەکی ڕووناکبیر، پێشەنگ بوو لە ناساندن و بەکارهێنانی چەمکی "هێزی نەرم" لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە چەکی پێشمەرگە لە کاتێکدا دەتوانێت بەرزترین کارایی هەبێت کە لە پشتەوە پاڵپشتییەکی فیکری، کولتووری و دێموکراتیکی لەگەڵ بێت. لەم سۆنگەیەوە، د. قاسملوو لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان و لە دیدارەکانیدا لەگەڵ میدیا و سەرکردەکانی جیهان، هەمیشە جەختی لەسەر وێنەی شارستانی، مێژووی پڕ لە لێبوردەیی و گوتاری ئاشتیخوازانەی گەلی کورد دەکردەوە. ئەو بە لێهاتوویی خۆی توانی ئەو چەواشەکارییە ڕەش و تەمومژاوییە بشکێنێت کە داگیرکەران دەیانویست لە خەباتی ڕەوای کوردی بدەن. بەکارهێنانی ئەم هێزە نەرمە و پێشکەشکردنی دروشمی پێشکەوتنخوازانەی وەک "دێموکراسی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"، دوکتور قاسملوو توانی هاودەنگییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی لە ئاستی ڕای گشتیی ئەورووپا و جیهاندا بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ڕابکێشێت و ناوی پێشمەرگە وەک پارێزەری ئاشتی و مرۆڤایەتی لە مێژوودا تۆمار بکات.

### ٣- گواستنەوەی پێوەندیی شەخسی بۆ تۆڕی پاڵپشتی

کارامەییی د. قاسملوو لەوەدا بوو کە توانی پەیوەندییە شەخسی و دیپلۆماتییەکانی بکاتە هێزێکی دینامیک بۆ پشتگیریکردنی کورد.

**لە ڕێگەی گوتارە ڕوون و مرۆڤدۆستانەکەیەوە، چەندین کەسایەتی و ڕێکخراوی گەورە بوونە دەنگی ڕەوای کورد لە جیهاندا، وەک:**

– **خاتوو دانیال میتێران (Danielle Mitterrand)** هاوسەری سەرۆککۆماری پێشووی فەڕەنسا، کە لە ڕێگەی پەیوەندیی فیکری و دۆستایەتیی قووڵی لەگەڵ د. قاسملوودا، بووە پاڵپشتێکی سەرەکی بۆ پرسی کورد.

- **بێرنارد کۆشنەر (Bernard Kouchner)** پزیشک و سیاسەتمەداری ناوداری فەڕەنسی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی "پزیشکانی بێ سنوور (MSF)" کە دواتر بووە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا. ئەو لەژێر کاریگەریی ئەندێشە و کەسایەتیی د. قاسملوودا، چەندین جار سەردانی کوردستان (هەم باشوور و هەم ڕۆژهەڵات)ی کرد بۆ گەیاندنی هاوکاریی پزیشکی و گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهان.

– **کریس کۆچێرا و هاوسەرەکەی (Edith & Chris Kutschera / Tissot)** ڕۆژنامەنووس، وێنەگر و مێژوونووسە بەناوبانگە فەڕەنسییەکان، کە لە ڕێگەی د. قاسملووەوە ئاشنای جوگرافیای شۆڕش بوون و کتێب و ڕاپۆرتە مێژووییەکانیان بوونە سەرچاوەی سەرەکی بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە ڕۆژئاوا.

– **د. بێرنارد گرانژۆن (Bernard Granjon)** سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی "پزیشکانی جیهان" کە ئەویش پاڵپشتێکی مرۆیی و میدیایی گەورەی بۆ بزووتنەوەی کورد دابین کرد.

– **دەیان کەسایەتیی سیاسی، ئاکادیمی، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیکە.**

**٤- هەرێمی کوردستان؛ بەرهەمی لۆبیکردن و قەڵغانی نێودەوڵەتی**گرنگترین و کۆنکرێتترین ڕەنگدانەوەی هەوڵەدیپلۆماتییەکانی د. قاسملوو، لە دروستبوون و پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەردەکەوێت. کاتێک لە ساڵی ١٩٩١دا، ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کۆڕەوی ملیۆنی لێ کەوتەوە و هەڕەشەی ژێنۆسایدی دووبارەی ڕێژیمی بەعسی هاتە سەر، ئەو تۆوەی کە قاسملوو لە تۆڕە دیپلۆماتییەکەیدا چاندبووی، بەرهەمی هێنا.

**خاتوو دانیال میتێران**، بەهۆی ئەو کاریگەرییە مێژووییەی لەسەری بوو، بووە داینەمۆی لۆبیکردن لە پاریس و کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتیدا. ئەو هاوسەرەکەی (فرانسوا میتێران)، حکوومەتی فەڕەنسا و ئەمریکای ڕاکێشا نێو هاوکێشەکەوە. دەرئەنجامی ئەم لۆبیکردنە چڕە، دەرچوونی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاگرتنی هێرشەکان و ڕاگەیاندنی "ناوچەی دژەفڕین (No-Fly Zone) "بوو لە بەهاری ١٩٩١دا.

ئەم پێشینە دیپلۆماتییە بوو کە قەڵغانێکی نێودەوڵەتیی بۆ کورد دابین کرد و ڕێگەی خۆش کرد بۆ دامەزراندنی پەرلەمان، حکوومەت و قەوارەی فەرمیی هەرێمی کوردستان. سەرکردە مێژووییەکانی باشووری کوردستان، وەک مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی، توانیان لەسەر هەمان پێشینە و پشتبەستن بەو متمانە و پێگەیەی کە پێشتر لە ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست و ناوەندە ئورووپاییەکاندا کرابووەوە، پێگەی فەرمی و دیپلۆماتیی هەرێمی کوردستانی ئێستا لە جیهاندا بچەسپێنن.

### ٥- کاریگەریی میراتی قاسملوو لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان

ئەگەر ئەمڕۆ سەیری نەخشەی ڕەوشی سیاسیی کوردستان بکەین، شوێنپەنجەی فیکری و ستراتیژیی د. قاسملوو بە ڕوونی بەدی دەکرێت. ئەو بنەمایەی کە ئەو دایڕشت، وای کرد کە نەوەکانی دوای ئەو تێبگەن کە هێزی چەکدار تەنیا کاتێک کاریگەرە کە لە خزمەت گوتارێکی سیاسیی ڕووندا بێت.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گوتاری ئێستای هێزە سیاسییەکان و تەنانەت نارەزایەتییە مەدەنییەکانی وەک ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لەو پانتاییە جوگرافیاییەیەوە سەری هەڵدا، ڕەنگدانەوەی ئەو بنەما مەدەنی و دێموکراتییانەیە کە قوتابخانەی قاسملوو ساڵانێک کاری لەسەر کردووە. کورد لە ئێستادا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک ئەکتەرێک دەبینرێت کە داوای مافە گشتگیرەکانی دەکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانە جیهانییەی کە دوکتور قاسملوو داهێنەری بوو لە بەستنەوەی پرسی نەتەوەیی بە دێموکراسییەوە.

### ٦- وانەکانی داهاتوو؛ پێویستیی نەوەی نوێ بە میتۆدی فکریی قاسملوو

لەم قۆناغە هەستیار و ئاڵۆزەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پرسیارە گەورەکە ئەوەیە: نەوەی نوێ و سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان چۆن دەبێت بڕواننە کەسایەتی، تێکۆشان و هەوڵە دیپلۆماتییەکانی د. قاسملوو؟ وەڵامەکە لە یەک چەمکدا کورت دەبێتەوە: پێویستیی بەجێهێشتنی ڕوانگەی سۆزداری و بازدان بەرەو "میتۆدی فکریی عەقڵانی."

لێرەدا نموونەیەکی مێژوویی لەسەر زاری کەسایەتییەکی سیاسیی باشووری کوردستان دەهێنینەوە کە میتۆدی فکریی عەقڵانیی د. قاسملوو زیاتر دەردەخات: عیماد ئەحمەد، سیاسەتمەداری کورد و جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەم و حەوتمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بیرەوەرییەکیدا کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە، باسی بلیمەتیی د. قاسملووی ڕێبەر دەکات و دەڵێت: "ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان و عێراق پێیدا گوزەر دەکات، یادەوەرییەکی جوانی ڕۆژانی شاخ و حیکمەتێکی سەرکردەی ژیر و لێوەشاوە، د. قاسملووی بیرخستمەوە کە پێموایە بۆ ئەم هەلومەرجەی ئێستامان هەر ڕاستە.

ساڵی ١٩٨٤ لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی خانەقین بووم، لە هاوینی هەمان ساڵ لە دێی حەسەن مەحەی گەرمیان، لەگەڵ کاک ئازاد هەورامی و چەند پێشمەرگەیەک بە ئۆتۆمبێلەکەی کاک ئازاد بە جادەی سەرەکیی کەلار، کفری، دووز، سەنگاو، قەرەداغ، دوکان، سورداش، مێرگەپان، وەرێ کەوتین بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە لە هەواری کانی سێوی مێرگەپان لە بناری پیرەمەگرون بەسترا. ئێوارەیەکی دەرەنگ بوو گەیشتینە مێرگەپان. دروشمە سەرەکییەکانی کۆنفرانسەکە بریتی بوون لە (ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن)، (بەرەو بەهێزکردنی کۆمەڵە لە کۆڕی خەباتی چینایەتی)، (بەرەو چەسپاندنی پرەنسیپەکانی ڕێکخستن) و بە ئارمە ناسراوەکەی چەپ (چەکوش و داس) شوێنەکەیان ڕازاندبووەوە.

ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانس، سکرتێری کۆمەڵەی ئێران و سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادە بوون. کۆنفرانسەکە لە سەروبەندێکدا ڕێک خرابوو کە گفتوگۆی نێوان ڕێژیم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەهۆی مەسەلەی کەرکووک و خانەقین و دەستوەردانی دەوروبەر لە لێواری تێکچووندا بوو.

لە کۆنفرانسەکەدا، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە زمانە شیرین و پاراوەکەی، وتەیەکی پێشکەش کرد؛ بەشێکی قسەکانی تەرخان کرابوو بۆ گرنگیی بەردەوامبوونی گفتوگۆی نێوان ڕێژیم و یەکیەتی کە خۆی ئەندازیارەکەی بوو. دوکتور قاسملوو بۆ پشتیوانی لە دید و بۆچوونەکانی خۆی نموونەیەکی یەکجار سەرنجڕاکێشی هێنایەوە و گوتی ئەگەر یەکێک قەرزداری ئێوە بوو بە ١٠٠ دینار، حاڵێ حازر و لەم هەلومەرجەدا تەنیا ٧٠ دیناری دەداتەوە، لۆژیک وایە وەریبگری و دوای ئەوە داوای ئەوە ٣٠ دینارەکەی دیکە بکەی، نەک بڵێی یان ١٠٠ دینارەکە یان هیچ! ئەم نموونەیەی دوکتور قاسملوو کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر بووە، ئەوەندە ڕاست و دروستە بۆ هەموو زەمان و مەکانێک دەشێت، بەتایبەتی بۆ هەلومەرجی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کە پێموایە ئێستاش گوێ لە دوکتور قاسملوو بگرین هەرگیز درەنگ نییە؛ چونکە ئێستاش هیچ لۆژیکێک نییە کوردستان بخەینە نێو گیروگازی یان هەمووی یان هیچ(١)".

سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەبێت لەوە تێبگەن قاسملوو تەنیا ناوێک نییە بۆ ستایشکردن یان بەستنی مەراسیمی یادکردنەوە، بەڵکوو ئەو خاوەنی "میتۆدێکی زانستی" بوو لە خوێندنەوەی هاوسەنگیی هێزەکاندا. وانەی سەرەکی بۆ نەوەی هاوچەرخ ئەوەیە لە جیهانی فرەجەمسەری و تەکنەلۆژیای ئێستادا، "هاوارکردن و نیشاندانی مەزڵوومییەت" بە تەنیا بەس نییە بۆ ڕاکێشانی لایەنگریی نێودەوڵەتی. میتۆدی قاسملوو فێری نەوەی نوێ دەکات کە چۆن کێشەی نەتەوەیی کورد ببەسترێتەوە بە بەرژەوەندییە هاوبەشە ئابووری، ستراتیژی و ئەمنییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

سیاسەتی کوردی لە ئێستادا، زیاتر لە هەمیشە پێویستی بەو دووربینییە هەیە کە قاسملوو پێش چەندین دەیە پەیڕەوی دەکرد؛ واتە بونیادنانی دامەزراوەی دێموکراسی لە ناوخۆدا و زمانێکی مۆدێرن و یەکگرتوو لە دەرەوەدا. متمانەبوون بە پرۆسەی دیالۆگ، بەهێزکردنی کەرەستەکانی هێزی نەرم (وەک میدیا، توێژینەوەی ئەکادیمی و دیپلۆماسیی گشتی)، و پەروەردەکردنی کادری لێهاتوو کە بتوانن بە زمانی عەقڵییەتی ڕۆژاوایی و جیهانی قسە بکەن، گرنگترین وانەکانن کە سیاسییەکانی ئێستا دەبێت لە قوتابخانەی قاسملووەوە وەریبگرن بۆ باشترکردن و چەسپاندنی پێگەی کورد لە هاوکێشە نوێیەکانی جیهاندا.

## دەرئەنجام؛ میراتێک کە لە بن نایەت

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، نەک هەر ڕێبەرێکی حیزبی، بەڵکوو تەلارسازێکی گەورەی ئەندازیاریی دیپلۆماسیی کوردی بوو. تێگەیاندنی جیهان لەوەی کە کورد نەتەوەیەکی خاوەن پرۆژەی عەقڵانی و دێموکراتە، گەورەترین دەستکەوتی ئەو بوو. ئەزموونی مانەوەی ئێستای قەوارەی هەرێمی کوردستان و نەمانی گۆشەگیریی سیاسی لەسەر پارچەکانی تری کوردستان، بەشێکی زۆری قەرزاری ئەو بناغە پتەوەیە کە قاسملوو و دۆستە نێودەوڵەتییەکانی لە سەدەی ڕابردوودا دایانڕشت. میراتی ئەو پێمان دەڵێت: سەرکەوتنی ڕاستەقینە لە هاوسەنگیی نێوان هێزی مەیدانی و لێهاتوویی دیپلۆماتیکدا دێتە دی.

١) https://knwe.org/KU/ArticleDetails/4551

١١ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# هەڵکشانی نرخەکان و دیالێکتیکی دەسەڵات






ئەمیر سوڵتانی

هەڵاوسان، بە واتای بەرزبوونەوەی بەردەوامی ئاستی گشتیی نرخەکان، تەنیا دیاردەیەکی دارایی یان ژمێریاری نییە. لە سیستمی ڕێژیمێکی دەسەڵاتخواز و داخراوی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هەڵاوسان بووەتە نیشانەیەکی ڕوون بۆ تێکچوونی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئێران، نەبوونی متمانە بە ناوەند و پێکهاتەی دەزگاکانی ڕێژیم، شکستهێنانی دامەزراوەکان و بەکارهێنانی ئابووری وەک ئامرازێک بۆ مانەوەی دەسەڵاتی سیاسیی ڕێژیمێک کە هیچ

بەهایەکی بۆ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆی ئێران نییە. واتە قەیرانی نرخەکان نابێت تەنیا وەک ئەنجامی هەڵەیەکی تەکنیکی لە سیاسەتی دارایی ڕێژیم سەیر بکرێت، بەڵکوو پێویستە وەک بەرهەمی پێکهاتەیەکی سیاسی، ئەمنی و ئیدیۆلۆژیکی توندڕەوانە لێک بدرێتەوە کە لە ماوەی چەند دەیەدا ئابووریی ئێرانی بە بارمتە گرتووە.

لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، کە نرخەکانی خۆراک، دەرمان، خانووبەرە، سووتەمەنی و پێداویستییە بنەڕەتییەکان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو خێرا هەڵدەکشێن، هەڵاوسان لە ئاستی کێشەی بازاڕ دەردەچێت و دەبێتە پرسی ژیان و مانەوەی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە. کاتێک خێزانێک ناتوانێت بە مووچە یان داهاتی مانگانەی خۆی تێچووی خۆراک، کرێی خانوو و دەرمانی منداڵەکانی دابین بکات، ئەوە ئیتر تەنیا ناکارامەیی ئابووری نییە، بەڵکوو شکستە لە ئاستی بەرپرسیارێتیی سیاسی و ئەخلاقیی دەوڵەتدا. لەم دۆخەدا، هەڵاوسان دەبێتە جۆرێک لە سزادانی بەکۆمەڵی هاووڵاتیان، بە تایبەتی چینە هەژار و مامناوەندەکان، کە هیچ ڕۆڵێکیان لە دروستکردنی قەیرانەکەدا نەبووە، بەڵام تێچووی سەرەکییەکەی هەر ئەوان دەیدەن.

ئامارەکان و داتاکانی بانکی ناوەندیی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم ڕاستییە بە ڕوونی پشتڕاست دەکەنەوە کە هەڵاوسانی ساڵانە هەڵکشانی بەرچاویان هەبووە؛ لە ساڵی ١٤٠٠دا ٤٦,٢ لە سەد بووە، لە ١٤٠١دا گەیشتووەتە ٥٣,١ لە سەد، لە ١٤٠٢دا ٤٧,٤ لە سەد بووە و لە ١٤٠٣دا دیسان بەرزبووەتەوە بۆ ٤٨,٣ لە سەد، لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٤ەوە ئەو ڕێژەیە بۆ ٦٨,٩ لە سەد بەرز بووەتەوە. پێوانەی ئەم ڕێژەیە ئەمڕۆ گەیشتووەتە ٨٤ لە سەد. هەروەها داتاکانی بانکی جیهانی بۆ ساڵانی ٢٠٢١ هەتا کۆتایی ٢٠٢٥ی زایینی هەڵاوسانی ئێران لە ئاستێکی زۆر بەرزدا نیشان دەدەن، ئاستێک کە چەندین جار لە ڕێژەی ئاسایی و قەبووڵکراوی هەڵاوسان لە زۆربەی ئابوورییە سەقامگیرەکان بەرزترە. ئەم ژمارانە نیشان دەدەن کە قەیرانی نرخەکان لە ئێراندا دیاردەیەکی کاتی نییە، بەڵکوو دۆخێکی بەردەوامە و مانگ لە دوای مانگ ڕێژەیەکی نوێی پێوانەیی تۆمار دەکەن.

ئەوەی قەیرانی ئابووریی وڵاتەکە زیاتر سیاسی دەکات، تەنیا خودی ڕێژەی هەڵاوسان نییە، بەڵکوو بەردەوامیی بێچارەسەری و بێمودیرییەتیی ناوەندە دەسەڵاتدارەکانە. کاتێک هەڵاوسان بۆ چەند ساڵی لەدوای یەکدا لە ئاستی چل هەتا پەنجا لە سەددا دەخولێتەوە، مانای ئەوەیە کە دراوی تمەن بەردەوام بەهای خۆی لەدەست دەدات و داهاتی هاووڵاتیان هەموو مانگێک لەبەرامبەر گرانیی خۆراک و کەلوپەلی پێویستیی ڕۆژانەدا بچووکتر دەبێتەوە. هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکاندا، هاووڵاتیان بەگشتی و کرێکار، مامۆستا، فەرمانبەر، خانەنشین و کاسبکاری بچووک بەتایبەتی، هەموویان لە ڕێگەی هەڵاوسان و هەڵکشانی نرخەکان جۆرێک لە هەژاریی بەردەوام ئەزموون دەکەن.

لە ڕوانگەی ئابووریی سیاسییەوە، هەڵاوسان لە ئێراندا ناکرێت بە شێوەیەکی سادە وەک ئەنجامی گەمارۆکان یان شۆکە دەرەکییەکان پێناسە بکرێت. بێگومان، گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان کاریگەریی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی ئەم کاریگەرییانە دەکاتە قەیرانێکی قووڵ و بەردەوام، هەڵسوکەوتی خودی ڕێژیمە. کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتدا سیستەمێکە کە ئابوورییەکەی لە خزمەت ئاسایشی کۆمەڵگەکەیدا نییە، بەڵکوو لە خزمەت مانەوەی دەسەڵات، پاراستنی تۆڕی ئەمنی دەوڵەت، بەهێزکردنی ناوەندە ئیدیۆلۆژیکەکان و دابینکردن و تەیارکردنی هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم و گرووپە توندڕەوەکانی ناوچەکە دایە. لە سیستەمێکی توندڕەوی پۆلیسیدا، هەڵاوسان تەنیا لە بێنرخیی کاڵا و بێکاریی خەڵکەوە نییە، بەڵکوو نیشانەیەکی ڕوونی شێوازی حوکمڕانییە بە شێوەی ئاخووندی لە وڵاتدا.

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بەردەوامیی هەڵاوسان، نەبوونی سەربەخۆییی ڕاستەقینەی بانکی ناوەندییە. لە سیستەمە دێموکراتیکەکاندا، بانکی ناوەندی دەبێت پاراستنی بەهای دراو و کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان لەسەر بنەمای زانستی و پێوەری نەختینەیی جێبەجێ بکات. بەڵام لە ئێراندا بانکی ناوەندی لە زۆر ڕووەوە پاشکۆی دەسەڵاتی سیاسییە. کاتێک حکومەت تووشی کورتهێنانی بودجە دەبێت، بەهۆی گەندەڵی، تێچووی دەزگا ئەمنییەکان، خەرجییە ئیدیۆلۆژیکەکان و ناکارامەیی بەڕێوەبردن، ئاسانترین ڕێگا لەو سیستەمەدا چاپکردنی دراو و زیادکردنی قەبارەی نەختینەییە. ئەم کارە لە کورتخایەندا دەتوانێت کێشەی مووچە و خەرجییەکانی دەوڵەت بشارێتەوە، بەڵام لە درێژخایەندا وەک دەبینین بەهای دراو دەشکێنێت و توانای کڕینی پێداویستییەکانی خەڵک وێران دەکات.

لێرەدا چەمکی "باجی هەڵاوسان" گرنگییەکی تایبەتی هەیە، واتە زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی سامانی خەڵک. ڕێژیم بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە خەڵک ناڵێت کە بەشێک لە داهات و سامانەکەتان لێ زەوت دەکەم، بەڵام بە چاپکردنی پارە و دابەزاندنی بەهای تمەن، هەموو ڕۆژێک دەست بەسەر بەشێک لە توانایی کڕینی خەڵکدا دەگرێت، بەوە دەڵێن باجێکی شاراوە، بەڵام زۆر توندتر و کاریگەرترە لە باجی ئاشکرا، چونکە بە تایبەتی ئەوانە دەگرێتەوە کە داهاتێکی بچووک و جێگیریان هەیە و ئەو داهاتەش وەک مووچەی مانگانە تەنیا بەشی مانەوە و بەڕێکردنی ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خۆیان هەیە و بەشی ئەوەندە ناکات کە پاشەکەوتێکیان هەبێ و بیگۆڕن بۆ دراوێکی دیکەی بەهادار، زێڕ یان خانووبەرە. بەو مانایە بە ئاشکرا دەتوانین بڵێین کە هەڵاوسان جۆرێکە لە دەستبەسەرداگرتنی داهات و سامانی خەڵک لە چینەکانی خوارەوەی نێو کۆمەڵگە بۆ دامودەزگاکانی سەر بە دەسەڵات.

ڕێژیمی ئێران زۆرجار هەوڵ دەدات قەیرانی هەڵاوسان بخاتە پاڵ فاکتەرە دەرەکییەکان، وەک گەمارۆ ئابوورییەکان، دوژمنی دەرەکی، قاچاخچی و ئەو بازرگانانەی سەر بە نەیارەکانن. بەڵام ئەم هەڵسووکەوتەی ڕێژیم، لە دیدی

ڕەخنەییەوە، زیاتر لەوەی شیکردنەوەیەکی زانستی بێت، میکانیزمێکی سیاسییە بۆ شاردنەوەی بەرپرسیارێتی لە ئاست خەڵکدا. چونکە ئەگەر گەمارۆ تەنیا هۆکاری هەڵاوسان و قەیرانی ئابووری بوایە، دەبوو ڕێژیم بەرەو شەفافییەت، چاکسازی، کەمکردنەوەی خەرجییە ناپێویستەکان، ئازادکردنی بازاڕ و بەهێزکردنی دامەزراوەکان بچێت. بەڵام ئەوەی لە ئێراندا ڕوو دەدات پێچەوانەی ڕاستییەکانە، فشاری دەزگا ئەمنییەکان، دەستێوەردانی حکومەت لە بازاڕ، بەردەوامیی گەندەڵی و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕازی و ڕەخنەگرە.

یەکێک لە وێنە بەرچاوەکانی ئەم سیاسەتە، پۆلیسیکردنی بازاڕە. کاتێک نرخی خواردەمەنی و کەلوپەلەکان هەڵدەکشێن، ڕێژیم بەجێی چارەسەرکردنی سەرچاوەی ڕاستەقینەی قەیرانەکە، پەنا دەباتە بەر دیاریکردنی نرخی فەرمی کاڵاکان و دواتر ناردنی هێزەکانی چاودێری و ئەمنییە بۆ نێو بازاڕ. ڕێژیم بەمجۆرە نیشان دەدا کە خەڵک لە گرانفرۆشیی دوکاندارەکان دەپارێزێ، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە زۆرجار هەڵسووکەوتەکە پێچەوانە دەبێتەوە. کاتێک نرخی فەرمی کاڵایەک لە تێچووی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنان یان لە نرخی هاوردەکردنیدا کەمترە، ئەوە ئەو کاتەیە کە بەشێکی بەرچاو لە فرۆشیار و بازرگانەکان کاڵاکانیان لە خەڵک دەشارنەوە، بەوپێیە دووکانەکان لە کاڵا بەتاڵ دەبن و خەڵک تووشی کەمبوونەوەی پێداویستیی ڕۆژانەی خۆراک دەبن و لەلایەکی ترەوە بازاڕی ڕەشی فرۆشیارەکان گەشە دەکات و بەهێزتر دەبێت.

داتاکانی ساڵی ٢٠٢٥ ئەم ڕاستییە زیاتر ڕوون دەکەنەوە. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥دا، هەڵاوسانی مانگ لەدوای مانگ بەپێی ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ئێران گەیشتووەتە ٤٨,٦ لە سەد. دواتر لە دێسامبەری هەمان ساڵدا، هەڵاوسان بە ڕێژەی ٥٢,٦ لە سەد تۆمار کراوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٦ بەرزبوونەوەی نرخەکان بەتایبەتی خواردەمەنی ڕێژەیەکی نوێیان تۆمار کرد، بەپێی ڕاپۆرتی ئەو ناوەندە لە کۆتایی بەهاری ئەمساڵ هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی کەلوپەلە خۆراکییەکان گەیشتووەتە ١٣٤,٦ لە سەد. بەم پێیە پێوەرە گشتییەکانی هەڵاوسانی ساڵانەی وڵات بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان گەیشتووەتە ٦٢ لە سەد و تەنانەت بەپێی هێندێک خەمڵاندنی بانکی هەتا ٨٨ لە سەد هەڵکشاوە. هەر لەم ماوەیەدا نرخی نان، دانەوێڵە، گۆشت و بەرهەمە شیرییەکان بە ڕێژەی سەرووی ١٠٠ لە سەد بەرزبوونەوەیان بە خۆوە دیتووە. ئەم ژمارانە بە زمانی سادە واتای ئەوەیە کە سفرەی خێزان و ژیانی خەڵک لە ماوەی ساڵێکدا بە نزیکەی نیوەی بەهای خۆی گرانتر بووە، بە تایبەتی لە بواری خۆراکدا کە قورساییەکەی ڕاستەوخۆ لەسەر چینە هەژار و مامناوەندەکان دەکەوێت.

بەراوردکردنی سیستمی دێموکراتیک لەگەڵ پێکهاتەی حوکمڕانیی ئێراندا، جیاوازییەکی بنەڕەتیمان بۆ دەردەخات. وڵاتە دێموکراتەکانیش لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و شۆکە دەرەکییەکاندا بێبەش نین لە هەڵە، بەڵام خاڵی هێزی ئەوان

لە بوونی میکانیزمی خۆڕاستکردنەوە دایە. لەو سیستمانەدا، میدیای ئازاد پرسیار دەوروژێنێت، پەرلەمان لێپرسینەوە لە حکومەت دەکات، دادگا سەروەریی یاسا بەسەر دەسەڵاتداراندا دەسەپێنێت و دواجار هاووڵاتییان لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە حکومەتە کەمتەرخەمەکان سزا دەدەن. بەپێچەوانەوە، لە ئێراندا ئەم میکانیزمانە نەک هەر پەکخراون، بەڵکوو بە تەواوی لەلایەن دەسەڵاتەوە قۆرغ کراون. لەبەر ئەوە، لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریدا، هیچ لێپرسینەوەیەکی ڕاستەقینە لە ئارادا نییە، لە جیاتی ئەوە، ڕێژیم پەنا دەباتە بەر تووندکردنەوەی سەرکوت، دەستبەسەرکردنی بازرگانان و ئەوانەی لە بواری دراودا کار دەکەن و هەروەها شاردنەوەی ئامار و ڕاستییەکان لە ڕای گشتی کە ڕێژیم لەو بوارەدا شارەزاییی تێدا هەیە.

لە ڕوانگەی ڕەخنەییەوە، ئەوەی ڕێژیمی ئێران لە قەیرانی هەڵاوساندا بەڕێوەی دەبات، نەک هەر بۆ پاراستنی خەڵک و بازاڕ نییە، بەڵکوو کردەوەکانی لەو بوارەدا تەنیا لە خزمەت پاراستنی پێکهاتەی دەسەڵاتەکەیدایە. ڕێژیم دەزگا ئەمنیی و سەرکوتکەرەکانی و کەرتە نزیکەکانی ئابووری بۆ مانەوە و خزمەتی درێژکردنەوەی دەسەڵاتی نگریسی خۆی بەکار دەهێنێ. لە بەرامبەردا، ئەوە خەڵکی هەژار و چینە بێدەسەڵاتەکانن کە دەبنە قوربانیی سیاسەتی دژی گەلییانەی ڕێژیم.
هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکان و هەڵاوساندا، ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدا، وەک ئەو سەرهەڵدانەی مانگی بەفرانباری ١٤٠٤ی بازاڕییەکانی تاران یان ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی شیرکەتەکان، کرێکاران، مامۆستایان و خانەنشینان کە هەردەم مووچە و یارمەتییەکانیان بە چەندین مانگی یەک لەدوای یەک وەدوا دەکەوێ. ڕێژیم بۆ کۆنترۆڵکردنی ناڕەزایەتییەکان، خەرجیی ناوەندە ئەمنی و سەرکوتکەرەکانی زیاد دەکات، زیادبوونی خەرجیی ئەمنی واتە کورتهێنانی بودجە قووڵتر دەکات و کورتهێنانی بودجەش، ڕێگا بۆ چاپکردنی دراوی زیاتر و هەڵاوسانی نوێتر دەکاتەوە. بەو شێوەیە، ڕێژیم خۆی دەبێتە هۆکاری بەردەوامبوونی ئەو قەیرانەی بە ناوی دوژمنی دەرەکی یان بازاڕی تێکچوو نێوی بردووە.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو لە ساڵی ٢٠٢٦دا، تێکڕای ڕێژەی هەڵاوسانی ئێران بۆ تەواوی ساڵەکە بە ٦٨,٩٪ خەملێندراوە. ئەم ژمارەیە ئێران دەخاتە ڕیزبەندی سێیەمی ئەو وڵاتانەی کە بەرزترین ڕێژەی هەڵاوسانیان لە جیهاندا هەیە. سندووقی نێودەوڵەتیی، هەڵاوسانی ئێران بە نزیکەی ٦٨,٩ لە سەد پێشبینی کردووە. ئەگەر ئەم پێشبینییە نزیک لە ڕاستی بێت، ئێران دەتوانێت بەرەو قۆناغێکی شۆکهێنەری هەڵاوسان بچێت، قۆناغێک کە تێیدا متمانەی خەڵک بە دراوی بێبەهای تمەن زیاتر لاواز دەبێت.

لە کۆتاییدا، هەڵاوسان لە ئێراندا تەنیا ژمارەیەکی ئاماری نییە، بەڵکوو نیشانەی داڕمانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و شکست

گەلاوێژی ٢٧٢٦

هێنـانی سیسـتمی بەڕێـوەبەریی ڕێژیمێکـی دەسـەڵاتخوازە. مێـژووی ئـابووریی ئێـران پێمـان دەڵێـت کە بـازاڕ بە سـەرکوتی پۆلیسی، پڕوپاگەندە بە شێوەی ئاخووندی و بەهای دراو بە دروشم ناپارێزرێ. ئەوەی دەتوانێت هەڵاوسان کۆنترۆڵ بکـات، دامەزراوەی سـەربەخۆ، بـودجەی شـەفاف، بەرپرسـیارێتیی سیاسـی لە ئاسـت کـۆمەڵگەدا، ئـازادیی داتـاو زانیـاری، یاسـای بنەڕەتی و متمانەی کۆمەڵایەتییە. هەتا ئەو کاتەی ڕێژیمی ئێران ئـابووری وەک ئـامرازی مـانەوەی سیاسـی بەکـار بهێنێت، قەیرانی هەڵاوسان هەر بەردەوام دەبێت.

١٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# خوێندنەوەیەک بۆ بەشێک لە کتێبی "ڕەشەشەو و سەربازانی ون"





هێمن مەردانی

...«ئەو ڕۆژانە کۆپتەرە کووبراکان ڕاست وەک هەژدیهای باڵدار و دووپشکی ڕەزاگران و وەک ڕەوە کوللەی برسی نەک لە قووڵایی جەهەننەمەوە، بەڵکوو لە بەرزایی ئاسمانەکان و لووتکەی کێوە بەرزەکان ڕا درێشووکەی دۆشکەکانی فتوای جیهادیان دەباراندە سەر هەست و چێژ و ژن و منداڵی بێتاوانی کوردستان.

دەگەڵ ونبوونیان، ئەمجارە ڕاکێتی کاتیۆشاکان، گاڕان گاڕان و پس‌پسێن بە سەر جەبهەکەدا هەڵدەڕژانەوە. ئینجا فانتۆمە زەبەلاحەکان دەهاتن و دیواری دەنگییان دەشکاند»...

بیرەوەرییەکانی مەلاحەسەن شیوەسەڵی لە شەڕەکانی ساڵەکانی ١٣٥٨ی هەتاوی بەولاوە -پاش لەشکرکێشیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان- لە ناوچەکانی ورمێ، نازلوو، ماکۆ، پیرانشار، شنۆ و مەهاباد، دەکرێ لە گۆشەنیگای ئەدەبی بەرگری، گێڕانەوەی ترۆمای بەکۆمەڵ و ڕەخنەی پاشداگیرکاری، شیتەڵکارییان بۆ بکرێت. ئەم بڕگانەی لێرەوە باسیان لێ دەکرێت، بەس نووسینەوەی ڕووداوەکانی شەڕ یان بیرەوەریی تاکەکەسی نین، بگرە دەقێکی ئەدەبیی فرەڕەهەندن کە تێیدا سروشت، زەبروزەنگ، یادگە و زمان تێکدەهاڵێن و تێکدەئاڵقێن.

پەخشانی شیوەسەڵی لە نێوان گێڕانەوەی بەڵگەمەند، شین و شەپۆڕ، وێنەی شاعیرانە و ئەزموونی ئێگزیستانسیالیستیدا دەڕواتە پێشێ و لەم بارەوە نزیک دەبێتەوە لە نەریتی ئەدەبی ئەمڕۆیی شەڕ. یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەم دەقە، هاتوچۆکردنی بەردەوامی توخم و ڕەگەزە سروشتییەکانە تەک وێنەگەلی توندوتیژی و زەبروزەنگ نواندن. لە بڕگەیەکدا «درێشووکەی کۆپتەرە کووبراکان»، بۆڵەگەنمەکان، بارانی نابەوخت، تەڕەزەنە، چای گەرم و قامیشەلانەکان بە کاتی بۆمبارانکردندا، ڕەگبار و ڕێژنە و مەرگ، هەمووی ئەمانە دەکەونە پاڵ یەکەوە.

ئەم بەرامبەرکێیە لە نێوان ژیانی سروشتی و وێرانی لە ئاکامی شەڕدا، وەبیرهێنەرەوەی کەشوهوای ئەدەبی مۆدێرنی پاش یەکەم شەڕی جیهانییە. «تی. ئێس. ئێلیۆت» لە سەرەتای شێعرە بەناوبانگەکەیدا ئاوا دەنووسێت: «خاکەلێوە زاڵمترینی مانگەکانە». ئەو ڕستەیە یەکێک لە بەناوبانگترین دەستپێکەکانی شێعری ئەمڕۆییە، ئاماژەیە بۆ دارمان و هەرەسهێنانی پێوەندیی نەریتیی نێوان سروشت و ژیان. لە دەقی شیوەسەڵیشدا باران و گەنم نەک هێمای ژیانەوە و بەهار نین، بگرە بەشێکن لە کەشوهوای ژاناوی و تراوماتیکی شەڕەوە.

لە ڕوانگەی جوانیناسی، سروشت لەم بیرەوەرییانەدا هەر پاشخانی ڕووداوەکان نییە، بگرە خۆی دەبێتە بەشێک لە یادگە و ژانی بەکۆمەڵ. دەکرێ ئەم خەسڵەتە تەک بەرهەمەکانی یەشار کەماڵ هەڵسەنگێندرێ و وێچووواندنیان بۆ بکرێت؛ نووسەرێک کە لە ڕۆمانەکانیدا بەتایبەتی لە حەمەدۆکدا، کوێستان و زەوی دەکاتە هەوێن و بەستێنی سەرەکی و توخمگەلی زیندووی گێڕانەوە. لە دەقی شیوەسەڵیشدا قامیشەلان و مێشەمڕەکان «هاواری مەرگ» لە خۆیانەوە دەدەنە دەرەوە، قوڕ و لیتە ئینسان هەڵدەلووشێ و زەوی ڕەشی وەک قوڕەڕەشە، ژیان لەبەرچاوان تفت و تاڵتر دەکات. هاوکات سروشت لێرەدا لە لایەک پەناگەیە و لەولاتر وەک شایەتحاڵ و قوربانیی دەستی توندوتیژییە.

داڕشتی گێڕانەوەیی دەقەکەش، هەڵگری جۆرێک شێواوی و لەتلەتبوونە کە نزیکتری دەکاتەوە لە گێڕانەوە مۆدێرنەکان. گێڕەوە بەردەوام لە نێوان وێنە، دەنگ، ترس و سام، بیرەوەری و پرسیارە جەوهەرییەکاندا لە هاتوچۆدایە. ڕستەگەلی وەک «گریان، چۆن دەخنکێت و دەمرێت؟» یان «چۆن مەرگ، ژیان هەڵدەلووشێت؟» دەرخەری ئەوەن کە دەق لە ئاستی ڕاپۆرتێکی سەربازییەوە دەردەچێت و دەگۆڕدرێت بۆ وردبوونەوە و نیگایەکەی فەلسەفی لەمەڕ مەرگ، ترس و سام و ڕووخان و نەمان. ئەم خەسڵەتە بە خەستوخۆڵی لە پێوەندی لەگەڵ جیهانی ڕەوانناسیی دۆستۆیێفسکیدا، دیار و بەرچاوە؛ بەتایبەتی لە بەرهەمی «برایانی کارامازۆڤ»دا کە تێیدا، کەسایەتییەکان لە پەرژین و سنووری نێوان بڕوا، ترس و خۆف، دارمانی ڕەوانی و هیوا و ئومێد لە هەڵکێشداکێشدان.

یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتەکانی دەقەکە، زمانی فرەهەستی ئەوە. شێوەسەڵی بەتەنیا شەڕ لە ڕێگەی دەنگ، لەرزین و هەستی فیزیکی وێنا ناکات، بەڵکوو لە ڕێی وێناکردنی گرشەی فانتۆمەکان، دەنگی ڕەگباری دۆشکەکان، شلپەشلپی لاقەکان لە ناو قوڕ و لیتەدا، دەنگی خشەوخشینی قامیشەلان و گیاکان و فیتەفیتی کاتیۆشاکان. هەر ئەم خەسڵەتە وادەکات دەقەکە زیاتر نزیک بێتەوە لە ئەدەبی ئەمرۆیی شەڕ؛ ئەدەبێک کە شەڕ بە واتای ئەزموونێکی فیزیکی و ڕەوانی پێناسە دەکات نەک بەتەنیا وەک ڕووداوێکی قارەمانانە. لە ڕۆمانی «هیچ هەواڵێک نییە لە بەرەی شەڕی ڕۆژاوا»، ئێریخ ماریا مارک، شەڕ لە ڕێی ڕاتڵەکاندنی جەستە، ترسی بەردەوام و دەنگی تەقینەوەکانەوە وێنا دەکات.

دەکرێ لێرەوە باس لەو جۆرە مینیمالیزمە سۆزدارییەش بکرێت کە بیرەوەرییەکانی شێوەسەڵی بە دنیای داستانی ڕیمۆند کارڤەر گرێ دەداتەوە. کارڤەر لە چیرۆکەکانی خۆیدا، زۆر جاران بۆ گواستنەوەی تراژیدیا کەڵک لە وردەکاریی کورت و پوختی ژیانی ڕۆژانە وەردەگرێت. لەنێو دەقی بەرباسی شێوەسەڵیشدا وردەکاریی وەکوو «ددانە سپییەکانی مەمۆ»، «چایی گەرم» یان «ڕەنگی ڕەشەشەو»، هەڵگری باری عاتیفیی قورسن. پێناسەی مەرگ لەم گێڕانەوەیەدا نە بە زمانی حەماسی، بگرە بە بێدەنگی، لەرزین و وردەکاریی گچکە دەردەبڕێن.

کەسایەتییەکانی دوو برای دووانە، مەمۆ و کاکەمەمیش لە ڕەوتی داڕشتی تراژیکی دەقەکەدا ڕۆڵی چارەنووسسازیان هەیە. ئەم دوو برا دووانەیەی کورمانج کە لە شەڕی دژ بە کۆماری ئیسلامیدا شەهید دەبن، بوون بە هێما و سەمبولی یادگە و نەبوون (نەمان). وێنەی «ڕیزێک ددانی سپیی وەک مرواری» لە سەر لێوی مەمۆ، دوایین چرکەساتەکانی بوونی ئینسانیی ئەو تۆمار دەکەن؛ ئەو چرکەساتەی بەر لەوەی بگۆڕدرێت بۆ بیرەوەری و ماتەمین. پاشان، گێڕەرەوە هیوا دەخوازێت کاکەمەم دیسان لە خەو هەڵستێت و بانگی ئەو بکات. ئەو حاشاکردنە لە مەرگ و هیوای گەڕانەوە، وەبیرهێنەرەوەی کەشوهوای شینگێڕیی شێعرەکانی ئەخماتۆڤایە لە شێعری «ڕیکوێم»دا؛ ئەو بەرهەمەی کە تێیدا ژنە شاعیر هەوڵ دەدات

ژان و نەبوونی بەکۆمەڵ لە لەبیرچوونەوە دەرباز بکات و تۆزی فەرامۆشی لەسەر لابدات.

لە گۆشەنیگای هێماناسییەوە، کۆپتەرە کووبراکان گرنگترین خوازەی دەقەکەن. شیوەسەڵی ئەوان وەک «دووپشکی جەڕاڕ» و «ئەژدیهای باڵدار» وێنا دەکات کە «درێشووکەی ژاراویی فەتوای جیهاد» ڕۆ دەکەنە ناو جەستەی منداڵ و ژنی کوردستانەوە. ئەو جۆرە لە وێناکردنە، دەق دەبات بەرەو کەشوهوای گۆتیک و پڕ لە مۆتەی بەرهەمەکانی ئێدگار ئالن پۆ؛ شوێنێک کە تێیدا شتەکان و بوونەوەرەکان دەبن بە هەڵگرانی ترس و مەرگ. کۆپتەرەکان لێرەدا، بەتەنیا ئامێر و کەرەسەی شەڕ و وێرانی نین؛ بگرە بوونەوەرگەلی جەهەننەمین کە تەکنۆلۆژیای مۆدێرن بە توندوتیژیی ئایدیۆلۆژییەوە گرێ دەدەنەوە.

ئەمە لە ڕوانگەی پاشداگیرکارییەوە بایەخێکی تایبەتی هەیە. دەوڵەتی ناوەندی لەم نووسینانەدا، کوردستان وەک «ئەویتری مەترسیدار» نیشان دەدات و بە زمانی جیهاد، ڕەوایی دەداتە بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە کوردستان. فانون لە کتێبی «دۆزەخییەکانی سەر ڕووی زەوی»دا باس لەوە دەکات کە داگیرکار جیهان دابەشی دوو بەش دەکات: جیهانی داگیرکار و جیهانی داگیرکراو. لە دەقی شیوەسەڵیشدا ڕێک وەها دابەشبوونێک لە ئارادایە: لە لایەک گوندەکانی کوردستان، پێشمەرگەکان بە چەک و چۆڵی سووک، ژن و منداڵ؛ و لە بەرامبەریشدا تانکەکان، فانتۆمەکان و کۆپتەرە کووبراکان. زەبروزەنگ نواندن لێرەدا بەس سەرکوتی سەربازی نییە، بگرە هاوکات هەوڵ و دەورێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی یادگە، شوناس و جوگرافیای نەتەوەیی.

شێتەڵکاریی پاشداگیرکاریی ئەم دەقە، گرێ دەدرێتەوە بە چارەنووسی خۆی شیوەسەڵی. ئەو لە ساڵی ١٩٨٧ی زایینیدا، هەشت ساڵ دوای ئەم ڕووداوانە، لە کوردستانی باشوور کرایە ئامانجی تیرۆرێکی ڕێکخراو. کتێبێکی چێندراو بە بۆمبی بە ناوی «دانچەرموو» بۆ هێنا. لە کاتی کردنەوەیدا دەتەقێتەوە و چاوەکان و دەستەکانی لەدەست دەدات. ئەم ڕووداوە لە ڕوانگەی هێماییەوە، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە: کتێب کە لە نەریتی ئینسانیدا هێمای زانست، یادگە و گێڕانەوەیە، دەگۆڕدرێت بۆ ئامێری تێرۆر. دەکرێ ئەم ڕووداوە بە چەمکی «مەرگی سیاسەت» لە بیر و هزری ئاشیل مێمبیدا شیکاریی بۆ بکرێت؛ چەمکێک کە دەریدەخات دەسەڵاتی سیاسی چۆن دەست دادەگرێت بەسەر ژیان، مەرگ و تەنانەت یادگەشدا.

بەم حاڵەش ئەشێ لە نێوان زەمەنی شەڕ و زەمەنی تیرۆری شیوەسەڵی، جیاوازییەک دابنرێت. نووسینەکانی ئەو دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ ئەو کاتانە ئەو ساخ و سەلیم بووە و بە تەواوی هەستەکانیەوە جیهانی دەدی و لێی تێدەگەیشت. هەربۆیە هەستە زاڵەکان لەو نووسینەدا ڕەسەنن و ڕێک زمانحاڵی ئەو سەردەمەن و بە باشی دەرەقەت و

گەلاوێژی ٢٧٢٦

دەروەستی وێناکردنی چرکەساتەکانی ڕووداوەکانی شەڕەکان و وردەکارییەکانیان هاتووە. دەبێ بڵێین کە ئەو تێرۆرە درێژەی هەر هەمان ئەو زەبروزەنگ و تووندوتیژییەیە کە لە دێڕ بە دێڕی بیرەوەرییەکانیدا خوێنەر هەستی پێ دەکات. هەر ئەمەش، واتە گرێدراوی لە نێوان شەڕ، یادگە و جەستەی برینداری و زامداری نووسەر، دەسەڵاتێکی تراژیک و هەرمان دەبەخشنە دەقەکەی.

**دواجار، بیرەوەرییەکانی شیوەسەڵی دەکرێ وەک مشتێک لە خەروارێکی گرنگی ئەدەبی بەرگریی کوردی دابنێین؛ ئەو ئەدەبەی کە تێیدا گێڕانەوە ئامێرێکە بۆ پاراستنی یادگە و خەبات دژ بە سڕینەوەی مێژوویی.**

ئیدوارد سەعید لە پێشەکیی «فەرهەنگ و ئیمپریالیزم»دا ئاوا دەنووسێت: «گێڕانەوەکان لە ناخ و هەناوی ئەو شتەدان کە گەڕۆک و ڕۆماننووسەکان لەمەڕ وڵاتە نەناسراوەکانەوە باسیان لێوە دەکەن».

**لە نووسراوەکانی شیوەسەڵیشدا، گێڕانەوە کەرەسەیەکە بۆ گەڕاندنەوەی دەنگ و سەدای ئەو خەڵکەی کە مێژووی فەرمی هەوڵی سڕینەوە یان بێدەنگکردنی داوە و دەدات.**

١٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# شەڕعی ماری هەر بە داری!






عەلی بداغی

هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان شک نابەی شەڕ و ماڵوێرانی، کوشتوبڕ و کاولکاریی پێ باش بێت، لەو سۆنگەیەوە دژایەتیی شەڕ و لایەنگری لە ئاشتی هەڵوێستێکی مرۆیی و بڕیارێکی جێی ڕێزە. بەڵام کێشە ئەوکاتە دەست پێدەکات کە لاشەڕی لە پڕەنسیپێکی مرۆیی و ویژدانییەوە ببێتە ئامرازی سیاسی بۆ سپیکردنەوەی تاوانەکان و سڕینەوەی بەرپرسایەتی و کوێرکردنەوەی سەرچاوەی قەیرانەکانی لایەنێکی خولقێنەری شەڕ، کە لێرەدا مەبەستمان کۆماری ئیسلامییە.

پرسیار ئەوەیە چۆن دەکرێ بە بەرزکردنەوەی دروشمی "نا بۆ شەڕ" بەرهەڵستی دوژمنێک ببیتەوە کە لەوەتی هەیە دەکوژێ و دەبڕێ و خەڵکی لە برستێتیدا ڕاگرتووە؛ هاوکات نەک هەر کۆمەڵگەی ئێران، بەڵکوو کۆمەڵێک وڵاتی دیکەشی لەگەڵ خۆی نوقمی قەیران و کاولکاری کردووە. یان چۆن دەبێ بە سینگدەرپەڕاندن و جاڕدانی دروشمی "نا بۆ دەستێوەردانی دەرەکی" کە لەڕاستیدا هەر بۆ چەککردنی سیاسیی دژبەرانی ڕێژیمە بتوانی هەموو جینایەت و کارەساتەکانی کۆماری ئیسلامی دیزەبەدەرخۆنە بکەیت؟ بەناو کەس یان ئۆپۆزیسیۆنێکی پێگەیشتوو، یان ڕەوت و لایەنێکی سیاسی و دامەزراوەیەکی بەناو دژبەری ڕێژیم چۆن دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بە قوربانیی دەستێوەردانی دەرەکی دابنێ، لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی خۆی هێزی باڵادەستی دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. هەموو مێژووی ئەو ڕێژیمەش لە پێکهێنانی هێزە نیابەتییەکانەوە بگرە هەتا نانەوەی قەیران و ئاژاوە لە وڵاتانی ناوچە گەواهی لەسەر ئەوە دەدەن ماکەی گشت شەڕ و قەیرانەکانی ئێستای نێوخۆی ئێران و ناوچەکە هەر کۆماری ئیسلامییە. بۆیە بانگەشەی "نا بۆ شەڕ" و "نا بۆ دەستێوەردانی دەرەکی" لە لایەن هەرکەس و لایەنێکەوە بێت لە ڕاستیدا داماڵینی ڕێژیمە لە بەرپرسایەتیی کۆی قەیرانەکان و هاوکات قازانجەکەی هەموو دەچێتە گیرفانی کۆماری ئیسلامی و دەبێتە هۆکاری درێژکردنەوەی زیاتری تەمەنی ئەو ڕێژیمە. چونکی بە داماڵینی بەرپرسایەتیی قەیرانەکانی کۆمەڵگە لە کۆماری ئیسلامی و پووشبەسەرکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم و سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک، ڕێڕەوی ئیرادەی خەڵک بۆ گۆڕینی ڕێژیم بەرەو داکۆکی لە حکوومەت لەهەمبەر هێرشی دەرەکی دەگۆڕێ.

ئەو هێز و لایەنانە پێش جاڕدانی ئەو گوتارە دەبوا ئەم پرسیارەیان لە خۆیان کردبا لە بارودۆخێکدا خەڵکی ئێران بەتوندی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە سەرکوت و خەڵتانی خوێن دەکرێن، ئەدی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی چ دەبن و لەکوێ جێ دەگرن؟ ئەگەر ئەوان دژی شەڕ لەدژی ئەو ڕێژیمەن، باشە چ ڕێکارێکی بەکردەوە و کاریگەری دی بۆ وەستاندنی سەرکوتی خەڵک و ڕاگرتنی ڕێژیم لە تاوان و جینایەتەکانی شک دەبەن؟ دیسان ئەو شەڕەی ئێستا شەڕی وڵاتانێک دژی کۆماری ئیسلامییە کە ئەو ڕێژیمە لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکاریەوە نەک دروشمی مردن بۆ ئەوان و سڕینەوەیانی لەسەر گۆی زەوی داوە؛ بەڵکوو بەکردەوەش بازنەی ئاگری بە دژ دروست کردوون و بە پرۆژە ئەتومی و مووشەکییەکانی خۆی ئەمنییەتی مان و ژیانی لێ هەڵگرتوون.

دوایەش ئەو بەناو لاشەڕانەی لە بەرگی نووسەر، چالاکی سیاسی و تەنانەت حیزب و دامەزراوەی سیاسیدا دەردەکەون، هیچ وڵامێکیان بۆ ئەو پرسیارە نییە خەڵکێک کە بەبێ چەک لەهەمبەر حکوومەتێکی هەتا بن ددان چەکدار و سەرکوتگەردا وەستاونەتەوە، چۆن دەتوانن ئەو سیستمە مرۆڤکوژ و سەرکوتگەرە تێکبشکێنن؟ ڕاستە کە ئەوە خەڵکە دەبێ دوایین بزمار لە تابووتی ئەم ڕێژیمە بدا و داهاتووی ئێران دەبێ لەلایەن نەتەوەکانی ئەم وڵاتەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵام

ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە کە ڕۆژانە دەگیرێن، لەژێر ئەشکەنجەدا بەند دەکرێن، دەکوژرێن و ئێعدام دەکرێن؛ بە کام ئامراز و هێزی ڕەق بەگژی ڕێژیمێکدا بچنەوە و بیڕووخێنن کە سپا، ئەرتەش، ناوەندە ئەمنییەتییەکان، زیندان، دادگا، مێدیا و هەموو ئامرازێکی هەزار بە هەزاری سەرکوت و کوشتوبڕی هەیە؟

شک لەوەدا نییە نەتەوەکانی ئێران لەمێژ ساڵە "نا"یان بە کۆماری ئیسلامی گوتووە و لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمە تێپەڕیون. خەڵک بە بایکۆتی هەڵبژاردنە حکوومەتییەکان، بە نافەرمانیی مەدەنی، بە خۆپێشاندان و مانگرتن، بە ناڕەزایەتیدەربڕین و بەگیانکڕینی هەموو تێچووەکانی ئەو خەباتە وەک گیران و بەندکران و تەنانەت ئێعدامکرانیش، ئازایەتی و بوێری و ئیرادەی خۆیان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم پێشان داوە؛ بەڵام ئەوەی دۆخەکەی نەگۆڕیوە ناهاوسەنگیی هێزە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر کە بۆ مانەوەی خۆی لە هیچ جینایەتێک ناپرینگێتەوە.

لایەنگرانی گوتاری "نا بۆ شەڕ و نا بۆ کۆماری ئیسلامییش" پێیان وایە بە حەواڵەکردنی بەرپرسایەتییەکانی ڕێژیم لەهەمبەر مافەکانی خەڵک و داهاتووی وڵات بۆ ڕێوشوێنە نیونەتەوەییەکان توانیویانە بالانسی سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. بەڵام لە خۆیان ناپرسن کۆماری ئیسلامی بۆ مەگەر هەتا ئێستا بۆ یەک چرکەش پێبەندی ئیرادەی خەڵکی نێوخۆ بۆ گۆڕان و بڕیار و ڕێوشوێنەکانی مافە نێونەتەوەییەکان زانیوە؟ ئەگەر مەبەست لە کاولبوونی ئێران لەسۆنگەی شەڕی دەرەکییە، بۆ مەگەر هەر ڕێژیم خۆی پێش لە سەرهەڵدانی ئەو شەڕە بە گەندەڵی، ناکارامەیی و سیاسەتی دژەژینگەیی هەموو سەرچاوەکانی ئاو، وزە و ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵاتی کاول نەکردوون؟ یان ئەوان کە ئاوا دژی شەڕی وڵاتانی دی دژی کۆماری ئیسلامیین، ئایا بەیاننامە و ڕاگەیاندراوەکانیان بۆ مەحکوومکردنی کوشتاری خەڵک دەروویەکی ڕوون بە ڕووی نەتەوەکانی ئێراندا دەکاتەوە کە ڕووخانی ڕێژیمیان دەوێ؟ ڕاستە مانگرتن، ملبادانی مەدەنی، ڕێکخستنی کۆمەڵگە و ڕایەڵبەندیی پێوەندییەکان و خۆڕاگریی گشتی ئامرازی گرینگی خەباتی مەدەنین، بەڵام بۆ مەگەر بە بانگەشەی ئەوان لەسەر کاغەز ئەم ئامانجانە بەدی دێن؟ یان بۆ مەگەر کۆماری ئیسلامی کە لە ڕۆژێکدا بەبێ سڵکردنەوە ٣٠-٤٠ هەزار کەس دەکوژێ، ڕێژیمێکە بە مانگرتن و نافەرمانیی مەدەنی بڕووخێت؟

لەڕاستیدا کێشەی ئەو کەس و لایەنانە ئەوە نییە هیچ بەدیل و چارەسەرێکی ڕاستەقینەیان بۆ گۆڕینی دۆخی هەیی نییە، بەڵکوو زیان و خەسارەکە ئەوەیە بەشی زۆری وزەی سیاسیی ئەو ڕەوتانە نەک لە دژی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بۆ سەرکۆنەکردنی خەڵکی ئێران و هێرشکردنە سەر ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەکار دەکرێ کە خوازیاری گوشار و ڕێکاری بەکردەوەی دەرەکی دژی ڕێژیمن. ئەو دژایەتییەش دەگاتە ئەو جێیەی بەئاشکرا ئاو لە ئاشی کۆماری ئیسلامی دەکەن، ئەویش لە کاتێکدا چەشنی ئەسپی ترۆواش خۆیان خزاندۆتە نێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەوە.

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

لە کۆتاییدا ئەمەش ڕاستە کە هەموو دەستێوەردانێکی دەرەکی ڕەنگبێ ئاکامەکەی دێموکراسی و ئازادی نەبێت، بەڵام زۆر وڵات هەن بێتوو بە دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانەی دەرەکی شەڕی نیزامە سیاسییە سەرکوتکار و تۆتالیتێرەکانی ئەم وڵاتانە نەکرابا؛ بەبێ ئەو یارمەتییانە ڕێژیمەکان نەدەڕووخان و نیزامی دێموکراتیک لەجێی وان چێ نەدەبوو. بۆ مەگەر ئاڵمانی نازی بە نافەرمانیی مەدەنی و مانگرتن و نارەزایەتیی خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە ڕووخا؟ نا، ئەوکاتە ڕووخا کە هێرشی کرایە سەر، چەک کرا، دەزگای شەڕ و سەرکوتەکەی لە پێ خرا و ڕەگ و ڕیشەی لە بنەوە هەڵکەندرا.

**بۆیە کورد دەڵێ شەرعی ماری هەر بە داری!**

**١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

# ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزرانی




**خەڵکی مافخواز و خەباتکاری کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ ٨١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەو سەردەمدا و پاش پتر لە دوو دەیە زەبروزەنگی حکوومەتی ڕەزاشا بە ئامانجی تواندنەوە و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد لە ڕێگەی سەپاندنی زمان، کولتوور و ئیرادەی سیاسیی باڵادەست، حیزبێک لە دایک بوو کە بووە بنیاتنەری قۆناغی نوێ لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ماوەی ئەو دوو دەیەدا و لە کاتێکدا لە باکوورەوە هەتا باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان - لە سمکۆی شکاکەوە بگرە هەتا شۆڕشی ڕینۆ لە ئیلام - بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد دژی ڕێژیمی پەهلەوی لە ئارادابوو، لە ناوەندی کوردستانیش بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کوردی خەریکی گەشەسەندن بوو. بیرۆکەیەک کە حیزبی "ئازادی" بناغەکەی دارِشت، "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" واتای نەتەوەیی پێ بەخشی و لە ئاکامدا "حیزبی دێموکراتی کوردستان" بوو بە بەرهەمی ئەو ڕابوونە سیاسی و جەماوەرییە بە بیری نەتەوەخوازییەوە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دەرەنجامی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی کورد

بۆ بەربەرەکانی و بەگژداچوونەوەی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی پەهلەوی بوو. حیزبی دێموکرات دەیویست وێڕای شەپۆلەکانی نوێبوونەوەی ئێران، کۆمەڵگەی کوردستانیش نوێ ببێتەوە و داوا ڕەوا و مافخوازانەکەی لە ڕێی حیزبێکی مەدەنی و مۆدێڕنەوە هاوشێوەی دنیای تازە بکاتە ڕۆژەڤ. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم نموونەکانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بۆیە ئەو حیزبە توانیی لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا بناغەی حکوومەت داڕێژێ. کۆماری کوردستان بەو هەمووە دەسکەوتە مێژوویی، نەتەوەیی و سیاسییەی بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگەی کوردی و ئەو شێوازە نوێیە لە خەباتی سەردەمیانە بوو کە کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا لە ڕێی حیزبی سیاسی و بە پلان و بەرنامەی ئامانجدارەوە دەیبردە پێشێ.

حیزبی دێموکرات نە تەنیا کوردی کردە خاوەن حکوومەت بەڵکوو مانا و گوتاری سیاسیی بە خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەی بەخشی، گوتارێک کە ئەگەرچی بەردەوام بە پێی پێداویستی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان گۆڕانی پێدا هاتووە بەڵام جەوهەرە نەگۆڕەکەی بۆتە کۆڵەکەی ژیانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە چەشنێک کە هەتا ئێستاش کورد سیاسیترین نەتەوەی نێو پێکهاتەی جوغرافیایی ئێرانە و ئەو تایبەتمەندییە وای کردووە بۆ ساتێکیش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەو گەلە نەوەستێ.

هەرەسهێنانی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی وێڕای ئەوەیکە زەبرێکی قورس لە حیزبی ساوای تازە دامەزراوی دێموکرات بوو، بەڵام هاوکات ئەزموونێکی گرینگ بوو هەم بۆ حیزبی دێموکرات و هەمیش بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد. بەردەوامیی حیزبی دێموکرات لە ڕێڕەوی تێکۆشان و بووژاندنەوە و داڕشتنەوەی قەوارەی حیزب و بەڕێوەبردنی خەباتێکی خوێناوی بەڵام پڕ دەسکەوت ئەم حیزبەی وا ڕاهێنا ئەگەر ڕۆژێک ڕێبەرانێکی مەزنی وەک د. قاسملوو و د. شەرەفکەندییش لە دەست بدات، هەر لە سەر پێ بمێنێتەوە و ئیرادەی نەتەوەییشی نەڕووخێ.

بەردەوامبوونی حیزب پاش کۆمار و خوێندەوەی ڕێبەرانی نوێ بە نیسبەت ڕووداوەکانی ئێران لە سەرەتاکانی دەیەی ٣٠ی هەتاوی و حەولدان بۆ تێکەڵبوون بە پرۆسەی سیاسیی ئێران دەکرێ وەک نیشانەکانی قۆناغێکی نوێی گوتاری لە سیاسەتی ئەو حیزبەدا باسی بکەین. هەر لەسەر ئەو بنەمایە خەباتی چەکداریی ٤٧ - ٤٦ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی محەممەدڕەزا شا بە نیسبەت پرسی کورد پاش کوودەتا بوو کە بە شەهیدبوونی لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە لە حیزبدا، حیزبی دێموکرات پتر بە خۆی و بەرنامە و سیاسەتیدا هاتەوە و لە حیزبێکی بە پێکهاتە مۆدێڕنەوە بوو بە حیزبێکی مۆدێڕنی بە تەواو مانا لە بواری هزری و نەزەری و کردارییەوە. بۆیە کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا سەرکەوت، حیزبی دێموکرات بوو بە حیزبی خۆشەویست و ئاڵاهەڵگری گوتاری کۆمەڵگە و وەک جەماوەریترین ڕەوتی سیاسیی نێو ئێران

ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سیاسەتی کورد و بەرگری لە مافە ڕەواکانی ئەو نەتەوەیەدا گێڕا. واقعبینیی سیاسی هاوکات لەگەڵ پێداگری لەسەر ویست و داواکاریە نەتەوەییەکان وەک دیارترین تایبەتمەندی حیزبی دێموکرات لەو قۆناغەدا نموودی پەیدا کرد کە هەتا ئێستاش نەخشەڕێی ئەو حیزبە بووە لە ساتە سەخت و دژوارەکانی ژیانی نەتەوەی کورددا.

تێکەڵبوون بە شۆڕشی گەلانی ئێران، کەوتنە گوفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی نوێ، سازکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان، شکستی دانووستان و شەڕ و بەرگریی چەکداریی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠، شەهیدکرانی ڕێبەرانی مەزنی حیزب؛ قاسملوو و شەرەفکەندی، ئەزموونوەرگرتن لە دابڕانەکانی نێو حیزب، گۆڕانی دروشمی سەرەکی لە خودموختارییەوە بۆ فیدراڵیزم، مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکان، پێکهێنانی ناوەندی هاوکاری، دواتر ناوەندی دیالۆگ و ئێستاش هاوپەیمانیی کوردستانی و گۆڕانکارییەکان لە گوتاری سیاسیی ئەو حیزبە بە پێی هەلومەرج، بایەخدان بە ڕەوتی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆ، نەورۆزە بەشکۆیەکانی کوردستان و بەجەماوەریبوونی سەمبولە کوردییەکان وەک بایەخی نەتەوەیی هەموو ئەو ئەزموونە گرینگانەن کە حیزبی دێموکراتی کردۆتە ئەو حیزبە ئاستبەرزەی کە وێڕای هەموو ئاستەنگەکان توانیویەتی خۆشەویستی نێو دڵی نەوە دوای نەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت و بمێنێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە تێکەڵبوون بە هاوپەیمانییە سەراسەرییەکانی وەک کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، "نهاد همبستگی برای آزادی و برابری" و زۆر کۆڕ و دامەزراوەی سەراسەریی دی لە بەستێنی سیاسیی ئێراندا؛ ڕۆیشتن بە ڕێچکەی قاسملووی مەزن و پێداگری لەسەر واقعبینیی سیاسییە لە سیاسەتی کوردیدا؛ ئەویش لە کاتێکدا حیزبی دێموکرات وەک بەرپرسیارترین حیزبی کوردی هەموو کاتێک لەسەر بنەما نەتەوەییەکان پێداگرە و قەت نەیویستووە خولیای کوردانەی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا کاڵ بێتەوە.

## خەڵکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کورد!

حیزبی دێموکرات وێڕای ئەوەیکە بە درێژایی ٨١ ساڵ خەبات لە سەر خەتی نەتەوەیی و بایەخە نیشتمانیەکان ماوەتەوە، بەردەوام وەک حیزبێکی پێشکەوتنخواز ویستوویەتی نەریتە ناحەزەکانی کۆمەڵگەش بگۆڕێ و بیری لە وڵاتێکی مۆدێرن و سەردەمیانە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەها و بایەخانە کردۆتەوە کە دەستکەوتە بەنرخەکانی مرۆڤایەتین بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد، دادپەروەر و تەندروست. حیزبی دێموکرات پێداگر بووە لە سەر ئەوەی سەروەریی سیاسی بەبێ سەلماندن و چەسپاندنی مافی ژن وەک سووژە و پرسێکی سەربەخۆ دەست نادات. لە باوەڕی حیزبی دێموکراتدا پیاوسالاری دەبێ لە زەینی مرۆڤی کورددا جێ بۆ باوەڕمەندیی شکۆی ژن و لابردنی هەموو ستەمەکان لە سەر ژنان خۆش بکات و لە ڕوانگەیەکی

مرۆڤانەوە بڕواندرێتە بابەت و پرسە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان نە ڕوانگەیەکی تەسکی پیاوانەوە. باوەڕمەندی بە ڕۆڵی هەموو پێکهاتە و ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتی نیشتمانی و بنیاتنانی کوردستانێکی پێگەیشتوو لە داهاتووی سەربەستیدا باوەڕێکی نەگۆڕ و بنەمایی بووە و دەمێنێتەوە. کار و کارنامەی ئەو حیزبە بە درێژایی هەشت دەیە خەبات نیشانی داوە کە حیزبەکەمان بە بەدیهێنانی زۆر دەسکەوتی سیاسی، نەتەوەیی و مێژوویی بە نرخی بەختکردنی گیانی زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدی سەنگەر و، ڕوانگە سیاسی و دەستپێشخەرییە سیاسییەکانی لە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەروا متمانەی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستانی لەپشتە و پشتقایم بەو پێگە و متمانەیە لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دەبێت.

ئێستاش لە دۆخێکدا کە ئێران کەوتۆتە قۆناغێکی جیاوازەوە و کۆماری ئیسلامی ڕێبەرە پێشووەکەی لە دەست داوە و ڕێبەرە نوێیەکەی ناوێک پتر نییە، و لە کاتێکدا دەسەڵات لە جەرگەی شەڕێکی نادیاری دەرەکی و شەڕی لایەنەکانی نێوخۆ بۆ تاپۆکردنی دەسەڵاتدایە، بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وێڕای هەموو زەبروزەنگەکانی دەزگای سەرکوت هەروا لەسەر پێیە. هاوکات بەرهەمی حەولی هەشتا و یەک ساڵەی حیزبی دێموکرات بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی و بەهادان بە ڕۆڵی جەماوەر لە بەرەو پێشبردنی خەباتی نیشتمانی سەرکەوتوو بووە.

لەمڕۆی ساڵوەگەڕی هەشتاویەک ساڵەی تەمەنی حیزبی دێموکراتدا خەباتی فرە ڕەهەندی حیزبەکەمان لە هەموو کاتێک پتر مانای بەخۆیەوە گرتووە، حەولە دیپلۆماتیکەکانی حیزب لەگەڵ لایەنە جیهانیەکان بۆ ناساندنی پرسی کورد و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ئێران بۆ چەسپاندنی مافی سەروەریی سیاسی، خەباتی مەدەنی و خەباتی میدیایی لە ڕێی ئەو خوێنە تازە و لاوانەی گەڕاونەتە دەماریەوە، هەروەها خەباتی پێشمەرگانە بە ئامادەبوونی هێزی پێشمەرگە وەک باسکی بەهێزی گەل ڕەنگدانەوەی ستراتیژی خەباتی چەند ڕەهەندیی حیزبی دێموکراتی ئێرانن.

حیزبی دێموکرات لەم ساتە تایبەت و هەستیارەدا بە باوەڕی قووڵ بە ڕێبازی پڕ شانازی ڕێبەرانی شەهید و سەرجەم شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمان پەیمان نوێ دەکاتەوە لە ڕێبازی نیشتمانیی خۆی لا نەدات و هیچ مووشەکباران و هێرشێکی درۆنی و تەنانەت سەربازییش هەنگاوی پێ شل نەکات و بە متمانە بەخۆییەوە لە حەول بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی بەردەوام دەبێت. هەروەها یادی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی بەرز ڕادەگرێ و خۆڕاگری بنەماڵە و کەسوکاریان بەرز دەنرخێنێ، و لەو پێناوەشدا بە ئەزموونوەرگرتن لە مێژوو حەولی بێوچان دەدات بۆ ڕاگرتنی یەکگرتوویی نێو ڕیزەکانی خۆی و یەکیەتیی نەتەوەیی و هاوپێوەندیی ڕێکخراوەیی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

گەلاوێژی ١٤٠٥

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# حیزبی دێموکرات، ئامانج و ئەرکەکانی لە هەلومەرجی ئێستادا!






ئیبراهیم لاجانی

**ئەم نووسینە سەرەتا باس لە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات، بنەمای سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و ڕوانگە و بۆچوونەکانی بۆ ئێرانی داهاتوو دەکات:**

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکرات کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٦ی

ئاگۆستی ١٩٤٥) بە سەرکردایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا و لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا کۆماری کوردستانی لە مەهاباد ڕاگەیاند، سەر بە بنەماڵەی گەورەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان و ئۆردووگای سۆسیال دێموکراسیی جیهانییە. حیزبی دێموکرات پێی وایە پرسی کورد لە ئێراندا نەک هەر پرسێکی ئەمنییەتی نییە، بگرە بەتەنیا پرسێکی کولتووری و ئابووریش نییە؛ بەڵکوو پرسێکی نەتەوەییە؛ چونکی کورد لە ئێراندا نەتەوەیەکە لە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بێبەش کراوە.

– **پێکهاتەی سیاسیی زاڵ بەسەر ئێراندا،** پێکهاتەی دەوڵەتێکی ناوەندگەرا و تاکنەتەوەییە کە بنەماکەی لە سەردەمی ڕەزاشادا دانراوە و کۆماری ئیسلامییش بە زیادکردنی دیکتاتۆریی ئایینی و ئایدیۆلۆژیک، بە شێوەیەکی زۆر سەرکوتکەرانەتر، هەمان سیستەمی بەرهەمهێناوەتەوە. هەتا ئەوکاتەش ئەم پێکهاتە ناوەندگەرا و تاکنەتەوەییە بەرقەرار بێت، هەر حکوومەتێک لە تاران بە هەر ناوێک و بە هەر ئایدیۆلۆژییەک دەسەلات بگرێتە دەست؛ ستەمی نەتەوەیی دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە و کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا بێچارەسەر دەمێنێتەوە. ئەزموونی سەدەی ڕابردوو، چەندین جار ڕاستیی ئەم حوکمەی سەلماندووە.

– **هۆکاری سەرەکیی مانەوەی حکوومەتە ناوەندگەراکان لە ئێراندا،** بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانی مەشرووعییەت و بنکەی جەماوەریی سنووردارییان لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا، بە شێوەی سەرەکی زەبروزەنگ و سەرکوتی ڕێکخراو بووە. پارێزەری سەرەکیی کۆماری ئیسلامییش لە کوردستان، سپای پاسداران و دامودەزگا ئیتلاعاتی–ئەمنییەتییەکان و تۆڕی بەرفراوانی دەزگا سەرکوتکەرەکانن لە ناوچەکەدا. دەسەلات لە ڕێگەی ئەم هێزانەوە بەتوندی بزووتنەوەی نەتەوەیی و سیاسیی کوردی سەرکوت کردووە.

– **گواستنەوەی ئێران بۆ دێموکراسی بەبێ چارەسەری دێموکراتیکی کێشەی نەتەوەیی مەحاڵە؛** هەروەها جێبەجێبوونی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا، بەبێ جێگیربوونی دێموکراسی لە هەموو وڵاتدا مەحاڵ دەبێت. ئەم دووانە دوو ڕووی یەک ڕاستیین و دروشمی مێژوویی حیزب -دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان- کە ئێستا بۆتە فیدراڵیزم دەربڕینی کورتکراوەی ئەم پەیوەندییە دیالیکتیکییەیە.

– **لە بارودۆخێکدا دەسەڵات مافی چالاکیی سیاسی و تەنانەت سینفیشی لە خەڵک سەندووەتەوە،** خەبات و بەرەنگاریی مەدەنی، مانگرتنی گشتی، سەرپێچیی مەدەنی و ڕێکخستنی کۆمەڵگای مەدەنی، سەرەکیترین شێوەکانی خەباتی ئێمە پێک دەهێنن. حیزب، لە ڕێگەی خەباتی سیاسی و مەدەنی و پشتبەستن بە هێزی ڕێکخراوی خەڵکەوە، بۆ ڕووخانی کۆماری

ئیسلامی و گواستنەوە بۆ سیستەمێکی دێموکراتیک کار دەکات.

- **لە بەرامبەر توندوتیژیی حکوومەتیدا**، حیزب مافی ڕەوای بەرگریکردن لە خۆی و بەرگریکردن لە مان و مەوجودیەتی گەلی کورد - مافێک کە لە یاسا و عورفی نێودەوڵەتیدا دانی پێدانراوە - بۆ خۆی بە مافێکی ڕەوا دەزانێت. هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی بەرگریکار لە خەڵکە؛ نەک ئامرازی شەڕ و برەوپێدانی توندوتیژی.

– **چارەسەری ئێمە بۆ کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا**، سیستەمێکی ناناوەندی و فیدراڵە کە لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی ئێراندا، خودموختاری/خۆبەڕێوەبەریی کوردستان بە پەرلەمان و دامودەزگا هەڵبژێردراوە خۆجێیەکان، دەسەڵاتی یاسایی ڕوون و ڕەسمیبوونی زمانی کوردی، دەستەبەر بکات.

– **حیزب پابەندی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان** وەک مافێکی بنەڕەتی و دانپێدانراوە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا. لە بارودۆخی ئێستادا بەکارهێنانی ئەم مافە لە شێوەی پێکەوەژیانی خۆویستانە و یەکسانی نەتەوەکانی ئێران لە سیستەمێکی فیدراڵی دێموکراتیکدا دەبینێت.

– **حیزب داوای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەکات.** ئایین بابەتێکە پەیوەست بە ویژدانی تاکەکەسی، و حکوومەت دەبێت بەرامبەر هەموو ئایین و مەزهەبەکان و هەروەها بەرامبەر بێئایینی، بێلایەن بێت. ئازادیی بیروباوەڕ بۆ هەموو ئایین و ئایینزاکان و کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان دەبێت دەستەبەر بکرێت.

– **یەکسانیی تەواوی یاسایی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا**، نەهێشتنی هەر جۆرە ستەم و جیاوازییەکی ڕەگەزی، و بەشداریی یەکسانی ژنان لە دامودەزگا بڕیاردەرەکاندا، لە بنەما نەگۆڕەکانی بەرنامەی ئێمەن. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە ناخی بزووتنەوەی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە و بوو بە دروشمی سەرانسەریی ئێران و جیهان، ڕەگ و ڕیشەی هەر لەو نەریتەدایە.

– **حیزب داوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات:** مافی کار، مافی ڕێکخراوبوون و مانگرتن بۆ کرێکاران و مامۆستایان و پەرستاران، بیمە و دڵنیایی کۆمەڵایەتیی گشتگیر، خوێندن و چارەسەری خۆڕایی، و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی بەئەنقەستی گەشەنەکردنی کوردستان، پاراستنی ژینگەی کوردستان، لە دارستانەکانی بەڕووەوە تا سەرچاوەکانی ئاو، بەشێکی دانەبڕاوی ئەم بەرنامەیەیە.

- **خەباتی ئێمە لە کوردستان و ئێران بۆ چێکردنی دەسەڵاتێکە** جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە پێوەندیدارەکانی، بنەمای یاسادانان بن؛ ئێرانێکی دێموکراتیک، فیدراڵ، سێکولار و فرەڕەنگ و فرەفەرهەنگ، و کوردستانێکی خودموختار و ئازاد کە خەڵکەکەی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. ئەمە، هەمان ئەو ئامانجەیە قازی محەممەد لە پێناویدا گیانی بەخت کرد، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەن و د. سادق شەرەفکەندی لە بەرلین گیانیان لەسەر نا، و هەزاران پێشمەرگە و تێکۆشەری کورد لە ڕێگای ئەودا قوربانییان داوە.

**لە بارودۆخی ئێستاشدا ئەرکەکانمان بەمجۆرە پێناسە دەکەین:**

- **ئەمڕۆ کە نیزیک لە پێنج دەیە** بەسەر جێگیربوونی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێت، ئەم سیستەمە نەک هەر هیچکام لە ئامانجەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانی جێبەجێ نەکردووە، بەڵکوو بە تێکەڵکردنی دیکتاتۆریی ئایینی و ناوەندگەراییەکی توندڕەو، ئێرانی کردووە بە یەکێک لە پڕقەیرانترین وڵاتانی ناوچەکە و کوردستانی گۆڕیوە بۆ یەکێک لە سەربازیترین ناوچەکانی وڵات.

- **کۆماری ئیسلامی، بە پشتبەستن بە سپای پاسداران،** وەزارەتی ئیتلاعات، ئیتلاعاتی سپا و دەزگای دادوەریی فەرمانبەردار، کوردستانی کردووە بە ناوچەیەکی داگیرکراو و ئەمنییەتی: بەرزترین ئاماری لەسێدارەدان، زۆرترین ژمارەی زیندانیی سیاسی بە بەراورد دەگەڵ دانیشتووان، کوشتن و گرتن و ڕاونانی خەڵک، و قەدەغەکردنی تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی و خوێندن بە زمانی دایک، ڕوخساری ئاشکرای ئەم سیاسەتەن.

- **سەرەڕای هەموو ئەم سەرکوتە،** کۆمەڵگەی کوردستان لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە ڕووی وشیاریی نەتەوەیی و دێموکراتیکەوە گەشەیەکی بەرچاوی کردووە. نەوەی نوێی کورد، سەرەڕای هەموو ئەو سەرکوت و زەبروزەنگەی لەسەریەتی، تۆڕێکی بەرفراوان لە ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان، خولە پەروەردەییەکانی زمانی کوردی، ڕێکخراوە سینفییەکانی مامۆستایان، چالاکانی کرێکاری، پارێزەرانی ژینگە، مافناسان و چالاکانی دیجیتاڵی دروست کردووە.

- **بە درێژایی هەموو سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، خەڵکی کوردستان ساتێک لە بەرەنگاری نەوەستاون:** لە بەرەنگاریی مێژوویی ساڵی ١٣٥٨ لە بەرامبەر فەتوای جیهاد و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان، تا مانگرتنە گشتییە سەرانسەرییەکان، تا ڕۆڵی پێشەنگی کوردستان لە ڕاپەڕینی ژینا لە ساڵی ١٤٠١دا کە بە گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد و دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»ی بۆ ئێران و جیهان برد. سەرکوتی خوێناویی سنە، سەقز، مەهاباد،

بۆکان، جوانڕۆ، پیرانشار و شنۆ، و مووشەکبارانی بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستان لە هەرێمی کوردستاندا، نیشانی دا کە دەسەڵات جگە لە زمانی گولله هیچ وەڵامێکی بۆ کوردستان نییە.

– **داواکاریی خەڵک ڕوونە:** کرێکاران داوای مافی ڕێکخراوبوون و کرێی دادپەروەرانە دەکەن؛ کۆڵبەران داوای کاری بەڕێز لە جیاتی مردن لە تێپەڕگە سنوورییەکان؛ مامۆستایان داوای خوێندن بە زمانی دایک و بژێوییەکی شایستە؛ ژنان داوای یەکسانیی تەواو و ئازادیی جلوبەرگ؛ خێزانەکانی زیندانییانی سیاسی داوای ڕاگرتنی لەسێدارەدان؛ و گەلی کورد بە گشتی داوای دانپێدانان بە ناسنامە و مافە نەتەوەییەکانی خۆی. جێبەجێبوونی ئەم داواکارییانە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا مەحاڵە.

– **ئەزموونی چوار دەیە نیشانی داوە لە ژێر سێبەری ئەم دەسەڵاتەدا،** ئەگەری ڕێکخستنی ئاشکرا و یاسایی خەڵک تەنانەت لە دامودەزگا سینفییەکانیشدا نییە. بەڵام ئەزموونی درەوشاوەی کوردستان - لە شوڕاکانی خەڵکی لەساڵانی سەرەتای شۆڕشەوە تا مانگرتنە گشتییە ڕێکوپێک و سەرانسەرییەکان لە ڕاپەڕینی ١٤٠١دا - سەلماندوویەتی کە خەڵکی ڕێکخراو دەتوانن لە جەرگەی سەرکوتیشدا دامودەزگای بەرەنگاری دروست بکەن. کوردستان، ڕێکخراوترین کۆمەڵگای مەدەنیی بەرەنگاری لە ئێراندا پێک هێناوە.

– **لە بارودۆخی ئێستادا، هەنگاوی یەکەم بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن،** کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام ئەم سەرکەوتنە تەنیا کاتێک دەستەبەرکراو دەبێت کە لە جیاتی ئەم سیستەمە، پێکهاتەیەکی ناناوەندی، فیدراڵ، سێکولار و دێموکراتیک دابمەزرێت. جێگرتنەوەی دیکتاتۆرییەکی ناوەندی بە دیکتاتۆرییەکی ناوەندیی جۆرێکی دیکە، دووبارەکردنەوەی هەمان کارەساتە.

– **ئێمە بۆ ئێرانێک خەبات دەکەین کە تێیدا مافی بەهرەمەندبوون لە** «نان، کار، خانوو، ئازادی و ناسنامەی نەتەوەیی» دەستەبەر کرابێت؛ سیستەمێک کە زنجیرەکانی سەرکوت لە پێی کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان، نەتەوە ژێرستەمەکان و کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان بکاتەوە و سامان و سەرچاوەکانی وڵات لە خزمەتی ئاسوودەیی و ئازادیی هەموو خەڵکدا بەکار بهێنێت.

چارەنووسی داهاتووی ئێران بەوەوە بەندە کە ئایا هێزە دێموکراتەکانی ئەم وڵاتە دەتوانن بەسەر ناوەندگەراییی مێژووییدا زاڵ بن و ئێرانێکی فرەنەتەوە، فرەزمان و فرەکولتوور لەسەر بنەمای ڕەزامەندی و بەشداریی خۆویستانەی هەموو

نەتەوەکانی بنیات بنێنەوە یان نا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ، وەڵامی خۆی داوەتەوە: دێموکراسی بۆ ئێران، دابین و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک و فیدراڵ و سێکولاردا.

– بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گواستنەوە بۆ دێموکراسی لە ئێراندا بەبێ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی مەحاڵە، و بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی پێشەنگی کوردستان لە بزووتنەوەی سەرانسەریدا،

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی وایە:

ئەلف؛ بەهێزکردن و بەرفراوانکردنی ڕێکخستنی مەدەنی و سیاسی لە نێوخۆی کوردستاندا، بە شێوەی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئەمنییەتی، یەکەم ئەرکە. ڕێکخراوبوون، مەرجی مانەوە و مەرجی کاریگەرییە.

ب؛ یەکیەتی و هەماهەنگیی حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێویستییەکی مێژووییە، نەک تاکتیکێکی کاتی. پەرتوبڵاوی، گەورەترین کەلێنە کە دوژمن بەدژی کوردستان کەڵکی لێوەردەگرێ.

ج؛ هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دێموکراتیک و فیدراڵخوازەکانی سەرانسەریی ئێران و لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لەسەر بنەمای بنچینە ڕوونەکان و پەسەندکردنی مافە نەتەوەییەکان، دەبێت بە جدییەت کار و خەباتی بۆ بکرێ. هەر جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ئەو هێزانەی کە کێشەی نەتەوەیی نکۆڵی لێ دەکەن یان بۆ «دوای گواستنەوە» دوای دەخەن، بێ پاساوە.

د؛ دیپلۆماسی و کاری نێودەوڵەتی - لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامودەزگا مافیمرۆڤییەکانەوە تا پەرلەمانەکان و حیزبە هاوسۆزەکانی ئەوروپا و ئەمریکا - ئامرازێکی جدییە بۆ خستنەڕووی کێشەی کورد و ئاشکراکردنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا. ئەوە دەبێت بەرفراوان بکرێت.

ه؛ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەک هێزی بەرگریکار لە خەڵک و دەستەبەرکەری ئاسایشیان لە بەرامبەر توندوتیژیی دەوڵەتیدا، دەبێت بپارێزرێت، ڕێکبخرێت و ئامادە ڕابگیرێت.

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# مستەفا مەولوودی: لەگەڵ هەموو ئامادەکارییەک هاوکات لە دەرفەتی گونجاو و لەبار دەگەڕێین




**ئاماژە:**

ڕۆژنامەی 'THE AMARGI' لە حەوتووی ڕابردوودا وتووێژێکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو کردەوە. لەو وتووێژەدا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری ڕۆژەڤی پێوەندیدار بە دۆخی ئێستای خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داوەتەوە. "کوردستان" پوختە و کاکڵی وەڵامی کاک مستەفا بە ڕۆژین موکریانی، ڕۆژنامەنووسی'THE AMARGI' ی بۆ خوێنەرانی گواستووەتەوە:

**پرسیار**: کاردانەوەی حیزبی دێموکرات لە هەمبەر هێرشەکانی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە هەرێمی کوردستان؟

**مستەفا مەولوودی**: پێشمەرگەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەک لەوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارودۆخی ئێستادا لە حاڵەتی خۆپارێزی دان؛ ئەویش هۆکارەکەی بۆ هەلومەرجی تایبەتیی هەرێمی کوردستان و شوێنی مانەوە و نیشتەجێبوونیان دەگەڕێتەوە کە زۆر سنووردارە. بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغەکەش ئەو دەرفەتە نییە جێگۆڕکێ بە پێشمەرگەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان بکرێت؛ بۆیە هەرچەندە پێشمەرگە لە

حاڵەتی خۆپارێزیدا وردبین و کارامە بێت. هەڵکەوتەی شوێن و ڕۆوجێیەک کە هەمانە، سەرەڕای هەموو خۆپارێزییەک، تووشی خەسار بووین و شەهیدیشمان داوە.

بەڕێزت دەبێت بزانێت، کاردانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی سیاسی-نیزامی، سەربەخۆ و ڕەها نییە کە پێشمەرگە چی پێ خۆش بوو ئەوە بکات. جووڵەی پێشمەرگە لەژێر کاریگەریی هەڵسەنگاندن، لێکدانەوە و بڕیاری سیاسیی حیزبە. حیزبیش لە هەرێمی کوردستان ڕا ناکرێت ئەوجۆرەی پێویستە و دەخوازێت کاردانەوەی هەبێت و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و ئەمنییەتی هەرێمی کوردستان توانای جووڵە و مانۆڕدانی سنووردارە. ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەگەر ناچار بە مانەوە بین، دەبێت ڕەچاوی سیاسەتی هەرێمی کوردستانیش بکەین و ئەوە پرەنسیپ و ڕێوشوێنێکی سیاسی و ئەمنییەتییە. هەڵسووڕانی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە پارتیزانی و جووڵەکردنی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ نێوخۆ خۆی کێشەی یاسایی و ئەمنییەتی هەیە. بۆیە ئێمە لامان وایە هێشتا ئەو دەرفەتە بۆ ئێمە دەستی نەداوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە دەستمان لەسەر دەست دانابێت و پلان و خۆڕێکخستنی خۆمان نەبێت.

**پرسیار**: **کاریگەریی ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق لەسەر جموجۆڵە مەیدانییەکانی حیزب؟**

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە لە عێراق و باشووری کوردستانین و دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان ناکەین. بە پێی ڕێککەوتنی ئەمنییەتیی ساڵی ٢٠٢٣ی نێوان حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران جووڵەی مەیدانیی پێشمەرگەی حیزبەکان زۆر سنووردار کراوە. لەم ڕووەوە دەرەتانی ئێمە سنووردارە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری یاساییەوە گوشار لەسەر حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دروست دەکەین بەڵکوو پابەندییەک بۆ حکوومەتی ئێران دروست بکرێت. ئەوەی ڕوونە ئەمەیە کە ئەوە کۆماری ئیسلامییە ڕێککەوتن و پابەندییەکانی پێشێل کردووە و دەستدرێژیی کردووەتە سەر خاک و سەروەریی سیاسیی حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان. بەڵام بێتوو ڕێژیم ئەو پابەندییە ڕەچاو نەکات و لە هێرشەکانی بەردەوام بێت، بەرگریی ڕەوا مافی ئێمەیە و سرووشتییە ئێمەش بە جیددی بەرهەڵستی سیاسەت و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بینەوە.

**پرسیار**: **پێویستیی هێزی پێشمەرگە لە ئێستادا چییە، لە کاتێکدا خەباتی چەکداری ڕاگیراوە؟**

**مستەفا مەولوودی**: پێشمەرگە لە بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورددا، هێزێکی چەکداری بە بیر و باوەڕی سیاسییە کە لە پێناو بەدیهێنانی ماف و ویستە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوە و نیشتمان

تێدەکۆشێت. یاسا و ڕێسا و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیش دان بەو هێزە سیاسییە چەکدارانە دادەنێن کە لە پێناو بەرگری لە ماف و ویستە ڕەواکانی نەتەوەکەیان تێدەکۆشن. لە مێژووی جووڵانەوەی کوردستاندا، پێشمەرگە دەور و کاریگەریی گرینگ و شوێندانەری بووە. مێژووی جووڵانەوەی کوردستان بەبێ دەور و کاریگەریی هێزی پێشمەرگە بۆشاییەکی گەورەیە. لە ڕاستیدا پێشمەرگە و خەبات و تێکۆشان لە کوردستان وەها ئاوێتەی یەکتری بوون کە جیاکردنەوە و کێشانی سنوور لە نێوانیاندا، زۆر ئاستەمە و هەر ناکرێت. مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و ناوی پێشمەرگە، دووانەی لێک دانەبڕاون و پێشمەرگە هەڵقووڵاوی لووتکەی ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کوردە و ئەو هێزە لە بوێرترین و بەباوەڕمەندترین ڕۆڵەکانی نیشتمان پێک هاتووە و بووەتە بەشێک لە مێژووی بیرەوەریی بەکۆمەڵی نەتەوەکەمان. پێشمەرگە لە مێژووی کورددا بووەتە پێناسە و هێمایەک بۆ وێناکردنی نیشتماندۆستی و نیشتمانپارێزی؛ تەنانەت ئەگەر چاو لە نەوەی نوێی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، دەبینین ئەو جۆرە جلوبەرگەی بووەتە سیمبولی خەباتی مەدەنی و بەگژداچوونەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم هەر هەمان جلی خاکی و بەرگی پێشمەرگەکانە و تەنانەت لەسەر لەبەرکردنی زۆر جار دەگیرێن و دەخرێنە ژێر گوشارەوە، بەڵام ئەوان ئامادەن هەموو ئەو تێچووانە بدەن بۆوەی بڵێن ڕوحی خەباتکاری و پێشمەرگەبوون لە ناخیاندایە و بەوە دەریدەبڕن. بۆیە بوونی پێشمەرگە وەک پارێزەری کۆمەڵی کوردەواری و وەک هێزی پاراستنی ئەمنییەت و سەقامگیریی نیشتمان، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و بوونیان، ویست و پێویستییەکی بێ ئەولاوئەملایە. خۆ ئەگەر ئێستاش لەبەر ئەو هەلومەرجە تایبەتی و قۆناغە هەستیارەی تێی کەوتووین پێشمەرگە وەک پێویست دەوری مەیدانیی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات نییە، بەڵام دیسانەکەش بوونە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی، نیشتمانی و لەپێناو پاراستنی خەڵک و وڵات پێویستە. لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیارێتی و ڕەسالەتی پێشمەرگە، بەهۆی بارودۆخی تایبەت بە خۆی، زۆر قووڵتر، گرینگتر و هەستیارانەتریشە. شەڕ لە قامووسی پێشمەرگانەدا، کاتێک دێتە ئاراوە کە بەشێوەیەک بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەوێتە مەترسییەوە و شەڕ کۆتا ڕێگەی چارەسەری، پاراستن و بەرگریی ڕەوا بێت. بۆیە هەڵسووڕانی سنووورداری ئێستای هێزی پێشمەرگە بە مانای ناچالاکبوون یان وازهێنان لە تێکۆشانی پێشمەرگانە نییە و هەرکەسیش وا بیر بکاتەوە بەرانبەر بە خەڵک، نیشتمان و ویستەکانی خەڵک بە هەڵە چووە.

**پرسیار**: ئایا حیزب هەر چاوەڕێی دەرفەتە یان لە فکری خولقاندنی دەرفەتدا؟

**مستەفا مەولوودی**: دەرفەت زۆر گرینگە و ئەگەر بێتە ئاراوە بە دڵنیاییەوە بەباشی دەیقۆزینەوە. لە ڕاستیدا ئەوانەی بۆ ئامانجی گەورە و ڕەوا شەڕی گەورە دەکەن، لەگەڵ هەموو ئامادەکارییەک دیسان لە دەرفەتی گونجاو و لەبار دەگەڕێن. ئێمەش هەر واین، چاو و گوێ کراوە، ڕووداو و پێشهاتەکان لەژێر چاوەدێری دەگرین؛ پێداویستییەکان و کەرەستە و

ئیمکانات دابین دەکەین و بەستێنی تێکۆشان و کارکردنمان دروست دەکەین و بەدڵنیاییەوە لە دەرفەتی گونجاودا، ئیقدام دەکەین.

**پرسیار**: ئایا ئەم شەڕە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی لاوازتر کردەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: پێش هەموو شتێک حیزبە سیاسییەکان هەتا ئێستا بەشداری ئەو شەڕە نەبوون هەتا بزانین حیزبەکان لاواز بوون یان بەهێز. بە پێچەوانەوە، ئەو شەڕە دەریخست کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، کاریگەری و شوێندانەری زۆریان هەیە. حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەرچەند بە زۆر هۆکار لە شەڕەکەدا بەشدار نەبوون بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو چەند مانگەدا بە شێوازی جۆراوجۆر و هێرشی مووشەکی و درۆن بەردەوام پەلاماری داون و ئەوەش نیشانەی پێگەی بەهێزی ئەو هێزانەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئاوا هەراسان کردووە. ڕێژیم باش دەزانێ کۆمەڵی کوردەواری، چین و توێژە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی شەقامی کوردی، چاویان لە قسە، بۆچوون، لێکدانەوە و ڕێنماییەکانی حیزبە کوردییەکانە و ئەو حیزبانە بە نوێنەری خۆیان دەزانن. لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بزوێنەری جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرانبەر بەو ڕێژیمە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و هەن. بەتایبەتی لەو قۆناغە هەستیارانەدا و لەکاتێکدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دڕەندەتر لە هەموو مێژووی ژیانی سیاسیی خۆیدا بووە، شەقامی کوردی زۆر زیاتر لە ڕابردوو، بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی و ڕێنوێنی بۆ جۆری کار و تێکۆشان، لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر هێڵن. ئەوەش نەک هەر ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانییەیە کە دەڵێن حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لاواز بوون، بەڵکوو پێچەوانە ئاماژە ڕوونەکان بۆ ئەو ڕاستییەن کە ئەو حیزبانە لە زۆر بوار و چەشنەوە زۆر بەهێزتر لە جاران بوون.


هەر لەو پێوەندییەدا ئەوەش بڵێم کە ئەو ڕێژیمە لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا بۆ دابڕاندنی پێوەندییەکانی خەڵک لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پلان و پیلانی فرەچەشنی بووە، بەڵام هەر لە خۆتان دەپرسم پێتان وایە لەو بوارەدا سەرکەوتوو بووە؟ هیوادارم ئێوە لە ڕێگەی گونجاو و بە کەرەستەی سەردەمیانە، بتوانن وەڵامی ئەو دوو پرسیارە هەر لە شەقامەکانی کوردستان وەربگرن، بەڵام ئەمن بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەو ڕێژیمە سەرەڕای دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بەرچاو، هێزی مرۆیی بەربڵاو، دەزگای پرۆپاگەندەی میدیایی بەهێز، سەدان پیلانی سیخوڕی، شانتاژ و تەنانەت چەواشەکردنی ڕەوایەت و چیرۆکەکان، نەیتوانیوە ئەوگری و ویستی خەڵک بە حیزبەکانیان کەم بکاتەوە یان بە لاڕێیدا بەرێت. خەڵکی کوردستان ئەگەر لەسەر سیاسەت و کردەوەی حیزبەکان ڕەخنەشیان هەبێ، ئەوە بە پلەی یەکەم بە مانای لەسەرڕێ بوون و زیندوویی ئەو کۆمەڵگەیەیە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. چونکی هەر بەو پێیە دیسان هەر

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

**چاویان لە حیزبەکانە بۆ بردنە پێشی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و هەر ئەو زیندوویەتییە و ئاوێتەبوونی حیزبەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە بووەتە هۆی وشیاریی بەرزتر و سیاسیتربوونی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەنیسبەت سەرجەم دانیشتووانی دیکەی ئێران. ئازایەتی و وشیاریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بوونی ئەو حیزبانە بە ئاراستەکردن و دیاریکردنی هێڵەکانی چالاکی، تێکۆشان لەمەڕ ئامانجە بالاکان، نەتەنیا نیشاندەری لاوازی نییە، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ بەهێزی، پڕ ئەزموونی، زیندوویەتیی سیاسی و بەرۆژبوونەوەی چەشن و جۆری کار و تێکۆشان و لە ئەوانەش گرینگتر، هاوئاهەنگیی زۆرباش و پۆزەتیڤی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ حیزبەکان.**

**١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

# حیزبی دێموکراتی کوردستان و گوتاری نەتەوەیی





عومەر باڵەکی

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ دەنێتە هەشتا و یەکەمین ساڵی تەمەنی خۆی. دوای هەشتا و یەک ساڵ خەبات و قوربانیدانی بێ‌پسانەوەی لە‌پێناو وەدەستخستنەوەی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبینین ئێستاش ئەو حیزبە بە هەمان گوڕوتینی ڕۆژی دامەزراندنی لە مەیدانی تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددایە.

بەپێی هەموو بەڵگەکانی بەردەست دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمدا لەسەر بنەماکانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژێ – کاف و بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد پێویستییەکی مێژوویی بوو. کە دەگوترێ پێویستییەکی مێژوویی، بەو مانایە کە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکدا بوو کە جووڵانەوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە توندترین شێوە سەرکوت کرابوون و کەشوهەوایەکی نائومێدی باڵی بەسەر پانتایی کوردستانی گەورەدا کێشابوو. لە هەمان کاتدا لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی دیکتاتۆریی پەهلەویدا بە ڕەچاوکردنی توندوتیژییەکی لەڕادەبەدەر دەرحەق بە گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورد، نیزامی سیاسیی زاڵ بە سەر وڵات هەوڵی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێران دەدا؛ واتە تواندنەوەی کولتوور و فەرهەنگ و زمان و مێژووی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەی باڵادەست و دەسەڵاتداردا، و بە قسەی خۆیان پێکهێنانی ئێرانێکی یەکپارچە لەسەر بنەمای یەک زمان و یەک نەتەوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم هەنگاودا پەرچەکردارێکی شوناسخوازیی نەتەوەیی بوو لە بەرانبەر سیاسەتی تواندنەوەی شوناسی نەتەوەکان لە نەتەوەی باڵادەستدا. لە هەمان کاتدا دامەزرانی حیزب بە شێوەی مودێرن و سەردەمیانە کە بتوانێت ڕێبەریی جووڵانەوەی نەتەوەیی بکات، کۆتایی بە بزووتنەوە پەرشوبڵاوەکانی نەتەوەی کورد لە پانتایی کوردستان هێنا و گوتاری نەتەوەیی و یەکگرتووی کوردی بە هیماکانی وەک: «ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، دیاریکردنی بڕیاردان لە مافی چارەنووس وەک ستراتیژیی درێژخایەنی خۆی، دامەزراندنی سوپای میللی بە نازناوی پێشمەرگە، بەڕەسمیکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانە و ئیداراتی دەوڵەتی...» بێنێتە نێو فەرهەنگ و کولتووری سیاسی و خەباتگێڕیی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

هەموو ئەوانەش بە دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەکردەوە جێبەجێ کران. ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆوەی گوتاری نەتەوەیی لە نێو هۆز و عەشیرەت و ناوچەیەکی بەرتەسکی جوگرافییەوە بگوازێتەوە بۆ پانتایی هەموو کوردستان و بەتایبەتی بۆ نێو شار و چینی مامناوەندی کۆمەڵگەی کوردەواری، و ئەوە بوو بەو هۆکارەی کە ڕووناکبیران و خوێندەوارانی دڵسۆزی نیشتمان تێکەڵ بە بزاڤی مافخوازانەی گەلی کورد ببن و لە هەمان کاتدا مەیدانی ئەوەیان بۆ ڕەخسا بێنە نێو کۆڕی ڕێبەریکردنی ئەو جووڵانەوەیە.

یەکێکی دیکە لە پێویستییەکانی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان ئاشنا بە دنیای مودێرن و پێشکەوتووی ئەو سەردەمە بکات، بەتایبەتی لە بواری بەڕێوەبردنی وڵات یا حیزب بە شێوازی ڕێبەریی بەکۆمەڵ. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دا پرسی نەتەوەیی گرێ بدات بە

جێگیرکردنی پرەنسیپەکانی دێموکراسی لەنێو حیزب و کۆمەڵگەدا، کە لەو سەردەمدا یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. بە واتایەکی دیکە، جێگیرکردنی ئەو پرەنسیپانە لەنێو حیزب و کۆمەڵگەدا لە دوارۆژدا ڕێگەی خۆش کرد بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و بەشداریکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ئیدارەدانی کوردستاندا لەو قۆناغانەی کوردستان ئازاد و لەژێر دەسەڵاتی خەڵکدا بوو، یا لە ئیدارەدانی نێوخۆی حیزب کە ڕێبەریی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردی کەوتبووە سەر شان.

بەو هۆکارانەی سەرەوە باسمان کرد، دەتوانین بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی شوناسێکی سەردەمیانە و هەمەلایەنە بە جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد ببەخشێت؛ بە چەشنێک کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان خۆیان تێدا دەدیتەوە. ئەوەش لە ماوەی هەشتا و یەک ساڵی ڕابردوودا بووەتە ڕەمزی مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان. واتە پشتیوانیی هەراوی خەڵکی کوردستان لە ماوەی هەشتا و یەک ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی حیزبی دێموکرات هەروا بەهێز ڕابگرێت و لە گەردەلوولی ڕووداوەکان بیپارێزێت، بە چەشنێک کە لە هەشتا و یەک ساڵەی دامەزرانیدا ئێستاش حیزبی دێموکرات، حیزبی پێشەنگی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئەگەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی هەشتا و یەک ساڵی ڕابردوودا پشتیوانیی هەمەلایەنەیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکردبایە و حیزبیان بە ئی خۆیان نەزانیبا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ماوەیەدا کە بە دژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی -کە هەتا سەر ئێسقان دوژمنی سوێندخواردووی گەلی کورد بوون و هەن- خەبات و بەربەرەکانیی کردووە و دەیان کارەساتی گەورەی بەسەر هاتووە، دەبوایە ئەو حیزبە لێک هەڵوەشابایەوە و ئاسەواری نەمابایە. کارەساتگەلێکی وەک: «ڕووخانی کۆماری کوردستان، لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی، هێرشی بەربڵاوی دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵەکانی ٣٢ و ٣٨ی هەتاوی و تێکشکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧، داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، شەهیدبوونی زیاتر لە پێنج هەزار کادر و پێشمەرگە و شەهیدبوونی زیاتر لە ٣٠ ئەندامی ڕێبەریی حیزب و تیرۆرکردنی د. قاسملوو و شەرەفکەندی و چەندین جاران بۆمباران و مووشەکبارانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی ئاشکرای حیزب لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە و دەیان کارەساتی دوژمنکارانەی دیکەی حکوومەتەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و...». بەڵام دەبینین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سووربوون لەسەر درێژەدانی خەبات و پشتیوانیی بەربەرینی خەڵکی کوردستان و ئازایەتی و لەخۆبوردوویی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ئاشکرا و نهێنیی حیزب، وای کردووە پێگەی سیاسی و جەماوەریی ئەو حیزبە ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دنیای دەرەوەش بەهێزتر لە جاران خۆی دەربخات.

گەلاوێژی ٢٧٢٦

ئەووەش تەنیا قسەیەک نییە بۆ دڵخۆشی، بەڵکوو سەرچاوەگرتوو لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستانە. لە ساڵی ١٤٠١ لە ڕاپەڕینی ژینادا کە سەرانسەری ئێران و کوردستانی گرتەوە، لە کوردستان هێما نەتەوەییەکان - کە حیزبی دێموکراتی کوردستان داهێنەر و لە پەرەگرتن و گەشەکردنیاندا ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە- بوونە سەمبۆلی نارەزایەتییەکان و درووشمی «قاسملوو قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە» بوو بە دروشمی زۆربەی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردستان. ئەوە تەنیا دروشمێک نەبوو، بەڵکوو سەلماندنی ئەو ڕاستییە بوو کە بیر و هزری قاسملوو، کە هەمان ڕێگا و ڕێبازی حیزبی دێموکراتە؛ دوای چەندین دەیە دەم بە دەم گەشەی کردووە و نەوە دوای نەوە هاتووە و ئێستا لە شەقامەکانی کوردستاندا دەنگ دەداتەوە.

یاخود بەخاکسپاردنی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بە ئاڵای کوردستان و هێماکانی حیزب، نیشانەی بوونی حیزبی دێموکراتە لە ناخی کۆمەڵگەی کوردستاندا، یا لە نەورۆزی ١٤٠٤ی هەتاویدا کە بە «نەورۆزی خاکیپۆشان» ناوی دەرکرد، خەڵکی کوردستان بە پۆشینی جلی خاکی پەیامێکی ڕاستەوخۆیان دا بە دەسەڵاتدارانی تاران کە پێشمەرگە هەڵگری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانن و پێشمەرگە کوڕ و کچی ئەو نیشتمانەن و بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی گەل تێدەکۆشن و پارێزگاری لە مان و مەوجودییەتی گەلی کورد دەکەن.

هەموو ئەوانەی باس کران بەڵگەن لەسەر ئەوەی بیر و هزری حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانە، هەر بۆیە لە ماوەی هەشتا و یەک ساڵی ڕابردوودا لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا هەر بە زیندوویی ماوەتەوە. لە هەمان کاتدا گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات بۆ نەوە لە دوای نەوە بووەتە هێزێکی بزوێنەر،

**بە چەشنێک کە ڕەوڕەوەی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەو هەشتا و یەک ساڵەی ڕابردوودا لە سووڕان نەکەوتووە و درێژەی بە حەیاتی خۆی داوە. بەو پشتیوانییە بەربەرینەی خەڵکی کوردستان، ئەو خەباتە هەتا لووتکەی سەرکەوتن و وەدیهاتنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەردەوام دەبێت.**

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# گۆڕانی جەوهەری شەڕ؛ لە سڕینەوەی ئیسرائیلەوە هەتا شەڕ لەگەڵ عەرەب





ڕەحمان سەلیمی

سڕینەوەی ئیسرائیل و دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی لە ماوەی پێنج دەیەی ڕابردوودا لە دروشمە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بوون؛ تەنانەت دانانی ڕۆژژمێری فەوتان و بەفەناچوونی ئیسرائیل وەک بەرجەستەبوونی ویستی ڕێبەرانی ڕژێم لە پایتەختی ئێرانیشدا، بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕای گشتیی عەرەبی و ئیسلامیی لەگەڵ سیاسەتە دژەئیسرائیلییەکانی کۆماری ئیسلامیدا هاوڕێ کردبوو. بەکارهێنانی چەمک و دەستەواژەی وەک «تۆوی خراپەکاری»، «گرێی شێرپەنجەیی»،

«داگیرکەر» و ... لەلایەن ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی و دەزگاکانی پڕوپاگەندەی ڕێژیمەوە بەڕواڵەت بۆ داکۆکیکردن لە گەلی فەلەستین، پاساوەدەری سیاسەتە هەرێمی و تەماحکارییە سەربازییەکانی ڕێژیم بوو و جۆرێک لە ڕەوایەتیی ڕێژەییشی لەلایەن خەڵکانی بەشێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا پێ بەخشیبوو.

شەڕی ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژەی نێوان ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا و موشەکهاوێشتنی ئێران بەرەو ئیسرائیل، سەرەڕای پەلاماردانی وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە، پشتیوانانی سیاسەتە دژەئیسرائیلییەکەی کۆماری ئیسلامیی بە پێوە هێشتبووەوە و توانای مانۆڕی ئەو دەوڵەتە هەرێمییانەی بە توندی لاواز کردبوو کە کەوتوونەتە ژێر پەلاماری درۆن و مووشەکەکانی ئێرانەوە. ڕەنگە خاڵی لاواز و پاشنەئاشیلی سیاسەتی ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژەییەکاندا ڕێک ئەم ئاراستەگرتنەی ڕای گشتیی عەرەبی و ئیسلامی بووبێت لە هاوئازاری و هاوچەشنبینین لەگەڵ تەقاندنی مووشەکەکانی ئێران بۆ تەلئەبیب و حەیفا، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان سارێژکەری شکستە سەربازییەکانی عەرەب بوو لە شەڕەکانی چەند دەیەی ڕابردوویاندا لەگەڵ ئیسرائیل، و وڵاتانی عەرەبیی سەرەڕای بەردەوامیی پێشێلکاریی سەروەرییان لەلایەن ئێرانەوە لە گوشار و تەنگژەی ڕووبەڕووبوونەوەی جددی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هێشتبۆوە.

بەڵام دیارە دۆخەکە بە جارێک لە گۆڕاندایە و دوژمنە سەرەکییەکە لە ئیسرائیلەوە دەبێتە وڵاتانی عەرەبی؛ ئیتر ئەمە کۆماری ئیسلامییە کە دوژمنی سەرەکیی عەرەبە و هیچ هەواڵێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ئێران و ئیسرائیل نییە. ڕێک لەم خاڵەدایە کە سیاسەتەکانی دژی زایۆنیستی، ئازادکردنی قودس و لەنێوبردنی ئیسرائیل بزر دەبن و، لە لایەک دەستی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیدا کراوەتر دەکات و، لە لایەکی دیکەشەوە جووڵە و حەماسەتی نەتەوەیی عەرەبی دژی ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران بەئاگا دەهێنێتەوە.

ئەم گۆڕانی جەوهەرەی جەنگ، لە شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بۆ شەڕی ئێران و عەرەب، گەورەترین ئاڵنگارییە کە بڕیاردەرانی تارانی نیگەران کردووە. دەستوەردانی ڕاستەوخۆ و ڕاگەیەندراوی عەرەبستانی سعوودیە لە بۆردومانکردنی بنکەکانی هێزە بەستراوەکانی ئێران لە عێراق، ئامانجگرتنی ڕیاز لەلایەن حووسییەکانەوە، و هەڵوێستوەرگرتنی ڕوونتر و ئاشکراتری وڵاتانی پەراوێزی کەنداو دژ بە پەلامارە درۆنی و مووشەکییەکانی ئێران بۆ سەر ژێرخانەکانیان، خاڵی وەرچەرخانی ئەم گۆڕانی جەوهەرەیە.

گۆڕانی ئاراستەی وڵاتانی عەرەبی لە خولی نوێی شەڕدا بە تەواوی دیار و بەرچاوە؛ لە ڕەوتی شەڕەکانی پێشوو و پێش ئیمزاکردنی لێکتێگەیشتنی ئێران و ئەمریکا، تەواوی هەوڵی ئەم وڵاتانە هاوکاریی ڕەوتە دیپلۆماسییەکان و چارەسەرکردنی

گەلاوێژی ٢٧٢٦

ململانێی بەردەوام بوو لە ڕێگەی گفتوگۆوە، لە کاتێکدا ئێستا و دوای وەلانان و بەپەراوێزخستنی ڕۆڵی ئیسرائیل و گۆڕانی سەپێندراوی شەڕ بەرەو شەڕی ئێران و عەرەب، چەنەدان و دانوستانەکانی ئەم وڵاتانە لە ئاراستەی چارەسەری دیپلۆماسیی ململانێکاندا دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەمەش گەورەترین مەترسییە کە کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی بووەتەوە و بەدوور نازانرێت تەنانەت کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی وەک میسر و پاکستان لە بەردەوامیی ئەم شەڕەشدا هەبێت.

کۆماری ئیسلامی کە لە سەرەتای شەڕدا بە پەلکێشکردنی جەنگەکە بۆ وڵاتانی ناوچەکە و داخستنی گەرووی هورمز تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو لە پاشەکشەپێکردن بە ئەمریکا و هێورکردنەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، ئێستا بە لاوەنانی ئیسرائیل لە ململانێکە و کەمبوونەوەی دەنگدانەوەی ڕاگەیاندنیی دژەئیسرائیلیی ئێران، ڕووبەڕووی قەیرانی ڕەوایەتیی ئیدیعاکانی خۆی بووەتەوە. ئیتر نە تەنیا ناتوانێت بە قەناعەتپێکردنی گرووپە نیابەتییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا لە سیاسەتەکانی بەردەوام بێت، بەڵکوو لە نێوخۆی ئێران و لەنێو لایەنگرە سەرسەختەکانیشییدا تووشی بۆشاییەکی گوتاریی وێرانکەر بووەتەوە.

بەردەوامیی ئەم ڕەوتە و گۆڕانی بۆ شەڕێکی پووکێنەر بە پێچەوانەی ئەوەی وێنا دەکرا کە مەزنی و باڵادەستی بداتە کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا و ئەمریکا ناچار بە پاشەکشە بکات، تێچووە سیاسی و سەربازییەکانی جەنگەکە لە نێوان شەریکە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکادا دابەش دەکات و لە پەستانە نێوخۆییەکانی سەر دەوڵەتی ترەمپ کەم دەکاتەوە.

**نەهاتنەنێوەوەی ئیسرائیل لەم خولەی دواییی جەنگدا دەبێت لە ڕاستای ڕێک ئەم ڕوانگەیەدا شی بکرێتەوە؛ ڕوانگەیەک کە پێدەچێت بە هەماهەنگیی هەردوو وڵات – ئەمریکا و ئیسرائیل – و بە ئامانجی قووڵکردنەوەی ناکۆکی لە پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئێران و عەرەبدا بڕیاری لەسەر درابێت.**

١٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# ئەندێشەی پێشڕەو و شۆڕشی بڕوا (ڕۆڵ و کاریگەریی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە گەشەی خودئاگایی نەتەوەیی و ڕێبەرایەتیی فکری لە جوغرافیای ئێراندا)






شەماڵ تەرغیبی

## پێشەکی: کوردستان وەک داینەمۆی گۆڕانکاریی سیاسی

لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی لە هاوکێشەی ئاڵۆزی ئیمپراتۆرییەت و دەوڵەت-نەتەوە

لە ئێراندا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەردەم پێگەیەکی بێوێنە و جیاوازی هەبووە. کوردستان هەرگیز تەنیا «جوغرافیایەکی زوڵملێکراو»، «کێشەیەکی ئەمنیەتی» یان «پەراوێزێکی داواکار» نەبووە؛ بەڵکوو هەمیشە وەک سەرچاوەی بیرکردنەوەی سیاسی، مۆدێلسازیی ڕێکخراوەیی، و جەمسەری هاندانی ئازادیخوازی دەرکەوتووە و سەری هەڵداوە.

لە ناوەند و جەرگەی ئەم جووڵانەوە حاشاهەڵنەگرەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک کۆڵەکەی سەرەکی و بڕبڕەی پشتی وەرچەرخانە سیاسییەکان کار دەکات. لە کاتی دامەزرانییەوە لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینییدا، ئەم حیزبە نەک هەر ڕێڕەوی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردی لە قۆناغی ناوچەیی و عەشیرەییەوە بڕی بۆ ئاستی مەدەنی و حیزبی، بەڵکوو مۆدێلێکی سیاسی و فکریی پێک هێنا کە بووە "سەرباشقە" و "ئۆلگوو" بۆ تەواوی نەتەوە ستەملێکراوەکانی تر (بەلووچ، عەرەب، ئازەری، تورکمان) و تەنانەت بزووتنەوە سەرانسەرییە ئازادیخوازەکان لە ئێراندا. لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهابادەوە تا هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی "ژینا"، ئەم ڕۆڵە سیاسییە گەشەی کردووە.

## گەشەی خودئاگایی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە "بەدەستەوەبوونی دەسەڵاتناسییەوە" بۆ "خاوەن ئیرادەی سیاسی"

بەر لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، بزووتنەوە کوردییەکان لە سەرانسەری کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵات بە تایبەتی، زیاتر کاردانەوەی دەستبەجێ بوون لە بەرامبەر زۆرداریی ڕێژیمی ناوەندیدا. سەرکردایەتییان لە دەستی دەرەبەگ، ئاغا یان ڕێبەرانی ئایینیدا بوو. ئەم جۆرە بزووتنەوانە، سەرەڕای فیداکاریی زۆر، هەڵگری ژێرخانی ڕێژەیی و سەردەمیانە نەبوون بۆ دروستکردنی شوناسێکی نەتەوەیی گشتگیر.

حیزبی دێموکرات بە داڕشتنی خەباتی حیزبی و ڕێکخراوانە، وەرچەرخانێکی فکریی قووڵی بەسەر تێگەیشتنی کۆمەڵگەدا هێنا. حیزب بە جەماوەرەکەی گەیاند کە خەبات تەنیا بەرگری لە زەوی یان خێڵ نییە، بەڵکوو سەلماندنی بوونی نەتەوەیەکی سەربەخۆیە بە مێژوو، زمان، کولتوور و جوغرافیای تایبەت بە خۆیەوە. ئەم خودئاگاییە نەتەوەییە بووە هۆی ئەوەی تاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەست بکات بەشێکە لە گشتێکی بەهێز کە شایستەی مافی دیاریکردنی چارەنووسە.

## دامەزراوەییبوونی شوناسی نەتەوەیی

**تەنیا بڕوا بە نەتەوەبوون بەس نییە، تا ئەو کاتەی نەبێتە خاوەنی «دامەزراوە». حیزبی دێموکرات ئەم بڕوایەی کردە واقیعی بەرچاو:**

– **زمان و پەروەردە:** بۆ یەکەم جار زمانی کوردی بووە زمانی فەرمیی پەروەردە، کارگێڕی و دادپەروەری لە دامەزراوە حکوومەتییەکاندا.

– **سیمبۆلە نەتەوەییەکان:** دروستکردن و فەرمیکردنی ئاڵای کوردستان، سرودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"، و دامەزراندنی سوپای میللی (پێشمەرگە).

– **میدیای میللی:** دامەزراندنی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەک "کوردستان" و "گۆڤاری هاوار" کە بیری نەتەوەیی و ئاگایی سیاسییان لەنێو چینەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو دەکردەوە.

ئەم هەنگاوانە بوونە هۆی ئەوەیکە شوناسی کوردی لە ئاستی دابونەریتی ناوچەییەوە بپەڕێتەوە بۆ ئاستی خودئاگایی بەکۆمەڵی سیاسی، بە شێوەیەک کە تەنانەت دوای نەمانی کۆمار و داگیرکردنی پێتەختەکەی لە ناخی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا ڕەگی داکوتی و نەفەوتا.

– **مۆدێلسازی و بوون بە سەرباشقە بۆ گەلانی تر لە جوغرافیای ئێراندا**

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بە تایبەتی لە سەردەمی ڕەزا شا لەسەر تیۆریی "یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ڕێبەر"، هەوڵی سڕینەوەی نەتەوە نافارسەکان درا. لەم کەشوهەوا خنکێنەرەدا،

**خەباتی حیزبی دێموکرات بووە ڕووناکییەک بۆ باقی نەتەوەکانیش کە لێرەدا و لە دوو بەستێندا شی دەکەینەوە:**

### ئا) کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و سەرەتای مۆدێلسازی

کۆماری کوردستان لە مەهاباد تەنیا بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کورد لە پارچەکانی تری نیشتمان هیوابەخش نەبوو؛ بەڵکوو بە کردەوە ئۆلگوویەکی مۆدێرنی لە حوکمڕانی نیشان دا. لە کاتێکدا تاران لە ژێر دەسەڵاتی سەرکوتکەر و گەندەڵی پاشایەتیدا بوو، کۆماری کوردستان: سیستەمی دادپەروەریی خستە گەڕ، ڕێگەی بە بەشداریی سیاسیی ژنان و لاوان دا، بەستێنی خۆش کرد بۆفێربوون و خوێندن و خوێندنەوە و تەنانەت بەشێک لە لاوانی ڕەوانەی باکۆ کرد بۆ خوێندنی ئەکادێمیک، دەزگای میدیایی خۆی دانا تا کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵک بکا و پەیوەندیی

ئاشتییانەی لەگەڵ نەتەوە دراوسێکان (بە تایبەت ئازەربایجان) لەسەر بنەمای ڕێزلێگرتنی دوولایەنە داڕشت.

ئەم ئەزموونە سەلماندی کە نەتەوە «پەراوێزخراوەکان» توانای ئیدارەدانی خۆیان بە بەرزترین ئاستی دێموکراتیک هەیە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جووڵانەوەکانی دواتر لە ئەهواز، بەلووچستان و ئازەربایجان، ئەزموونی کوردستان وەک چوارچێوەیەکی سەرکەوتوو ببینن.

## ب) تیۆریزەکردنی فێدراڵیزم و دێموکراسی

لە قۆناغی دوای شۆڕشی ٥٧دا، بە ڕێبەرایەتیی نوێخوازانە و بیرمەندانەی شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، حیزبی دێموکرات دروشمی زێڕینی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" (کە دواتر گەشەی کرد بۆ فێدراڵیزم) بڵاو کردەوە.

ئەم دروشمە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە بیرکردنەوەی سیاسی لە سەرانسەری ئێراندا دروست کرد کە دەکرێ لە سێ بەستێندا خوێندنەوەی بۆ بکرێ: یەکەم حیزبی دێموکرات سەلماندی کە ئێران جوغرافیایەک نییە کە تەنیا سەر بە یەک زمان و یەک شوناس (فارس) بێت، بەڵکوو موزاییکێکە لە نەتەوە ڕەسەنەکان. دووهەم، حیزب نیشانی دا بۆ بەدیهاتنی ئازادی لە ئێراندا دەبێت دەسەڵاتی ڕەهای تاران بڕوخێت و دەسەڵات بەسەر ناوچەکان و نەتەوەکاندا دابەش بێت و لە غەیری ئەوەدا وڵاتێک و جوغرافیایەک بە ناوی ئێران نامێنێت. سێهەم، بە هەوڵی حیزبی دێموکرات، بزووتنەوەی نەتەوە پەراوێزخراوەکان لە یەکتر نیزیک بوونەوە و ڕێکخراوێک بەناوی «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ» دامەزرا، کە تێیدا کورد، بەلووچ، عەرەب، تورک و تورکمان بە یەک دەنگ داوای مافی خۆبەڕێوەبەرییان دەکەن.

## کوردستان وەک «پێتەختی ئازادی» دوای شۆڕشی ٥٧

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧ی هەتاوی)، کاتێک خومەینی و دارودەستەکەی تەواوی ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکانیان لە وڵات زەوت کرد و سیستمی بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامییان بەسەر خەڵکانی نیشتەجی لە جوغرافیای ئێراندا سەپاند، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە تاقە پەناگە و سەنگەری ئازادی لە تەواوی جوغرافیای ئێراندا. حیزبە چەپەکان، ڕۆشنبیران، نووسەران و چالاکوانانی سیاسیی فارس، بەلووچ و عەرەب کە لە تاران ڕاوەدوونران، ڕوویان لە کوردستان دەکرد. هەر لەجێدا بایکۆتکردنی ڕێفراندۆمی دیاریکردنی جۆری حکوومەت (کۆماری ئیسلامی) لە لایەن خەڵکی

کوردستان بە ڕێنمایی حیزبی دێموکرات باڵاترین ئاستی ئاگایی سیاسی بوو لەو کاتە هەستیارەدا. کوردستان تەنیا هەرێمێک بوو کە بە دەنگی بەرز گوتی «نا» بۆ ستەمکاریی ئایینی.

کاتێکیش خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨، فەرمانی جیهادی دژی کوردستان و خەڵکەکەی دەرکرد، خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بەرگرییەکی مێژوویی و حەماسییان تۆمار کرد. ئەم بەرگرییە تەنیا شەڕی چەکداری نەبوو؛ بەڵکوو داکۆکی بوو لە ئازادی، مافی چارەی خۆنووسین، باوەڕمەندبوون بە چەمکە جیهانگیرە ئەوڕۆییەکان و مافەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر دوگماتیزمی ئایینیدا.

دواجار سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی "ژینا" لە پاییزی ١٤٠١، خاڵی وەرچەرخانی مێژووی هاوچەرخ بوو لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا. لەم ڕووداوە مێژووییەدا، دەور و کاریگەریی حیزبی دێموکرات و گەشەی ئاگایی نەتەوەیی لە کوردستاندا گەیشتە باڵاترین ئاستی خۆی. دروشم و فەلسەفەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە ڕەگی لە نیو ئەدەبیاتی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد و پەروەردەی سیاسیی کوردستاندا هەبوو، نیشانی دا کوردستان نەک هەر ناڕازییە، بەڵکوو خاوەنی بەدیلی فکری، فەلسەفی و کۆمەڵایەتییە بۆ داهاتووی تەواوی وڵات.

### پوختەی مەبەست:

بە پێداچوونەوە بەم مێژووە پڕ سەروەری و فیداکارییەدا، دەکرێت بڵێین کاریگەرییە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر گەشەی خودئاگایی نەتەوەیی و ئۆلگووسازی لە ئێراندا،

### لە چەند خاڵی بنەڕەتیدا کورت دەبێتەوە:

- حیزب توانی شوناسی کوردی لە ئاستی دابونەریت و خێڵەوە بباتە ئاستی "نەتەوەی سیاسیی خاوەن ئیرادە."

- بە دارشتنی تیۆریی فێدراڵیزم و دێموکراتیزاسیۆنی کوردستان، بێوێنەترین مۆدێلی بۆ مانەوەی ئاشتییانەی گەلان لەنێو چوارچێوەیەکی دێموکراتیکدا پێشکەش کرد.

- حیزبی دێموکرات نیشانی داوە کە شکستە کاتییەکان مانای کۆتایی ڕێگە نین، بەڵکوو بەرخۆدان پرۆسەیەکی بەردەوامە.

گەلاوێژی ٢٧٢٦


- له ڕاپەڕینی ژینادا سەلمێنرا کە ئەندێشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەوتووترین، مرۆڤدۆستانەترین و ئازادیخوازانەترین ئایدۆلۆژیایە کە دەتوانێت تەواوی کۆمەڵگە بەرەو ڕزگاریی یەکجارەکی ببات.

ئەمڕۆ، لە ٨١ ساڵەی خەباتیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک هەر وەک یەکێک لە دێرینترین و بەئەزموونترین حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەمێنێتەوە، بەڵکوو وەک شادەماری سەرەکیی گۆڕانکاریی حەتمی و نەخشەدارێژەری داهاتووی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری ناوچەکە لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوامە.

١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# قاسملوو، وەک مەکتەب، وەک پێشەوا





**ئەحمەد پالانی**

زۆربەی مرۆڤەکان تەنیا لەنێو ڕەوتی مێژوودا دەژین و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕۆژگاردا دێن و دەڕۆن. هەندێکی کەمیان مێژوو دروست دەکەن، بەڵام دەگمەنترین ئەوانەن کە نەک تەنیا ڕووداوەکان دەگۆڕن، بەڵکوو شێوازی بیرکردنەوەی نەوەکان و نەتەوەکان و ئاراستەی داهاتوویان دیاری دەکەن.

ئەو جۆرە کەسانە تەنیا ڕێبەر نین، قوتابخانەی فیکرین و قۆناغێکی نوێ لە هۆشیاریی نەتەوەیی دەخولقێنن. شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەو دەگمەن کەسانە بوو. ئەو پێش ئەوەی سەرۆکی حیزبێک بێت، بیرمەندێکی ستراتیژیست، ڕووناکبیرێکی جیهانی، دیپلۆماتێکی لێهاتوو و مامۆستایەکی ئەخلاق و سیاسی بوو.

ئەگەر زۆربەی ڕێبەران شوێنەواریان لە مەیدانی شەڕدا جێ هێشتووە، دوکتور قاسملوو شوێنەواری خۆی لە مەیدانی بیر، دیپلۆماسی، دێموکراسی و متمانەی مرۆڤایەتیدا جێ هێشت.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، زۆربەی ڕێبەرە سیاسییەکان، لە سەنگەری چەک، لەنێو خێڵ، لە کۆشکی دەسەڵات یان لە دەزگا ئەمنییەتییەکان یان ڕێکخراوە سیاسییەکان سەریان هەڵداوە و ناوبانگ و ڕەوایەتییان وەرگرتووە، بەڵام دوکتور قاسملوو ڕێگایەکی دیکەی هەڵبژارد: ڕێگای زانست، ڕووناکبیری، گفتوگۆ، دیپلۆماسی و متمانەی نەتەوەکەی. هەر لەبەر ئەمەش، لە مێژووی سیاسییەکانی کوردستاندا ناوی دوکتور قاسملوو تەنیا ناوی سەرۆکی حیزبێک نییە، بەڵکوو ناوی قۆناغێکە تێیدا خەبات لە مەیدانی چەکەوە بەرەو مەیدانی بیر، یاسا، زانست و دیپلۆماسی گواسترایەوە.

لە زۆربەی ئەزموونە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، زۆرجار زانست بووەتە پاشکۆی دەسەڵات؛ واتە سەرەتا دەسەڵات بە هێز، بە کودەتا، یان بە ویستی تاک یان حیزبێک دامەزراوە، و دواتر زانست و ڕووناکبیری بۆ ڕازاندنەوەی ئەو دەسەڵاتە بەکارهاتوون. بەڵام لای دوکتور قاسملوو، ئەم پێوەرە بە تەواوی پێچەوانە بوو.

ئەو باوەڕی وا بوو دەسەڵات ئەگەر لەسەر زانست، وشیاری و ویژدانی مرۆڤ دانەمەزرێت، لە کۆتاییدا دەبێتە ئامرازێکی چەوساندنەوە. لەبەر ئەوە، زانست لەلای ئەو تەنیا جوانی و زینەتی سیاسی نەبوو، بەڵکوو بناغەی ڕێبەرایەتی و سەرچاوەی ڕەوایەتیی سیاسی بوو.

شەهیدی نەمر، دوکتورای لە ئابووریدا هەبوو، چەندین زمانی جیهانی دەزانی، مامۆستای زانکۆ بوو و لە زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانی ئەورووپا پێ گەیشتبوو.

ئەم پاشخانە زانستییانە وای کردبوو بڕیارە سیاسییەکانی هەرگیز لەسەر کاردانەوەی ساتی، هەستی و کاتی یان هەڵچوونی عاتیفی نەیێنە ئاراوە، بەڵکوو لەسەر شیکردنەوە، توێژینەوە، زانیاری و بیرکردنەوەی ستراتیژی بڕیارەکانی بدات. ئەو دەیزانی نەتەوەیەک کە ڕێبەرایەتییەکەی لەسەر زانست و وشیاری دانەمەزرا بێت، زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی

هەست، دروشمی بێبناغە و گێژاوی مێژوو.

پێش دوکتور قاسملوو، زۆربەی بزووتنەوە کوردییەکان لە سنووری جوگرافیای خۆیاندا دیار بوون و دەناسران. جیهان کوردی زیاتر بە ئازایەتیی پێشمەرگە و خەباتی چەکداری دەناسی، بەڵام کەمتر وەک پرسێکی سیاسی، یاسایی و مافی مرۆڤ باس دەکرا. دوکتور قاسملوو ئەو سنوورەشی شکاند، ئەو پرسی کوردی لە شاخەکانی کوردستان بەرزکردەوە و بردییە نێو پارلەمانەکانی ئەورووپا، زانکۆکان، ناوەندە توێژینەوەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، میدیا جیهانییەکان و کۆڕە دیپلۆماسییەکان. ئەو باش دەیزانی کە لە جیهانی نوێدا، ئەو نەتەوەیەی تەنیا بە زمانی چەک بدوێت، دەنگی لە سنووری شەڕ تێنا پەڕێت، بەڵام ئەو نەتەوەیەی بە زمانی یاسا، دیپلۆماسی و مافی مرۆڤ بدوێت، دەتوانێت ویژدانی جیهان بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

دوکتور قاسملوو پێشتر لە هەموو سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێگەیشتبوو کە سەدەی بیست و یەک، تەنیا سەدەی هێزی سەربازی نییە، بەڵکوو سەدەی متمانە، هاوپەیمانی، ڕای گشتیی جیهان، یاسای نێودەوڵەتی و هێزی نەرمە. لە کاتێکدا زۆر سەرکردەی کورد هێزی خۆیان لە ژمارەی پێشمەرگەکان و چەکەکاندا دەبینی، دوکتور قاسملوو هێزی ڕاستەقینەی خۆی لە ژمارەی هاوپەیمانە دێموکرات، ڕۆشنبیر و مرۆڤدۆستەکانی جیهاندا دەبینی. ئەو دەیزانی دۆستایەتیی ویژدانی مرۆڤایەتی، لە هەر چەکێک بەهێزترە. ئەمەش تەنیا تاکتیکێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو بینینێکی قووڵی ستراتیژی و جیهانبینییەکی پێشکەوتوو بوو کە توانی کورد بە جیهان بناسێنێت و ئێستا بووەتە یەکێک لە بنەماکانی دیپلۆماسیی نوێی بزووتنەوەی کورد.

لە هەموو گرنگتر ئەو دێموکراتێکی بە تەواو مانا بوو، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، زۆرجار دێموکراسی دروشمێک بووە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، نەک سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات.

## دوکتور قاسملوو، دێموکراسی بە فەلسەفەی ژیان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە دەزانی.

ئەو باوەڕی وابوو نەتەوەیەک ناتوانێت داوای ئازادی بکات، ئەگەر ڕێز لە ئازادیی ئەوانی تر نەگرێت، ناتوانێت داوای مافی مرۆڤ بکات، ئەگەر خۆی باوەڕی بە مافی مرۆڤ نەبێت و ناتوانێت داوای دێموکراسی بکات، ئەگەر لە نێوخۆی خۆیدا دێموکرات نەبێت. ئەم بیرۆکەیە، تەنانەت تا ئەمڕۆش، لە زۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هێشتا نوێ و کۆرپە دەردەکەوێت، چونکە زۆر دەسەڵات هێشتا دێموکراسی بە ئامراز دەزانن، نەک بە بنەما.

ئەگەرچی دوکتوری شەهید مامۆستای دێموکراسی بوو، بەڵام نەتەوەپەروەرێکی مرۆڤدۆست و کراوەش بوو. یەکێک لە گەورەترین جیاوازییەکانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ زۆر لە ناسیۆنالیزمەکانی ناوچەکە، تێگەیشتنی ئەو بوو لە مانای نەتەوەپەروەری.

لە سەدەی بیستەمدا زۆربەی ڕێکخراوە ناسیۆنالیستییەکان لەسەر بناغەی دوژمنسازی، ڕەتکردنەوەی ئەوانی تر و بەرهەمهێنانی ڕق دروست بوون. بەڵام دوکتور قاسملوو باوەڕی بە نەتەوەپەروەرییەک هەبوو کە لەسەر بناغەی ئازادی، دادپەروەری و هاوژیانی دامەزرابێت. ئەو دژی ستەم بوو، نە دژی گەلان، ئەو دژی سیاسەتی چەوساندنەوە بوو، نە دژی ناسنامەی هیچ نەتەوەیەک. لە ڕوانگەی ئەودا، ئامانجی خەبات شکاندنی زنجیری ستەم بوو، نە بەستنەوەی زنجیرێکی نوێ بە دەستی قوربانییانی دوێنێ. بۆیە، نەتەوەپەروەریی دوکتور قاسملوو سنووری کوردستانی تێپەڕاند و گەیشتە لوتکەی مرۆڤایەتی. ئەو ئازادیی کوردی بە ئازادیی مرۆڤەوە گرێدەدا، چونکە باوەڕی وابوو کە ئەگەر مافی مرۆڤ لە شوێنێک پێشێل بکرێت، هیچ نەتەوەیەک پارێزراو نابێت.

### یەکێکی تر لە گەورەترین میراتەکانی دوکتور قاسملوو ئەخلاقی سیاسی بوو.

لە ناوچەیەکدا کە زۆرجار سیاسەت بە فێڵ، درۆ، ترساندن، تۆمەتبارکردن و لابردنی نەیارەکان ناسراوە، ئەو هەوڵی دا ئەخلاق بکاتە بناغەی سیاسەت. لە ڕوانگەی ئەودا، سیاسەت بەبێ ئەخلاق تەنیا کێبڕکێیەکە بۆ دەسەڵات، نەک خزمەتکردن بە کۆمەڵگە. بۆیە، گوێگرتن لە ڕەخنە، ڕێزگرتن لە جیاوازیی بیر، قبووڵکردنی فرەدەنگی، دووربوون لە تاکپەرستی، باوەڕ بە دامەزراوەکان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ، هەموویان بەشێک بوون لە فەلسەفەی ڕێبەرایەتیی ئەو. ئەو دەیزانی دەکرێت مرۆڤ بە ترس ملکەچ بکرێت، بەڵام ناتوانیت متمانەی بەدەست بهێنیت، دەکرێت بە هێز حوکمڕانی بکرێت، بەڵام ناتوانرێت ویژدانی خەڵکی فەرمانبەر و ڕازی بکرێت. هەر بۆیە، لەلای دوکتور قاسملوو، متمانە گەورەترین سەرمایەی سیاسەت بوو. گەرچی لە ڕوانگەی هەر مرۆڤێکی تێگەیشتوو، پێگەیشتوو و باوەڕدار بە بەهای مرۆڤایەتی، گفتوگۆ و وتوویژ شارستانیانەترین، ژیرانەترین و کەمزیانترین ڕێگای چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان و کۆتاییهێنانە بە شەڕ و خوێنڕشتن. دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو هەر بە هەمان فەلسەفە و باوەڕە چووە سەر مێزی وتوویژ. ئەو بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی و کۆتاییهێنان بە خوێنڕشتن و کارەساتەکانی کوردستان دەستی بۆ دیپلۆماسی درێژکرد.

لە ڕوانگەی ئەودا، سەرکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە مافی نەتەوەکان بە زمانی یاسا، دیپلۆماسی و متمانە بناسرێت و

بسەلمێنرێت. هەر بۆیە، بە دڵێکی پڕ لە هیوای ئاشتی و متمانە بە هێزی گفتوگۆ، چووە ناو وتوویژ. بەڵام بەداخەوە، لە شوێنێک کە دەبوو وشە شوێنی گوللە بگرێتەوە، گوللە شوێنی وشەی گرتەوە، لە مێزێک کە دەبوو هێمای متمانە و چارەسەری سیاسی بێت، خوێنی ڕێبەرێکی گەورەی نەتەوەی کورد بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ڕژا. لەو ساتەدا، تەنیا مرۆڤێک شەهید نەکرا؛ بەڵکوو هیوای چارەسەری ئاشتییانە، ڕێز لە دیپلۆماسی و پیرۆزیی گفتوگۆش بوون بە ئامانجی تیرۆر.

ئەو تیرۆرە تەنیا تاوانی شەهیدکردنی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو نەبوو؛ بەڵکوو تاوانێک بوو لە دژی فەلسەفەی سیاست، ڕێگای دیپلۆماسی، متمانە، یاسا و ویژدانی مرۆڤایەتی. ئەو فیشەکانە تەنیا بەرامبەر بە جەستەی مرۆڤێک نەتەقینەوە، بەڵکوو بەرامبەر بە هیوای نەتەوەیەک، بەرامبەر بە ویژدانی یاسای نێودەوڵەتی و بەرامبەر بە پرەنسیپی پیرۆزی گفتوگۆ لەجیاتی توندوتیژی تەقینەوە.

بەڵام مێژوو جارێکی دیکە سەلماندی کە فیشەک دەتوانێت جەستە بکوژێت، بەڵام ناتوانێت بیر بکوژێت. ئەوانەی کە دوکتور قاسملوویان شەهید کرد، ویستیان دەنگی خامۆش بکەن؛ بەڵام بە پێچەوانەوە، ناو و دەنگی قاسملوو بە نەمری مایەوە. ئەوان دەیانویست مەکتەبێک لەناو بەرن، بەڵام خوێنی قاسملوو بوو بە خوێنی ژیان بۆ مەکتەبەکەی.

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو تەنیا شەهیدێکی نیشتمان نەبوو؛ دامەزرێنەری مەکتەبێکی نوێی بیرکردنەوەی سیاسیی کورد بوو. مەکتەبێک کە زانستی لەجیاتی نەزانی، دیپلۆماسیی لەجیاتی گوشار، دێموکراسیی لەجیاتی دەسەڵاتخوازی، ئەخلاقی سیاسیی لەجیاتی فێڵ، و متمانەی لەجیاتی ترس دانا. ئەو تەنیا ناوێک لە لاپەڕەکانی مێژوو نییە، بەڵکوو قوتابخانەیەکە هەر نەوەیەک، ئەگەر بیەوێت نەتەوەکەی لە ئاستی مێژوودا بژی، دەتوانێت و دەبێت وانەی لێ وەربگرێت. لەو ڕوانگەیەوە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو تەنیا پێشەوای سەردەمێک نەبوو، پێشەوای داهاتووشە. ناوی ئەو تەنیا بە خوێنی شەهادەت لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان تۆمار نەکراوە، بەڵکوو بە ماکەی زانست، بە شکۆی ئەخلاق، بە هێزی دیپلۆماسی، بە باوەڕی دێموکراسی و بە هیوای ئازادی نووسراوە. تا ئەو ڕۆژەی کە مرۆڤایەتی بەدوای یەکسانی، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤدا بگەڕێت، ناوی قاسملوو هەر دەژێت، مەکتەبەکەی هەر هەناسە دەدات و بیرەکەی هەر ڕێگای داهاتوو ڕووناک دەکاتەوە. بە هەموو پێوەرەکان، ئەو شەهیدە گەورەیە توانی هێمای هەموو گەورەپیاوانی مێژوو لە خزمەتی پرسی کورددا کۆ بکاتەوە.

ئەگەر ماندێلا هێمای ئاشتیکردنەوەی نەتەوەیی بوو، هاڤێل هێمای ئەخلاقی سیاسی بوو، ئەگەر گاندی هێمای خەباتی

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

**مەدەنی و ڤاوێنسا هێمای ڕێکخستنی کۆمەڵگە بوو، دوکتور قاسملوو هەوڵی دا هەموو ئەو تایبەتمەندییانە لە خزمەتی پرسی کورددا کۆبکاتەوە. ئەو زانایەک بوو، دیپلۆماتێک بوو، ڕێکخەرێک بوو، ڕێبەرێکی دیموکرات بوو و لە هەمان کاتدا سەرکردەی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز بوو. کۆبوونەوەی هەموو ئەو خەسڵەتانە لە یەک کەسایەتیدا، لە مێژووی نوێی جیهاندا زۆر زۆر کەمە و بەدی ناکرێت.**

**١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

# نیشتمان، داگیرکەری سۆز





**عەلی فەتحی**

ئەو بۆچوونە بەتەواوی دروستە کە دەڵێ دووری لە نیشتمان هەستی دڵپێوەبوون و خۆشەویستی وێڕای نۆستالژی چڕتر دەکا، بەتایبەت کە ئەو دوورییە بەزۆر بەسەر مرۆڤدا سەپێندرابێ، چونکە ئەوکاتە ئیدی دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی سۆزداری لەنێوان مرۆڤ و نیشتمانەکەی. ئەو سۆزە وەکوو چەمکێکی پیرۆز و زێدێکی خەیاڵی لە مێشک و دەروونی کەسەکەدا

جێ دەگرێ. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە خوڵقانی ئەو هەستە وەکوو دیاردە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک. لەنێو هۆکارەکاندا سەرەکیترین و گرینگترینیان ئەوەیە کە هەروەخت مرۆڤ شتێک لەدەست بدا، دوای لەدەستدانی پتر بەهای پێدەبەخشێ و بابەتەکە لای ئەو بەقیمەتتر دەبێ. کاتێک مرۆڤ دوور خرابێتەوە یا تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری هاتبێ، زۆر ناخایەنێ بابەتە بچووکەکانیش کە کاتی خۆی لای ئەو هیچ نرخێکیان نەبووە، دەبنە شتگەلی گرانبەها.

مرۆڤەکان بەعام کاتێک بە زۆرەملی تووشی دوورخراوەیی دەکرێن یا خۆیان ڕێگای هەندەران دەگرنەبەر، پاش فەترەیەک هەستی ئایدیالیزەکردنی نیشتمان لای ئەوان دەست پێ دەکا و ئەو دوورییە هەرچی زیادتر بخایەنێ، ئەو سۆزە خەستتر دەبێ. یادەوەرییە تاڵەکان کاڵ دەبنەوە و ساتە خۆشەکان زەقتتر خۆ دەنوێنن و جوانیی نیشتمان زۆرتر لە پێشوو لەنێو هزری مرۆڤەکاندا جێی خۆش دەکا و لە قالبی چوارچێوەیەکی جۆغرافیایی دێتەدەر و دەبێتە هێما و شوناس و ئارامییەکی لەدەستچوو. ئەو مرۆڤانەی لە تاراوگە، واتە لە جیهانێکی پڕ لە غەریبیدا دەژین، سەرەڕای گشت جموجۆڵەکانی ڕۆژانە، بەردەوامیش بەدوای ناسنامەی نەتەوەیی خۆیاندا عەوداڵ دەبن، چونکە دەبینن مرۆڤەکانی دیکەی دەوروبەریان چەندە بە خەمی ناسنامە و ئاڵا و زمان و کولتووری خۆیانەوەن.

کەم واهەیە دوورخراوەیەک ئیزنی توانەوە یا ئاسیمیلەبوونی خۆی بدات و بە پێچەوانەوە هەوڵ دەدا خۆی لەگەڵ دۆخی نوێ بگونجێنێ و لە هەمان کاتدا بەر بە توانەوەی شوناسی نەتەوەییەکەی بگرێت. بەهێزبوونی هەستی نیشتمانپەروەری مرۆڤەکان، دیاردەیەکی تازە یا تایبەت بە گەلانێکی دیاریکراو نییە، لە کۆنەوە هەبووە و وەختێک مێژوو و ئەدەبیاتی نەتەوەکان دەخوێنینەوە، چاومان بە زۆر بابەتی نووسراوی سەرنجڕاکیش دەکەوێ و دەبینین کە سۆزی نیشتمانپەروەری چۆن داگیرکەرێک بووە. چۆن دڵ و هزری مرۆڤەکانی ملکەچی خۆی کردووە و لە ئەدەبی جیهانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

**گێئۆ بوگزای، ڕۆماننووس و شاعیری ڕۆمانی دەنووسێ:**

«لە وەرشەو...
لە شاری وەرشەو کیژێ وەهای گوت:
ئەگەر دەخوازی نەوازیشم بکەی، پێشت پێ ناگرم
ئەگەر دەخوازی ماچم بکەی، ڕێت لێ ناگرم
سینگیشم ڕووت بکەیەوە، دەستت ناگرم
بەڵام دەبێ ئەوە بزانی،
ئاڵمانییەکان باوکی منیان گوللەباران کردووە

برایەکم،
ئەویشیان لە کوورەدا سووتاندووە.
ئەگەر دەخوازی نەوازیشم بکەی، هیچ پێشت پێ ناگرم
بەڵام دەبێ ئەوە بزانی،
تەواوی ئەو شەهیدانە
لە ناخی مندا گریان و هاواریانە
منیش خۆڵەمێشم تەواو، سەر تا پێ.
ماچم بکە،
هیوادارم بەو ماچە زارت تاڵ نەبێ» ...

زۆربەمان ڕەنگە ئەو دیمەنەمان دیتبێ، وەختێک کێبەرکێیەکانی فوتباڵی جیهانی لە وڵاتی ئامریکادا بەڕێوە دەچوو، کابرایەکی کۆنگۆیی لەنێو هاندەرانی تیمی کۆنگۆ سەرنجی دەیان هەزار کەسی ئامادەبووی نێو ستادیۆم و سەدان کامیرای تەلەفزیۆنەکانی عالەمی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەو کابرایە ناسناوی «پەیکەری زیندوو»ی پێبەخشرا. ئەو کەوایەکی سوور و شاڵوارێکی شینی عاسمانیی دەبەردا بوو. ئەو لە تەواوی کاتی بەڕێوەچوونی کێبەرکێی نێوان تیمەکانی کۆنگۆ و کۆلۆمبیا، واتە بۆ ماوەی سەعات و نیوێک، بەپێوە و بێجووڵە وێستا. ئەو ڕاوەستانە بێجووڵەیەی ئەو بە نیشانەی دەنگهەڵبڕینێک بوو بە دژی ئەو غەدرەی وەختی خۆی لە سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکەی کرابوو. ناوی ڕاستیی ئەو کابرایە میشێل ئانکوکا ئامبۆلادینگا بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە بە ناوی پاتریس لۆمۆمبا دەرکەوت. میشێل بەو کارەی ویستی وەبیر دەیان هەزار هاندەری نێو یاریگا و هەموو خەڵکی جیهان بێنێتەوە کە داگیرکەرانی بێلژیکی چۆن زوڵمیان لە وڵاتی ئەو کردووە. کاتێک پاتریس لۆمۆمبا دژی بێلژیکییە کۆلۆنیالیستەکان ڕاپەڕی و لە هەڵبژاردندا دەنگی هێناوە و بوو بە سەرۆکوەزیرانی هەڵبژێردراوی کۆنگۆییەکان، داگیرکەرە بێلژیکییەکان لێیکەوتنە بیانوو و کودەتایان دژی ناوبراو کرد. لۆمۆمبایان گرت و لەسێدارەیان دا و بۆ ئەوەی وەکوو قارەمانی میللەتەکەی نەبێتە خاوەن ئارامگەیەک، جەنازەکەیان لەنێو ئەسید سۆلفۆریکدا تواندەوە.

وەک دەبینین نیشتمانپەروەری هەرتەنیا خۆشویستنی چوارچێوەیەکی خاکی و جۆغرافیایی نییە، بەڵکوو سۆزدارییەکە جیا لە جوانییەکان و یادەوەرییەکانی سەرزەمینێک، خەم و ئازارەکانیشی لە دڵی کەسی نیشتمانپەروەردا جێ دەکاتەوە و وەکوو میراتێک ناهێڵێ فەرامۆش بکرێن. باس لە نیشتمان دەکەین، واتە قەوارەیەکی فیکری و ڕوحی و جۆغرافی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بووەتە خاوەن سنوورێکی دیار. دەکرێ بڵێین لەدایکبوونی نیشتمان لەو کاتەوە دەست پێ دەکا کە مرۆڤەکان بەرەبەرە ژیانی کۆچەرییان وەلاناوە و گوزەرانی دامەزران و نیشتەجێییان ڕەچاوکردووە و ئینتیما و بەستراوەیی بە ئاو و خاک، هزر و هەستی ئەو ئینسانانەی داگیرکردووە. ئەو داگیرکارییەی هەست و سۆز، دواتر بووەتە بنەمای لەدایکبوونی

نیشتمانپەروەری. نیشتمان و نیشتمانپەروەری ئیتر لەوێ سەردەم بەولاوە ڕوانگەی مرۆڤ و زانایانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

سوقرات پێیوایە نیشتمان بەنرخترین کاڵایە کە مرۆڤ دەتوانێ هەیبێ. یونانییەکانی سەردەمی کۆن و دواتریش ڕۆمییەکان هیچ شتێکیان بەلاوە لە نیشتمان نازدارتر و پیرۆزتر نەبووە. وشەی نیشتمان یا «پاتریدا»، یەکەم وشە بووە ئەوان فێری منداڵانی خۆیان کردووە. بەردەوام گوتوویانە ئێمە هەموو شتێکی ژیانمان قەرزداری نیشتمانین. نیشتمان بەلای ئەوانەوە بەهەشتێک بووە کە خوداوەند لەسەر زەوی بنیاتی ناوە و مرۆڤەکانی ناردووەتە ئەوێ بۆوەی لێی بژین و پارێزگاریی لێ بکەن. سوقرات خۆی دەڵێ لەنێو هەموو ئەژدادا، لە دایک و باوکیش پتر، نیشتمان شەرەفمەندترین، بێگەردترین و پیرۆزترین دیارییە و بەرزترین شوێنی لەنێو زەینی خوداوەند و ئینسانەکاندا هەیە.

وەختێک نیشتمان تا ئەو ڕادەیە پیرۆز بێ و لای فەیلەسووف و مرۆڤە خاوەن هزر و تێگەیشتووەکان لە دایکوباب و ئەژداد و کەسوکار بەنرختر بێ، ئێ ئەوسا لای منی کوردیش دەتوانێ پیرۆزترین داگیرکەری سۆز و خۆشەویستی بێ. کە باسی کورد دەکەین، دۆخەکە زۆرزۆر جیاوازتریشە. شەڕ و نائەمنی هەمیشە بەشێکی بەرچاو لە ژیانی ئەو بووە. مێژووەکەی پڕە لە دەربەدەری و ماڵوێرانی. دوژمنان، ئەو بەهەشتەی سەرزەوی بە قەولی یونانییەکان، لێیان داگیرکردووە و کردوویانەتە دۆزەخێک. بۆیە تاکی کورد ئەگەر لە کوردستان چاوی بە دنیا پشکووتبێ و لەوێ بژی، ئەوە ئازارەکانی شەڕ و وێرانی بە ڕوح و جەستە هەست پێ دەکا. ئەگەریش لە تاراوگە لەدایک بووبێ، ئەوجار بە تاوانی کوردبوون ڕووبەڕووی گەلێک ناڕاحەتیی تر دەبێتەوە. ناڕاحەتیگەلێکی لە چەشنی بێوڵاتی و بێئالایی و دوورخراوییەکی سەپێندراو.

لەسەر یەک، کورد و حەسانەوە دوو بابەتی دژبەیەک و نامۆن. دێکارتی فیلۆسۆفی فەڕانسەوی دەڵێ «ئەمن بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم!» ئەو گوتەیە ڕەنگە بۆ مرۆڤێکی خاوەن ژینی ئاسایی لەجێدا بێ، بەڵام بۆ کۆمەڵە ئینسانێک کە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی توانەوە و ئاسیمیلەدا بن، وێناچێ دروستبێ. کورد کە وەک نەتەوە ناچارە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بێ بوونی خۆی بپارێزێ و بسەلمێنێ، ئاساییە ئەوکاتە ئاڵوگۆڕێک لە وتەکەی جەنابی دێکارتدا پێک بێنێ و بڵێ:

«دەبێ سەرەتا هەبم، تا بتوانم دواتر بیر بکەمەوە.»

کورد بە هەموو هێز و تواناوە سەرقاڵی خۆپاراستن و خۆسەلماندنە. نەیارانی ئەو بە هەر شێوەیەک بۆیان بلوێ، هەوڵی سڕینەوەی دەدەن. ئەو خۆپاراستن و خۆسەلماندنە پێویستی بە هێزێکی هەمیشەیی هەیە کە ببێتە دینامۆی لەجووڵە نەکەوتن. ئەو هێزە بەلای منەوە هەر هەمان ئەو سۆزە نیشتیمانییە کە پێشتر ئاماژەم پێ کردووە. بۆوەی هەمیشەییش بێ،

دەبێ ڕەگی لە فیکر و ڕوحی تاکی کورددا ڕۆچووبێ. سۆزی نیشتمانپەروەری بۆ زینددوویی زێدی باب‌وباپیران وەکوو ئاوێکە کە دەبێتە هۆی هەڵقوڵانی کانییەک. هەڵبەت هەبوونی سۆز بەتەنیا خۆی لە خۆیدا گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، ئەگەر ئاوێتەی ئارمانج نەبێ. بۆ کانیاویش هەر بە هەمان شێوەیە. ئەوە نییە لە کۆنەوە دەڵێن، ئاوی کانیاو بە ئاواتی گەیشتن بە دەریا ڕێگە دەگرێتەبەر. کەوابوو سۆزی نیشتمانپەروەری لای کوردیش، پێویستە ڕوو لە ئاسۆی سەربەستی و خاڵی ڕزگاریی چاوساغی بکرێت، واتە گەیشتن بە دەریای سەربەخۆیی. ئەو سۆزە، یا باشترە بڵێم ئەو هەستی نیشتمانپەروەرییە، لای ئێمەی کوردیش چەشنی یونانی و ڕۆمییەکان لە سەردەمی مناڵییەوە تا ئێستا بەردەوام لەنێو هزر و ڕوحماندا جێ خۆش دەکا، ئەویش جێخۆشکردنێکی کردەیی و هەتاهەتایی. ڕەنگە ئەو وتەیەی نووسەری یونانی، نیکۆس کازانتاکیس سەبارەت بە هەستی نیشتمانپەروەریی جوانترین بۆچوون بێ و بەتایبەت بۆ کورد کە خاوەن زۆرترین ژمارەی قوربانیدانە لە ڕێگای سەربەستیدا. ناوبراو لە ڕۆمانی «ڕاپۆرت بۆ یونان»*دا دەڵێ: بۆ ڕوحێک گەلێک قورسە و زۆر ئاستەمە خۆی لە نیشتمانی دایک، لە شاخ و دەریاکانی، لە نەتەوە ئازیزەکەی و لە ماڵە بچووک و هەژارەکەی و دواجاریش لە خۆشەویستەکەی جیا بکاتەوە. ڕوح خۆی لە خۆیدا ئۆختاپووسێکە (هەشپا) و بۆ هەموو ئەوانەی ناویان هات، گەرەکە بەپەرۆش بێ. دیارە ئەو بەخەمەوەبوونە بە قسەی کازانتاکیس تەنیا بۆ ئەو کوردەیە کە ئەمڕۆ لە وڵات دەژی، با بزانین بۆ ئەو کەسەش کە بە زۆر تووشی دەربەدەری و ئاوارەیی هاتووە، لەجێدایە یان نا.

مرۆڤ وەختێک بارگە و بنە تێکدەنێ و ڕێگای هەندەران دەگرێتەبەر و ژیان لە تاراوگە هەڵدەبژێرێ، لە دەستپێکی وەڕێکەوتندا دنیایەک خۆزگە و خەیاڵ هزری داگیر دەکەن. بۆیە باسی کەسێکی ئەوتۆ دەکەم، دەخوازم جیاوازی جێگۆڕکێی ئەو لەگەڵ کەسانیتر لەبەرچاو بگرم. جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی لەڕووی ناچارییەوە، بەهۆی شەڕ و دوورخرانەوەی ئیجباریی بەرەو هەندەران دەجوڵێن، مەبەستمە. مرۆڤی دەستەی یەکەم زۆربەی جاران، خۆزگە و خەیاڵ و ئیدیالەکان هانی دەدەن و بە هومێدی ژیانی ئاسوودەتر نیشتمان جێ دەهێڵێ. بەڵام ئەوەی دووهەم، بە ئامانجی ڕزگارکردنی گیانی خۆی یا دوورکەوتنەوەی ئیجباریی نیشتەجێی هەندەران دەبێ. بۆ هەردوو دەستە دواجار سۆزی نیشتمانپەروەری بەرەبەرە گەشە دەستێنێ، جا بۆ یەکیان هێورتر و بۆ ئەوەی دیکە خێراتر. ئەوانەی دەستەی یەکەم، چونکە بڕیارەکە لەڕووی ناچاری نەبووە و کەسەکە پێش ئەوەی وەڕێ بکەوێ، ساغ بووەتەوە ڕابردوو و ژیانی پێشووی لە زێدەکەی بە چاک و خراپ لەدوای خۆی جێ بهێڵێ و بە خەیاڵی دەستپێکی ژیانێکی نوێ ڕێگای ئاوارەیی دەگرێتەبەر، هەست پێ ناکا و ئاگادار نییە پشکۆیەکی شاراوە لە گۆشەیەکی هزر و دڵی ئەودا خۆی حەشارداوە و لە کات و ساتی گونجاودا دەگەشێتەوە. ئەو پێی وایە هەموو شتێکی جێ هێشتووە و بەو ڕۆیشتنەی، لەدایکبوونێکی نوێ چاوەڕێیەتی، بەڵام شاعیری ناسراوی یونانی، کۆنستاندینۆس کەڤافیس بەو شێعری «شار»، جوانترین وڵامی بۆ ئەو کۆمەڵە مرۆڤە هەیە:

« **شار**»*

**گوتت: کۆچ دەکەم بۆ شارێکی دیکە، ڕێگای دەریایەکیتر دەگرمەبەر**

**شارێک دەدۆزمەوە خۆشتر لێرە**
**لێرە، هەر هەوڵێکم مەحکوومی چارەنووسێکە و**
**دڵیشم چەشنی مردوویەکی نێژراوە**
**بە خەیاڵیش تا کەی بژیم لەو وڵاتە سیسهەڵگەڕاوە!**
**نیگام بەرەو هەر شوێنێ بێ، سەیری هەر جێگایەک بکەم،**
**وێرانییە ڕەشەکانی ژین بەدی دەکەم**
**کە ساڵانێک لەگەڵیان ژیاوم و وێرانیان کردووم و ڕووخانی تەواوە**
**بەڵام، تۆ هیچ وڵاتێک نادۆزییەوە، دەریایەکیتریش هەروەها**
**ئەو شارە بەدوای تۆدا عەوداڵە،**
**دیسان لە شەقامەکان ئەودا دەخولێیەوە**
**لە کۆڵان و گەڕەکەکانی ئەودا دەتلێیەوە**
**لە هەمان ماڵدا سەرت سپی هەڵدەگەڕێ**
**بەردەوام بەسەر هەمان شاردا دەکەوی،**
**خۆزگەی شاریتر، وەلا نێ!**
**نە گەمیت دەست دەکەوێ، نە ڕێگایەک دەدۆزییەوە**
**کاتێک تۆ لێرە ژیانت وێران کردووە**
**لەو گۆشە بچکۆلانەیە،**
**لە سەراسەری ئەو جیهانە**
**ڕووخانی خۆتت دەستەبەر کردووە.**

**کەڤافیس وەختێک بەو کەسە یا کەسانە دەڵێ تۆ کە لێرە بەرلەوەی وەڕێ بکەوی، ژیانی خۆتت وێران کردووە، هەر ئەو وێرانکردنە و ئەو شارە لە زەین و دڵتدا لەگەڵ خۆت بۆ هەندەرانیش دەبەی. لەوێش ڕووخانی خۆت دەستەبەر دەکەی و شەو و ڕۆژ بیری لێ دەکەیەوە و ناتوانی فەرامۆشی بکەی. کەوابوو ئەو هەستی نیشتمانپەروەرییە بەهێزە، وەک پشکۆی ژێر خۆڵەمێش وایە، ڕەنگە بۆ ماوەیەک دیار نەبێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆر ناخایەنێ دەگەشێتەوە. ئەویش ڕاست ئەو کاتەی مرۆڤ دەست دەکا بە فەرامۆشکردنی تاڵییەکانی وڵات و تەنیا جوانی و خۆشییەکانی بیر دەکەوێتەوە. بە واتایەک، نیشتمان**

گەلاوێژی ٢٧٢٦

دووبارە هەست و سۆزی مرۆڤ داگیر دەکاتەوە. بەهەشتەکەی سەرزەوی، جوانتر، خۆشەویستتر و پیرۆزتر لە پێشوو لەنێو ڕوح و هزردا دەپشکوێتەوە.

* شێعری شار، وەرگێڕدراوی عەلی فەتحی لە زمانی یونانییەوە، ساڵی 2014

٢١ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# سێبەری «پیاوێکی شێت» بەسەر تارانەوە چۆن ناڕوونیی ستراتیژیی واشنگتۆن هاوکێشەکانی ئێرانی تێک دا؟





زانیار حوسێنی

لە شەترەنجی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، هێز هەر لە ژماردنی کڵاوەی ئەتۆمی، پانتاییی جوگرافیایی یان قەبارەی بەرهەمهێنانی بەرهەمی نێوخۆیی خاڵسدا نییە؛ هەندێک جار "ترس لە پێشبینینەکراوبوون"ی ڕابەرێک، لە سوپایەکی پڕچەک لە گۆڕەپانی ململانێکاندا کاریگەرتر و براوەترە. ئەم چەمکە کە لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و

لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکاندا بە "دۆکترینی پیاوێکی شێت" ناسراوە، ڕیشەی لە ڕیاڵیزمی سەردەمدا هەیە. ئەم دۆکترینە بۆ یەکەم جار لەلایەن "ڕیچارد نۆلێت نیکسۆن" و "هێنری کیسینجەر"ەوە بۆ پاشەکشەکردنی بەرەی ڕۆژهەڵات و کۆتاییهێنان بە شەڕی ڤێتنام تیۆریزە و جێبەجێ کرا. بەڵام دوای زیاتر لە نیوە سەدە، دوناڵد ترامپ بوو کە بە زیندووکردنەوەی ئەم دۆکترینە لەنێو جەرگەی ئاڵۆزییەکانی سەدەی بیست و یەکدا، وەک ئامرازێکی گوشاری گشتگیر، توندوتیژ و هاوئاهەنگ دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەکاری هێنا.

مەنتیقی ژێرخانی ئەم ستراتیژییە زۆر سادە، بەڵام هاوکات زۆریش مەترسیدار و کردارییە؛ ئەگەر نەیارەکانت بڕوایان وابێ کە ئەتۆ هیچ هێڵێکی سوورت نییە، نۆرمە نێودەوڵەتییەکانت لەبەرچاو نییە و ئامادەی دەست بۆ هەموو شتێک بەریت، ئەوکات لە ترسی ڕوودانی خراپترین سیناریۆ (وەک شەڕێکی بەرفراوان یان هەڵوەشانەوەی پێکهاتەیی)، ناچار بە پاشەکشە، پێداچوونەوە بە هاوکێشەکان و دانی دەستکەوتی ستراتیژی دەبێت.

**لەم شێوازەدا عەقڵانییەت، وەک ئامرازێک لە شێوەی «بێعەقڵییەکی خۆویست و شۆئاسا» پێناسە دەکرێتەوە تاکوو نەیار لە دۆخی هەڵپەسێردراوی و تۆقینی بەردەوامدا بهێڵێتەوە.**

**پێناسەکردنەوەی یاسای یاریکردن: لە مامەڵەی پێشبینیکراوی ئۆباماوە تاکوو بێسەرەبەرەیی سازێنەری ترامپ**

بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لە جووڵەی ئەم دۆکترینە، دەبێت چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو ڕوانگە جیاوازە لە واشنگتۆن شی بکرێتەوە. کابینەی باراک ئۆباما بە پشتبەستن بە دۆکترینی لیبراڵ - دیموکراتی و دیپلۆماسیی چەندلایەنە، هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ڕێککەوتنی بەرجامەوە، ئێران لە هاوکێشە و سەقامگیرییە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێنێ. ئۆباما وێنەیەکی یاسایی، سەقامگیر و پێشبینیکراوی لە دەسەڵاتی ئەمریکا نیشان دا. لە ڕوانگەی ستراتیژکارە توندڕەوەکانی واشنگتۆنەوە، ئەم پێشبینیکراوبوونە خاڵێکی لاوازی گەورە بوو؛ چونکە ڕێگەی بە تاران دەدا بە لێکدانەوەی وردی ڕاشکاوی و نەرمیی ئەمریکا، دەسەڵاتی ناوچەییی خۆی برەو پێ بدا و بەرنامە مووشەکییەکانی بێ ترس لە پەرچەکرداری توندی واشنگتۆن بباتە پێشەوە.

بە هاتنی ترامپ بۆ کۆشکی سپی لە ساڵی ٢٠١٧، ئەم هاوکێشە سەقامگیرە بەتەواوی وێران بوو. ترامپ و ڕاوێژکارە باڵاکانی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کۆنترۆڵکردنی ئێران پێویستی بە شوکێکی بەهێزی دەروونی و ستراتیژی هەیە. ترامپ نەهاتبوو ببێتە هاوبەشێکی دیپلۆماتیی جێگیر؛ بەڵکوو دەیویست دوژمنانی واشنگتۆن، هەر چرکەیەک چاوەڕێی بڕیارێکی وێرانکەر یان جووڵەیەکی چاوەڕواننەکراو بن.

ئامرازەکانی ئەو بۆ جێبەجێکردنی ئەم نمایشە بریتی نەبوون لە تەنیا ڕێگەیەکی تەواو سەربازی، بەڵکوو ترامپ تۆڕی ڕاگەیاندن و دیپلۆماسیی دیجیتاڵی خستە خزمەت خۆیەوە. تویێتە لەناکاوە، توند و جەنجاڵییەکانی لە نیوەی شەواندا، نەک تەنیا بازاڕە داراییەکانی تارانی تووشی هەڵکشان و داکشان دەکرد، بەڵکوو ژوورە فکرییەکان و دەزگا هەواڵگرییەکانی ئێرانیشی دەخستە لەنێو شرۆڤەگەلی شەکەتکەر و بەردەوام. ڕەوتی ئۆتۆماتیکیی ترامپ لەنێوان سیگناڵی داواکاری بۆ دانوستاندن و هەڕەشەی هۆڤانە بۆ وێرانکردنی تەواوەتیی ئێران، لەگەڵ پێکهێنانی کابینەیەک لە "توندڕەوە شەڕخوازەکان" وەک جان بۆڵتۆن و مایک پۆمپیۆ، هەموویان پارچەکانی پازڵێکی گەورە بوون: دروستکردنی کەسایەتیی سەرۆککۆمارێکی مەهارنەکراو کە ئامادەیە لە هەر چرکەیەکدا پەنجە بنێت بە پەلەپیتکەدا.

## ئامرازەکانی سێکوچکەی گوشار: هەڵماڵینی میکانیزمی خنکاندنی تێکەڵاو

سیاسەتی "گوشاری لانی زۆری" بەرجەستەبوونی کردار و ڕێکخستنی دۆکترینی پیاوێکی شێت بوو بەرانبەر بە ئێران. واشنگتۆن شێوازی نەریتیی کۆنترۆڵکردنی وەلا نا و بە ئاوێتەکردنی یاسا، ئابووری و دەروونناسیی سیاسی، سێ زەبری سەرەکی بۆ چۆکدادانی سیستەمی بڕیاردان لە تارانی بەکار هێنا:

### ١- شوکی یاسایی – دەروونی بە دڕاندنی بەرجام (مای ٢٠١٨)

چوونەدەرەوەی یەکلایەنەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنێک کە پەسەندکراوی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، یەکەم بوومەلەرزەی ستراتیژیی ترامپ بوو. ئامانجی سەرەکیی واشنگتۆن زۆر لە هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەیەک گەورەتر بوو؛ ترامپ دەیویست بێبایەخیی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە بەرانبەر «ئیرادەی ڕەهای ئەمریکا» نیشان بدات. ئەم کردارە شوکێکی دەروونی و پێکهاتەیی توندی ئاراستەی جەستەی دەسەڵات و بازاڕی ئێران کرد. پەیامە شاراوەکەی ڕوون بوو: کاتێک واشنگتۆن ڕێککەوتنی خۆی پێشێل دەکات، واتە بۆ هەنگاوە توندترەکانی داهاتوو، هیچ بەربەستێکی نێودەوڵەتی بەفەرمی ناناسێت. ئەم کردەوەیە، هەموو ئەو پشتپەستنەی کە لەسەر دیپلۆماسیی ئەمریکا حیسابی لەسەر کرابوو، هەڵوەشاندەوە.

### ٢- شەڕی تەواوەتیی ئابووری و ستراتیژیی سفرکردنەوەی نەوت

لەم قۆناغەدا، دۆکترینی پیاوێکی شێت ئامرازی بەرجەستەی خۆی دۆزییەوە. واشنگتۆن سزای دواتری بانکی و نەوتی بە

توندییەکی بێوێنە سەپاند. ئامانج، بڕینی یەکلاکەرەوەی شادەماری حەیاتی و خنکاندنی ڕەهای سەرچاوەکانی داهاتی ئێران بوو تاکوو توانای پشتیوانیی دارایی تاران لە هاوپەیمانە ناوچەیییەکانی وەربگیرێتەوە. ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەم سیاسەتە، دارمانی بەهای دراوی نیشتمانیی ئێران، بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و سەرهەڵدانی قەیرانی قووڵی بژێویی ژیان بوو. واشنگتۆن ژێرخانی سەقامگیریی ناوخۆیی ئێرانی کردە ئامانج تاکوو دەسەڵات بخاتە نێوان دوو ڕێگەوە: ملکەچبوون بۆ مەرجە ١٢ خاڵییەکەی پۆمپیۆ یان ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دارمانی پلەبەپلەی ئابووری.

## ٣- دروستکردنی ناڕوونیی سەربازی و ڕاگرتنی بەردەوام

گرنگترین بەشی دۆکترینی پیاوێکی شێت، بەڕێوەبردنی تێگەیشتنی نەیارە لە ئاستی پەرچەکرداری سەربازیدا. ئیدارەی ترامپ بە ئەنقەست تارانی لە دۆخی بەردەوامیی «شەڕ یان ئاشتی»دا هێشتەوە. لە شێوازە ڕەسەنەکاندا سوپاکان بە پێی دۆکترینی ڕاگەیەندراو ڕەفتار دەکەن، بەڵام ترامپ هیچ یاسایەکی ڕانەگەیاند.

ناردنی کەشتییە جەنگییەکان بۆ کەنداو، هەڕەشەکردن لە ئامانجگرتنی ناوەندە کولتوورییەکان و گۆڕینی ئاراستەی قسەکان بە شێوەیەکی لەناکاو، تێچووی هاوکێشەکانی بۆ فەرماندە سەربازییەکانی ئێران بەرز کردەوە. تاران لە هەر جووڵەیەکی ناوچەییدا دەبوو ئەم سناریۆیە بپشکنێت کە ئایا ئەم کارە دەبێتە هۆی وەڵامێکی ئەتۆمی یان بۆردومانێکی بەرفراوان لەلایەن «سەرۆککۆمارێکی پێشبینینەکراوەوە» یان نا؛ ئەو ناڕوونییە گەورەترین تۆرموز بوو بۆ کردەوە هێرشبەرەکانی نەیار.

## ژانوییەی ٢٠٢٠؛ ساتەوەختی بەریەککەوتنی تیۆری و ڕاستیی ئاشکرا

بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ، بەشێکی بەرچاو لە جەستەی شیکاری و بڕیاردان لە تاران لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ڕەفتار، هەڕەشە و جووڵەکانی ترامپ تەنیا «بلووفێکی گەورەی ڕاگەیاندن» و ئامرازێکی بازرگانییە بە مەبەستی کێشانی ئێران بۆ سەر مێزی دانوستان و سەپاندنی ڕێککەوتنێکی توندتر. فەرزەکە ئەوە بوو کە ئەمریکا لە ترسی لێکەوتەکانی شەڕێکی ناوچەیی، هەرگیز دەست بۆ کاری پڕ مەترسی نابات. بەڵام لە ژانوییەی ٢٠٢٠دا، فەرمانی ڕاستەوخۆی ترامپ بۆ کوشتنی قاسم سولەیمانی لە بەغدا، تەواوی ئەم فەرزە ڕەسەنانەی هەڵوەشاندەوە.

ئەم ئۆپراسیۆنە، لووتکە و بەرجەستەبوونی بێبەزەییانەی دۆکترینی پیاوێکی شێت بوو. واشنگتۆن بە بەزاندنی هێڵێکی

سوور کە ئیدارەکانی بووش و ئۆباما خۆیان لێ دەپاراست، هاوکێشە ستراتیژییەکانی ئێرانی تووشی شڵەژانێکی گەورە کرد. ترامپ سەلماندی کە هیچ ترسێکی لە قبووڵکردنی بەرزترین ئاستی مەترسیی سەربازی و نوقمبوون لە شەڕێکی بەربڵاودا نییە. ئەم هەنگاوە ئاستی خۆڕاگریی ئەمریکای لە ناوچەکەدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز کردەوە و ئاماژەی بە تاران کرد کە لە بەرانبەر دۆکترینی پیاوێکی شێتدا، فۆرمۆڵەی کۆنی "خۆڕاگریی ستراتیژیک" و "وەڵامدانەوەی هێزە سێبەرەکان" دەتوانێت بەهایەکی زۆری هەبێت. ئەم پێشهاتە سەلماندی کە ناڕوونیی ستراتیژیی واشنگتۆن لە کاتی پێویستدا دەگۆڕدرێت بە ئۆپراسیۆنی یەکلاکەرەوەی کوشندە.

### هاوسەنگیی ستراتیژی؛ سەرکەوتن یان داخوران؟

### هەڵسەنگاندنی واقیعیانەی ئەنجامەکانی ئەم دۆکترینە دەرخەری ئەوەیە کە هەڵسەنگاندنی دەستکەوتەکانی پێویستی بە تێڕوانینێکی چەندڕەهەندییە:

– **لە ڕوانگەی واشنگتۆن و داڕێژەرانی گوشاری لانی زۆرەوە:** ئەم سیاسەتە سەرکەوتنێکی چاوەڕوانکراو بوو؛ ئەوان توانییان بە سەپاندنی سەختترین قەیرانی داراییی مێژووی هاوچەرخی ئێران، یەدەگی دراوی وڵاتەکە کەم بکەنەوە، فرۆشتنی نەوت بگەیەننە نزمترین ئاست و مەودای مانۆڕی ئابووری و لۆجستیی تاران لە پرۆژە ناوچەییەکاندا دیاری بکەن. پیشاندانی توندوتیژیی ئاشکرا لە ژانڤییەی ٢٠٢٠دا، ئاستی ڕێگریکردنی ئەمریکای گەڕاندەوە و پاشەکشەی بە دەسەڵاتی ئێرانی کرد لە بڕیاردانی هێرشبەرانەدا.

– **بەڵام ئەم ستراتیژییە تێچووی خۆی هەبوو** و ڕەخنەگران ئاماژە بەوە دەکەن کە دۆکترینی پیاوێکی شێت نەگەیشتە ئامانجی کۆتاییی خۆی، کە تەسلیمبوونی تەواوەتیی تاران، واژۆکردنی ڕێککەوتنی نوێ (کە سیاسەتی ناوچەیی و هاژەکیی خۆی سنووردار بکات) یان گۆڕینی ڕەفتاری بنەڕەتیی سیستەمەکە بوو. لە بەرانبەردا، ئەم گوشارە لانی زۆرانە بووە هۆی ئەوەی کە ئێران سیستەمی بەرگری و هێرشبەریی خۆی بەهێزتر بکات، بەرەو ستراتیژیی «تێڕوانین بەرەو ڕۆژهەڵات» و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزەکانی وەک چین و ڕووسیە هەنگاو بنێت و بەرنامە ئەتۆمییەکەی بە خێراییەکی زۆرتر لە سنوورەکانی ڕابردوو بباتە پێشەوە.

– **دۆکترینی پیاوێکی شێت هەمیشە لەسەر لێواری شمشێر دەجووڵێتەوە؛** ئەم ستراتیژییە یارییەکی پڕ لە مەترسییە لە بەرزترین ئاستی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا. ئەگەر نەیار هەڕەشەکانی ڕابەرێک تەنیا وەک نمایش تێبگات، تەواوی

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

ستراتیژییەکە شکەست دەهێنێت؛ بەڵام ئەگەر نەیار ئەم هەڕەشانە زۆر بە جیددی وەربگرێت و تووشی شڵەژان ببێت، مەترسیی ڕووودانی پێکدادانی سەربازیی پێشدەستانە، کە هیچ کام لە لایەنەکان مەیلیان لێ نەبووە، بە شێوەیەکی کارەساتبار بەرز دەبێتەوە.

ئەزموونی ترامپ لە بەرانبەر ئێران پیشانی دا کە نمایشی لەقەڵەدراوی ناڕەخسانی سەقامگیری، بڕیاری بێبەربەست و ناڕوونیی ستراتیژی، دەکرێت وەک ئامرازی کارای دەسەڵات، چەرخی دیپلۆماسیی ڕەسەن بە قازانجی زلهێزەکان ڕاگرێت و لایەنی بەرانبەر لە دۆخێکی لاوازی و پاسیڤبوون و گرژبوونی ئابووری و سەربازیدا دابنێت. ترامپ سەلماندی کە لە جیهانی واقیعیی سیاسەتدا، بەزاندنی ئاگادارانەی یاساکانی یارییەکە، هەندێک جار کاریگەرترە لە پەیڕەوکردنی بنەما دیپلۆماسییەکان؛ ئەمەش نەیار دەبەستێتەوە. ئەم دۆکترینە، گەرچی ئێرانی نەهێنایە سەر میزی دانوستانی مەبەستی ترامپ، بەڵام بە گۆڕینی بنەڕەتی لە گۆڕەپانی یارییەکەدا، موازەنەی ژیۆپۆلیتیکی بە قازانجی واشنگتۆن پێناسە کردووەتەوە.

**٢٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

---

# دوای هەشتا و چەند ساڵ (١)






**ڕەزا دانشجوو**

٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ خاڵی وەرچەرخانێکی مێژووییە لە ڕێڕەوی خەباتی سیاسیی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی. سەرەتایەکی شکۆمەندانە بۆ ژیانێکی شەرەفمەندانە! دەستپێکی دەورانێکی نوێ لە نەسرەوتن و سەرهەڵدان! ئەو ڕۆژەی کە پێشەوای گەل بڕیاری دابڕان لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و عەشیرەتی دەرکرد و دەستپێکی سەردەمێکی نوێی بە پێناسەیەکی مۆدێرن بۆ خەباتێکی ئامانجدار ڕاگەیاند. ئەم ڕۆژە ڕۆژی دووبارە ژیانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو. ئەمە لە

کاتێکدا بوو زۆرێک لە خزم و کەسانی زۆر نزیک لە پێشەواش ئەم بیرۆکە نوێیەیان وەک خەونێکی کورتخایەن و تەنانەت ململانێییەکی مەترسیدار دەدی! بەڵام پێشەوا هەم ئەم کۆمەڵگەیەی کە تێیدا گەورە ببوو زۆر باش دەناسی، هەم زۆر بە وردی ئاگاداری توانا و هێزی ناوازەی ئەم کۆمەڵگەیە بوو و بێگومان زۆر باشیش دەیزانی کە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی چ پێشهاتگەلێک دەبێتەوە و پێویستی بە چی هەیە. ئەمە سەرەتای ڕێگەیەکی دوور و درێژ بوو، ڕێگەیەکی نارێک و بوومەلێڵ، پڕ لە ملە و بستووی سەخت و هەورازونشێوی مەترسیدار! ڕێگەیەک کە ئێستا و دوای ڕێگەبڕینێکی هەشتا ساڵە دەریخستووە کە ئەم بڕیارەی پێشەوای مەزن چەندە ڕاست و لۆژیکی بووە.

لەم وتارەدا تێدەکۆشین سەرەتا باس لەوە بکەین کە هۆکارگەلی ئەم بڕیارە مێژووییەی پێشەوا چی بوون، دواتر چاوخشاندنێکی کورت دەخەینە سەر بەشێک لەم حیزب و بزووتنەوە سیاسییانە لە ئێران و جیهاندا کە هاوکات لەگەڵ حیزبی دێموکرات یان زۆر دواتر پێک هاتن و دواتر بە هۆکاری جۆراوجۆر یان بە تەواوی لەبێن چوون یان زۆر لاواز بوون و لە ڕاستیدا ئێستا تەنیا ناویان لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەبینرێت. لە کۆتاییدا باس لە نهێنیی ئەم مانەوە و زیندووبوون و خۆڕاگری و ڕاوەستاوییە دەکەین!

**بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کە چ فاکتۆرگەلێک بوونە هۆی ئەوەی پێشەوای نەمر بڕیاری دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدات، پێویستە ئاماژە بە سێ خاڵ بکەین:**

## بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی

لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەم لە سێپتەمبەری ١٩٣٩، بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتبوو. لە ساڵی ١٩٤١دا ئێران لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەت و بەریتانیاوە داگیرکرا! ئامانجی داگیرکاریی هاوپەیمانان نزیکبوونەوەی ڕەزاخان بوو لە ئاڵمانییەکان و ترسی هاوکاری لەگەڵ هیتلەر و لە ڕاستیدا بەستنی ڕێگەی باشوور بۆ باکووری ئێران. لەو نێوەندەدا ڕەزاخان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە دەسەڵات لابرا و دەربەدەر کرا! لەشکری خۆبەزلزان و بێدەسەڵاتی پەهلەوی، بێ هیچ خۆڕاگری و بەرخۆدانێک و تەنیا لە چەند ڕۆژدا بەتەواوی لێک هەڵوەشایەوە و زۆر زوو تەسلیم بوو! ئینگلیزەکان کوڕە بیست و یەک ساڵانەکەی ڕەزاشا؛ واتە محەممەدڕەزایان وەک جێنشینی باوکی هەڵبژارد!

وڵات بە ئاشکرا لەلایەن باڵیۆزخانەی سۆڤیەت و بەریتانیاوە بەڕێوە دەبرا و سیاسەتمەدارە گەندەڵەکانی پەهلەوی بە پێی

داخوازییەکان، پابەندی فەرمانی یان یەکێک یان هەندێک جار هەردوو باڵیۆزخانەی سۆڤیەت و بەریتانیا بوون! حکوومەتی ناوەندی بەکردەوە بوونی نەبوو! سۆڤیەت لە باکوور و ئینگلیز لە باشوور حوکمڕانییان دەکرد!

سەرکردە عەشیرەتەکان و خانەکانی ناوچەکانی نێوەڕاست و سنوورەکان، لە غیابی حکومەتی ناوەندا، هەرچییان ویستبایە دەیانکرد؛ ئاژاوە و پشێوی لە هەموو شوێنێک زاڵ بوو. برسێتی و قاتی و قڕان دۆخەکەی زۆر خراپتر کردبوو. لە وەها هەلومەرجێکدا بوونی حکومەتێکی خۆجێیی دادپەروەر بە واتای کۆتایی ئەم هەموو پشێوی و ئاژاوەگێڕییە بوو!

بەڵام بەبێ پێکهاتەیەک و ڕێکخراوەیەکی مۆدێرن و یەکگرتوو، نەدەکرا حکومەتێکی خۆجێیی پێک بهێنرێت؛ لەڕاستیدا دامەزراندنی حیزب بەردی بناغەی حکوومەتێکی خۆجێیی بوو!

## پشتیوانیی سۆڤیەت

نەیاران و دژبەرانی نەتەوەی کورد هەمیشە پشتیوانیی سۆڤیەتیان بۆ دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان وەک ئامرازێک بۆ سەرکۆنەکردن و هێرشبردن دژی کورد و کوردستان بەکارهێناوە. ئەمە لە کاتێکدا کە تەنانەت سەربەخۆیی و گۆڕانکاریی زۆر گەورە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەرهەمی هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی بووە. ڕاستە کە حکومەتی سۆڤیەت لە کاتی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پاڵپشتیی دەکرد، بەڵام خاڵێکی زۆر گرنگ کە نەیاران و دژبەرانی کورد زۆر نامرۆڤانە خۆی لێ دەدزنەوە و هەرگیز باسی ناکەن، سەربەخۆیی بێوێنەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی ئەم حیزبە لە بڕیاردان و گرتنەبەری هەڵوێست و ڕوانگەیەکی سیاسیی تەواو سەربەخۆیە. خاڵێکی زۆر گرنگی دیکە جیاوازیی بیروبۆچوونیەتی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. حیزبێکی ناسیۆنالیستی کوردی چۆن دەتوانێت شوێنکەوتووی بزووتنەوەیەکی چەپی ڕادیکاڵ بێت؟ لە لایەکی دیکەوە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە هەموو کاتێک زیاتر جێیێی دین و ئایین لە کۆمەڵگەدا دیارە. هەرچەند حکوومەت سێکۆلارە، بەڵام دژایەتیی لەگەڵ ئایینی خەڵکدا نییە. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە بزووتنەوەی چەپگەرای ستالینییەوە نییە!

هەروەک باس کرا، پێشەوای شەهید وەک هەر سەرکردەیەکی بیرمەند، بە دڵنیاییەوە ئەم دەرفەتە مێژووییەی بەکارهێناوە، بەڵام زۆر ڕوونە وەشاندنەکەی بەتەواوی کوردی بووە و لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بنیات نراوە.

## گواستنەوە و دابڕان لە بیرکردنەوەی خێڵەکی – عەشیرەتی

بۆ ئەوەی باشتر لەم بابەتە تێبگەین، باشترە ئاوڕێک لە ساڵانی دوورەوە بدەینەوە. کۆمەڵگەیەک کە سەرکردە عەشیرەتەکان و خانەکان ڕەوتی ڕووداوەکان دیاری دەکەن، لە ڕاستیدا هەموو شتێک پەیوەستە بە ڕەزامەندیی ئەوانەوە! ئەمە ڕێگەیەکی زۆر مەترسیدار و ناپارێزراوە. بێ گوێدان بەوەی کە بەداخەوە زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان کەسانی وابەستە بوون و لە بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیان زیاتر بیریان لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە، تەنانەت ئەو سەرۆک خێڵ و عەشیرەتانەی کە دەیانویست بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خێڵەکەیان بڕیار بدەن کەسانی شارەزا نەبوون و بە گشتی لەژێر کاریگەریی بارودۆخی دەوروبەریاندا بوون و هەندێک جار بە بڕیارە ناعەقڵانییەکانیان هەموو شتێکیان لەناو دەبرد.

**حیزب وەک ڕێکخراوەیەکی یاسامەند کۆتاییهێنەری ئەم شێوە بڕیاردانە بوو. هەموو شتێک دەبوو فۆرمێکی لۆجیکی و مۆدێرن وەربگرێت. دەبوو کەشوهەوای سۆزداری و بڕیارە تاکلایەنەکان کۆتاییان پێ بێت.**

بێگومان نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە پێشتر بزووتنەوەی فیکری و ئازادیخواز وەک "ژێکاف" هەبوو و ڕۆڵی بەرچاوی لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و برەودان بە بیری کوردایەتی گێڕا، بەڵام ئێستا هەلومەرجەکان جیاواز بوون؛ هەر وەک باس کرا بە هۆی بارودۆخی ئێران و جیهان ئێستا جێ بۆ تێکۆشانی سیاسیی گەورەتر هەبوو. کۆمەڵەی "ژ کاف" جێگا و توانایی ڕووداوەکانی دواتری وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستانی نەبوو. پێویست بە سازمان و ڕێکخراوەیەکی گەورەتر و مۆدێرنتر بوو.

دوای باسکردنێکی کورت لە هۆکاری دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئێستا باس لە چارەنووسی تاقمێک حیزبی سیاسی لە ئێران و جیهاندا دەکەین کە هاوکات لەگەڵ حیزبی دێموکرات یان تەنانەت زۆر دواتر پێکهاتوون و ئێستا تەنیا ناویان لە مێژوودا ماوە. بۆچی ئەم حیزبانە لەناو چوون؟

## پشتبەستن بە پشتیوانیی دەرەکی

پێشتر باس لەوە کرا کە زۆرێک لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان تەنانەت سەربەخۆیی و گۆڕینی سنوورەکان لە زۆر وڵاتاندا ملکەچی هەلومەرجی سیاسیی ناوچەیی و جیهانین. لە سەردەمێکدا ئەرمەنستان بە پاڵپشتیی ڕووسەکان و

بارودۆخی نالەباری سەربازی-ئابووریی ئازەربایجان، قەرەباغ و زۆرێک لە ناوچەکانی ئازەربایجانی داگیر کرد. دوای چەند ساڵێک ئازەربایجان بە پاڵپشتیی تورکیا و بێگومان پشتتێکردنی ڕووسەکان لە ئەرمەنستان، هەموو ئەو ناوچانەیان گرتەوە و ئەرمەنستان تەسلیم بوو، ئەگینا شتی زۆر خراپتریش ڕووی دەدا. حیزبی توده بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ڕووسەکان دامەزرا. حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هاوکات و بە پشتیوانیی سۆڤیەت دامەزران! حیزبی توودە بۆ ماوەیەکی زۆر گەورەترین حیزبی سیاسیی ئێران بوو. لە شۆڕشی ١٣٥٧دا و تەنانەت چەند ساڵ دواتریش هەموو کۆبوونەوەکانی حیزبی توودە دەیان هەزار کەسی بوون! ئێستا، لەم حیزبە گەورەیە لە دەرەوەی ئێران و لە ژێر چەند ناوێکی جیاوازدا تەنیا چەند کەسێک ماون! پیشەوەری، سەرۆکی فیرقەی ئازەربایجان، زۆر پێش هاتنی سوپای پەهلەوی بۆ تەورێز، بۆ یەکێتیی سۆڤیەت هەڵات و هەر لەوێش مرد. ئێستا حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان تەنیا لە مێژوودا ماوە! بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا نۆیەمی دەیەی ژیانی تێپەڕ دەکات کە ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی؛ چ لە ناو ئێران وەک ئەندام و لایەنگری نهێنی و چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە دەیان وڵاتی جیهان وەک ئەندام و لایەنگری ئاشکرا، سەدان جار زیادی کردووە! ئەمەش بەو مانایەیە کە پشتیوانیی دەرەکی دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کورت قەڵغان و پەناگەیەک بێت، بەڵام پەنا و ماڵی سەرەکی لە شوێنێکی ترە. پەنا و ماڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان دڵ و مێشکی خەڵکی کوردستانە و ئەمەیە نهێنیی ژیانی لاوێکی هەشتا و یەک ساڵە!

## مردنی سەرکردەیەک، مردن و کۆتاییهاتنی بزووتنەوەیەک!

لە زۆر حاڵەتدا مردنی سەرکردەیەک و لەدەستدانی ئەندامانی دیار و خاوەن پێگە، بووەتە هۆی کۆتاییهاتنی حیزبێک یان بزووتنەوەیەکی سیاسی. مردنی میرزا کوچەکخانی جەنگەڵی و تەسلیمبوونی ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوەیە، کۆتایی بزووتنەوەی جەنگەڵ بوو. مردنی پیشەوەری کۆتایی فیرقەی ئازەربایجان بوو. دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی سەرکردەکانی حیزبی توودە وەک ئیحسان تەبەری و کیانووری، کۆتایی حیزبی توودە بوو! ئەم پرسە تایبەت بە ئێران نەبووە و نییە. پڵنگەکانی ڕزگاریخوازی لە ساڵی ١٩٧٦ەوە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سریلانکا دژی جیاکاریی نەتەوەیی و ڕەگەزی دژی کەمینەی تامیل لەو وڵاتەدا شەڕیان دەکرد. دوای ساڵانێک لە ململانێی چەکداری، لە ساڵی ٢٠٠٩ بە کوشتنی سەرۆکی ئەم گرووپە، خەبات بۆ ئۆتۆنۆمیش کۆتایی هات و گرووپەکە بە ئاشکرا هەڵوەشایەوە!

حیزبی دێموکراتی کوردستان چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی و چ لە سەردەمی پەهلەویدا، بەردەوام سەرکردەکانی لەسێدارە دراون یان تیرۆر کراون! تەنانەت هەندێک جار ئەم تیرۆرە کوێر و قێزەونە دژ بە ئەندامانی ئاسایی حیزبیش بووە! لەسێدارەدانی پێشەوای شەهید و هاوڕێیانی بە دەستی پەهلەوی، تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و

هاوەڵەکانیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، تیرۆری دەیان ئەندامی ڕێبەرایەتی و سەدان ئەندامی ئاسایی حیزب، هیچ پەککەوتنێکی لە ڕێبازی شکۆمەندی خەباتی حیزبی دێموکراتدا دروست نەکردووە. هەرچەندە نەبوونی ئەو کەسایەتییە دیارانە بەئازار بووە و نەبوونیان کارەساتێکی گەورە و خەسارەتێکی بێقەرەبوو لە ڕێبازی ڕزگاریدا بووە، بەڵام ڕۆحی خۆڕاگری و بەرخۆدان بەردەوام بەرەو لووتکە بووە.

## کۆتایی خەبات بەبێ گەیشتن بە ئامانج

زۆر حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخواز هەبوون کە بە هۆکاری جۆراوجۆر دوای ماوەیەک لە خەبات و بەرخۆدان، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە خەبات ماندوو بوون و تەسلیمی هەلومەرج و بارودۆخی سەپێندراو بوون. بزووتنەوەی ئیتا "Euskadi Ta Askatasuna" کە ساڵانێک بۆ سەربەخۆیی باسک لە ئیسپانیا خەباتی دەکرد، دواتر لە ساڵی ٢٠١١ کۆتایی خەباتی چەکداریی ڕاگەیاند و لە ساڵی ٢٠١٨ هەڵوەشایەوە بێ ئەوەی ئامانجەکانی مسۆگەر بکات و باسک وەک بەشێک لە ئیسپانیا مایەوە. سوپای کۆماریی ئێرلەند - کاتی "ProvisionalIrish Republican Army" دوای ساڵانێک دەستبەرداری خەباتی چەکداری بوو بەبێ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە چەکی وەک ئامرازێک بۆ خەبات بەکار هێناوە. ساڵانێکە خەباتی چەکداری کردووە و بە پێی هەلومەرجەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خەباتی چەکداریی ڕاگرتووە. لە ڕاستیدا چەک لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، و ئەوە ئامانجە کە ڕێگەکە دیاری دەکات. کۆتاییهێنان بە خەبات بەبێ گەیشتن بە ئامانج واتە تەسلیمبوون! حیزبی دێموکرات دەیان ڕووداوی تاڵ و نەخوازراو و سەپێندراوی تێپەڕاندووە و هیچ کات تەسلیمی بارودۆخی ناوچەکە و ئاراستەی ڕووداوەکان نەبووە.

٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# سوژەڤانی و دابڕان: دیاردەناسیی حیزبی دێموکرات





**شاهۆ حوسێنی**

کاتێک مێژوو لە توێژی ڕووکەشیی ڕووداوەکان و ڕۆژژمێرەکان جیا دەکەینەوە و دەگەینە ژێرخانی ئەندێشە و وەرچەرخانە وێژەمانییەکان، تازە بەها و شکۆی ساتە چارەنووسسازەکانی وەک ٢٥ی گەلاوێژ ئاشکرا دەبێت؛ ساتێک کە تێیدا مرۆڤی کورد لە "دۆخێکی گنخاو"یەوە بۆ "ئیرادەیەکی عەقڵانی و مێژوویی" باز دەدات. مەخابن مێژوونووسیی نەریتی و دابەزێندراو

لە نێو کورددا، هەمیشە ئارەزووی ئەوەی هەیە ڕووداوە سیاسییە گەورەکان لە زنجیرەیەک بەسەرهات، ڕووداو و کاردانەوە بەرامبەر بە بۆشایی دەسەڵات، یان کاریگەرییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکەدا قەتیس بکاتەوە. لەم جۆرە ڕوانینەدا، دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هاوینی ١٣٢٤ (ئاگوستی ١٩٤٥) تەنیا وەک بەرهەمی دۆخی بەرەو کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەم و ئامادەیی هێزەکانی هاوپەیمانان لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەناسێندرێت. بەڵام خوێندنەوەیەکی وەها ڕووکەش و ماتریالیستانە، شوناسی قووڵ، ژێرخانی هزری و بزوێنەرە بوونناسانەکەی (ئۆنتۆلۆژیکی) ئەم ڕووداوە بە تەواوی پشتگوێ دەخات. بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینە لەوەی لە ٢٥ی گەلاوێژدا ڕووی دا، دەبێت لە توێکڵ و ڕووکەسی ڕواڵەتی ڕووداوەکە تێپەڕین و ڕۆ بچینە نێو توێژگەلی دیاردەناسانە و پێکهاتەی سوژەبوون لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا. مرۆڤی کورد تا پێش ئەم وەرچەرخانە مێژووییە، لە وتاری سیاسیی باڵادەستدا، لە "دۆخێکی گنخاو" یان ژیانێکی نائیرادیدا ڕاگیرابوو. ئەم دۆخە پەتییە، تایبەتمەندیی کۆمەڵگەیەکە کە ئەگەرچی ئامادەیی بابەتی، جوگرافی، کلتووری و زمانەوانیی هەیە، بەڵام بێبەشە لە ئامرازی دامەزراوەیی بۆ گۆڕینی ئەم ئامادەییە بۆ داخوازییەکی عەقڵانی و یاسایی.

لە نەریتی فەلسەفەی سیاسییدا جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان "بوون لە خۆدا" و "بوون بۆ خۆ" ڕێک لەم خودئاگاهییە دامەزراوەییەدا حەشار دراوە. ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی پێشوو لە مێژووی کوردستاندا، بە هەموو چاونەترسی و ڕەسەنایەتیی ئەخلاقیی کۆڕگێڕانیەوە، زۆربەی جار تایبەتمەندی کاردانەوەی غەریزی، عەشیرەیی، یان ناوچەییان هەبوو لە بەرامبەر سەرکوتکاریی ناوەندا. ئەوان هێشتا نەیانتوانیبوو ئازاری ژیاو وەربگێڕن بۆ تیۆرێکی سیاسی و ڕزگاردەر. دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی دەرکەوتنی ئەم خودئاگاییەدا کە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی ژ.ک-دا دەرکەوتبوو، ساتی وەرچەرخانی ناسیاریناسانە (ئێپیستەمۆلۆژی) بوو لەم ڕەوتە. لەم خاڵەدا، ئیرادەی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد لە فۆرمی پەرش‌وبڵاوی، تاکەکەسی و غەریزی دەرچوو و بۆ فۆرمێکی پێکهاتەمەند، مۆدێرن و وێژەمانێکی بەرز. حیزب لێرەدا نەک تەنیا لەگوێن ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ وەدەستهێنان یان دابەشکردنی دەسەڵات، بەڵکوو وەک ناوبژیوانێکی عەقڵانی دەرکەوت کە توانی ناسنامەی کوردی لە درێژبوونەوەیەکی سروشتی و نەریتەوەرەوە، بگوێزێتەوە بۆ پرۆژەیەکی عەقڵانییانەی نەتەوەساز و نوێخواز. ئەمە هەمان بازدانی سوژەیە؛ ساتێک کە کۆمەڵگەیەک لەژێر باری "مۆدێلی بڕیاری بەسەردا سەپێنراوی ئەوی‌دی" تێدەپەڕێت و خۆی وەک "بکەری مێژووساز" پێناسە دەکاتەوە.

یەکێک لە گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەم وەرچەرخانە مێژووییە دەکرێت بە ڕوانینێکی دیاردەناسانەی سیاسی و ڕەخنە لە چەمکی "هەڵپەساردن" و "بارودۆخی نائاسایی" شیکاریی بۆ بکرێت. لە تیۆری سیاسیی مۆدێرندا، سەروەریی ڕەها هەمیشە خۆی لە توانای ڕاگەیاندنی باری نائاساییدا بەرهەم دەهێنێتەوە.

**پێکهاتەی دەوڵەت – نەتەوەی ناوەندخواز لە ئێرانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کوردستانی هەمیشە لە سێ هەڵپەساردنی بەردەوامدا ڕاگرتبوو:**

**هەڵپەساردنی یاسایی:** پشتگوێخستنی ناسنامەی زمانی و کلتووری و بێبەشکردن لە مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیبوون.

**هەڵپەساردنی مێژوویی:** دابەزاندنی مێژوو و سەردەمی ناوچەیی بۆ پەراوێزێک یان پەرەنەسەندوویەک بەراورد بە کاتی ناوەند.

**هەڵپەساردنی سیاسی:** پشتگوێخستنی مافی بڕیاردان، مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیی.

لە وەها دۆخ و کەشێکدا، سەروەریی ناوەندی بۆ مرۆڤی کورد تەنها بە شێوەی "قۆرخکردنی توندوتیژی، سەرکوت و دیسپلینی ڕووتی سەربازی" دیار دەبوو. مرۆڤی کورد لەم چوارچێوەیەدا، لە بێکاتی و بێشوێنییەکی یاساییدا هەڵپەسێردرابوو. دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، ڕێک ڕەتکردنەوەی ئەم هەڵپەساردنە بوو. حیزب بە پێشکەشکردنی پلاتفۆرمێکی مۆدێرن، دامەزراوەییکردنی ئەرکەکانی وەک خوێندن بە زمانی دایک، دامەزراندنی بەستێنی گشتی، بەشداریی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە ڕۆشنبیران و بازرگانانەوە تا ژنان و جووتیاران، و لە کۆتاییدا بە بنەماییکردنی ئەزموونی مێژوویی "کۆماری کوردستان"، دیاردەی سەروەریی حاکمییەتی ناوەندی هەڵوەشاندەوە. حیزبی دێموکرات نیشانی دا کە سەروەری، دەستکەوتێکی ئاسمانی، قۆرخکراو و ڕەگەزیی پەیوەست بە ناوەند نییە؛ بەڵکوو بابەتێکی بەرجەستە، مەدەنی و عەقڵانییە کە دەکرێت لەسەر بنەمای کەرامەتی مرۆڤ، خواستی گشتی و عەقڵانییەتی ناوچەیی بەرهەم بهێنرێتەوە. ئەم هەنگاوە، ئەم ڕایەڵە وەهمییەی پچڕاند کە کورد دەبێت هەمیشە لە هەڵپەساردنی سیاسیدا بپووکێتەوە تا ناوەند بڕیاری بۆ بدات.

لە ڕوانگەی بوونناسییەوە (ئۆنتۆلۆژی)ەوە، گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕووی نەتەوەیەکی سەرکوتکراو دەبێتەوە، تەنها سەرکوتی فیزیکی یان ئابووری نییە، بەڵکوو نکۆڵی بوونناسانەیە؛ واتە بارودۆخێک کە تێیدا گوتاری باڵادەست بە جۆرێک هەڵسووکەوت دەکات کە گۆیا "ئەویتر" هەر بوونی نییە، یان بوونی بابەتێکی زیادە، دەستدرێژیکار و بێبەهای مێژووییە. لە بەستێنێکی وەهادا، "بەرخۆدان" مانایەکی زۆر قووڵتر لە خەباتێکی حیزبی یان ئایدۆلۆژی پەیدا دەکات. بەرخۆدان دەبێتە تاقە ڕێگەی "ڕەسەنایەتیی بوون."

کەواتە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، ڕێکخستنی ئەم بەرخۆدانە بووناسانەیە بوو. حیزب بە خستنەڕووی فۆرمولەی سیاسیی فرەچەشن (وەک دێموکراسی بۆ ئێران و خۆبەڕێوەبەری/فیدرالیزم بۆ کوردستان)، نەک تەنیا مافی بوونی نەتەوەی کوردی سەلماند، بەڵکوو دیالێکتیکێکی نوێی هێنایە نێو کایەی سیاسیی ئێرانەوە: دیالێکتیکی بوون لە هەناوی نکۆڵی لێکراندا، بەرخۆدانێک کە بەم دامەزراندنە گیانی بەبەردا هات، نیشانی دا کە "کوردبوون" تاوان یان بێئاگایییەکی مێژوویی نییە، بەڵکوو "مافێکی بووناسانەی عەقڵانییە". حیزبی دێموکرات، ئازاری مێژوویی، سەرکوتی کەڵەکەبوو و بێبەشبوونی نەتەوەیەکی وەرگرت و کردی بە ئیرادەیەکی ئیجابی، ئەرێنی و بنیادنەر.

بۆیە، دووبارە خوێندنەوەیساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نابێت بۆ ڕێوڕەسمێکی مێژوویی کورت بکرێتەوە. ئەم ساڵیادە، وەبیرهێنەرەوەی ساتێکە کە عەقڵانییەتی سیاسی لە کوردستاندا لەدایک بوو و کاتی مێژوویی ئەم کۆمەڵگەیە لە "وەستان و هەڵپەساردن"ەوە گۆڕدرا بۆ "جووڵە و کردار."

لە کۆیگشتی ئەم نووسینەدا، هەوڵ دەدرێت بە تێپەڕین لە گێڕانەوەی ڕواڵەتی ڕۆژانە، سێ تەوەرەی سەرەکیی ئەم وەرچەرخانە مێژووییە هەڵبدرێتەوە:

١- یەکەم؛ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی گۆڕانی سوژەی پاسیڤ بۆ سوژەی خۆئاگا و عەقڵانی لە بەستێنی پێکهاتەی حیزبدا.

٢- دوویەم؛ شیکاریی دیاردەناسانەی چەمکی سەروەری و شێوازی دابڕانی حیزبی دێموکرات لە مۆدێلی خۆسەپێنی ناوەندگەرا و ڕەتکردنەوەی دۆخی هەڵپەساردن.

٣- سێیەم؛ شرۆڤەی بووناسیی بەرخۆدان لەگوێن ئامرازی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی کەرامەت، ناسنامە و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەک لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی نکۆڵی و سڕینەوەی مێژوویی.

ئەم دووبارە خوێندنەوە فەلسەفییە نیشان دەدات کە بۆچی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤، تەنها دەستپێکی ڕێکخراوێک نییە، بەڵکوو لەدایکبوونی بڕیارنامەی عەقڵانییەتی سیاسیی مۆدێرنە لە کوردستاندا.

– لە "نکۆڵیی بووناسانە"وە تا "خۆئاگایی هزرمەندانە": دابڕانی ئێپیستەمۆلۆژیک لە ڕەوتی دەرکەوتنی سوژەڤانیدا

ڕەوتی مێژوویی نەتەوەکان و گرووپە مرۆییەکان، بەر لەوەی دیاردەیەک بێت لەخۆگری ڕەهەندی جوگرافی، سەربازی یان

لەخۆگری پێکهاتەی یاسایی بێت، ڕووداوێکی ناسیاریناسانەیە (ئێپیستەمۆلۆژیکە). لەسەر بنەمای خوێندنەوەی دیاردەناسانە و تیۆرەکانی سوژەڤانی لە فەلسەفەی سیاسییدا، مرۆڤی قەتیسماو لە دۆخی پێش-دامەزراوەییدا، لە نێو نکۆڵییەکی بوونناسانەی قووڵدا دەژێت. ئەم نکۆڵییە ئاکامی جۆرێک لە بیگانەبوونی پێکهاتەیی و سەپاندنی گێڕانەوەیەکە کە تێیدا ئامێری دەسەڵاتداری و خۆسەپێنی ناوەند، دەقێک دەنووسێتەوە و ئەویتری پەراوێزخراو تەنیا وەک خەیاڵێکی بێدەنگ یان ئۆبژەی گەمەکانی دەسەڵاتداران وێنە دەکرێت. لەم دۆخی پێش-دامەزراوەییەدا، سوژە نە توانای پێناسەکردنی خۆی هەیە و نە ئاسۆیەکی بۆ تێپەڕین بەرەو داهاتوو دەبینێت. ئەو لە مێژوویەکدا دەژێت کە لەلایەن ئەویترەوە دەنووسرێتەوە، بەڵام خۆی مێژووساز نییە. جیهانی ژیاوی ئەو بە چەمکگەلێکی ژەهراویی وەک: چارەنووسی دیاریکراو، ناشایستەیی سیاسی و پێویستیی تواندنەوە لە ناوەندا پێناسە دەکرێت.

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لەم سەردەمەی مێژوودا، تەنیا وەڵامێکی ڕێکخراوەیی یان تاکتیکی بۆ داواکارییەکانی کەڵەکەبووی ڕۆژانە نەبوو. ئەم دامەزراندنە، لە زاتی خۆیدا دابڕانێکی ناسیاریناسانە بوو. حیزب لە پێگەی ماتریکسی پێکهاتەمەندی ئاگاییدا هاتە نێو مەیدانەکەوە تا زمان، لۆژیک و چەمکەکانی پێشووی گەمەی سیاسی بسڕێتەوە.

**ئەم دابڕانە ناسیاریناسانەیە لە چەند ئاستێکی بنەڕەتیدا ڕووی دا:**

١- **پەڕینەوە لە بێفۆڕمی بۆ فۆرمبەندی سیاسی:** کۆمەڵگەیەک کە تا پێش ئەوە لە قالبێکی تووڕەیی بڵاو، ڕاپەڕینی ناوچەیی و کاردانەوەیی، یان دڵساردبوونی تاکەکەسیدا خۆی دەردەخست، لەپڕ عەقڵانییەتی خۆی لە قالبێکی فۆرمبەندی هاوئاهەنگ و عەقڵانیدا دۆزییەوە. حیزب وەک دامەزراوە، دەرفەتی گۆڕینی وزەی سەرەتایی و خاوی بۆ ئیرادەیەکی گشتیی پەروەردەکراو ڕەخساند.

٢- **بەرزبوونەوەی پلەی بوونناسانە:** سوژەی کورد لە ئۆبژەیەک لە مێژوودا گۆڕا بۆ خوڵقێنەری مێژوو. ئەو تێگەیشت کە چارەنووسی سیاسیی ئاکامی ئیرادەیەکی پێشوەختەی دیاریکراوی کۆلۆنیالیزم یان خۆسەپێنی ناوەند نییە، بەڵکوو پێکهاتەیەکە کە دەکرێت بە هۆی هەڵسەنگاندن، خودئاگایی و کردەی بەکۆمەڵ هەڵوەشێندرێتەوە و لە نوێوە بنیاد بنرێتەوە.

٣- **پێناسەکردنەوەی عەقڵانییەت لە کایەی گشتیدا:** عەقڵانییەت لەم مانایەدا، دابەزاندنی خواستی سازشکاریی پاسیڤانە نەبوو؛ بەڵکوو وەدەستهێنانی مەعریفەیەک بوو کە توانای هەڵسەنگاندنی دۆخی ژێردەستەیی و داڕشتنی پڕۆژە بۆ دەرچوون

لەو دۆخەی هەبوو. ئاگاداریی عەقڵانیی ئەم توانایی بە سوژە دا تا جیاوازیی نێوان دۆخی سروشتی و دۆخی سەپێندراو لەلایەن دەسەڵاتەوە بکات.

بەم شێوەیە، وەرچەرخان لە سوژەی پاسیڤەوە بۆ سوژەی خودئاگا، بڕبڕەی پشتی وەرچەرخانی مێژوویی بوو. حیزب کە لەدایک بوو، تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو شوێنێک بوو بۆ گەشەکردنەوەی عەقڵانییەتی بەکۆمەڵ و گۆڕینی توانای نەتەوەیەک بۆ کردەییترین فۆرمەکانی خەبات و پێکهاتەمەندبوون.

**- سەروەری، هەڵوەشاندنەوەی هەڵپەساردن و دابڕان لە مۆدێلی ناوەندگەرا**

بۆ تێگەیشتن لە شوناسی سیاسیی سەروەری لە مۆدێلی خۆسەپێنی ناوەندخوازدا، دەبێت چەمکی دۆخی هەڵپەساردن لە دیاردەناسیی دەسەڵاتدا تاوتوێ بکەین. ناوەندی دەسەڵاتخواز هەمیشە لە ڕێگەی پێکهاتەیەکی دووفاقییەوە هەڵسووکەوت دەکات: ئەویتر لە جوگرافیا و یاسادا دەتوێنێتەوە، ئا بەم جۆرەش بەردەوام دەیکاتە بەشێک لە ئیستسنایەکی هەمیشەیی هەڵپەسێردراو. لە دۆخی هەڵپەساردندا، یاسا بوونی هەیە بەڵام ئامرازێکە بۆ سەرکوتکردنی ئەویتر؛ مافی هاووڵاتیبوون باس دەکرێت، بەڵام مافی بنەڕەتی کە ڕێک "مافی هەبوونی ماف"ە، ڕەت دەکرێتەوە. ئەویتر هەمیشە لە دۆخی ناجێگیری، نەبوونی ئاسایشی بەردەوام، و نکۆڵی لێکراوی ناسنامەییدا دەژێت. سەروەریی ناوەند لە ڕێگەی شاردنەوەی ئەم هەڵپەساردنە و سروشتی نیشاندانی، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو تاقە سەرچاوەی ڕەوای نەزم، ئاسایش و عەقڵانییەتە. حیزبی دێموکرات بە هاتنی بۆ نێو کایەی سیاسی، دەستی دایە هەڵوەشاندنەوەیەکی دیاردەناسانە؛ هەڵوەشاندنەوەی ئەو لۆژیکەی کە دەسەڵاتی ناوەندی بە هەتاهەتایی و نەگۆڕ وێنای دەکرد. دیاردەناسیی سەروەری لەم بزووتنەوەیەدا نیشانی دا کە سەروەریی ڕەوا، لە زۆرداریی چڕکراوە، گێڕانەوەی نەتەوەپەرستەکانی باڵادەست یان ڕەوایەتییە ئاسمانی و مێژووییە خۆسەپێنەکانەوە سەرچاوە ناگرێت؛ بەڵکوو بەرجەستەبوونی ئیرادە و ئاگاداریی ژیاوی خودی خەڵکە لە نیشتمانی خۆیاندا.

**ئەم دابڕانە لە دوو کایەی بنەڕەتیدا هاتە دی:**

**١- تێکشکاندنی ئەفسانەی ناوەند وەک تاقە دەستەبەرکەری نەزم:**

خۆسەپێنیی ناوەند، هەمیشە فرەچەشنی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەوی تری وەک بشێوی، پارچەپارچەبوون و وێرانبوونی نەزم وێنا دەکات. بزووتنەوەی دێموکراتیک بە پێشکەشکردنی مۆدێلێکی مەدەنی، عەقڵانی و لەسەر بنەمای

بەشداریی گشتی، ئەوە ئاشکرا دەکات کە خودی ناوەند سەرچاوەی سەرەکیی بێنەزمی (ئانۆمی)، توندوتیژیی پێکهاتەیی و ئاڵۆزییە. سەروەریی هەڵقوڵاو لە هەناوی کۆمەڵگەوە نیشانی دا کە نەزمی ڕاستەقینە تەنها کاتێک دەردەکەوێت کە یەکسانی بوونی هەبێت.

## ٢- کۆتاییهێنان بە دۆخی هەڵپەساردن و گەڕاندنەوەی خواستی سیاسی:

بە دامەزراندنی ئیرادەیەکی سەربەخۆ، سوژەی کورد توانی خۆی لە بوونەوەرێکی هەڵپەسێردراو لە بێمافیدا بگۆڕێت بۆ یاسادانەر و داڕێژەری ماف. حیزب، سەروەریی لە کایەی قۆرخکراوی فەرمانڕەوایانی ناوەند دەرهێنا و بە شێوازێکی ئاسۆیی، فرەچەشن و وەڵامدەر سەرلەنوێ دایڕشتەوە. ئەم وەرچەرخانە پێکهاتەییە، کاروباری سیاسیی ژیاندەوە. سیاست ئیتر نە ملکەچبوون بوو بەرامبەر بڕیارەکانی ناوەندی خۆسەپێن، بەڵکوو توانای کۆمەڵگە بوو لە بڕیاردان بۆ ژیانی بەکۆمەڵ، شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات، و دروستکردنی پێکهاتە دێموکراتیکەکانی خودی کۆمەڵگە.

### – بووناسیی بەرخۆدان: ئافراندنەوەی کەرامەت، ناسنامە و مافی دیاریکردنی چارەنووس

کاتێک سیستمێکی دەسەڵاتخواز سیاسەتێک لەسەر بنەمای نکۆڵی، سڕینەوەی مێژوویی و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی ناسنامەیی دەگرێتە بەر، ئامرازی سەرکوتکارییەکەی تەنیا بۆ چەک و بەندیخانە کورت نابێتەوە؛ بەڵکوو دەست دەداتە نەبوونکردنی بووناسانە. لەم ستراتیژیەدا، ئامانجی کۆتایی ئەوەیە نەتەوەی ژێردەست، زمان، بیرەوەریی بەکۆمەڵ، کەرامەتی مرۆیی و تەنانەت وێنەکردنی داهاتوویەکیش لە دەست بدات و بگۆڕێت بۆ بوونێکی بێلایەن و تواوە.

لە ئاسۆیەکی وەها تاریک و ترسناکدا، بەرخۆدان مانایەکی زۆر فرەتر لە تاکتیکێکی سەربازی یان کاردانەوەیەکی کاتیی سیاسی پەیدا دەکات. بەرخۆدان دەبێتە شێوازێکی بوون لە جیهاندا و پێویستییەکی بووناسانە.

### پێکهاتە سێقۆڵییەکانی بووناسیی بەرخۆدان بریتین لە:

### ١- ئافراندنەوەی کەرامەت:

خۆسەپێنی بە سووکایەتیکردنی بەردەوام و سڕینەوەی ئیرادە، بە دوای تێکشکاندنی سوژەیە. بەرخۆدان، ڕەتکردنەوەیەکی

بڕوا پێکراو و ڕەهای ئەم سووکایەتییەیە. مرۆڤی بەربەرکانیکەر بە ڕاوەستانی خۆی ڕادەگەیەنێت کە بەها و کەرامەتی ئەو داگیر نەکراوە. بەرخۆدان، گەڕاندنەوەی شکۆی مرۆیی و بەکۆمەڵە؛ پرۆسەیەک کە تێیدا کۆمەڵگە فێر دەبێت نەچێتە ژێر باری گێڕانەوە سووکایەتیپێکراوەکانی دەسەڵات و قامەتی خۆی لە بەرامبەر سەرکوتدا بە بەرزی ڕابگرێت.

### ٢- ناسنامە وەک پرۆژەیەکی بزوێنەر:

لە بووناسیی بەرخۆداندا، ناسنامە نە ئاسەوارێکی موزەیی یان کەلەپوورێکی نەگۆڕ و دەستکارینەکراوی ڕابردووە، بەڵکوو پرۆژەیەکی بزوێنەرە لە سەیرووڕەتی بووندا. ناسنامە لە بەستێنی خەبات، ئاگاداری و ڕەخنەی بەردەوامدا سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە. ئەم ناسنامە نوێیە، نە لەسەر بنەمای دووژمنایەتی، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئاگاداریی نەتەوەیی، ئازادیخوازی و پەیوەندیی نێوان نەوەکان دروست دەبێت و لە بەرامبەر وێرانکاریی مێژووییدا بەرخۆدان دەکات.

### ٣- مافی دیاریکردنی چارەنووس؛ بەرجەستەبوونی عەینی ئازادی:

مافی دیاریکردنی چارەنووس، ئامانجی بووناسانەی ئەم ڕێگەیەیە. ئەگەر سوژە، خۆئاگا بووبێت و سەروەریی لە دۆخی هەڵپەساردن دەرهێنابێت، دەرکەوتنی کۆتایی ئەم ئاگادارییە لە ڕەسەنایەتی بڕیاردان بۆ داهاتوودا دەردەکەوێت. مافی دیاریکردنی چارەنووس، ڕاگەیاندنی ئەم ڕاستییە کە هیچ دەسەڵاتێک لە دەرەوەی ئیرادەی بەردەوامی نەتەوەیەک، ڕەوایەتیی دیاریکردنی ڕێگەی ژیان، کولتوور، ئابووری و سیاستەکەی نییە.

### دەرئەنجام:

بە تێپەڕین لە گێڕانەوەی ڕواڵەتی، ڕووکەشی و دابەزاندخوازانەی ڕووداوەکان، ئاسۆی فەلسەفیی ئەم نووسینە بە ڕوونی نیشانی دەدات کە جووڵەی مێژوویی ئەنجامدراو بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، هەرگیز ململانێیەکی سنوورداری سیاسی بۆ پشکخوازی لە دەسەڵات، یان کاردانەوەیەکی کاتی بۆ بۆشایی دەسەڵاتی ناوچەیی نەبووە. ئەم ڕووداوە، لە جەوهەر و پێکهاتەی بنەمایی هزریی خۆیدا، سەرلەنوێ بووژانەوەیەکی دیاردەناسانەی سوژەی کورد و خاڵی دەستپێکی عەقڵانییەتی سیاسیی مۆدێرنە لە پانتایی مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا.

**سەیری گەشەکردن و لۆژیکی دەروونی ئەم وەرچەرخانە مێژووییە دەکرێت لە سێ وەرزی ڕزگارییەخشدا کۆبکرێتەوە:**

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

**یەکەم؛ پەڕینەوە لە پاسیڤبوونەوە بۆ سوژەییەتی عەقڵانییانە:** حیزبی دێموکرات توانی کۆمەڵگە لە دۆخی پەتی، واتە ژیان لە مێژووی نووسراو لەلایەن ئەویترەوە دەربهێنێت و بۆ ئاستی خۆئاگایی بۆخۆ بەرزی بکاتەوە. لەم خاڵەدا، ئازاری کەڵەکەبوو و تووڕەییە بڵاوەکان گۆڕدران بۆ پرۆژەیەکی عەقڵانی، پێکهاتەمەند و نەتەوەساز.

**دووەم؛ هەڵوەشاندنەوەی سەروەریی ناوەند و ڕەتکردنەوەی هەڵپەساردن:** بە پێشکەشکردنی مۆدێلێکی مەدەنی، فرەچەشن و دامەزراوەیی، پێکهاتەی خۆسەپێنی ناوەند کە ئەوانیتری لە دۆخێکی هەڵپەساردنی بەردەوامدا (یاسایی، مێژوویی و سیاسی) ڕاگرتبوو، ڕووخا. سەروەری لە بابەتێکی ئاسمانی، سەرکوتکار و قۆرخکراوەوە، بۆ بابەتێکی بەرجەستە، وەڵامدەرەوە و هەڵقوڵاو لە ئیرادەی گشتی پێناسە کرایەوە.

**سێیەم؛ جێگیرکردنی بووناسیی بەرخۆدان:** لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستراتیژیی نکۆڵی و سڕینەوەی بووناسانەدا، بەرخۆدان لە تاکتیکێکی سەربازی یان ئامرازێکی خەباتکارانەی ڕووتەوە، بۆ شێوازی ژیان و تاقە ڕێگەی گەڕاندنەوەی کەرامەتی مرۆیی، سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی بزوێنەر و هێنانەدیی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەرز بووەوە.

بەردەوامیی ئەم دابڕانە مێژووییە لە کاتی ئێستادا و لە ئاسۆی داهاتوودا، پێش هەموو شتێک پێویستی بە پاراستنی دەستکەوتەکانی ئەم عەقڵە ڕەخنەیی و سوژەڤانیە ئەکتیڤە هەیە. پەیامی بنەڕەتیی ٢٥ی گەلاوێژ بۆ ئەمڕۆ ئەوەیە کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرۆژە تازەداڕێژراوەکانی نکۆڵی و دەسەڵاتخوازی، تەنیا لە ڕێگەی پشتبەستن بە خۆئاگایی پێکهاتەیی و عەقڵانییەتی لۆکاڵی ڕێگەپێدراوە. تا ئەو کاتەی ئەم ئاگاداریی بنەڕەتییە لەمەڕ ماف، ڕەتکردنەوەی هەڵپەساردن و بەرخۆدان وەک بنەمای کەرامەتی مرۆیی، لە دەمارەکانی هزر و کردەی بەکۆمەڵدا بڕوات، هیچ ئامێرێکی سەرکوت یان وتارێکی دەسەڵاتخواز ناتوانێت ئەم ڕاستییە مێژووییە بگەڕێنێتەوە بۆ پەراوێزی بێدەنگی مێژوو.

**بەرخۆدان لەم ئاسۆ فەلسەفییەدا، نە تەنیا خۆڕاگری لە بەرامبەر سەرکوتدا، بەڵکوو بەرزترین فۆرمی هێنانەدیی ئازادی، جێگیرکردنی مسۆگەری مافی مرۆڤ بەسەر چارەنووسی خۆیدا و پەیماننامەی هەمیشەیی عەقڵانییەتی سیاسییە لە کوردستاندا.**

**٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

گەلاوێژی ٢٧٢٦

# کورد و هەلی مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (یەکڕیزی، هاوپەیمانیی ستراتیژی و وانەکانی مێژوو)






عەزیز سەیدنژادیان

## پێشەکی: زریانی گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قۆناغێکی زۆر هەستیار، چارەنووسساز و مێژووییدا تێدەپەڕێت. تەقینەوە و کڵپەسەندنی ململانێی

نێوان ئێران و ئیسرائیل و هەڵوێستی نوێی ئەمریکا بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، تەنیا سنووری ئەو دوو وڵاتەی نەگرتووەتەوە، بەڵکوو کاریگەرییە قووڵ و ڕاستەوخۆکانی بۆ زۆربەی ناوچەکە، لەوانە عێراق، باشووری کوردستان، وڵاتانی کەنداو (سعودیە، قەتەر، کوێت، بەحرەین، ئیمارات، عومان)، ئازەربایجان، قوبرس، ئوردن و لوبنان بڵاو بووەتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، نەک تەنیا بۆ گەلانی نێوخۆی ئێران، بەڵکوو بۆ هاوسەنگیی سیاسی و ئاسایشی تەواوی ناوچەکەش بووەتە سەرچاوەی کێشە، تەنگژە و ناکۆکییەکی بەردەوام. لە ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی ئەو ڕژێمە بووەتە هۆی هەڵگیرسانی ژمارەیەکی زۆر لە ململانێ، شەڕی وەکالەتی، پشێوی و قەیرانی گەورە لە ناوچەکەدا.

لە ماوەی ئەم ساڵانەدا، گەلانی ئێران چەندین جار بۆ گۆڕینی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی ئازادی ڕاپەڕین و هەستانەوە، بەڵام زۆربەی ئەو خۆپیشاندان و بزووتنەوانە بە دڕندانەترین شێوازی توندوتیژی و سەرکوتکردنی خوێناوی وەڵام دراونەتەوە. لە هەمان کاتدا، سیاسەتی زلهێزەکانی جیهان بەرامبەر ئێران لە هەموو ئەو ماوەیەدا لەسەر یەک ڕێڕەو نەبووە؛ هەندێک جار گوشار و گەمارۆی ئابووری، و هەندێک جاریش سازان، گفتوگۆ و دیپلۆماسی، بووەتە بنەمای هەڵوێستیان.

ئەمڕۆ، بەهۆی مەترسییە گەورەکانی پەیوەست بە بەرنامەی ناوکیی ئێران و هەروەها تۆڕی بەربڵاوی هێزە چەکدارە نیابەتییەکانی ئەو ڕژێمە لە وڵاتانی ناوچەکەدا، کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە ناوەندی ململانێیەکی گەورە و چارەنووسسازی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

**لە ناو ئەم بارودۆخە هەستیار و پڕ لە تەنگژەیەدا، پرسیارێکی چارەنووسساز و مێژوویی لە بەردەم گەلی کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەیدا دەوەستێت:**

**کورد لەم هەلومەرجە مێژووییەدا چی دەکات و دەبێت چۆن بجووڵێتەوە؟ ئایا دەتوانێت ئەم هەلە مێژووییە بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەکەی بقۆزێتەوە؟**

## هەلی مێژوویی و بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیی کورد

لە مێژووی نوێی کورددا، کەمتر قۆناغێکمان هەبووە کە هەلومەرجی ناوچەیی و نێودەوڵەتی تا ئەم ڕادەیە بۆ

گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەبار و گونجاو بووبێت. بۆیە ئەگەر کورد لەم قۆناغەدا بتوانێت نێومالّی خۆی ڕێک بخات، هێزی نێوخۆیی کۆ بکاتەوە، یەکڕیزییەکی سیاسیی ڕاستەقینە دروست بکات و پەیوەندییە دەرەکییەکانی بە شێوەیەکی ژیرانە، سەردەمیانە و وریایانە بەڕێوە ببات، دەتوانێت بۆ داهاتووی خۆی دەروازەی قۆناغێکی نوێ و پڕ لە دەستکەوت بکاتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەم هەلە زێڕینە لەدەست بچێت، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ جارێکی تر هەلومەرجێکی لەم شێوەیە بۆ کورد دروست نەبێتەوە.

لێرەدایە کە ڕۆڵی سەرکردایەتی دەبێتە فاکتەری یەکلاکەرەوە. سەرکردایەتیی بەهێز و هۆشیار لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا دەتوانێت گەلەکەی بگەیەنێتە لوتکەی سەرکەوتن، یان بە بێبەرنامەیی تووشی شکستی بکات. بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لەبەردەم سەرکردایەتیی کورددایە تەنیا بڕیارێکی سیاسیی ئاسایی و ڕۆژانە نییە؛ بەڵکوو بڕیارێکی چارەنووسسازە کە ڕاستەوخۆ دەستکاریی نەخشەی ئایندەی کوردستان دەکات.

## یەکڕیزی؛ کۆڵەکەی نەگۆڕی سەرکەوتن

ئەگەر تەنیا یەک مەرجی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتن و مانەوەی گەلێک هەبێت، ئەویش یەکڕیزی، تەبایی و هاوپەیمانیی پتەوی نێوخۆییە.

کورد لە چوار پارچەی کوردستاندا لە ژینگەیەکی سیاسی و جوگرافیی زۆر ئاڵۆز و دژواردا دەژی. لە هەموو لایەکەوە، کورد لەگەڵ دەسەڵاتە ناوەندییەکان و هێزە دەوروبەرەکان لە ململانێدایە. لەبەر ئەمە، کورد بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت تەنیا بە پشتپێبەستن بە هاوپەیمانیی دەرەکی، ستراتیژییەکی درێژخایەن و دڵنیا بۆ داهاتووی خۆی دابڕێژێت.

## هاوپەیمانیی دەرەکی گرنگە، بەڵام یەکڕیزیی نێوخۆیی قەڵغان و ستراتیژیی یەکەمە.

کورد پێویستە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بە هەموو جیاوازییە سیاسی و بیروباوەڕییەکانەوە، لەسەر خاڵە سەرەکییە نیشتمانییەکان هاوڕا و یەکدەنگ بێت، و چارەنووسی هەر پارچەیەک وەک بەشێکی دانەبڕاو لە چارەنووسی گشتیی تەواوی نەتەوەی کورد سەیر بکات.

## مێژوو چی فێری کورد دەکات؟

مێژووی کورد پڕە لە هەلە لەدەستچووەکان و دەرفەتە بەفیڕۆدراوەکان. لە زۆر قۆناغدا، کورد خاوەنی هێزی سەربازیی گەورە، پێگەی ناوچەیی و توانای سیاسی بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی بڕیاری هاوبەش، نەیتوانیوە ئەو هێزانە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی یەکگرتوودا کۆ بکاتەوە.

لە سەدەکانی پێشوودا، میرنشینە کوردییەکان وەک بابان، سۆران، بۆتان، بادینان و بەدلیس، لە کاتی خۆیاندا خاوەنی هێزی زۆر و توانای بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان بوون بە شێوەیەکی نیمچەسەربەخۆ. بەڵام دەردی کوشندەی ناکۆکیی نێوخۆیی، دەستتێوەردانی ئیمپراتۆرییەتەکان و نەبوونی بەرنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش، بووە هۆی ئەوەی ئەو هەموو هێز و قوربانیدانە نەبنە بناغەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و یەکگرتووی کوردی.

## چاڵدێران؛ هاوپەیمانی و وانەی مێژوویی

شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤دا یەکێکە لە گرنگترین نموونەکانی مێژووی سیاسیی کورد. لەو سەردەمەدا ژمارەیەک لە میر و سەرکردە کوردییەکان لە دژی سەفەوییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی هاوپەیمانییان بەست.

هۆکاری ئەو هەڵوێستە لەگەڵ دۆخی سیاسیی ئەو سەردەمە پەیوەندیی هەبوو، چونکە کورد هەوڵی دەدا جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆیی و ئاسایشی ناوچەکانی خۆی بپارێزێت.

بەڵام مێژوو سەلماندی کە هاوپەیمانییە سیاسییەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەکە کاتین و تەنیا بەپێی بەرژەوەندیی ئەوان دەگۆڕێن. کاتێک دەسەڵاتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەستی بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی کرد، تەواوی میرنشینە کوردییەکانی یەک لە دوای یەک لەنێوبرد.

## ئەمە وانەیەکی زۆر ڕوون و گرنگە بۆ ئەمڕۆمان:

دەسەڵاتە بێگانەکان ڕەنگە لە قۆناغێکدا لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان پشتیوانت بن، بەڵام گەورەترین هەڵەیە کە ستراتیژی و چارەنووسی گەلەکەت بە تەواوی لەسەر بەڵێن و بەرژەوەندیی ئەوان دابنێیت.

## بابان، سۆران و بۆتان؛ هەوڵی مەزن و کێشەی نەپچڕاو

### میرنشینەکانی بابان، سۆران و بۆتان هەریەکەیان نموونەیەکی درەوشاوەی هەوڵی کورد بوون بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەهێز و خۆماڵی:

**میر محەممەدی سۆران (میری کۆرە):** لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا هەوڵێکی بێوێنەی دا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی سۆران، ڕێکخستنی سوپایەکی تۆکمە، دروستکردنی چەک و تۆپ لە نێوخۆدا و فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی. دەسەڵاتی سۆران بووە هێزێکی گەورەی ناوچەکە، بەڵام لە کۆتاییدا هێرش و پیلانی عوسمانییەکان، بە هاوکاریی دەستی نێوخۆ، ئەو دەسەڵاتەی لاواز کرد و کۆتایی پێ هێنا.

**بەدرخان بەگی بۆتان:** لە نێوان ساڵانی ١٨٤٠ تا ١٨٤٧ دەسەڵاتێکی بەهێز و سەربەخۆی لە بۆتان دامەزراند. هێزی سەربازیی ڕێکخست، دادپەروەری و ئارامی لە ناوچەکەدا بەرقەرار کرد و قەڵەمڕەوی خۆی فراوان کرد. بەڵام هەر کاتێک دەسەڵاتی بۆتان گەورەتر بوو، عوسمانییەکان بە مەترسییان زانی بۆ سەر خۆیان و لە ساڵی ١٨٤٧دا بە شەڕ و پیلان کۆتاییان بە میرنشینی بۆتانیش هێنا.

**ئەم ڕووداوانە دەمانگەیەننە یەک ڕاستی:** هەر کاتێک کورد هێزێکی سیاسی و سەربازیی بەهێزی دروست کردبێت، دەسەڵاتە ناوەندییە داگیرکەرەکان هەستیان بە مەترسی کردووە و لە ڕێگەی گەمارۆ و ئاژاوەی نێوخۆوە هەوڵی تێکشکاندنیان داوە.

## ئەحمەدی خانی و بیری دەوڵەتداریی کورد

### لە مێژووی هزری سیاسیی کورددا، ناوی ئەحمەدی خانی جێگەیەکی بێهاوتای هەیە.

خانی لە شاکاری «مەم و زین»دا تەنیا چیرۆکی ئەوینداری نەگێڕاوەتەوە؛ بەڵکوو ڕەخنەی توندی لە پەرتەوازەیی میرە کوردەکان گرتووە و پرسیاری دەوڵەت و سەروەریی نەتەوەیی خستووەتەڕوو. خانی بە ڕوونی دەڵێت نەبوونی یەکڕیزی، نەبوونی سەرکردایەتییەکی هاوبەش و پشتپێبەستن بە نەیاران، هۆکاری سەرەکیی ژێردەستەیی و لاوازیی کوردە لە نێوان عوسمانی و عەجەمدا.

ئەم تێڕوانینە دەیسەلمێنێت کە پرسیاری یەکگرتن و خەمی دەوڵەتداری تەنیا بەرهەمی ئەم سەردەمە نییە، بەڵکوو ڕیشەیەکی مێژوویی و فکریی قووڵی هەیە کە خانی سەدەها ساڵ پێش ئێستا هاواری بۆ کردووە.

## شەرەفنامە و وانەی پەرتەوازەیی میرنشینەکان

شەرەفخانی بەدلیسی لە «شەرەفنامە»دا، کە لە کۆتایی سەدەی شانزەیەم نووسراوە، مێژووی ژمارەیەکی زۆر لە میر و دەسەڵاتدارییە کوردییەکانی تۆمار کردووە.

شەرەفنامە شاهیدی ئەوە دەدات کە کورد لە ناوچە جیاوازەکاندا هەمیشە خاوەنی ئازایەتی، سوارچاکی و هێزی سەربازی بووە، بەڵام نەبوونی هێزێکی ناوەندیی یەکگرتوو و ململانێی نێوان میرەکان بۆ دەسەڵاتی لۆکاڵی، لەگەڵ گوشاری سەفەوی و عوسمانی، هەمیشە ڕێگر بووە لەوەی کورد ببێتە خاوەنی قەوارەیەکی سەرتاسەری و سەربەخۆ.

## سەدەی بیستەم؛ دووبارەبوونەوەی هەمان دەرد

### ئەم کێشەیە تەنیا هی سەدەکانی ڕابردوو نەبوو؛ لە سەدەی بیستەمیشدا بە شێوازی جیاواز دووبارە بووەوە:

دوای ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی لە ١٩٧٩دا، هێزە سیاسییە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتێکی مەزنیان لەبەردەمدا بوو و بوونە خاوەنی هێزێکی بەرچاو، بەڵام ناکۆکیی نێوخۆیی و ململانێی نێوان حیزبەکان گورزێکی گەورەی لە بزووتنەوەی ڕەوای ڕۆژهەڵات وەشاند.

لە باشووری کوردستانیش شەڕی نێوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی لە ساڵانی ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ )شەڕی براکوژی(، یەکێک بوو لە تاڵترین و پڕزیانترین قۆناغەکان، کە زیانی گەورەی گیانی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی لێکەوتەوە و دەرگای بۆ دەستتێوەردانی ئاشکرای دەوڵەتانی داگیرکەر لە کاروباری کوردستان واڵا کرد.

لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش، جیاوازییە سیاسییەکان و گوشاری بیۆچانی دەسەڵاتە ناوەندییەکان، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر خێراییی سەرکەوتنەکان هەبووە.

### ئەم ئەزموونانە هەموویان بۆ یەک وانە دەگەڕێنەوە:

نەیارانی کورد هەمیشە لە نایەکڕیزی و پەرتەوازەیی نێوماڵی کورددا ئەو ئامانجانە دەپێکن کە بە هەموو سوپا و تۆپخانەکانیان نەیانتوانیوە بەدەستی بهێنن.

### ئەزموونی دەستووریی باشوور و وانەکانی ڕۆژئاوا

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، باشووری کوردستان توانی دامەزراوە فەرمییەکانی خۆی بچەسپێنێت و لە دەستووری عێراقیشدا بەشێک لە مافە بنەڕەتییەکان تۆمار بکات.

**بەڵام ڕووداوەکانی دوایی سەلماندیان کە:**

نووسینی ماف لەسەر کاغەزی دەستوور و پەیماننامەکان، ئەگەر هێزێکی سیاسی، سەربازی، ئابووری و دیپلۆماسیی یەکگرتوو پشتیوانیی لێ نەکات، بە ئاسانی پێشێل دەکرێت.

هەمان وانە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بەدی دەکرێت؛ ڕێککەوتنە سیاسییەکان ئەگەر پشتئەستوور نەبن بە هێزی ڕاستەقینەی نێوخۆ، بە گۆڕانی بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە چاوترووکانێکدا پشتیان تێ دەکرێت.

### هاوپەیمانیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ هەنگاوێکی مێژوویی و چارەنووسساز

لە هەلومەرجی ئێستای ناوچەکەدا، پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێت هەنگاوێکی وەرچەرخێنەر بێت بۆ چارەسەرکردنی دەردی مێژوویی نایەکگرتوویی.

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم هاوپەیمانییە تەنیا لە چوارچێوەی دروشم و ناودا نەمێنێتەوە و ببێتە قەوارەیەکی تۆکمە، کاریگەر و بەهێز لەسەر زەوی،

**پێویستە ئەم ٩ هەنگاوە کردارییە جێبەجێ بکرێن:**

– **یەکخستنی تەواوی هێزی پێشمەرگە:** دەرکردنی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەستی تاکەحیزبەکان و ڕێکخستنەوەی لە چوارچێوەی «سوپایەکی نیشتمانیی یەکگرتوو» بە یەک فەرماندەیی.

– **سەرکردایەتییەکی هاوبەشی بڕیاردان:** دروستکردنی ئەنجومەنێکی باڵای هاوبەش لە نوێنەرانی سەرجەم لایەنە بەشداربووەکان بۆ بڕیاردانی بەکۆمەڵ لە پرسە چارەنووسسازەکاندا.

– **دیاریکردنی وتەبێژی فەرمیی هاوبەش:** بۆ ئەوەی هەڵوێست و پەیامی سیاسیی کورد بە یەک دەنگ و یەک ڕوانگە بگاتە جیهان و نێوخۆ.

– **لێژنەی دانوستانکاری باڵا:** پێکهێنانی شاندێکی دیپلۆماسیی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی وتووێژەکان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و، لە کاتی پێویستدا، بەرامبەر هەر گۆڕانکارییەک لە دەسەڵاتی ناوەندیدا.

– **دامەزراوەییکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:** دروستکردنی پەیوەندییەکی فەرمی و بەردەوام لەگەڵ حکومەتە کاریگەرەکانی جیهان، ناوەندەکانی بڕیار و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

– **سندووقی داراییی هاوبەش:** دانانی سیستەمێکی داراییی شەفاف و نیشتمانی بۆ ئەوەی بتوانێت پشتیوانیی بەهێز لە سەرجەم چالاکییەکانی هاوپەیمانییەکە بکات.

– **ناوەندێکی میدیایی و ڕاگەیاندنی بەهێز:** دامەزراندنی تۆڕێکی ڕاگەیاندنی هاوبەش و پێشکەوتوو بۆ بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەی نەیاران و گەیاندنی دەنگی ڕاستەقینەی خەباتی گەلی کورد.

– **هەماهەنگیی خەباتی مەدەنی و خۆپیشاندانەکان:** بەستنەوەی خەباتی سیاسی و چەکداری بە بزووتنەوە مەدەنییەکان، مانگرتنە گشتییەکان و ڕاپەڕینی شەقامی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

– **چالاککردنی نوێنەرایەتی لە دەرەوەی وڵات:** ڕێکخستنی توانای دیاسپۆرا و پەیوەندییەکان لە دەرەوە بۆ دروستکردنی

گوشاری دیپلۆماسی لەسەر حکومەتە بیانییەکان لە پێناو پشتگیریکردنی مافەکانی گەلی کورد.

**جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە، هاوپەیمانییەکە لە ئاستی ڕێککەوتنێکی سەر کاغەز دەگوازێتەوە بۆ قەڵایەکی پتەو و حاشاهەڵنەگر.**

## کورد و هاوپەیمانانی دەرەکی؛ هاوبەشی نەک پاشکۆیەتی

ئەمڕۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووەتە هێزێکی کاریگەر و فاکتەرێکی سەقامگیریی حاشاهەڵنەگر. بەڵام پێویستە پەیوەندیی کورد لەگەڵ زلهێزەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش، سەنگ و ڕێزگرتن لە مافە نەتەوەییەکانمان بێت.

کورد نابێت بە کەم ڕازی بێت و داخوازییەکانی خۆی بۆ مافی لاوەکی دابەزێنێت. لە هەمان کاتدا، نابێت دڵخۆش بێت بە دڵنیاییەکی بێبنەما لەلایەن دۆستە دەرەکییەکانەوە.
هێزی بنەڕەتیی کورد دەبێت لە پشتیوانیی گەل و ئیرادەی نێوخۆی کوردستانەوە هەڵقوڵێت؛ هاوپەیمانیی دەرەکی دەبێت تەنیا پشتیوان و تەواوکەری ئەو هێزە نێوخۆییە بێت، نەک جێگرەوەی.

## چارەنووسی چوار پارچە بەیەکەوە گرێدراوە

ڕاستە کوردستان بەسەر چوار سنووری دەستکرددا دابەش کراوە و هەر پارچەیەک دۆخ و شێوازی خەباتی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا کێشە، ئازار، سەرکەوتن و چارەنووسی کورد لە هەر چوار پارچەکەدا لە یەک سەرچاوەوە ئاو دەخۆنەوە.

پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، هاوسۆزی، پشتیوانیکردنی یەکتر و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیی هەر پارچەیەک، گەورەترین سەرمایەی مەعنەویی کوردە. گەر تەواوی هێزە کوردییەکان لەسەر ئەم پرەنسیپە نەتەوەییە کۆک بن، کورد لە تەواوی ناوچەکەدا دەبێتە هێزێکی زۆر کاریگەرتر و بڕیاردەرتر.

## دەرئەنجام: کات بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵەکان نەماوە

مێژووی کورد پڕە لە وانەی پڕ لە پەند؛ لە شکستی میرنشینەکانەوە تا شەڕە نەگریسە نێوخۆییەکانی سەدەی بیستەم.

هەموو ئەو ڕووداوانە یەک پەیامیان پێ دەدەن: کورد هێزی هەبووە، بەڵام پەرتەوازەیی هێزەکەی بەفیڕۆ داوە.

ئەمڕۆ نابێت و ڕێگەپێدراو نییە هەمان هەڵە دووبارە بکرێتەوە.

کورد پێویستە لە مێژووەکەی خۆی فێر بێت و پەند وەربگرێت، نەک تەنیا بەسەرهاتەکانی بۆ شانازی بگێڕێتەوە.

ئەگەر لەم قۆناغە نوێیەدا سەرکردایەتیی کورد بتوانێت لە بەرژەوەندیی تەسک، خۆپەرستی و ناکۆکییە حیزبییەکان بەرزتر بڕوانێت و نێوماڵی خۆی لە دەوری پرۆژەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی کۆ بکاتەوە، دەتوانێت ئەم زریانە ناوچەییە بکاتە هەوێنی ئازادی و دەستکەوتی مێژوویی بۆ گەلەکەی. بەڵام ئەگەر دووبارە ناکۆکی و بەرژەوەندیی کاتی ببنە پێوەری بڕیاردان، مێژوو دەبێتەوە بە دادوەرێکی بێبەزەیی و ئەم هەلە زێڕینەش وەک هەلەکانی تر لەدەست دەچێت.

ئەمڕۆ کورد لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورە و چارەنووسسازدایە.

پرسیارەکە ئەوە نییە کە دەوڵەتان و زلهێزەکان چی دەکەن؛ پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەوەیە:

ئایا ئێمەی کورد خۆمان بۆ ئەم وەرچەرخانە مێژووییە یەکدەنگ و ئامادە کردووە؟

ئەگەر وەڵامەکەمان بەڵێ بێت، دەروازەی سەرکەوتنە.

ئەگەر نا، مێژوو بە کارەساتەوە هەمان وانەمان پێ دەڵێتەوە.

با ئەم جارە کورد وانەی مێژوو تەنیا نەخوێنێتەوە؛ با لەسەر زەوی جێبەجێی بکات!

سەرچاوە و پەرتووکەکان:

شەرەفنامە ـ شەرەفخانی بەدلیسی (مێژووی میرنشین و فەرمانڕەواییەکانی کوردستان).
مەم و زین ـ ئەحمەدی خانی (پێشەنگی بیری نەتەوەیی و ڕەخنەی سیاسیی کورد).
مێژووی هاوچەرخی کورد ـ دەیڤید مەکداوڵ.

٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# گەمژەیی بەکۆمەڵ، کارەساتی بەکۆمەڵ!





عەلی لەیلاخ

«دیتریش بونهۆفەر»، قەشە و بیرمەندی ئایینیی دژەنازی، لەو نامانەیدا کە لە سەردەمی بەدیلگیران و زیندانیکردنیدا بە نهێنی تۆماری کردوون، پەردە لەسەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی مەترسیدار لادەدات بە ناوی «گەمژەیی و گێلیی بەکۆمەڵ».

واتای سادە و ڕوونی ئەم تێزە ئەوەیە: هەر کاتێک تاک سەربەخۆیی فکری، ئیرادە و هێزی لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەی

لەدەست دا، لە ڕاستیدا دەبێتە ئامرازێکی بێئیرادە لە خزمەت بڕیار و تەونی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتە ستەمکارەکاندا.

بونهۆفەر، کە ئایینناسێکی خاوەنباوەڕ و ڕەخنەگرێکی سەرسەختی سیاسەتەکانی حیزبی نازی بوو، ڕێک لە یەکەم ڕۆژەکانی بەدەسەڵاتگەیشتنی هیتلەردا، لە وتارێکی ڕادیۆییدا - کە دەستبەجێ لەلایەن دەزگای سانسۆرەوە پچڕێنرا و بە نیوەچڵی مایەوە - داوای لە گەلی ئەڵمانیا و بەتایبەت بڕوادارانی کەنیسە کرد کە «بت» لە هیتلەر دانەتاشن و ڕێگە نەدەن سەرۆک بکرێتە ئەفسانەیەکی پیرۆزی نەتەوەیی. دواتریش بە تەنیا دژی شەپۆلی ڕەگەزپەرستی و سڕینەوەی کەمینەکان وەستایەوە. ئەو گەیشتە ئەو دەرئەنجامە فیکرییە قووڵەی کە: «هەر کاتێک دەسەڵاتێکی گەورەی سیاسی یان ئایینی سەرهەڵدەدات، بەشێکی زۆری کۆمەڵگە تووشی دەردی گێلی و نەفامی دەکات؛ چونکە مانەوەی ئەو چەشنە دەسەڵاتە پێویستیی ڕاستەوخۆی بە گەمژەیی و بێئاگایی خەڵک هەیە.» دواجار لە ساڵی ١٩٤٥ و لە مانگەکانی بەرەو هەرەسی ڕژێمی نازی، ئەم ئازادیخوازە نەبەزە لە کەمپی «فلۆسنبۆرگ» لەژێر پەتی سێدارەدا و لە یەکەم هەنگاوی بەرەو مەرگدا گوتی:

«ژیانی من ئاوا کۆتایی هات، بەڵام ئەمە تازە سەرەتای ڕێگەیە. »

ڕێگاکەی بونهۆفەر ڕێک بە شاڕێی هۆشیاری و بەئاگاهاتنەوەدا تێدەپەڕێت؛ وریابوونەوە لەوەی کە چۆن دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لە ژێر ناوی «خوا، ئایین و پیرۆزییەکاندا» کۆمەڵگە لە خشتە نەبەن و نەیگەمژێنن؛ چونکە مانەوە و باڵادەستیی خۆیان تەنیا لە سایەی ئەو «گەمژەییە بەکۆمەڵە»دا مسۆگەر دەکەن.

سێ دەیە و نیو دوای لەسێدارەدانی بونهۆفەر و هەرەسهێنانی نازیزم لە ئەورووپا، ڕژێمێک لە ئێران هاتە سەر کار کە تەواوی خەسڵەتەکانی هەمان فاشیزمی ئەڵمانیای نازی، بەڵام بە بەرگێکی ئایینی و پیرۆزکراو هەڵگرتبوو. هەر لەو سەردەمەشدا کەسانێک هەبوون کە ماهیەتی ستەمکارانەی ئەو دەسەڵاتە نوێیەیان زۆر زوو ناسی و بوێرانە دژی ئەو شەپۆلە گێلکەرە دەنگیان هەڵبڕی. ئەم حکوومەتە ئایینییە هەر لە سەرەتاوە بە ئەفسانەی دروستکراوی وەک «دەرکەوتنی وێنەی ڕێبەرەکەیان لە مانگدا»، بناغەی دەسەڵاتی خۆی لەسەر خەڵەتاندنی گشتی دامەزراند و ملیۆنان مرۆڤی ڕاپێچی دەنگدانی نابینایانەی «بەڵێ» بۆ کۆماری ئیسلامی کرد. بێگومان تەنیا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بەپێی ئەزموونی ڕێکخراوەیی، پێشینەی مێژوویی و هۆشیاریی سیاسی و حیزبایەتی، دژی ئەو چەواشەکارییە ڕاوەستا و نەچووە ژێر ڕکێفی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارە.

بەڵام لەو سەردەمەدا «بونهۆفەر»ەکانی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی «بتسازی» و بەپیرۆزکردنی فاشیزمی ئایینیدا

تەنیا مانەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا چۆکیان بۆ داخرانی سیاسی و دیکتاتۆری دانەدا. ئەو چەقبەستوویەی کە لەسەر بنەمای پاوانخوازیی ئایینی، ئاگری جەنگ وماڵوێرانیی هەڵگیرساند، خەرمانی بیرکردنەوە و ئاوەزی کۆمەڵگەی سوتاند؛ ئێستاش دووکەڵی ئەو سووتەمەنییە دەچێتە چاوی هەموو ئەو کەسانەی کە بوونەتە قوربانیی ئەو گەمژەییە بەکۆمەڵە. تەنانەت کار گەیشتە ئەو جێگەیەی خامنەیی خۆی وەک «زاری غەیب و دەمڕاستی ئاسمان» لە قەڵەم بدات!

ڕەنگە هەندێک وا تێبگەن کە هۆکاری ئەم نەفامی و گەمژەییە، نەخوێندەواری یان کەمخوێندەواریی کۆمەڵگەیە! بەڵام بڕواداارانی تیۆریی گەمژەیی کۆمەڵایەتی - بەتایبەت بونهۆفەر - بە توندی ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە. بەپێچەوانەوە، پێشەنگەکانی ئەم کارەساتە زۆرجار ئەو نووسەر و ڕووناکبیرە بەناو خوێندەوارانەن کە کۆمەڵگە چاوی لە دەمی ئەوان بڕیوە و وەک پێشەنگ سەیریان دەکات.

مێژوو پڕە لەو نووسەر، زانا و بلیمەتانەی کە لە سۆنگەی باوەڕهێنان بە «وەهمی ڕەگەزی باڵادەست» کەوتبوونە خزمەتی دەزگای نازییەوە؛ لە «مارتین هایدگەر»ی فەیلەسووفەوە تا «ڤێرنەر هایزنبێرگ»ی فیزیکزان و «یۆزێف مێنگەلە»ی پزیشک کە دواتر بە «فریشتەی مەرگ» ناوی دەرکرد.

هاوشێوەی ئەم کارەساتە مێژووییە، لە ئێراندا کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە بە بەرگی خوێندەواری و ڕوخسارێکی مۆدێرنەوە، دەستەونەزەر لە بەردەم خومەینی و دەزگای سەرکوتەکەیدا چۆکیان دادا؛ تەنانەت ڕەوتێکی وەک «حیزبی توودە» کە بانگەشەی دادپەروەری و پێشکەوتنخوازیی دەکرد، پاساوی بۆ تاوان و لەسێدارەدانەکانی «خەڵخاڵی» دەهێنایەوە و پشتڕاستی دەکردنەوە. لێرەدایە کە وتەکەی بونهۆفەر سەنگ و بەهای ڕاستەقینەی خۆی دەردەخات کاتێک دەڵێت: «گەمژەیی کۆمەڵایەتی لە تاوانباری و شەڕانگێزی مەترسیدارترە؛ چونکە لە بەرامبەر خراپەدا دەکرێت خەبات بکرێت، بەڵام لە بەرامبەر گەمژەییدا دەستەوستان دەمێنینەوە. »

کاتێک نووسەرێکی وەک «مەحموود دەوڵەتئابادی» پاسدارێکی دەستپێوەکراو بە خوێنی هەزاران بێتاوانی وەک «قاسم سولەیمانی» بە پاڵەوانی نیشتمانی ناودێر دەکات، ئاشکرایە کە ناکرێت چاوەڕوانی ڕەخنەیەکی ڕاستەقینە و کاریگەر لە سیستەمی باڵادەست بکەین؛ چونکە لە نێو زەلکاوی گەمژەیی بەکۆمەڵدا هیچ دەنگێک جگە لە ژاوەژاو و فیکەی دەسەڵات نابیسترێت. هەر لەم ساڵانەی دواییدا و لەژێر کاریگەریی دەزگای پڕوپاگەندەی ڕژێمدا، بە ناوی ساختەی نیشتمانپەروەرییەوە، زۆر نووسەر و کەسایەتیی بەناو ڕۆشنبیر چاویان لە کۆمەڵکوژییەکانی شەقام و سەرکوتی خوێناویی خەڵک نووقاند و خۆیان لە تاوانەکانی پێنج دەیەی کۆماری ئیسلامی گێل کرد و لە تەنیشت بکوژاندا ڕاوەستان.

**هیتلەر گوتەنی:** «پڕوپاگەندە ئێمەی هێنایە سەر دەسەڵات، هەر پڕوپاگەندەش توانای مانەوەی پێ بەخشین و ئامرازەکانی داگیرکردنی خستە بەردەستمان. »

## گەمژەیی بەکۆمەڵ و تەنیایی خەباتی کوردستان

کاتێک ئامێری سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، شەپۆلی گێلیی بەکۆمەڵ و کۆبوونەوە لە دەوری دیکتاتۆرییەتی تاران، کەوتە شێواندنی واقیعی سیاسیی کوردستان؛ بە جۆرێک کە هەندێک کەس لە نێوەندی ئێراندا بۆ کوشتار و پەلاماردانی خەڵکی کوردستان کەوتنە چەپڵەلێدان و شادمانی!

ئامانجی نەتەوەی کورد، ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمێک بوو کە ڕێک وەک دەزگای نازی، بە کەڵکوەردەگرتن لە پڕوپاگەندەی پیرۆزکراو و وروژاندنی هەستی خۆبەزلزانی، سەرکوتکردنی دژبەرانی کردبووە پردی دەسەڵاتخوازیی خۆی. کەمێک دواتر، هەمان ئەو دێوەزمەیەی کە خوێنی ڕۆڵەکانی کوردی مژتبوو، پەلاماری گەنجان و ئازادیخوازانی سەرجەم شارەکانی دیکەی ئێرانیشی دا و لە ماوەی چەند ڕۆژدا هەزاران کەسی ناڕازیی لە شەقامەکاندا خەڵتانی خوێن کرد.

کوردستانی بونهۆفەری، هاوشێوەی ئەو قەشە ئازادیخوازەی کە بە شەهیدی ڕێگەی مرۆڤدۆستی ناسراوە، کۆی خەباتەکەی خواستی دادپەروەری، مافخوازی و مرۆڤسالاریی گشتگیر بووە؛ بەڵام گوێگرانی ئەم هاوارە ڕەوایە لە نێو بازنەی دەستەبژێرانی غەیرەکوردی ئێراندا زۆر دەگمەن بوون! چۆن دەکرێت کۆمەڵگەیەک بەردەوام شانازی بە مێژووی دێرین و شارستانیەتی کەونارای خۆیەوە بکات، بەڵام لە واقیعدا کەمترین پشکی لە کولتووری دێموکراسی، یەکترقبووڵکردن و ئازادیدا هەبێت؟ ئەم باوەڕە وەهمییە بە باڵادەستی، بەرهەمی هەمان گەمژەیی بەکۆمەڵە کە دەسەڵاتداران پەرەی پێ دەدەن.

ئەگەر ئەم دیاردەیە نەبێت، چۆن دەکرێت لە کۆمەڵگەیەکی دەیان ملیۆنیدا، ئەو دەنگانەی کە لە دەرەوەی کوردستان پاڵپشتی لە مافی نەتەوە چەوساوەکانی وەک کورد، بەلووچ و تورکەمەن بکەن، لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نەکەن؟ مەگەر تێناگەن کە چەسپاندنی مافە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد، هەنگاوێکی چارەنووسسازە بۆ دێموکراتیزەکردنی تەواوی ئێران کە هەمووان لێی سوودمەند دەبن؟ بەڵام ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە کە تەنانەت هەندێک لە بەناو دژبەرانی ڕژێمیش (ئۆپۆزیسیۆن)، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی کورددا، ڕێک هەمان گوتار و ڕوانگەی ناوەندە ئەمنییەکانی ڕژێم دووبارە دەکەنەوە!

ساڵانێکی زۆره چەمکی «جوداخوازی» کراوەتە پاساوی هاوبەشی دەسەڵات و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن تا دەنگی بزووتنەوەی ڕەوای کورد کپ و پەراوێز بخەن. بێ ئەوەی کات بۆ ناسینی خواستی دێموکراتیک و مرۆیی حیزب و بزووتنەوەکانی کوردستان تەرخان بکەن، هەمان داوی ناوەندە داپڵۆسێنەرەکان دووباره دەکەنەوە. ئەگەر بەرتەسکیی بیرکردنەوە نەبێت، کام لۆژیکی سیاسی لە بەرامبەر مافی سەرەتایی نەتەوەیەکی ستەملێکراودا دەوەستێتەوە؟

**یەکێک لە نیشانە دیارەکانی گەمژەیی بەکۆمەڵ ئەوەیە کە: تاکەکان هەموو وەڵامەکانیان لە دەمی دەسەڵات وەردەگرن و خۆیان زەحمەتی پرسیارکردن، گومان و لێکۆڵینەوە بە خۆیان نادەن.**

پەنجا ساڵ ئەزموونی کارەساتباری کۆماری ئیسلامی سەلماندی کە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە دان بە مافی ژنان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکاندا بنرایە و بێئاگایی نەکرابایە ئامرازی خۆسەپاندن، دۆخی ئەمڕۆی ئێران بەم لێڕەواری و وێرانبوونە نەدەگەیشت. ئەگەر سیاسەتی بەبرسیکردنی خەڵک و بەپیرۆزکردنی دەسەڵات لە سەرەتاوە لە لایەن هەمووانەوە شەرمەزار بکرایە، ئاگری ئەم کارەساتە بەرۆکی تەواوی خەڵکی نەدەگرت.

لە ماوەی ڕابردوودا دوو ڕووداوی پەیوەندیدار بە پرسی کورد لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگدانەوەی پەیدا کرد: کوژرانی کۆڵبەرێکی گەنجی ٢٠ ساڵان، و شەهیدبوونی چەند پێشمەرگەیەک بە هێرشی مووشەکیی ڕژێم. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و پەرۆشی بوو، کاردانەوەی هەندێک لە بەکارهێنەرانی غەیرەکورد بوو؛ کە سەرەڕای ئەوەی خۆشیان قوربانیی هەمان دەسەڵات بوون، کەچی قسە و هەڵوێستیان بەرامبەر بە قوربانیانی کورد لە دەربڕینی خودی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم قێزەونتر بوو! ئەم جۆره کاردانەوانە لەبەر ئەوەی بەرهەمی گێلی و نەفامیی بەکۆمەڵن، ڕاستەوخۆ ئاو دەکەنە ئاشی دەزگای سەرکوتی ڕژێم و تەمەنی ستەمکاری درێژ دەکەنەوە.

**دەرئەنجام: هوشیاریی تاکەکەس لە بەرامبەر کارەساتی گشتی**

**پوختەی باسەکە ئەوەیە:** گەمژەیی بەکۆمەڵ هەمیشە دەبێتە هۆی کارەساتی بەکۆمەڵ. چونکە دژایەتیکردنی کورد نەک هەر برەو بە «کوردکوژی» دەدات، بەڵکوو زەمینە بۆ درێژەپێدانی توندوتیژیی بێسنووری دەسەڵات بەرامبەر تەواوی کۆمەڵگە خۆش دەکات؛ چونکە چارەسەرکردنی پرسی کورد کلیل و دەروازەی سەرەکیی کرانەوەی سیاسی، ئابووری و کولتوورییە بۆ سەرجەم خەڵکی ئێران.

تاکە ڕێگەی ڕزگاربوون لەم چەقبەستووییە سیاسی و وەهمە مێژووییە، جێگیرکردنی هۆشیاری و بیرکردنەوەی سەربەخۆی

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

**تاکەکەسییە لە جیاتی ئەو گەمژەییە بەکۆمەڵەی کە لەلایەن دەسەڵات و میدیاکانیەوە پەرەی پێ دەدرێت.**

**هەر چەشنە بێدەنگی و پاساوهێنانەوە بۆ کارەساتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەک تەنیا نیشانەی چوونە ژێر باری گەمژەیی بەکۆمەڵە، بەڵکوو درێژەپێدەری ڕاستەوخۆی سیاسەتی چەوساندنەوە، سانسۆر و ستەمکارییە لە سەرانسەری وڵاتدا.**

**سەرچاوە و بەڵگەنامە فیکرییەکان:**

- نامە و بەڵگەنامەکانی زیندان (Letters and Papers from Prison) . دیتریش بونهۆفەر.
- فاشیزم و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی . توێژینەوە لە میکانیزمی پڕوپاگەندەی ستەمکاری.

**٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

# ئەو سەرۆککۆمارەی سەرووی خۆی نامەباران ناکات

دارسمە

سەرۆککۆماری ئێران سەردەمی لاوێتیی لەنێو کورد و تورکاندا تێپەڕاندووە. جا لەبەر ئەمە لاتان شتێکی سەیر و سەمەرە نەبێت زۆر حەزی لە نامەنووسینە. ئێستاش بە ڕیشی سپییەوە خەریکە نامە لەسەر نامە دەنووسێت. کاک مەسعوودی پزیشکیان ئێستاش لە خەڵوەتی خۆیدا دەڵێت هەزار خۆزگەم بە ساڵانی پێشوو. ئەو کاتەی سەرۆککۆمارمان گەنج بوو و هەر گیفەی سمێڵی دەهات، دیارە بەردەوام خەریکی نامەنووسین بووە. ئەو کاتەی لە خزمەت باوکیدا لە "مەهابادێ" بووە. لە کاتی دڵداریدا تەنیا دەرفەتی نامەناردنی هەبووە و ئەویش هەر بە زمانی فارسی.

کاک مەسعوود پزیشکیان لە کاتێکدا بە ڕەگەز تورکی ئازەرییە، لەبەر ئەوەی وەک خۆی دەڵێت لە "سابڵاغێ" ژیاوە کوردییەکی جوانیش دەزانێت. بەڵام نە لە سەردەمی گەنجێتیی پزیشکیان و نە ئێستا کە سەرۆککۆمارە، بەندی ١٥ی یاسای بنەڕەتی یان "قانوونی ئەساسی"ی ئێران پشتگوێ خراوە. هەر لەبەر ئەمەش سەرۆککۆمار لە نێوان سێ زماندا هەر بە فارسی دەنووسێت.

ڕاستە لە سەردەمی لاوێتیی سەرۆککۆماردا ئەم مۆبایل و ئینتەرنێت و شتانە نەبووە و ئەویش لە جیاتی ئیمەیل و میمەیل و پەیام و مەیام و شتی وا تەنیا نامەی نووسیوە.

ئەو سەردەمە ئەم گۆرانییەش باو بوو:

نامەی یار و نامەی یار
نامەی بۆنداری دڵدار
نووسراوە بە ئاوی گوڵ، بە فرمێسکی چاوی یار.

ئەو کاتەی لەژێر دەسەڵات و هەیمەنەی ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامیدا کاک مەسعوود کرا بە سەرۆککۆمار، دیار بوو لە بارییدایە. ئێستا لە کاتێکدا ڕێبەری پێشوو هەر شەبەحی بەجێماوی بەسەر سەرمانەوەیە و کوڕە نازدارەکەی لە لایەن قەرارگای خاتەمولئەنبیاوە لە جێگەی باوکی داندراوە، ئێستا دەردەکەوێت، ئەسپاردنی سەرۆککۆماریی ئێران بە بەڕێز پزیشکیان چەند لێهاتوویانە بووە. ئێستا ئەنجامی کاری ژیرانەی دانانی کەسێکی خاوەن ئەزموون لە نامەنووسیندا بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری وڵاتێکی نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەسیی بۆ هەموومان دەردەکەوێت.

لەم ڕۆژانەدا کابرایەکی ئاخوندی دانیشتووی شاری قوم کردوویەتی بە هاتوهاوار، ئەم هەموو نهێنییانەی سەرەوەی درکاندووە و دەڵێت سەرۆککۆمار لە دوای دەستپێکردنی شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و هەندێک وڵاتی دیکەی ناوچەکە، لێکدالێکدا نامە بۆ ڕێبەری ئەم سەردەمەی ئێران دەنووسێت و داوای دەستلەکارکێشانەوەی خۆی دەکات. وەک ئەم کابرایە دەڵێت، پزیشکیان هەتا ئێستا ٢٨ جار نامەی دەستلەکارکێشانەوەی بۆ ڕێبەر ناردووە. لێرە ئەگەر پەیڕەوانی ڕێبازی ئیمام شارەزایانە بەرەنگاری ئەم مەلا کاڵفامە ببنەوە، پێویستە خێرا لە سێدارەی بدەن و بیکوژن. ئەگەر بە وردی بیری لێ بکەنەوە ئەوەی ئەو مەلایە دەیڵێت زۆر شتێکی مەترسیدارە. کابرای مەلا خەریکە دەنگی خۆی وێڕای ئەو کەسانە بەرز دەکاتەوە کە خەریکن بیسەلمێنن خوای نەخواستە بەڕێز ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە ژیاندا نەماوە و وێڕای باوکی بەڕێزیان بە زەبری بۆمبە زەویدڕەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل خوای نەخواستە، تێدا چووە.

ئەگەر ئێستا چاودێرێکی سیاسیی هیچ و پووچی فێڵباز بێت و ئەم ٢٨ نامەیەی دەڵێن سەرۆککۆمار بۆ ڕێبەری ناردووە، بکاتە بەڵگە؛ دەتوانێت ئەمە پشتڕاست بکاتەوە و بڵێت خۆ ٢٨ نامە لە ڕۆژێکدا نانووسرێت و کاتی دەوێت. ئەگەر ٢٨ نامەکەی پزیشکیان بەسەر زەمەنی ڕابردوودا دابەش بکات و بیگەیەنێتە سەردەمی سەرەتای دانانی ڕێبەری نوێ. ئەو کات

**گەلاوێژی ٢٧٢٦**

ئەم ٢٨ نامەیە گومانێکی وا دروست دەکەن کە سەرۆککۆماری نوێ دوای ئەوەی ڕێبەری پێشوو ئەنگێورا و ئەویش پەیامێکی بڵاو کردەوە، لەو کاتەوە ویستوویەتی دەست لە کار بکێشێتەوە، بەڵام نامەکانی نەگەیشتوون.

ئاخر کەسێک بە گەنجی لەبەر بێ مۆبایلی و بێ ئینتەرنێتی سەدان نامەی نووسیبێت، ئێستا نامە بنووسێت، ئاو لە بەردی دەهێنێت. باشە چۆنە ئەم نامەنووسە شارەزایە پاش نووسینی ئەم هەموو نامەیە لە ماوەی ژیانیدا ناتوانێت بە ٢٨ نامە دڵی ڕێبەر نەرم بکات؟

کابرای ئاخوند بەم لەقاوادانەی دەیەوێت دەنگۆی نەمانی ڕێبەر پشتڕاست بکاتەوە و بڵێت هەر ئەو ساتەی ڕێبەری پێشوو، شەهید کرا، ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن ڕێبەر، ئەویش بەرەو لایەک ڕاپێچ کراوە. کەسێک بڵێت ٢٨ نامەی نامەنووسێکی شارەزا لەم ماوەیەدا نەیانتوانیوە دڵی ڕێبەر نەرم بکەن یان قینی هەڵبستێنن، بێگومان ناڕاستەوخۆ دەڵێت ئێمە لە بێ ڕێبەریدا دەنالێنین.

خۆ ئەگەر واش نەبێت، لەم شەڕە ئاشتییەی نێوان ئەمریکا و ئێراندا، توانراوە خوای نەخواستە دووبەرەکی بخەنە نێو ئێرانی هەمیشە ئێران و هەمیشە ئیسلامییەوە. دیسانیش ئەم ئاخوندە سزاواری کوشتنە، لە لایەک کێشەی نێوان حکوومەتی موقەدەسی کۆماری ئیسلامی زەق دەکاتەوە و لە لایەکی دیکەوە دوژمن بەوە دڵخۆش دەکات هەواڵی نەمانی ڕێبەری مەزن پشتڕاست دەبێتەوە.

**بەڵام بە کوێریی چاوی دوژمنانی سوێندخواردوومان لە لایەک ڕێبەری مەزن زەق و زیندووە و لە لایەکی دیکەوە سەرۆککۆماریش هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای دانانی ڕێبەری نوێ لە پەیامەکەی پەشیمان بووەتەوە و نە دەست لەکار دەکێشێتەوە، نە دەشڵێت بەتەما نین سارۆخ و مارۆخ بە دراوسێیانی عەرەبەوە بنێین.**

**٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

## هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، هێرشەکانی ئێران دژ بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، مەحکووم دەکا




بە پەلامارە درۆنییەکانی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر نووسینگەی تایبەتی بەڕێز مەسروور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و بارەگای ئاژانسی پاراستن و زانیاریی هەرێمی کوردستان، دژایەتیی و پێشێلکردنی بنەماکانی دراوسێتیی و نەپرینگانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕەفتاری دوژمنکارانە دژی هەرێمی کوردستان، گەیشتە ئاستێکی دیکە. بەر لەوەش کۆمەڵێک دامەزراوەی لەشکریی و هەواڵگریی حکوومەتی هەرێم لە شاری سلێمانی، سەرەڕۆیانە و بێپاساو درانە بەر پەلاماری خەستی هاژەکیی و درۆنیی ئێران.

هەرێمی کوردستان لە ماوەی شەڕی ئەمریکا - ئیسرایل و ئێران زیاتر لە ١٠٠٠ هێرشی لەو چەشنەی کراوەتە سەر کە نیوەی ئەو هێرشانە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و شوێنی نیشتەجێبوونی خاو و خێزانەکانیان بووە.

پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای لەم شەڕەدا هەڵوێستی بێلایەنی ڕاگەیاند و نەکەوتە بەرەی دژبەرانی ئێرانەوە. ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە دژایەتی

گەلاوێژی ۲۷۲۶

کورد و شەڕفرۆشیی بە هەر کیان و قەوارە و ئیرادەیەکی خۆبڕیاردەریی کوردستانیی لە ناوچەکە؛ سیاسەتێکی بنچینەیی کۆماری ئیسلامییە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هێرشەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داودەزگا حکوومیی و حیزبیی و مەدەنییەکانی مەحکووم دەکات و پشتیوانیی لە هەرێمی کوردستان دەردەبڕێ. هەروەها سەبارەت بەوەی ئەو دەسدرێژییانە لە ڕووی یاساییەوە پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی دەوڵەتی عێراقە، داوای هەڵوێستی شیاو لە بەغدا دەکات. ئەزموون سەلماندوویە کە بێدەنگبوون بەرانبەر ڕەفتاری دوژمنکارانە و تێکدەرانەی ئێران و دانەنانی تێچوو بۆ ڕەفتارەکانی، دەرفەتی پەرەپێدان و هەڵکشانی هەڕەشە و دەستدرێژییەکانی زیاتر بۆ دەخوڵقێنێ.

**هاوپەیمانی کوردستانی داوا لە وڵاتانی خاوەن کۆنسولخانە و نوێنەرایەتیی لە هەرێمی کوردستان دەکا کە بۆ پێشگرتن لەو هێرشانە و پاراستنی سەروەری، ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، تاران بخەنە ژێر گوشارەوە.**

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

۲٦ی گەلاوێژی ۲۷۲٦

۲٦ی گەلاوێژی ۲۷۲٦

# عەلی بداغی: فتوای جیهادی خومەینی دژی کورد بەرهەمی ناتەبایی و بەریەککەوتن جیهانبینیی کورد لەگەڵ شیعیزمی کۆماری ئیسلامی بوو





**دیمانە: هەمزە ئاگوشی**

**ئاماژە:**

**٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، یەکێکە لە ڕۆژە پڕ لە ئازارەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەو ڕۆژەدا ڕوحوڵڵا خومەینی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، فتوای هێرش بۆ سەر کوردستانی دەرکرد و بەم فتوایە دەروازەی**

**گەلاوێژی ۲۷۲٦**

**قۆناغێکی خوێناویی لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی نوێی تاران و خەڵکی کوردستاندا کردەوە. لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، خەڵکی کوردستان بە هیوای دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیان، داوای چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانیان دەکرد، بەڵام بە جێی گفتوگۆ و ڕێککەوتن، دەسەڵاتی نوێی ئێران ڕێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی و سەرکوتکردنی هەڵبژارد.**

**لە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ عەلی بداغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتدا باس لە بەستێن و هۆکارەکانی فتواکەی خومەینی و کاریگەری و دەرەنجامەکانی لەسەر پرسی کورد دەکەین.**

**هەمزە ئاگوشی**: ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ لە چ بارودۆخێکی سیاسی و مێژوویی ئێران و کوردستاندا ڕووی دا، و سەرەکیترین هۆکارەکانی دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی بۆ کوردستان چی بوون؟

**عەلی بداغی**: لە ڕاستیدا وەک زۆر لە دەمڕاستەکانی ڕێژیم دانی پێدا دەنێن، دەستووری خومەینی بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان ئەویش بە هێنانەوەی ئایەیەک لە قورئان و بە کافرزانینی خەڵکی کوردستان -کە بە سەرنجدان بە پێگەی ئایینیی خومەینی مانای فتوای جیهادی مەرجەعێکی ئایینی دژی کورد بوو - ئەم فەرمانە بە یەکێک لە گرنگترین بڕیارەکانی خومەینی دادەنرێ و بوو بە خاڵگۆڕانی پێوەندییەکانی کورد و کۆماری ئیسلامییش.

ئەم شەڕە لە بارودۆخێکدا هەڵگیرسا کە شۆڕشی خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوتبوو، و خەڵکی کوردستان وەک خاوەن بەش لە خەبات و شۆڕش بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی، هەروەها بەهۆی پاشخانی سیاسی و مێژوویی خۆیان ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەویست، ئەوان مافە نەتەوایەتی، مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتی و دێموکراتیکەکانی خۆیان داوا دەکرد. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبوو دان بەو مافانە دابنێ. ئەوە بوو کە هەر لە مانگی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧دا شەر لە مەهاباد و سنە هەڵگیرسا و ڕێژیم خەڵکی دایە بەر گوللە.

چەندی ڕێبەرانی کورد و بەتایبەت حیزبە دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵیان دەدا لەڕێگەی وتوویژ و دانوستان و دروستکردنی لێکتێگەیشتنەوە پرسی کورد لە ئێران چارەسەر ببێ و لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لەسەر خودموختاری پێک بێن، بەڵام حکوومەتی ناوەندی ئەوەی نەسەلماند و زمانی ئاگر و چەکی لەهەمبەر زمانی ماف و ئاشتی هەڵبژارد. ئەوە بوو کە دوای شەڕی مەهاباد و سنە شەڕەکەیان هێنایە نەغەدە و پاشان مەریوان و پاوە؛ و دواتر بە فتوای جیهادی خومەینی لە ۲۸ی گەلاوێژدا لەشکەرکێشی بۆ سەر هەموو کوردستان کرا.

**هەمزە ناگوشی**: خومەینی لە فتواکەیدا خەڵکی کوردی بە چ شێوەیەک وەسف کرد، و ئەم زمانە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەفتاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان هەبوو؟

**عەلی بداغی**: وەک پێشتریش باسم کرد خومەینی فتواکەی بە هێنانەوەی ئایەیەک لە قورئان دا و کوردەکانی بە کافر ناو برد. لە بڕیارەکەی بۆ داگیرکردنی کوردستاندا گوتی ئەوان واتە کوردەکان پیلانگێڕن و لە ڕیزی کافرەکاندان و دەوڵەت و ئەرتەش و ژاندەرمەری دەبێ زۆر بە توندی لێیان بدەن. خومەینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە ناوی حیزبی شەیتان ناو برد و دژبەرانی خۆی لە کوردستانی بە دوژمنانی ئایینی ئیسلام دەناساند؛ بەوەش شەڕی کورد بۆ لایەنگرانی خومەینی وەک غەزوە و بەدەستهێنانی کلیلی بەهشت بوو.

خومەینی پرسی کوردی بە فیتنە و خۆیان گوتەنی "غائلە" ناو دەبرد و ئەوە وای کردبوو کە لایەنگرانیشی لە هێرش و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان دەست لە هیچ تاوان و جینایەتێک نەپارێزن.

هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خەڵخاڵی دەمودەست بگاتە کوردستان و دەست بە ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد بکا و شەڕەکە گەورە بکاتەوە. دەزانین هەر لە مانگەکانی یەکەمدا زیاتر لە ٢٦ دێ لە کوردستان کۆمەڵکوژ کران و بێگومان هەموومان بیستوومانە و بەشێکمان بینیویانە کە ڕێژیم لە قارنێ، قەلاتان، دیلانچەرخ، سۆفیان، کەرێزەی شکاکان، چەقەڵمستەفا، خەلیفەلیان، گۆرخانە، قەرەگۆل، سەوزی، سەرچنار، ئیندرقاش، وسووکەند، هەڵەقووشک و گێچە و زۆر شوێنی دیکە چیها جینایەتیان کرد.

**هەمزە ناگوشی**: لە کاتێکدا لە کوردستان داواکارییە سیاسییەکان وەک دێموکراسی و خودموختاری هەبوون، بۆچی دەسەڵاتی نوێی تاران بەجێی گفتوگۆ و ڕێککەوتن، ڕێگای هێرش و سەرکوتکردنی هەڵبژارد؟

**عەلی بداغی**: مەسەلە ئەوە بوو کوردستان دوای شۆڕشی ١٣٥٧ پاشخانی زیاتر لە ٥ دەیە خەباتی سیستماتیک بۆ ماف و ئازادییەکانی، ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی دێموکراتیک لە کۆماری کوردستان، و بەردەوامیی خەبات و خۆتەیارکردن بۆ ئیدارەدانی وڵاتی هەبوو.

مەسەلە ئەوە بوو کە کورد ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ناسیبوو و لە ڕێفراندۆمی دیاریکردنی کۆماری ئیسلامیدا بەشداریی نەکردبوو. مەسەلە ئەوە بوو کە کورد هەر لە ماوەی چەند مانگی دوای سەرکەوتنی شۆڕشیشدا بە دامەزراندنی شوراکانی

گوند و شارەکان بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک، چالاکیی ئازادانە و بێبەربەستی حیزبەکان لە تەنیشت یەکتری، ئازادیی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان، ئازادیی گرووپ و ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکان و کرانەوەی سیاسیی کەموێنە مزگێنیی قۆناغێکی نوێی لە ئازادڕیان و پێکەوەبوونی دێموکراتیک بە بەشەکانی دیکەی ئێران دابوو، واتە کوردستان سەنگەری دیفاع لە ئازادی بوو.

بابەتی بنەڕەتی لەو هاوکێشەیەدا جیاوازیی و بەریەککەوتنی دوو دنیابینی بوو: لە کوردستان خەڵک مافی نەتەوەیی و خودموختاریی خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیدا دەویست، مافێک کە دەیان ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد و خوێنی بۆ دابوو. بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ناوەندگەرێتیی و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هەموو پێکهاتەکانی وڵاتی دەویست، ئەویش لەژێر دروشمی یەکڕیزیی ئیسلامیدا. وێژمانی سیاسیی کوردستان ڕوون بوو: دێموکراسی، ئازادڕیان، هاوپێوەندیی نیشتمانی، سێکۆلاریزم، پلۆرالیزم، دابینبوونی ئازادییە مەدەنی و دێموکراتیکەکان، یەکسانیی ماف، نەمان و نەهێشتنی هیچ چەشنە هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان، لاشەڕی و بەرەودان بە فەرهەنگ و هونەر. بەڵام ئەو بەها و بایەخانە لە قامووسی خومەینی و ڕێژیمەکەیدا مانایان نەبوو. ئەوان لەبیری ئیسلامی سیاسیی توندڕەو و دامەزراندنی دەسەڵاتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی خۆیاندا بوون. دوو دنیای تەواو جیاواز...

**هەمزە ئاگوشی**: ئایا دەرکردنی ئەو فتوایە تەنیا بڕیارێکی سەربازی بوو، یان بەشێک بوو لە ستراتیژییەکی فراوانتر بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردستان و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی حکوومەتی ناوەندی؟

**عەلی بداغی**: نەخێر، مەسەلە هەر داگیرکردنی جوغرافیی کوردستان و سەرکوتی نیزامیی بزووتنەوەی کورد نەبوو. مەسەلە بەربەرەکانی لەگەڵ فکر و بیرکردنەوەی ئازاد و ئازادڕیانی کورد و کوردستان بوو. مەسەلە ململانێ و تێکگیرانی دوو شوناس بوو. لە بەرانبەردا پرسی ئینسانی و سەردەمیانەی کورددا. خومەینی و ئایدۆلۆژیی خومەینیزم و کۆماری ئیسلامی بوون کە مانەوەی خۆیان لە سڕینەوەی پرسی کورد و ئازادیخوازیی کورددا دەدی.

بۆیە ئەو شەڕەی ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٥٨دا بە فتوای خومەینی، و لە ڕێگەی زەوی و ئاسمانەوە بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد، هەتا ئێستاش لە شێوە و جۆری جیاوازدا درێژەی هەیە. کوفرە گەورەکەی کورد کە لەسەر ئەو فیتوای جیهادی لەدژی درا و شەڕی بەسەردا سەپا ئەوە بوو زۆر زوو جەوهەری دەسەڵاتی نوێی لە تاران ناسیبوو و ئامادە نەبوو ئەو ڕێژیمە بەڕەسمی بناسێ. کوفرەکە ڕاوەستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی ڕێژیمێکی داپڵۆسێنەر و کوفرەکە "نا"گوتن بە تاوانەوە و بندەستی بوو. ئەوەش لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارەتیی تارانەوە گوناحێکی کەبیرە بوو کە کورد دەبوا تاوانەکەی بدا و

لەوکاتەوە گەلی ئێمە ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە تاوانی مافویستی و ئازادیخوازیی خۆی دەدا.

لە سۆنگەی ئەو شەڕە داسەپاوە بەسەر کوردستان و بەهۆی خۆڕاگری و بەربەرەکانی خەڵکی کوردستان و سووربوون لەسەر مافە ڕەواکانیان، بە هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان کوژراون، دەیان هەزار کەس دەسبەسەر و ڕاپێچی بەندیخانەکان کراون، ئەشکەنجە و ئازار دراون و تەنانەت هەزاران بەندیی سیاسی گیانیان لێ ئەستێندراوە. دەیان گوند لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان سووتێنراون یان بەزۆرەملی چۆڵ کراون، و بە هەزاران کەسیش زێد و نیشتمانی خۆیان بە ناچاری بەجێ هێشتوە و لە دوورە وڵاتی گیرساونەتەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم نەهامەتییانەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستانی هێناوە، کوردستان سەنگەری هەرەپێشەوەی خۆڕاگری، کۆڵنەدان و بەرگریی ئازایانەی پێشمەرگەکانی کوردستان لە مافە ڕەواکانی کورد بووە.

**هەمزە ناگوشی**: ڕۆڵی حیزبە سیاسییە کوردەکان، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وەڵامدانەوە بە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی چی بوو؟

**عەلی بداغی**: وەک بە کورتی باسم کرد، حیزبە سیاسییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات ئەوەندەی بۆیان کرا هەوڵیان دا لە ڕێگەی وتووێژ و دانوستانەوە پێش بە شەڕ و نائارامی بگرن. سەردانی خومەینی لە قوم، ناردنی بەردەوامی هەیئەت بۆ تاران و پێشگرتن و لەقاودانی پیلانگێڕیی پیلانچییەکانی وەک حەسەنییەکان بەشێک لەو هەوڵانە بوون، بەڵام بێئاکام بوون. هەر ئەوەش بوو کە کوردستان و بەپێی قورسایی هێزەکانیش، حیزبی دێموکرات وەک جەماوەریترین لایەنی سیاسی بڕیاری بەرگری و خۆڕاگرییان دا.

دەزانین خومەینی فتواکەی لە ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا و ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ شەڕە سەرانسەرییەکە لە دژی کوردستان دەستی پێ کرد. قۆناغی یەکەمی ئەو شەڕە سێ مانگی خایاند هەتا ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ کە خومەینی ڕایگەیاند بەدخواکان خراپیان حاڵی کردووە و دەشزانین کە ئەو پەیامەش نەک لەڕووی نیازپاکی، بەڵکوو لەسۆنگەی ئەو شکستانە بوون کە لەو سێ مانگەدا هێزەکانیان لە کوردستان خواردبوویان و پێویستییان بە بووژانەوە بوو. ئەو قۆناغە لە شەڕ بە شەڕی سێ مانگە بەناوبانگە.

لە سەرەتادا هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ڕێگری لە کوشتاری خەڵکی مەدەنی و وێرانبوونی شارەکان، لە شارەکان پاشەکشەیان کرد و ڕوویان کردە ناوچە شاخاوییەکان و گوندەکان. بەڵام دوای ئەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شارەکانیان داگیرکرد و

گەلاوێژی ٢٧٢٦

ماشێنی کوشتاری خەڵخالی لە شارەکان کەوتە کار، هێرشی پێچەوانەی پێشمەرگە دەستی پێ کرد. پێشمەرگە لە ڕێگەی شەڕی پارتیزانی و هێرشی شەوانە و بەستنی ڕێگاکان، زەبرێکی گورچووبڕیان لە هێزەکانی حکومەت دا و توانییان شار و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر بگرنەوە و ناوچەی ئازادکراو پێک بێنن.

شەڕ و خۆڕاگریی سێ مانگەی پێشمەرگە ئەوەندە بەهێز بوو خومەینی و دەسەڵاتدارانی تاران ناچار بوون بڕیاری ئاگربەست بدەن و بەڕواڵەت "دەستەی نیازپاکی» (هیئت حسن نیت) بۆ وتووێژ لەگەڵ کوردەکان بنێرنە کوردستان و لە کوردستانیش هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد لەنێوان حیزبەکاندا بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم پێکهات کە دەزانین ئاکامی نەبوو و لە بەهار و هاوینی ١٣٥٩ دا  بە هێرشی سەرنوێی ئەرتەش و سوپای ئێران بۆ سەر سنە و شارەکانی تر، «شەڕی دووەم و هەمیشەیی کوردستان» دەستی پێ کردەوە و ئیدی ئەو شەڕە هەرگیز نەبڕایەوە.

**هەمزە ناگوشی**: ٢٨ی گەلاوێژ چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان دانا، و تا چەندە ئەو ڕووداوانە کاریگەرییان لە یادەوەریی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستاندا هەیە؟

**عەلی بداغی**: کاریگەریی ئەو فتوایەی خومەینی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵکی کوردستان زۆر بووە و ئێستاش نەبڕاوەتەوە. بەو فتوایە و لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە شەڕێکی هەمەلایەنە بەسەر کوردستاندا سەپاوە کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. هەم شەڕ و سەرکوتی توند و خوێناوی، هەم شەڕی نەرم بۆ تواندنەوە و ڕێگری لە بەهێزبوونی شوناسی کوردی بۆ چۆکداهێنانی ئیرادەی نەتەوەیی کورد.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو ٤٧ ساڵەی ڕابردوودا  پتر لە ٢٢٠٠ کەسی لە کوردستان بە تاوانی! دژایەتی لەگەڵ نیزامی ویلایەتی فەقیه ئێعدام کردووە. لە نێوخۆی وڵات، باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات زیاتر لە ٤٥٠ کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەری کوردی تێرۆر کردووە. ٣٢ گوندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵکوژ کردووە و لەو ڕەشەکوژییانەدا ٢٨٠ گوندنشین -پیر و لاو و ژن و منداڵ-ی قەلاچۆ کردوون، هەروەها ٤١ گوندی بەهۆی خۆڕاگریی خەڵکەکەی تەختی زەویی کردوون. لە مەیدانی شەڕی ڕاستەوخۆشدا بەهۆی هیرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرگریی ڕەوای هێزی پێشمەرگە نیزیک بە حەوت هەزار پێشمەرگەی هێزە سیاسییەکانی کورستان شەهید بوون و بە هەزاران کەس خەڵکی سڤیل و بێدیفاع کە لەنێو ئەوانیشدا دیسان بە سەدان ژن و منداڵ دەبیندرێ گیانیان لێ ئەستێندراوە. زیاتر لە ٢٥٠٠ کەس خەڵکی مەدەنی - شوان، وەرزێڕ، منداڵ، کۆڵبەر و کاسبکار- بە هۆی تەقینەوەی مین کوژراون و پتر لە ٤٥٠٠ کەسیش هەر بەو هۆیە بریندار و نقوستان بوون.

ئەم شەڕە داسەپاوە لە کوردستان لە هەموو گۆڕەپانەکاندا و بە هەموو مێتۆد و شێوازێک درێژەی هەبووە. کوردستان بەهۆی ڕوانگەی ئەمنییەتی، کەمترین پشکی لە بودجەی وڵات بۆ ئاوەدانی و بۆ وەبەرهێنان تەرخان کراوە، کەچی ئاو، دار، بەرد و زێڕ و کان و مەعدەنە سروشتییە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانی بەتاڵان براوە و تەنانەت لێڕەوار و دارستانەکانیشی ئاگر دراون و سووتێندراون.

هەژاری، بێدەرەتانی و بێکاریی لەڕادەبەدەر لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران کە لێکەوتەی سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووریی کوردستانن، لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان پەرەی بە دیاردەی کۆڵبەری داوە، بەڵام لەوێندەرێش هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کاسبکاران دەچنە کەمینەوە و دەیاندەنە بەر دەسترێژ و ڕۆژ نییە چەند کۆڵبەری کورد خەڵتانی خوێن نەکرێن. ئەمانە بەشێک لەو کاریگەری و کارتێکەرییەی فتواکەی خومەینی بەدژی کوردن.

**هەمزە ناگوشی**: بۆچی دوای نزیکەی پەنجا ساڵ، ٢٨ی گەلاوێژ هێشتا بووەتە بابەتێکی گرنگی سیاسی و مێژوویی لە کوردستان؟ ئەم یادەوەرییە چ پەیامێک بۆ نەوەکانی ئێستا هەیە؟

**عەلی بداغی**: لەبەر ئەوەی خاڵگۆڕان و نوقتەی عەتف لە پێوەندییەکانی کوردستان و کۆماری ئیسلامی بوو. لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژەدا دنیابینییە جیاوازەکانی کورد و کۆماری ئیسلامی هەم دەرکەوتن و هەم بەریەک کەوتن.

لەبەر ئەوەی ئەم شەڕەی کە لە ٢٨ی گەلاوێژدا دژی کوردستان بەربڵاوتر و سەرانسەری وەڕێ خرا، هەر شەڕی فیزیکی بۆ شکستی سەربازیی هێزی کورد نەبوو، بەڵکوو بۆ بەچۆکداهێنانی ئیرادەی مافخوازیی کورد بوو. بۆیە لەو کاتەوە ستراتیژیی شەڕی نەرمی ڕێژیم لەدژی کورد ئەمە بووە کۆمەڵگەی کوردی تووشی قەیرانی شوناس بکا، مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد چەواشە و ئاستی داخوازەکانی کورد بۆ لانیکەمی خۆی دابەزێنێ، لە پێگە و هەیبەتی کاریزما و ڕێبەرانی جووڵانەوەی کورد بدا، بە پەرەپێدان بە هەستی ئێرانچییەتی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کورد لاواز بکا، بە دروستکردنی درز و کەلەبەر لەنێوان کۆمەڵگەی کوردستان و حیزبە کوردییەکان لە ئێعتبار و متمانەی هێزە دژبەرەکانی بدا و مەیدانیان پێ چۆڵ بکا و؛ دواجار جۆرێک بنوێنێ کە ئەننەهوو شتێک بە ناوی پرسی کورد لە ئێراندا نەبووە و نییە! بۆ ئەو مەبەستەش ئیمکانات و هێزی ماددی و مرۆیی زۆروزەوەندی تەرخان کردووە. بەڵام هەموو ئەو پیلان و پلانە ورد و درشت و نەرم و ڕەقئامێرییانەی کۆماری ئیسلامی نەک سوودێکی ئەوتۆی بۆ ڕێژیم نەبووە، بەڵکوو ئاکامی پێچەوانەشی لێ کەوتووەتەوە. بۆ نموونە:

## گەلاوێژی ٢٧٢٦

ڕێژیم زۆر هەوڵی دا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دابماڵێ، کەچی هەر ڕووداوێک و هەنگاوێکی گرینگ و مێژوویی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد - تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش - دا، ڕەنگدانەوەکەی لە شەقام و چالاکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە چاوی خۆی دەیبینێ. ڕێژیم هەوڵی زۆری دا دیوارێکی گەورە لە نێوان کوردی شیعە و کوردی سووننە و، دەستەخوشکیی مەهاباد و سنە و کرماشان و ورمێدا دروست بکا؛ بەڵام هەڵوێستی نەتەوەیی لە کوردستان لە بۆنەی جۆراوجۆردا ئەم دیوارەی بەسەر کۆماری ئیسلامیدا ڕماندووە. چیی نەکرد بۆوەی حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە لەپێش چاوی خەڵکی کوردستان بخا، بەڵام کاتێک ویستی ئاکامی چوار دەیە هەوڵ و بەرنامەدانان و تێچووەکانی لە مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان و پاییزی ١٤٠١ی بنکەکانی حیزبی دێموکراتدا هەڵگرێتەوە؛ مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧، مانگرتنە یەک لە دوای یەکەکانی پاییز و دواتری ١٤٠١ دوای هێرشی مووشەکیی پش شۆڕشی ژینا و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بۆ بەخاوەنکردنی کوڕ و کچە پێشمەرگەکانیان و حیزبە خۆشەویستەکەیان تاساندوونی؛ ئەو پشتیوانییە ئێستاش لە حیزبی دێموکرات دەکرێ و کوردستانێک کە پێگە و قەڵای حیزبی دێموکرات بۆ مانەوە بووە. بۆنە نەورۆزییەکانی ئەم ساڵانە و بەردەوامیی وڵامدانەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بە بانگەوازی حیزبە کوردییەکان بۆ ئەمە باشترین بەڵگەن.

٢٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

---

# "حەیدەربابا"، لە میراتی شێعری شەهریارەوە هەتا پردی دۆستایەتیی نەتەوەكان!





د. كامران ئەمین‌ئاوە

(تێڕوانینێک لە وەرگێڕانی كوردیی "سڵاو لە حەیدەربابا"؛ بەرهەمی هاوبەشی ئەنوەر سوڵتانی و حەسەن ئەیوب‌زادە)

ئێران وڵاتێكی فرەنەتەوەیە؛ وڵاتێک بە كولتوور و ناسنامەی جیاوازی نەتەوەكانی، ئەوانەی چەندین سەدە پێكەوە ژیاون، ئازاریان چێشتووە، خۆشییان بەش كردووە و مێژوویەكی هاوبەشیان دروست كردووە. ئەم فرەڕەنگییە نەتەوەیی و

کولتوورییە، نەک مەترسی بۆ سەر ئەو وڵاتە نییە، بگرە گەورەترین سامان و سەروەتی ئەم وڵاتەیە؛ سامانێک کە تەنیا بە ڕێزگرتن لە یەکتر، گفتوگۆ و بەفەرمیناسینی یەکتر، دەتوانێت گەشە بکات.

یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی بەفەرمیناسینی یەکتر، ئەدەبیاتە. شێعر و چیرۆک سنووری زمان تێدەپەڕێنن و مرۆڤەکان لە قووڵترین ئاستی هەست و بیرکردنەوەدا بە یەکەوە دەبەستنەوە. لەم نێوانەدا وەرگێڕان ڕۆڵێکی بێهاوتای هەیە؛ پردێکە کە بیر، سۆز و ئەزموونی نەتەوەیەک بە نەتەوەیەکی تر دەگەیەنێت. هەر وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو، لە ڕاستیدا گەشتێکە لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر؛ گەشتێک کە ئامانجی تەنیا گواستنەوەی وشە نییە، بەڵکوو گواستنەوەی ڕۆحی مرۆڤە.

مێژووی هاوچەرخی ئێران نموونەگەلێکی بایەخداری لە هاودڵیی کولتووری لە خۆ گرتووە. ڕۆژگارێک، نەمر عەلیڕەزا نابدڵ، شاعیری خەباتکاری ئازەربایجانی، بە زمانی تورکی شێعری بۆ کوردستان دەنووسی، و نەمر حەسەن قزڵجی دەیکرد بە کوردی و لە ڕادیۆی 'پەیکی ئێران' بڵاوی دەکردەوە. ئەو کارە تەنیا چالاکییەکی ئەدەبی نەبوو؛ بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ نزیککردنەوەی چارەنووس، ڕێگە، خەبات و دڵی دوو نەتەوەی دراوسێ، کە لە نێو جوگرافیای سیاسیی ئێراندا چارەنووسێکی هاوبەشیان هەبوو. لەو سەردەمەدا ئەدەبیات زمانی یەکگرتوویی بوو و، وەرگێڕان ئامرازی دۆستایەتی و هاوڕێیەتیی گەلانی چەوساوەی ئێران.

لە سەر ئەم ڕێچکەیە، وەرگێڕانی هەڵبەستی "سڵاو لە حەیدەربابا"ی محەممەدحوسێن شەهریار بۆ زمانی کوردی، هەنگاوێکی دیکە لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندیی کولتووریی نێوان کورد و ئازەربایجانییەکاندا بوو. ئەم وەرگێڕانە بە هەوڵ و ماندووبوونی مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی و مامۆستا حەسەن ئەیوبزادە کرا و ئەم شاکارە ئەدەبییە گەیشتە نێو ماڵی خوێنەرانی کورد؛ ئەوانەی عاشق و هۆگری شێعر و جوانین و ئاواتی ژیان لە کەشوهەوایەکدا هەن کە پڕ بێت لە ڕێز، پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە و هاوڕێیەتیی ئەم دوو نەتەوە دراوسێیە.

بێگومان، مێژووی ئێران هەندێک جار شایەتی لێکتێنەگەیشتن، دڵگرانی و تەنانەت شەڕ و پێکدادان لەنێوان گەل و گرووپە جیاوازەکاندا بووە. کورد و ئازەربایجانییەکانیش لەم یاسایە بە دوور نەبوون. بەڵام ئەگەر مێژوو بە چاوێکی دادپەروەرانە بخوێنینەوە، دەبینین پەیوەندییە قووڵە مرۆییەکان، هاوسێیەتی، خزمایەتی، خەباتە هاوبەشەکان و هاودڵییە بێئەژمارەکان، لە ناکۆکییە کاتییەکان زۆر بەهێزتر و مێژوویيتر بوون. ئەوەی گەلان لە یادەوەریی مێژوودا زیندوو ڕادەگرێت، نەک شەڕ و ناکۆکی، بەڵکوو هاوڕێیەتی و هاوکاریی نێوانیانە.

"حەیدەربابا"ی شەهریار یەکێک لە درەوشاوەترین هۆنراوەکانی ئەدەبیاتی تورکیی ئازەربایجانییە. ئەو بەرهەمە نەک لە سەر لووتکەی ئەدەبی ئازەربایجان لە هەردوو لای ڕووباری ئەرەسدا دەدرەوشێتەوە، بەڵکوو هەر خوێنەرێک، تەنانەت ئەگەر ناسیاوییەکی کەمیشی لە زمانی تورکی هەبێت، دەکاتە ئەویندراری ئاواز و مۆسیقای وشەکان، وێنەسازیی زیندوو و هەستی پاکی شاعیر. شەهریار لەم هۆنراوەیەدا ڕوو لە چیای "حەیدەربابا" دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا لەگەڵ بیرەوەریی منداڵی، گوند، دایک، سروشت، مرۆڤ و کات گفتوگۆ دەکات.

**مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی لە پێشەکیی وەرگێڕانەکەیدا ئاماژە بە خاڵێکی جێی سەرنج دەکات، ئەویش ئەو کاتەیە کە شەهریاری بەناوبانگ شێعرەکانی بە فارسی دەگوت:**

"»شەهریار" خێوەتی شێعری لە کاوان هەڵدا، لە کۆڕ و کۆبوونەواندا باسی کرا، لاپەڕەی دیوانەکەی وەک وەرەقی زێڕ برا و ڕێز لە هونەری گیرا، بەڵام بە تەنیشت خێڵی لایەنگرانەوە، هەبوون کەسانێک کە توانجیان دەگرتە گیانی و دەیانگوت ئەی بۆچی تیتۆڵێک لە زمانی زگماکیی خۆی - ئازەربایجانی، دانادڕێت؟ بۆچی خەڵکی خۆی وەلاناوە و مەیلی لێیان بڕاوە؟ ئەم گازندە و گلەییی مەردمە، چەندەهاساڵ درێژەی کێشا، بێ ئەوەی شەهریار متەقی لێوە بێت و کەس وەڵامی لێ ببیستێت. بەڵام لە سەرەتای پەنجاکاندا، ڕووداوێکی سەمەرە ڕووی دا. هۆی شتەکە چی بوو؟ خۆزگە و بڕیای خەڵک؟ بارودۆخی ژیان و سەردەم؟ کارەساتەکانی پاش کۆدەتای گەلاوێژ و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران؟ کەسایەتیی شاعیر و هێزەکانی نێو دەروونی؟ یاخود ئامێتەیەک لەوانە و لە زۆر هۆی نەناسراوی تر؟ هەرچی و هەرچۆن بێت،

**هەستی نەتەواوەتیی شەهریار هاتبووە جۆش:**

**"تورکی دێدم، ئۆخسونلار ئۆیزلەری"**
**بە تورکیم گوت، تا خۆیان بیخوێننەوە!**

تەلیسم شکابوو، چاوەڕوانی میوەی دابوو، شەهریار بە تورکی هاتبووە زمان، "حەیدەربابا" لە دایک ببوو، سڵاو لە حەیدەربابا!

**"حەیدەربابا"** بە خێرایی کشایە نێو دڵی خەڵک و خوشایە نێو گوند و شاری ئازەربایجانەوە، خوێنەرانی هەژاند و بیسەرانی شڵەژاند. بوو بە لاوکی سەر زاران، بەند و باوی کۆڵانان، باسی کۆڕ و کۆمەڵان و سەردێڕی ڕۆژنامە و گۆڤاران. بە گۆرانی گوترا، هەوا و مەقاماتی لەسەر دانرا. لە قەوان و شریتان خرا. سنووری بڕی و بەرەو ئازەربایجانی باکووری

هەڵکشا و ئەمجار هەر شاباش و ئافەرین بوو بە سەرشان و ملی پیرەپیاوە "خوشکەناب"ییەکەدا باری» ...

کاک ئەنوەر، کە لە کاتی لاوییەوە ئاشنای زمان و ئەدەبی تورکی بووە و لە خێزانێکی ئەهلی فەرهەنگ و ئەدەب گەورە بووە، زوو تێگەیشت کە "حەیدەربابا" تەنیا شێعرێک نییە، بەڵکوو جیهانێکە لە بیرەوەری، هەست و ناسنامە. ئەو لەگەڵ "حەیدەربابا" ژیا و شێعرەکانی لەبەر کرد.

سالان تێپەڕین. ڕۆژگاری پڕ لە ڕووداوی ئێران، لە ساڵانی هەوری، تاریک و خەفەقانی حکومەتی پەهلەوییەوە تا گەردەلوولی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕووداوەکانی دوای ئەو، چارەنووسی زۆرێک لە ڕووناکبیرانی کوردی گۆڕی. کاک ئەنوەر سوڵتانییش پاش چەندین ساڵ کار و چالاکیی سیاسی، بە هۆی بارودۆخی ئاڵۆز و سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی، لە کۆتاییدا ناچار بوو وڵات بەجێ بێڵێت و لە شاری لەندەن نیشتەجێ ببێت. بەڵام دووریی جوگرافی قەت نەیتوانی پەیوەندیی ئەو لەگەڵ ئەدەبیات و بیرەوەریی ساڵانی لاوی ببڕێت.

لە غەریبیدا، جارێکی تر گەڕایەوە سەر "حەیدەربابا". شێعرەکەی دووبارە خوێندەوە و بە وردبینی، هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و خۆشەویستییەوە، کردییە کوردی. هەوڵی دا تەنیا واتای شێعر نەگوازێتەوە، بەڵکوو مۆسیقا، ناسکی و ڕۆحی شێعرەکەشی بپارێزێت. وەرگێڕانەکەی چەندین جار دەستکاری کرد، مشتوماڵی دا و گیانێکی تازەی بە بەردا کردەوە.
لە شوێنێکی دیکەی ئورووپا، هاوڕێی کۆنی، مامۆستا حەسەن ئەیوبزادە، یاسازان، توێژەر و یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد لە هۆڵەندا دەژیا. ئەم دوو هاوڕێ، هاوگەڕەک و هاوپۆلە، کە گێژەڵووکەی ڕۆژگار ساڵانێک لە یەکتری دوور خستبوونەوە، دووبارە بەهۆی نامەیەکەوە یەکتریان دۆزییەوە. ئەو نامەیە تەنیا چەند دێڕێک نەبوو؛ بەڵکوو پردێک بوو لە نێوان بیرەوەریی منداڵی، ساڵانی گەنجی و هیوا هاوبەشەکانیان.

مامۆستا حەسەن ئەیوبزادە، کاتێک لە شاری کۆڵن میوانی هاوڕێیەکی بوو، لە ڕێگەی ئەوەوە زانی کە هاوڕێی دێرینی، کاک ئەنوەر سوڵتانی، لە لەندەن دەژی.

بۆیە دەستبەجێ نامەیەکی بۆ نارد و تێیدا نووسی:

«کاک ئەنوەر سوڵتانی! هاڤاڵەکەی سەردەمی منداڵی و لاویم!... داخوا دڵت بۆ گۆشەیەک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیت دەکورکێنێت؟ گەڵۆ دەتەوێت بیرەوەرییە هاوبەشەکانمان لە ژێر خۆڵەمێشی فەرامۆشی دەرکێشین؟»...

**مامۆستا حەسەن ئەیوبزادە دواتر نووسی:**

«چاوەڕوانیم نەدەکرد وەڵامەکەم ئەو نامە پڕ لە هەستی دڵسۆزییە بێت کە بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی منی لە مردن ڕزگار کرد. ئەزموونی ئەو ساڵانە و ئاڵوگۆڕەکانی، پیریان کردبووین. هەردووکمان گۆڕابووین. لەگەڵ ئەوەش، من گیرۆدەی ئێش و ئازاری ئەو دڵە بەندپساوەی خۆم و ئەو ئۆگری نووسین و توێژینەوە. ئێستاش ئەو لەو بەری دەریایە و من لەم بەری دەریام.»

بەڵام چارەنووس تاقیکردنەوەیەکی دیکەشی لەبەردەم مامۆستا حەسەن ئەیوبزادە دانا. ئەو بەهۆی نەخۆشیی دڵ بۆ سێیەم جار نەشتەرگەری کرا. هەر لەو ڕۆژە سەختانەی چارەسەردا بوو کە وەرگێڕانی کوردیی "سڵاو لە حەیدەربابا"، لەگەڵ نامەیەک لە کاک ئەنوەرەوە لە لەندەن گەیشتە دەستی. کاک ئەنوەر داوای لێکردبوو شێعرەکە بخوێنێتەوە و بۆچوونی خۆی لەبارەی وەرگێڕانەکەوە بنووسێت.

**مامۆستا حەسەن ئەیوبزادە دواتر هەستی ئەو ساتەی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:**

«داوای لێ کردبووم بیخوێنمەوە و لەمەڕ وەرگێڕانی شێعرەکە بە کوردی، بێمە زمان و تشتێک بێژم. هەیاران من و تورکی! ئەویش ئەو تورکییەی شەهریار، کە نیگارکێشانە بە وشەیە. من شارەزاییەکم لە کۆچەباخەکانی هونەری شەهریار نییە و نازانم کاتێک هەژانی شێعر دەیگرێت چۆن دەکەوێتە سەما و بە ئاهەنگێک جەزم دەبێت. لاساییکردنەوەی نەکاری کەسە و گێڕانەوەی ئەو حاڵەتەی دەیگرێت، لە باسکردن نایەت[...].»

کاک ئەنوەر سەردەمێک لە تاران بە دەنگە نەرمە بەسۆزەکەی حەیدەربابای بۆ کاک حەسەن خوێندبۆوە، بەڵام ئەم جار بۆ خۆی بە خوێندنەوەی حەیدەربابا بە کوردی «بە باڵی ئەو خەیاڵەوە دەفڕێت کە هەژاری هەستیار لە 'بەرەو موکریان'ەکەیدا پێی فڕیبوو:»

«لێرە بۆ منی دوورخراوە لە زێد و نیشتمانەکەم، چی لەوە خۆشترە، گوێ بدەمە شێعری هەستیارێک کە لە وڵاتەکەی خۆیدا دوور خراوەیەکە، وەکوو من تامەزرۆی دیتنی تابلۆیەکە لەو هەزار تابلۆیەی کە ڕۆژگارێک لە کاتی کێشانیاندا، گریاوە، پێکەنیوە، مردووە و زیندوو بووەتەوە» .

## گەلاوێژی ٢٧٢٦

دوو هاوڕێ کە ساڵانی ساڵ هر کامیان بۆ گەیشتن بە ئاواتی گەلەکەیان بە شوێن دوو ڕێبازی جیا کەوتبوون، جارێکی تر لە غەریبی و تاراوگەدا بە یەک گەیشتنەوە و قۆڵیان لێ هەڵماڵی و "سڵاو لە حەیدەربابا"یان بە کوردی خوڵقاند.

بەرهەمی ئەم هاوکارییە تەنیا بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانێک نەبوو؛ بەڵکوو لەدایکبوونێکی نوێی "حەیدەربابا" بە زمانی کوردی بوو. ئەو بەرهەمە، ئەمجار بە هەوڵی دوو هاوڕێی دێرین لە تاراوگەدا گیانی پێ بەخشرا و گەیشتە دەستی خوێنەرانی کورد؛ خوێنەرانێک کە تەنانەت لە غەریبیشدا لە شێعری شەهریاردا وێنەی شاخ، گوند، دایک، بیرەوەری و نیشتمان دەدۆزنەوە، و لە نێوان دێڕەکانیدا نهێنییەکی هاوبەش دەخوێننەوە؛ نهێنیی هاودڵیی مرۆڤگەلێک کە، سەرەڕای جیاوازیی زمان، چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە.

چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم وەرگێڕانە لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی (٢٠٠٦ی زایینی) لەلایەن دەزگای چاپی ئەرزان لە سوید، تەنیا ڕووداوێکی ساکار بۆ چاپی کتێبێک نەبوو؛ بەڵکوو بەڵگەیەکی فەرهەنگی بوو بۆ ئەوەی کە ئەدەبیات دەتوانێت ئەوانەی سیاست هەندێک جار لێکیان دوور دەخاتەوە، دووبارە لێکیان نزیک بکاتەوە. شێعری شەهریار، بە تێپەڕبوون لە سنووری زمان، لە زمانی کوردیدا ژیانێکی نوێی وەرگرت و نیشانی دا کە هونەر، ماڵی هاوبەشی هەر مرۆڤێکە.

لەوانەیە ئەمڕۆ، زیاتر لە هەر کاتێکی تر، کۆمەڵگەی ئێران و بە تایبەتی گەلی کورد و ئازەری پێویستی بەو جۆرە ئەزموونانە هەبێت؛ ئەزموونێک کە لە جیاتی جەختکردنەوە لەسەر جیاوازییەکان، سەرنج بخاتە سەر خاڵە هاوبەشەکان. وەرگێڕانی "سڵاو لە حەیدەربابا" ئەم ڕاستییەمان بیر دەخاتەوە کە نەتەوەکان و زمانەکان نەک ڕکابەر و دوژمنی یەکتر، بەڵکوو پەنجەرەیەک بە ڕووی جیهانە جیاوازەکاندان. هەر کاتێک ئەم پەنجەرانە بە ڕووی یەکتردا بکرێنەوە، سروەی دۆستایەتی، ڕێزگرتن لە یەکتر و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەش بە ئازادی لەنێوان نەتەوەکاندا هەڵدەکات.

**"حەیدەربابا" تەنیا سڵاوی شەهریار لە چیایەکی زێدی خۆی نییە؛ بەڵکوو سڵاوێکە بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی نیشتمانیان خۆش دەوێت، بیرەوەرییەکانیان پاراستووە، زمانی دایکیان لەلا بەنرخە و باوەڕیان وایە شێعر دەتوانێت ئەوەی سنوورەکان لێکیان جیا دەکاتەوە، دووبارە لێکیان گرێ بداتەوە.**

٢٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزراندنی حیزب (واشنتۆن)




**ئاماژە:**

**ئەم دەقە پەیامێکی سیاسی و ستراتیژییە لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە ئاراستەی بەشداربووانی کۆڕیادی ٨١ ساڵەی دامەزراندنی حیزب لە واشنتۆن کراوە. وتارەکە پرۆژە و دیدگای حیزب بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران، چۆنیەتیی تێپەڕاندنی دەسەڵاتی ئێستا و، بنەماکانی چارەسەری پرسی نەتەوەکان دەخاتە ڕوو.**

**بەڕێزان،**

**بەشدارانی بۆنەی یادی هەشتا و یەک ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە واشنتۆن،**

**بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات دەکەم.**

**هاوکات سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ هەموو ئەو هەزاران تێکۆشەرەی کە ڕێبواری ئەم ڕێگە دوورودرێژ و پڕ لە هەوراز و نشێوە بوون و لەو پێناوەدا زیندانی کراون، لەسێدارە دراون، لە وڵاتی خۆیان دەربەدەر بوون، تا ئەو حیزبە هەر لەسەر پێ و**

بەتوانا بمێنێتەوە.

**سوپاس و ڕێز بۆ ئێوەی بەشدارانی ئەو کۆڕیادە لە واشنتۆنی پایتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.**

شەرەفمەندم کە وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا مەجالم هەیە کە بە کورتی ئامانج و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بخەمە بەر باس، بۆ ئاگاداریی ئێوەی بەڕێزان و ناسینی زیاتری حیزبەکەمان.

لە بەستێنی هاوکێشە ناوچەییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە چاوەڕوان دەکرێت، جارێکی تر چۆنیەتیی داڕشتنەوەی قەوارەی سیاسیی ئێران و ئایندەی «پرسی نەتەوەیی» گەلانی نیشتەجێی ئەم جوگرافیایە، لە ڕۆژەڤدایە. بۆ خستنەڕووی جێگرەوەیەکی دێموکراتیک بۆ ڕێژیمی ئێستا لە نێوان ئەو سیناریۆیانەی کە بۆ داهاتووی ئێران خراونەتە ڕوو، فیدراڵیزمی نەتەوەیی - جوگرافی گونجاوترین مۆدێلی سیاسییە. لەم مۆدێلەدا پێگە و سەنگی بزووتنەوەی کوردستان و هەرێمە نەتەوەییەکانی ئێران ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن.

هەر بۆیە، هەڵبژاردنی هەر ستراتیژییەک بۆ گۆڕانی سیاسی لە ئێران، دەبێت هەم لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هەرێمە نەتەوەییەکان بێت و هەم بەگوێرەی ڕێککەوتن و دێموکراسییەکی تەوافوقی. بەم پێیە، ئامانجی کۆتایی هەر پرۆسەیەکی سیاسی لە دواڕۆژدا، دەبێت چارەسەرکردنی پرسی گرنگی نەتەوەیی بێت؛ بە جۆرێک کە سەروەریی سیاسی و دەسەڵاتی یەکلایەنە لە ناوەندەوە هەڵبوەشێتەوە و بەشداری و سەروەریی هاوبەشی هەموو نەتەوەکان مسۆگەر بکرێت.

بەفەرمیناسینی ئێران وەک جوگرافیایەکی فرەنەتەوە، بابەتێک نییە کە بە داهاتوو بسپێردرێت، یان بە پاساوی جۆراوجۆر هەڵپەسێردرێت، بەڵکوو پێش هەر ئەگەر و ڕێککەوتن و گوزارێک، دەبێت وەکوو باشترین مۆدێلی سیاسیی پێکەوەژیان، بکرێتە بنەما و بۆ دیزاینکردنەوەی سیستەمی سیاسیی داهاتوو کەڵکی لێ وەربگیرێت.

لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا، بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردستانی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاشخانێکی دووروودرێژی لە خەبات و تێکۆشان هەیە. خەبات بۆ بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و پاراستنی ناسنامە و خاک و دابینکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان، پرەنسیپە نەگۆڕەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوون.

بزووتنەوەی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا، بەهۆی بەئەمنییەتیکردنی ناسنامەی کوردی و ئەزموونی کەڵکوەرگرتن لە شێوەکانی بەرگری و خەباتی ڕەوا، خاوەن ڕێکخستنێکی تۆکمە و هێزێکی بەرینی مەیدانییە و شوێندانەریی خۆی لە هاوکێشەکاندا سەلماندووە. ئەم بزووتنەوەیە، سەرەڕای هەلومەرجی ئاستەنگ و هەوراز و نشێوەکانی بەردەمی، هەرگیز فاکتەرێکی کاتی، یان پەراوێز نەبووە، بەڵکوو بەردەوام لە خەباتێکی نەپساوەدا بووە.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی ئێران، هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسیی ڕوون و مۆدێرن بۆ داهاتووی ئێران و کوردستانە، کە لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس و دێموکراسیی بەشدارانە داڕێژراوە. هەر تێڕوانینێکی ناوەندگەرا، کە هەوڵی پەراوێزخستنی بدات، نەک هەر ناتوانێت چارەسەری قەیرانەکان بکات، بەڵکوو مەرجەکانی داهاتوویەکی سەقامگیر لە خشتە دەبات.

کوردستان، بەبوونی هێزێکی فرەچەشن و بەرفراوانی مەیدانی و بە هۆشیاریی نەتەوەییەوە، خاوەنی عاملییەت و هێز و سەرمایەی کۆمەڵایەتیی خۆیەتی و بەشێکە لە چارەسەری بنەڕەتیی شەڕ و ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هیچ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری لە ئێراندا ناتوانێت سەرکەوتنی ڕاستەقینە بەدەست بێنێت، ئەگەر مافی نەتەوەی کورد بۆ سەروەری و ئیرادەی سیاسیی کوردستان لەبەرچاو نەگرێت.

فرەچەشنیی نەتەوەیی و فرەپێکهاتەیی لە ئێراندا، بەپێچەوانەی سیاسەت و بۆچوونی ناوەندگەرایی و شۆڤێنیستی، نەک هەڕەشە نەبووە، بەڵکوو دەرفەت و بنەمای سەرەکییە بۆ بونیاتنانی داهاتوویەکی سەقامگیر و دێموکراتیک. قبووڵکردنی ئەم فرەچەشنییە و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان بە شێوازێکی یەکسان، هەموو پرۆسەیەکی سیاسی لە ئێراندا دەبەستێتەوە بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و دڵخوازانە.

## فیدراڵیزم: وەک چوارچێوەیەکی دێموکراتیک

فیدراڵیزمی ڕاستەقینە هیچ کاتێک مانای هەڵوەشاندنەوە، یان دابەشبوونی وڵات ناگەیەنێت، بەڵکوو میکانیزمێکی پێشکەوتووی سیاسی و بەڕێوەبەرییە بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتە جیاوازەکان لەناو چوارچێوەیەکی دێموکراتیک و هاوبەشدا.

ئەم سیستەمە، دەسەڵات لە ناوەندێکەوە دەگوازێتەوە بۆ بەڕێوەبردنێکی هاوبەش کە تێیدا یەکسانیی نەتەوەکان، پاراستنی ناسنامە جیاوازەکان و دابەشکردنی دادپەروەرانەی ئەرک و مافەکان، دەبنە بناغەی سەقامگیری و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە.

هاوبەشی و ڕەزامەندیی هەموو نەتەوەکان، وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی، ڕەوایی دەبەخشێتە سیستەمی بەڕێوەبەری و متمانەی نێوان لایەنەکان پتەوتر دەکات. لە بەرانبەردا خۆسەپاندن و پاوانخوازی، دەوڵەت دەکاتە سیستەمێکی پڕ لە درز و ناسەقامگیری، کە بەردەوام لە لێواری دارمان و بەریەککەوتنی ناوخۆییدایە.

قەیرانە قووڵەکانی ئێران هەرگیز لەڕێگەی پاوانخوازی و مۆنۆپۆلکردنی بڕیاری سیاسییەوە چارەسەر ناکرێن. تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە کە بەو هۆیەوە داهاتووی ئێران لەڕێگەی گفتوگۆی ڕیشەیی، دانوستان و ڕێککەوتنی فرەنەتەوەیی دیاری بکرێت.

جەختکردنەوە لەسەر ئاسایشی ناسنامەی نەتەوەیی، مەرجی سەرەکییە بۆ بوون و مانەوەی نەتەوە بندەستەکان؛ چونکە پێداگری لەسەر پرسی ناسنامەی نەتەوەکان، لەمپەرێکی سەرەکییە لە بەرانبەر سیاسەتی تواندنەوە و پەراوێزخستنیان. لە هەمان کاتدا ئاسایشی ناسنامە بۆ ئەم نەتەوانە، بە مانای پاراستنی بوونی فیزیکی، کولتووری، زمانی و سیاسییە، لە بەرانبەر هەر جۆرە هەڕەشەیەکدا.

ئەم حەقیقەتە مێژوویی و سیاسییە، بەڕوونی دەریدەخات کە هیچ سیستەمێک ناتوانێت ناوی دیموکراسی لە خۆی بنێت کاتێک مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانی جوگرافیایەکی فرەنەتەوە زەوت بکات. لە لایەکی تریشەوە بەبێ بوونی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە، ستەمی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی دیکەی ستەم، بەردەوام دەبن؛ هەر بۆیە دیموکراسی و مافی نەتەوەیی دوو پرەنسیپی لێکبەستراون.

## پێداویستییەکانی گوزارێکی سەرکەوتوو

**گوزارێکی سیاسیی سەرکەوتوو بە ئامانجی تێپەڕاندنی دۆخی ستەمکاری و کۆتاییهێنان بە ئەزموونی شکستخواردووی ناوەندگەرایی، دەبێت بەگوێرەی بەشداریی کارای نەتەوەکان و ڕەزامەندیی پێکهاتە جیاوازەکان بونیاد بنرێت:**

**یەکەم؛** دانپێدانان بە هەرێمە نەتەوەییەکان وەک لایەنی سەرەکیی بەشداریی سیاسی لە دارشتنەوەی نەخشەڕێگەی گوزار.

**دووەم؛** چەسپاندنی یاسایەکی گشتگیر کە تێیدا هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان دڵنیا بن کە مافە سیاسییەکانیان تێیدا پارێزراوە.

**سێیەم؛** خستنەگەڕی میکانیزمی فیدراڵیزمی ڕاستەقینە، بۆ کۆتاییهێنان بە مۆنۆپۆلی ناوەند و سیاسەتی داگیرکاری، بە مەبەستی دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و سەرچاوەکان.

**چوارەم؛** دابینکردنی بەستەرێک بۆ دیالۆگێکی هاوسەنگ لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی کە دەبێت هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەخۆ بگرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە فیدرالیزمی ڕاستەقینە و هاوبەشیی ئارەزوومەندانە تاکە ڕێگەیە بۆ بونیاتنانی ئێرانێکی دێموکراتیک؛ چونکە مێژوو و هاوکێشە سیاسییەکان سەلماندوویانە کە بێ دابینکردنی مافی نەتەوەیی، دێموکراسی هەرگیز سەرناگرێت و بەبێ دێموکراسییەکی قووڵ، نەتەوەکان لە ژێردەستەیی ڕزگاریان نابێت. هەر بۆیە ئێرانی داهاتوو دەبێت لەسەر بنەمای سەروەریی سیاسیی هاوبەش و یەکسانیی هەموو نەتەوەکان بونیاد بنرێت. بە پێچەوانەوە، دووپاتکردنەوەی ڕابردوو، هیچ سەقامگیرییەک بۆ داهاتوو بەرهەم ناهێنێت. جەختیش دەکەینەوە بەبێ پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی چەمکی «نەتەوە» لە ئێران، پەیوەندیی داگیرکاری بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. ئەم پێداویستییانە مەرجی بنەڕەتین بۆ ئەوەی پرۆسەی گوزار ببێتە دەستپێکێک بۆ دێموکراسییەکی درێژخایەن و ئەنجامدار.

لە کۆتاییدا، وەکوو حیزبی دێموکرات، بە خوێندنەوەی دەرفەت و هەڕەشەکانی سەر ڕێی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، بەرپرسیاریەتیی مێژوویی خۆمان لەبەرچاوە و پێداگرین لەسەر پێکگەیشتنی نەتەوەیی و هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و ڕەوتە دێموکرات و ئازادیخوازەکان، بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بونیاتنانی ئێرانێکی جیاواز لە ڕابردوو.

٢٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# بۆچی ملیۆنان کەس گوێ لە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگرن؟






ئیبراهیم لاجانی

ئەوە پرسیارێکە کە لە یەکەم نیگادا سادە دەردەکەوێت، بەڵام وەڵامێکی ئاسانی نییە. حیزبێک کە زیاتر لە هەشت دەیەیە نە دەوڵەتێکی لە پشتە، نە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، نە داهاتی نەوت، نە ڕاگەیاندنێکی فەرمیی دەوڵەتی، نە سوپایەک لە پڕوپاگەندەچی و نە مەیدانی تێکۆشانی ئازادانەی لەبەردەمدایە - چۆن دەنگی هێشتاش بە زوڵاڵی دەگاتە نێو ماڵ و دڵی خەڵک؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت لە سێ کۆڵەکەی سەرەکیدا بگەڕێین: لەو مێژووەی ئەم حیزبە لەسەر شانی هەڵیدەگرێت، لەو نەوانەی دەستاوودەست پەیامەکەیان بە یەکتری سپاردووە، و لە ناوەڕۆکی جەوهەریی ئەو پەیامەی کە هەرگیز تووشی داخوران و گۆڕان نەبووە.

## ڕەگێک کە قەت وشک نەبوو

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا لە مەهاباد دامەزرا، و کەمتر لە شەش مانگ دواتر، لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا، لە گۆڕەپانی چوارچرا، لەژێر ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەدا، ئاڵای پیرۆزی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بەرز کرایەوە.

ئەو کۆمارە زیاتر لە یازدە مانگ نەژیا، بەڵام هەر لەو یازدە مانگەدا کارێکی کرد کە هیچ دەسەڵاتێک پێش ئەو نەیکردبوو: زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی، قوتابخانە بە زمانی دایک کرایەوە، چاپخانە خرایە کار، ڕۆژنامەی «کوردستان» و گۆڤاری منداڵان بڵاو کرانەوە، و بۆ یەکەمجار ژنانی کورد لە دامەزراوەیەکی سیاسیدا ڕێک خران؛ نەتەوەی کورد لە بەشێک لە نیشتمانەکەیدا بۆ یەکەم جار مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی گرتە دەست. کۆماری کوردستان پێش ئەوەی ڕووداوێکی سەربازی بێت، پرۆژەیەکی مەدەنی و ژیاری بوو؛ شکاندنی پرۆژەی مەدەنیش زۆر لە لەناوبردنی سەربازی ئەستەمترە.

پێشەوا قازی محەممەد لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا هەر لەو گۆڕەپانەدا لە سێدارە درا کە کۆمارەکەی تێیدا ڕاگەیاندبوو. ئەم هاوکاتییە ڕێکەوت نییە؛ پەیامێکی سیاسیی دەسەڵات بوو. دەسەڵات ویستی نیشان بدات کە هەر داوایەک بۆ ماف و ئازادی، لە هەمان شوێنی لەدایکبوونیدا دەنێژرێت. بەڵام ئەنجامەکە تەواو پێچەوانە بووەوە؛ لەسێدارەدانی پێشەوا، کۆمارەکەی لە ئەزموونێکی کورتی سیاسییەوە کردە ویژدان و یادەوەرییەکی نەتەوەیی هەمیشەیی. ئەمڕۆ، هەشتا و چەند ساڵ دواتر، پرسی چوارچرا هێشتا بێوەڵام ماوەتەوە؛ و تا ئەم پرسە بێوەڵام بمێنێتەوە، ئەم دەنگە هەر بە بڵندی دەمێنێتەوە و گوێگری خۆی دەبێت.

## نەوەیەک کە بێدەنگیی شکاند

دوای ڕووخانی کۆمار، دوو دەیە بێدەنگییەکی قورس سێبەری خستە سەر کوردستان. سەرکردایەتیی حیزب پەرت و بڵاو بوو؛

بەشێک لە زیندان بوون و بەشێکیش بە ناچاری ڕوویان لە تاراوگە و دەربەدەری کرد.

لە هەلومەرجێکی وادا بوو کە نەوەیەکی لاو - ئیسماعیل شەریفزادە، سولەیمان موعینی، مەلا ئاوارە و هاوڕێیانیان - بڕیاریان دا کۆتایی بە چاوەڕوانی بهێنن. بزووتنەوەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ نەک بە فەرمانی سەرەوە، بەڵکوو لە ناڕەزایەتی و بوێریی نەوەیەکەوە سەری هەڵدا کە چیتر ئامادە نەبوو لە نێوان دوو هەڵبژاردەی تەسلیمبوون و لەبیرچوونەوەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت.

ئەو بزووتنەوەیە لە ڕووی سەربازییەوە شکستی هێنا؛ لە تەنگژەی هاوکێشە ناوچەییەکان و لە نەبوونی پشتیوانیدا سەرکوت کرا و ڕێبەران و سەرکردەکانی شەهید کران؛ کارێکیان بە تەرمی سولەیمان موعینی و ساڵح لاجانی کرد کە تەنیا لە دەسەڵاتێک دەوەشێتەوە کە لە تەرمی بێگیانیش دەترسێت.

بەڵام ئەم بزووتنەوەیە لە ڕووی سیاسییەوە شتێکی خوڵقاند کە نرخەکەی لە سەرکەوتن مەزنتر بوو: سەلماندی کە دوای پێشەوا، حیزب هێشتا زیندووە و کوردستان هێشتا خاوەن ئیرادەیە. ئەو بازنەیەی نەوەی ١٣٢٤ بە نەوەی ئەمڕۆوە دەبەستێتەوە، بە نێو جووڵانەوەی پێشمەرگانەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویدا تێدەپەڕێت.

## حیزبێک کە میراتگری هەیە

زۆرێک لە بزووتنەوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مردنی دامەزرێنەر یا سەرکردەکانیان کۆتاییان هاتووە. جیاوازیی حیزبی دێموکرات لێرەدایە: لە هەر قۆناغێکدا، نەوەی دواتر ئامادە بوو. لە حیزبی دێموکراتدا نەوەکان جێگەی یەکتر دەگرنەوە.

دوای نەوەی کۆمار، نەوەی ٤٦ و ٤٧ هات. دوای ئەوە، لە دەیەی پەنجادا، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێکانی حیزبیان نۆژەن کردەوە و پێناسەیەکی نوێیان بە حیزب دا کە تا ئەو ڕۆژە بێوێنە بوو: تیۆرییەکی سیاسیی مۆدێرن، گوتار و ڕەوانبێژییەکی هاوچەرخ بۆ دیالۆگ لەگەڵ ئێران و لەگەڵ جیهان، و ئەو دەستەواژە کورتەی دواتر بوو بە ناسنامەی حیزب - «**دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان.** »

قاسملوو لە ڤییەنا تیرۆر کرا؛ لەسەر مێزی دانوستان، لە کاتی گەڕان بەدوای چارەسەرێکی سیاسیدا. د. سادق شەرەفکەندی

هەمان ڕێگای درێژە پێ دا و لە بەرلین تووشی هەمان چارەنووس بوو. دواتر دادگای میکۆنۆس ئەوەی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمەوە دەیانزانی، بە زمانی یاسایی و جیهانی دووبارە سەلماندی کە ئەمە تیرۆری دەوڵەتیی ڕێبەرانی کورد بوو. دوای ئەوەش حیزب لە پێ نەکەوت؛ کۆنگرەی بەست، ڕەخنەی لە خۆی گرت، بەسەر لێکترازانی نێوخۆیدا زاڵ بوو و گەیشتەوە یەکگرتنەوە. ئەم بەردەوامییە خۆبەخۆ ڕووی نەداوە؛ بەرهەمی دامەزراوەییبوونە. حیزبێک کە سەرکردەکەی شەهید دەکرێت و پاشماوەیەک دواتر کۆنگرە پێکدەهێنێت، پەیامێکی ڕوون دەداتە خەڵک:

**لێرەدا تاک جێگای ڕێکخراو ناگرێتەوە. خەڵک متمانە بە دەنگێکی وا دەکەن، چونکە دەزانن بە شەهیدبوونی ڕێبەرێک یان چەند ڕێبەرێک، ئاگری ئەم خەباتە هەرگیز خامۆش نابێت.**

## پەیامێک کە تەنیا ڕووی لە کورد نییە

**ئەگەر قسە و پەیامی حیزب تەنیا بۆ کورد و کوردستان بووایە، گوێگرەکانیشی بەو ڕادەیە بەرفراوان نەدەبوون.**

بەڵام ئەم پەیامە لە سەرەتاوە وتوویەتی کە کێشەی کورد تەنیا لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک، ناناوەندگەرا و سێکۆلاردا چارەسەر دەبێت. ئەو کەسەی لە تەورێز، زاهیدان، ئەهواز یان تەنانەت تاران گوێی لەم قسەیە دەبێت، ئاسۆیەک بۆ داهاتووی ئازادانەی خۆشی تێدا دەدۆزێتەوە؛ پەیامێک کە مافی «ئەوی دی» بە فەرمی دەناسێت. پەیامێکی لەم چەشنە، بازنەی گوێگرەکانی خۆبەخۆ بەرفراوان دەبێت.

## ئازادییەک کە نانیشی پێیە

**تا ئێرە باسی مافێکمان کرد کە داوا دەکرێت، بەڵام پرسیارە قووڵەکە ئەمەیە: ئازادی بۆ چی؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بەم پرسیارە وەڵامێکی ڕوونی هەیە و نایشارێتەوە: ئامانجی دوارۆژی ئێمە سۆسیالیزمی دێموکراتیکە.

واتای ئەم دەستەواژەیە دەبێت لە هەردوو لاوە پێناسە بکرێت، چونکە لە سەدەی بیستەمدا هەردوو لایەنی بریندار کران:
**ئەو سۆسیالیزمەی ئازادیی کردە قوربانیی دادپەروەری، گەیشتە دیکتاتۆرییەکی نوێی بیرۆکراتی و لەبەرچاوی جیهاندا هەرەسی هێنا.**

ئەو بازاڕە ئازادەی دادپەروەریی کردە قوربانیی ئازادی، کۆمەڵگەیەکی دروست کرد کە تێیدا مرۆڤ ئازادە هەرچی بیەوێت بیڵێت، بەڵام کەرەستە و توانای ئەوەی نییە ژیانێکی شایستە بۆ خۆی بونیاد بنێت.

ئەزموونی هەردووکیانمان بینیوە. سۆسیالیزمی دێموکراتیک واتە ڕەتکردنەوەی ئەم مامەڵە چەوتە؛ واتە نابێت هیچ کام لەم دووانە (ئازادی و دادپەروەری) لە پێناوی ئەوی دیکەیاندا بکرێنە قوربانی.

د. قاسملوو، کە پێش ئەوەی سەرکردەیەکی سیاسی بێت ئابووریناسێکی پایەبەرز بوو، ئەمەی بە وردبینیی توێژەرێک دەبینی: دواکەوتوویی و پەراوێزخرانی کوردستان ڕێکەوتێکی جوگرافی نەبوو، بەڵکوو سیاسەتێکی بەئەنقەستی دەسەڵات بوو. خاکێک بە زەویی بەپیت و سامانی زۆرەوە، بە هەژاری هێڵرابووەوە. ستەمی نەتەوەیی و ستەمی چینایەتی لە کوردستاندا دوو کێشەی جیاواز نەبوون؛ بەڵکوو یەک کێشە بوون کە لە دوو لاوە مرۆڤی کوردیان دەچەوساندەوە: زەحمەتکێشی کورد هەم لەبەر ئەوەی کرێکار بوو دەچەوسایەوە، و هەم لەبەر ئەوەی کورد بوو بێبەش دەکرا.

کەواتە ئەوەی ئێمە بۆ سبەینێی کوردستان دەمانەوێت ئەمەیە: کۆمەڵگەیەک کە مرۆڤ تێیدا لە چوار کۆتوبەند ڕزگار بێت: لە سەرکوت و سەرەڕۆیی، لە ستەمی نەتەوەیی، لە جیاکاری و هەڵاواردن بە هەر بیانوویەک بێت، و لە هەژاری و دەستکورتی. سێ ڕزگاریی یەکەم بەرهەمی سیستەمی سیاسین؛ ڕزگاریی چوارەم دەبێت ئاکامی دادپەروەریی ئابووری بێت. دەبێت بگوترێت کە ڕزگاریی چوارەمە ئەو سێیانەی دیکە دەکاتە واقیعێکی بەرجەستە؛ چونکە ئەو کەسەی نانی سبەینێی مسۆگەر نییە، دەنگی ئەمڕۆشی ناتوانێت بە تەواوی ئازاد بێت. ئازادیی بێنان تەنیا ئازادییەکی ڕواڵەتییە، و نانی بێئازادیش بەشەخۆراکی بەندکراوێکە لە زینداندا.

بەڵام ئامانجی کۆتایی تەنانەت ئەمەش نییە؛ ڕزگاربوون لە هەژاری ئامانجی کۆتایی نییە، بەڵکوو مەرجی سەرەتاییییە. ئامانج ئەوەیە کە مرۆڤ دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێت بە هەموو تواناکانییەوە و بە هەموو ئەو توانست و بەهرەیەی تێیدایە گەشە بکات. کۆمەڵگەیەکمان دەوێت کە تێیدا کچێک لە گوندێکی دوورەدەستدا بتوانێت بە زمانی دایکی بخوێنێت و ببێتە پزیشک؛ کە تێیدا کرێکار و زەحمەتکێشێک دوای کار، کات و توانای ئەوەی هەبێت کتێب بخوێنێتەوە، بچێتە شانۆ، سینەما، کۆنسێرت و کۆڕی فەرهەنگی؛ کە تێیدا پێشکەوتنی بەهرەکان بە بەخت و ناوی بنەماڵەوە گرێ نەدرێت. گەشەسەندنی ئازادانەی کەسایەتیی مرۆڤ - ئەمە لووتکەی ئامانجەکەیە. ئێمە نامانەوێت دوورگەیەکی دادپەروەری لەنێو دەریایەکی هەژاریدا دروست بکەین؛ شتی وا مەحاڵە. دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش وەک ئازادی، یان بۆ هەمووانە یان بۆ هیچ کەس نییە.

## چوار کۆڵەکەی نەگۆڕ

**ئەو ئامانجەی باسمان کرد، ئەگەر لەسەر بنەمایەکی پتەو نەوەستێت، دەبێتە دروشمێکی بێکردار. ئەو بنەمایە خاوەنی چوار کۆڵەکەیە و ئێمە دەستبەرداری هیچ کامیان نابین:**

### ١- خەبات دژی ستەم لەسەر ژنان:

ئەمە دەبێت بێپەردە و ڕاشکاوانە بوترێت: کۆمەڵگەیەک کە نیوەی دانیشتووانەکەی لەژێر ستەمدا بن هەرگیز ئازاد نییە، تەنانەت ئەگەر ئاڵای سەربەخۆیی خۆشی بەرز کردبێتەوە. ژنی کورد باری سێ ستەمی لەسەر شان بووە: ستەمی سیاسی کە دەسەڵات بە هاووڵاتیی پلە دووی دادەنێت، ستەمی نەتەوەیی کە زمان و شوناسەکەی قەدەغە کردووە، و ستەمی نەریتیی کۆمەڵایەتی کە لە ماڵی خۆیدا لە بڕیاردان بێبەشی دەکات. خەبات دژی دوو ستەمی یەکەم، ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی سێیەم بێبەری ناکات. حیزبی ئێمە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە - کە یەکەم ڕێکخراوی ژنانی کوردی تێدا پێکهات - لەم ڕاستییە گەیشتبوو. ئەو ڕۆژەی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە سنە و سەقزەوە بەرز بووەوە و لە سەرتاسەری ئێران و جیهاندا دەنگی دایەوە، جیهان بینی کە ڕزگاریی ژن نەک لقێکی لاوەکیی خەبات، بەڵکوو خودی خەبات و جەوهەری ئازادییە. کۆمەڵگەیەک کە ژن تێیدا ئازاد نەبێت، پیاویش تێیدا ئازاد نابێت.

### ٢- خەبات بۆ دێموکراسی:

دێموکراسی بۆ ئێمە تاکتیکێک نییە کە لە ڕێگادا بەکاربهێنرێت و لە کاتی گەیشتنە دەسەڵاتدا فڕێ بدرێت. ئێمە دێموکراسیمان بۆ سبەینێی ئێران دەوێت و لە نێوخۆی خۆشماندا پابەندین پێی: لە ڕێگەی کۆنگرە، هەڵبژاردن، ڕەخنە و بەرپرسیارێتی. حیزبێک کە لە نێوخۆی خۆیدا دێموکرات نەبێت، بەڵێنەکەی بۆ داهاتوو جێگەی متمانە نییە. دێموکراسی بەبێ دابەشکردنی دەسەڵات ناتەواوە؛ کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە پایتەختدا، هەر هەڵبژاردنێک دەکاتە ڕواڵەت. لێرەوەیە کە ئێمە باسی فیدراڵیزم دەکەین - نەک بۆ جیابوونەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەی هەر هەرێمێک و سەرجەم نەتەوەکانی ئێران بتوانن چارەنووسی بەڕێوەبردنی خۆیان بەدەستەوە بگرن و ئارەزوومەندانە و یەکسان پێکەوە بژین.

### ٣- خەبات بۆ سێکۆلاریزم:

جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، نە دوژمنایەتییە لەگەڵ ئایین و نە کەمڕێزییە بەرامبەر باوەڕی پیرۆزی خەڵک؛

بەپێچەوانەوە: سێکۆلاریزم ڕزگارکردنی ئایینە لە دەستی دەسەڵاتی سیاسی. لەو شوێنەی دەسەڵات خۆی بە نوێنەری خودا بزانێت، هەم دژبەرەکەی بە بێباوەڕ ناوزەد دەکات و هەم پیرۆزییەکان دەکاتە ئامرازی سەرکوتی سیاسی. کوردستان، بە موسڵمانی سوننە و شیعە، بە یارسان، مەسیحی، جوولەکە و بێباوەڕانەوە، بەبێ دەوڵەتێکی بێلایەن و ناسیاسی بەڕێوە ناچێت. دەوڵەت دەبێت پارێزەری مافی هەموو باوەڕ و کولتوورەکان بێت، نەک خاوەنی یەکێکیان و دوژمنی ئەوانی دیکە.

## ٤- پێکەوەژیانی ئاشتییانە:

ئەمە ئەو کۆڵەکەیەیە کە ئێمە زیاتر لە هەمووان باج و قوربانیمان لە پێناویدا داوە. ئێمە لەگەڵ هیچ نەتەوەیەکدا دوژمنایەتیمان نییە؛ نە لەگەڵ فارس، نە ئازەربایجانی، نە عەرەب و بەلووچ. دوژمنی ئێمە سیستەمی ستەمکارییە، نەک نەتەوە یان ئایینێکی دیاریکراو. پێشخستنی دیالۆگ بەسەر توندوتیژیدا و خۆپاراستن لەوەی کێشەی نەتەوەیی بکرێتە پرۆژەی تۆڵەسەندنەوە، پرەنسیپی نەگۆڕی ئێمەیە، هەرچەندە ئەم سیاسەتەمان جارجارە بە سادەیی لێکدرابێتەوە؛ د. قاسملوو لەسەر هەمان مێزی دانوستان تیرۆر کرا، بەڵام ئێمە هەرگیز مێزی دیالۆگمان بەجێنەهێشت. هەمان بنەما لە نێوخۆی کوردستانیشدا پەیڕەو دەکەین: جیاوازیی نێوان هێزە کوردییەکان دەبێت بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت، نەک بە لولەی تفەنگ. مێژوو وانەی سەختی لەم بارەیەوە پێ داوین؛ ئەو کەسەی داهاتووی ئێران بە دیالۆگ دەوێت، ناتوانێت ئەمڕۆی کوردستان بە زۆرداری بۆ خۆی قۆرخ بکات.

**ئەم چوار کۆڵەکەیە لە یەکتر دانابڕێن: دێموکراسی بەبێ سێکۆلاریزم بەرگە ناگرێت، سێکۆلاریزم بێ مافی ژنان نیوەچڵە، و هیچ کامیان بەبێ پێکەوەژیانی ئاشتییانە ناگەنە ئامانج.**

### ڕەگ لە نێو کۆمەڵگەدا، نەک لە دەفتەری حیزبدا

**ئەمانە هەمووی دەکرا تەنیا لەسەر کاغەز بمێننەوە، ئەگەر ئەم حیزبە لە خەڵک دابڕابایە؛ بەڵام حیزبی دێموکرات قەت لە خەڵک دانەبڕاوە.**

**ڕۆژنامەی «کوردستان» و دەنگی ڕادیۆی حیزب، بۆ چەندین دەیە زمان و ئەدەبی کوردییان بە زیندوویی ڕاگرت لە سەردەمێکدا کە فێرکردنی ئەو زمانە بە تاوان دەژمێردرا.**

ئەو مامۆستایەی لە ژێرزەمینەدا پۆلی زمانی کوردی کردووەتەوە، ئەو شاعیرەی لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکاندا شیعر دەخوێنێتەوە، ئەو بازاڕ و کرێکارەی بەشداری لە مانگرتنی گشتیدا دەکات، و ئەو دایکەی ناوی کوردی لە کۆرپەکەی

گەلاوێژی ٢٧٢٦

دەنێت - هەموویان بەشدارن لە پاراستنی ئەم ناسنامە و یادەوەرییەدا.

**خاڵی جەوهەری ئەمەیە کە ئەم حیزبە زیاتر لەوەی بیەوێت فەرمان بەسەر خەڵکدا بکات، هەمیشە هەوڵی داوە گوێ لە دەنگی ڕاستەقینەی شەقام بگرێت.**

**لە ڕاپەڕین و بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ئەم دواییانەشدا هەوڵی نەدا دروشم و دەستکەوتی خەڵک بە ناوی خۆیەوە قۆرخ بکات، بەڵکوو خۆی لە ئیرادەی خەڵکدا دۆزییەوە. بزووتنەوەیەک کە داوای سەپاندنی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا نەکات، هەمیشە متمانە و گوێگری زیاتر بۆ پەیامەکەی بەدەست دەهێنێت.**

## و لە کۆتاییدا...

**دەبێت ڕاستگۆ بین: ئەم گوێگرتنە خەڵاتێکی بەخشراو نییە، بەڵکوو قەرز و بەرپرسیارێتییەکی گەورەی مێژووییە.**

ملیۆنان کەس گوێ لەم پەیامە دەگرن نەک لەبەر ئەوەی تەنیا بەدوای ناوێکی حیزبیدا دەگەڕێن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بەدوای دەروازەیەکدا بۆ ئازادی و ڕزگاری دەگەڕێن. ئەو ڕۆژەی پەیامەکە لە ئاستی داخوازی و چاوەڕوانیی خەڵکدا کورت بهێنێت، گوێکانیش دادەخرێن. متمانەی هەشتا ساڵەی خەبات، سەرمایەیەکی مەعنەوییە کە هەر نەوەیەک دەبێت سەرلەنوێ بە کار و داهێنان بەدەستی بهێنێتەوە. هەر نەوەیەک لە کچان و کوڕانی ئەم بزووتنەوەیە، دەبێت وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەمی خۆیان بن.

**لە چوارچراوە تا ئەمڕۆ، ئەم حیزبە یەک شتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گواستووەتەوە: نەک کینە و تۆڵە، بەڵکوو پرسیاری شوناس و ماف. ئەم پرسیارەش تا لەسەر زەوی وەڵامی شایستەی خۆی وەرنەگرێت، هەر بە نەمری وەک پرسێکی ڕەوای نەتەوەیی بە زیندوویی دەمێنێتەوە.**

٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# فەلسەفەی «دوژمنسازی» و قەیرانی ڕەوایی لە سیستەمە ئایدیۆلۆژییەکاندا






شیوا مورادیان

لە فەلسەفەی سیاسی و تیۆریی دەوڵەتدا، ڕەوایی (Legitimacy) کرۆکی بنەڕەتیی مانەوە و بەردەوامیی هەر سیستمێکی فەرمانڕەوایە. ئەم ڕەواییە لە دوو سەرچاوەی دژبەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت: یان لەسەر بنەمای «ڕەوایی ئەرێنی» و دامەزراندنی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە لە نێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتدا بونیاد دەنرێت کە تێیدا خزمەتگوزاری، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆڤ دەبنە پێوەر؛ یان مانەوەی خۆی بە شێوازێکی تەواو ساختە، بە «ڕەوایی نەرێنی» لە

ڕێگەی خوڵقاندنی بەردەوامی «دوژمنێکی دەرەکی یان نێوخۆیی» پاساو دەدات. کاتێک سیستمێکی سیاسی مۆدێلی دووەم هەڵدەبژێرێت، چەمکی «دوژمن» تەنیا گوزارشت لە ڕکابەرێکی کاتیی سیاسی ناکات، بەڵکوو دەبێتە بزوێنەری سەرەکیی دەزگای حوکمڕانی و فەلسەفەی بوون لە سیستمە تۆتالیتێر و ئایدیۆلۆژییەکاندا.

دروشمی ئایینیی «وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ» (تا ئەو پەڕی توانستان هێز ئامادە بکەن)، کاتێک دەکرێتە دروشم و هێمای فەرمیی دامەزراوەیەکی سەربازی و ئەمنیی وەک سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تەنیا ئەرکێکی تەکنیکیی سەربازی ناگەیەنێت؛ بەڵکوو دەبێتە دۆکترینێکی فیکری بۆ بە پیرۆزکردنی «دۆخی ئاوارتە و شەڕی هەمیشەیی». هەرچەندە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی مافی هەر قەوارەیەکی سیاسییە، بەڵام کاتێک «دوژمنسازی» دەبێتە تاقە ئەندازیاریی بیرکردنەوەی ستراتیژی و هۆکاری پاساودانی سەرکوت، گوتاری دەسەڵات لە پاراستنی سەروەرییەوە دەگۆڕێت بۆ بزووتنەوەیەکی شەڕەنگێزیی بەردەوام کە لە غیابی تەنگژە و قەیراندا توانای ژیانی نامێنێت.

لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکێشەی حوکمڕانیی خۆی لەسەر سێ گۆشەی ستراتیژیی پڕمەترسی دامەزراندووە: پەرەپێدانی بەرنامەی مووشەکی و درۆنی، چالاکییە چڕەکانی پیتاندنی ئۆرانیۆم تا لێواری دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی (ئاستی ٦٠٪ و زیاتر)، و دروستکردنی تۆڕێکی فراوان لە میلیشیا بەکرێگیراوەکان لە سەرتاسەری جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. تاران لە ڕێگەی ئەم تەونە ئایدیۆلۆژییەوە هەوڵی داوە قووڵایی ستراتیژیی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی بونیاد بنێت تا قەیرانە قووڵە بنەڕەتییەکانی نێوخۆی پێ بشارێتەوە.

بەڵام باجی ئەم سەربازیکردنە شێتانەیە، لەناوچوونی بنەماکانی ئابووری، هەڵئاوسانی وێرانکەر، بێکاریی بەرفراوان، هەژارکەوتنی چینە جیاوازەکان و دارمانی بنەڕەتیی ئازادییە مەدەنییەکان بووە. ئەنجامی حاشاهەڵنەگری ئەم سیاسەتە، پچڕانی یەکجارەکیی پردی متمانەی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات، و لەدەستدانی تەواوەتیی ڕەوایی سیاسی بووە. کاتێک دەسەڵاتێک لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان و پەرەپێدانی مرۆییدا شکست دەهێنێت، پەنا بۆ خستنەگەڕی ترس و دروستکردنی پەردەیەکی دووکەڵاوی لە «شەڕی هەڕەمەکی و دوژمنی خەیاڵی» دەبات تا هەر چەشنە دەنگێکی ڕەخنە و ناڕەزایەتی بە ناوی «سیخوڕی و خیانەت» دەمکوت بکات.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی شیکارییەوە چاو لە ئایندەی ئەم هاوکێشە لێکترازاوە بکەین - بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر، چوونە نێو قۆناغی شەڕی ڕاستەوخۆی سەربازی و دارمانی هاوکێشەی بەرپەرچدانەوە (Deterrence)ی

کۆماری ئیسلامی - دەبینین کە دەسەڵاتی تاران گەیشتووەتە بنبەستێکی مێژوویی کە بە دوو ئاراستەی سەرەکیدا دەڕوات:

### شکستی سەربازی و ئیفلیجکردنی شادەماری دەسەڵات:

ئەو زەبر و هێرشە سەربازییە چڕانەی کە لە لایەن ئەمریکا، ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیانەوە کراونەتە سەر پێگە ستراتیژی، سەربازی و فەرماندەییەکانی ڕێژیم و میلیشیاکانی، سەلماندیان کە تەواوی ئەو هەژموونە تەنیا بلقی سەر ئاو بووە. ئەم لێدانە ڕاستەوخۆیانە نەک تەنیا بازنەی هەژموونی دەرەکیی تارانیان تێکشکاندووە، بەڵکوو سیستەمی فەرماندەیی و هێزی ئەمنیی ڕێژیمیشیان لە نێوخۆدا تووشی ئیفلیجی و شۆکێکی گەورە کردووە.

### تەقینەوەی گڕکانی نێوخۆیی:(The Domestic Implosion)

زەبری دەرەکی تەنیا دەبێتە خێراکەری دارمانەکە؛ لە کاتێکدا هۆکاری بنەڕەتیی هەرەسهێنانەکە لە قووڵایی کۆمەڵگەی پەراوێزخراو و تووڕەی ئێرانەوە هەڵدەقوڵێت. دەسەڵاتێک کە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی سفر بێت و تەنیا بە شمشێری تیرۆر و سەرکوت حوکم بکات، لە کاتی پاشەکشەی سەربازیدا دەبینێت کە بەرەی نێوخۆیی نەک هەر پاڵپشتی لێ ناکات، بەڵکوو ئەم بارودۆخە وەک دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ڕاماڵینی دیکتاتۆری بەکار دەهێنێت.

لە گۆشەنیگای بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەی کورد و سەرجەم نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکەی نێو جوگرافیای ئێراندا، پرسە سەرەکییەکە تەنیا چۆنیەتیی ڕووخانی قەڵای ستەمکاری نییە، بەڵکوو دیسپلین و چۆنیەتیی ئاراستەکردنی هاوکێشەکانی قۆناغی دوای ڕووخانە. ئەزموونی دەوڵەتە تۆتالیتێرەکان سەلماندوویەتی کە ڕووخانی ستەمکار، ئەگەر لەگەڵ پڕۆژەیەکی دێموکراتیکی پێشوەختەدا یەک نەگرێتەوە، دەکرێت زەمینە بۆ شێوازێکی دیکە لە ناوەندگەرایی و ستەمکاریی نوێ خۆش بکات.

### بۆیە، بۆ بەرەوڕووبوونەوەی شایستە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە و گۆڕانکارییە لەناکاوەکاندا، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بەم سێ کۆڵەکە ستراتیژییە هەیە:

١- دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕ و دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، و هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێراندا.

٢- هۆشیاریی قووڵی مێژوویی بۆ ڕێگریکردن له دووبارەبوونەوەی فاشیزمی ناوەندگەرا له ژێر هەر پەردە و ناونیشانێکی نوێدا.

٣- ئامادەکردنی نەخشەڕێگایەکی سیاسی، یاسایی و دیپلۆماسیی تۆکمە بۆ قۆناغی گواستنەوە، له پێناو چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و بونیادنانی سیستەمێکی فیدراڵی و دێموکراتیک.

### دەرئەنجام:

مێژووی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان سەلماندوویەتی که هیچ قەوارەیەک ناتوانێت لەسەر پایەکانی درۆ، زەبروزەنگ و «دوژمنسازیی بەردەوام» ئاسایش و سەقامگیرییەکی بەردەوام بۆ خۆی بخوڵقێنێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمڕۆ له بێڕەواترین و لاوازترین قۆناغی مێژوویی خۆیدایە؛ چونکه له هاوکێشەی دەسەڵاتداریدا، مرۆڤ، دادپەروەری و ئازادیی کردووەتە قوربانیی خەیاڵپڵاویە ئایدیۆلۆژییەکانی.

له ئایندەی پێشبینیکراوی ئەم جوگرافیایەدا، سەرکەوتنی ڕاستەقینە و مێژوویی تەنیا پشکی ئەو نەتەوە و هێزە پێشەنگانە دەبێت که به خوێندنەوەیەکی زانستییانە بۆ هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و به پرۆژەیەکی ڕوونی دێموکراتیکەوە، ڕێبەرایەتیی قۆناغی دوای دیکتاتۆری دەکەن.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠١٦ی زایینی

---



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

